حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

# تێنس

## لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردا

### لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی–بەراوردکاریە

نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە، وەك بەشێك لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیی بەراورددا

لە لایەن:

**بەهزاد موحسین ڕەئوف**

بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین 2002 - 2003

بە سەرپەرشتی:

**پ.د.یوسف شەریف سەعید**

خەرمانانی 2708ی کوردی    ئابی 2008ی زاینی    شەعبانی 1429ی کۆچی

# سوپاس و پێزانین..

- سوپاس و پێزانینێکی زۆرم بۆ بەڕێز پ.د.یوسف شەریف سەعید، کە ئەرکی سەرپەرشتی نامەکەی گرتە ئەستۆ.. سوپاسێکی لەوەش زۆرتر بۆ یارمەتیە مەعنەویەکانی.

- سوپاسێکی تایبەتی بۆ پاڵپشتی بەهێز "ئاواز"ی هاوسەرم، کە تایپی ئەم نامەیەی بۆ کردوم.

- سوپاس و پێزانینێکی گشتی بۆ هەمو ئەوانەی بە سەرچاوە و وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی یارمەتییان دام، بە تایبەتی هەر هەمویان.

## پێشکەشە بە:

- دایکم، کە بێ ئەوەی هیچ لە تێنس بزانێ، بە دروستترین شێوە بەکاری دێنێ.

- "سەروا"ی کوڕم، کە هێشتا نازانێ بە دروستی تێنسی زمانەکەی بەکار بێنێ.

- بە هەمو ئەو کەسانەی ڕۆژێك وەکو سەرچاوە ئەم نامەیە بەکار دێنن.

# پێشەکی

## هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

تێنس وەکو دیاردەیەکی گرنگ و بەرچاوی ڕێزمان، لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی تا ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و لە چوارچێوەی نامە یان کتێبێکی ئەکادیمی گرنگی پێنەدراوە، تەنها هەندێك وتار و لێکۆڵینەوەی بچوکی نێو گۆڤارەکانی لە بارەوە نوسراوە. هۆکاری بەراوردکردنی تێنسی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیش بە زمانی فارسیی ستاندارد، یەکیان لە بەر ئەوەیە کە لە پرۆسەی بەراورددا پتر لایەن و تایبەتمەندیەکانی کەرەستەی بەراوردەکە دەردەکەوێ، تا ئەوەی بە تەنها باسی بکرێ. دوەمیان بەراوردکردنی تێنسی زارێکی زمانی کوردی بە زمانێکی ئاسایی وەك فارسی، کە سەر بە هەمان گروپی زمانین، لە پێناو نیشاندان و سەلماندنی ئەوەی کە یەکە و تایبەتمەندی و ڕۆڵی تێنسی ئەو زارە کوردیە لە ئاستی تێنسی زمانێکی هاوگروپی خۆیەتی.

## کۆسپەکان:

نەبونی سنورێکی ڕون و جیاکەرەوە لە نێوان زمانی ستاندارد و زارەکانی لە لایەك و لە نێوان زمانی ستاندارد و زمانی کۆن لە لایەکی دیکە لە چوارچێوەی زمانێکدا. ئەمە تایبەتمەندیی هەمو زمانێکە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەش سەبارەت بە دیاریکردنی زمانی ستاندارد یان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیی ئەمڕۆ و زمانی فارسیی ستانداردی ئەمڕۆ بۆتە کۆسپ.

لە لایەکی دیکە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لە بارەی تێنسی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، کە بە شێوەیەکی زانستی و ورد و فراوان نوسرابێ. هەروەها بە زەحمەت دەستکەوتنی سەرچاوە فارسیەکان، کە زۆر سەرچاوەی دیکە هەبو، بەلاّم دەستم نەکەوتن. هەروەها وەکو پێویست سود لە سەرچاوەی ئینگلیزی وەرنەگیراوە، بەو هۆیەی بە تەواوی دەسەلاّتم بەسەر ئەو زمانەدا نەشکاوە، بەلاّم لە ڕێگەی یارمەتی برادەرانەوە ئەو کێشەیەم تا ڕاددەیەك بۆ چارەسەر بووە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەراوردکاریی-وەسفیە. لە سەر ڕێچکەی زمانەوانیی وەسفی بەردەوام دەبێ، بە پێی بیردۆزی زمانەوانیی وەسفی لای سۆسێر. بۆیە لە سەر بنەمای هەڵوەشاندنەوە "تفكيك" و ناساندنی ئەو یەکە زمانیانەی لە کاردا ڕۆڵیان لە ڕاگەیاندنی تێنسدا

هه یه، ڕۆ نانی کاره کان لـ ێك هەڵوە شێندراونەتەوە و شیی کراونە تەوە. بەو پێ یەی (پڕۆسێ سی هەڵوەشاندنەوە "تفكيك" تاکە ڕێگای سەرکەوتنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی وەسفیە).[1]

## سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری ئەم لێکۆڵینەوە یە لە چوار چێوەی ڕێزما ندا، تەنها زاری ناوەڕا ستی ئێ ستای ز مانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردی ئێستا دەگرێ تەوە، بۆ یە پەیوە ندیمان بە هیچ لا یەنێکی کۆن یان مـ ێژوویی ئەو زارەی ز مانی کوردی و ز مانی فار سیەوە نـ یە. لە نـ ێو ڕۆ نانی کاری شدا تەنها دەرخستنی تێنس ئەرکی ئێمەیە، بۆیە هەرچەندە "ئەسپێکت"یش کە تایبە تە بە کاتی ز مانی و هاو شانی تـ ێنس ئا ماژە بە لا یەنێکی گرنـ گی کاتی کار دە کا، بەلاّم ناکەوێ تە سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە و فەرامۆشمان کردوە و زۆر سەرپێیانە تەنها لە شوێنی پێویست ئاماژەمان پێداوە .

## بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پـێی جۆری ڕێ بازی لێکۆڵینەوە کە و ئەو بابەتا نەی لەخۆی گر توە، بۆ چوار بەش دا بەش بووە. بە شی یە کەم تەنها تایبە تە بە خـ ستنەڕوی تـ ێنس وە کو چەمك و پەیوەندیی بە کاتی ئاسایی و کاری زمانی. بەشی دوەم تایبەتە بە شیکردنەوەی ڕۆ نانی کارە کانی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی و بە شی سێیەمیش تایبە تە بە شیکردنەوەی ڕۆ نانی کارە کانی ز مانی فار سیی ستاندارد و بە شی چوارەمیش تایبە تە بە بەراوردی پێکها تەی شیکراوەی ئەو ڕۆنانا نەی لە بە شی دوەم و سێیەمدا خراونە تە ڕو، بە تای بەتی ئەو لا یەن و یە کە زمانیا نەی پەیوەندییان بە تێنسەوە هەیە.

**بەشی یەکەم:** سەرەتا کاتی گەردونی لە ڕوی ئەزەلی یان درو ستبونیەوە لە ڕوانـ گەی هە ندێك فەیلە سوف و بیرمە ندی کۆن خراوە تە ڕو، پا شان لە چوار چێوەی فەلـ سەفەی نوێ و فیزیـ کەوە پەیوەندیی کات بە جوڵە و ڕوداو و بابەتی ر ێژەییبونی کات خراوە تە ڕو. ئینـ جا کات لە فیز یا و تێنس و لایە نە لێکچوەکانیان باس کراوە. هەروەها پەیوە ندی و هە ندێك خاڵی هاوبە شی کاتی سروشتی و تێنس نیشان دراوە. پاشان گۆڕانی مەودای کات بە پێی باری دەرو نی ئا ماژەی پـ ێدراوە. ئینجا مێژوی تێنس و پێناسە و ئەرك و یەکگرتـ نەوەی لە گەڵ کاتی سرو شتی باس کراوە. دوا تر ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی تێنس و پۆلێنی هەندێك زمانی سروشتی بە پێی ئەو ڕێگایانە، کە بریتین لە مۆرفیمی کا تەکان و ئاوەڵـ کاری کات و فۆرمی ڕەگ، وەك دەر بڕی تـ ێنس با سیان لـ ێوە کراوە و

---

[1] – جاناتان کالر، فردینان دوسوسور، ... 1379، ص43.

جیاواز یەکانیان خراوە تە ڕو. پا شان چەمکی خاڵی کات و ماوە کات و تێنـ سی ڕە ها و ڕ ێژەیی و چەمکی ڕەهایەتی تـێنس نیـشان دراون. کۆ تایی ئەم بە شە نیـشاندانی تـێنس و ماوە کاتی ڕۆ نانی هەمو کارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و فارسیی ستانداردە، لە دو بابەتی جودا بە شێوەی شیکردنەوەی زمانی و هەروەها بە شێوەی هێڵکاریش.

**بە شی دوەم:** بە نوێنەرا یەتی زۆر بەی هەرە زۆری کارە کانی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی، شەش کاری ئاسایی و هەر چوار ڕۆنانی "هە-بون"ی (1-جوتـ توخمی "خاوە نداری" 2- تاکتوخمی "وجودی" 3- کەینونە 4-سەیرورە) وەر گیراون و هەمو ڕۆنا نەکانیان هەڵوە شێنـراونەتەوە و شیی کراونەتەوە و مۆرفیمە کاتەکانیان وەکو دەربڕی تێنسی کارەکان نیشان دراون، هەروەها هەمو ئەو مۆرفیمە پێکهێنەرانەی کاریش شیی کراونەتەوە، کە پەیوە ندیی ڕا ستەوخۆ و ناڕا ستەوخۆیان بە تێنس یان مۆفیمی کاتی کارەکەوە هەیە. شەش کارە ئاساییەکە بە شێوەیەك هێنـراونەتەوە، کە لە ڕوی داڕ شتنەوە کاری " سادە و داڕ ێژراو و لێ کدراو"، لە ڕوی هـ ێز "کاریگەری "ـەوە "تێ پەڕ و تێنەپەڕ"، لە ڕوی ئەرێنـ یەوە " ئەرێ و نەرێ"، لە ڕوی بکەردیار یەوە "بکەردیار و بکەرنادیار" لەخۆ گر توە. هەمو ڕۆنا نەکانی ئەو کارا نەی لە سەرەوە ئاماژە یان پـێدرا، لە خـشتەدا بە پـێی ڕیزبە ندی ڕ ێژەکان "ڕاگەیا ندن و دا نانی و فەرما ندان" و دە مەکانی کار "ڕا بردو و ڕا نەبردو "موزاریع" و ئێستا و داهاتو" نیشان دراون.

**بەشی سێیەم:** بۆ ئەوەی بەشی کۆتایی تەنها بۆ بەراوردی تـێنس و مۆرفیـمە پێکهێـنەرەکانی کاری نێوان زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی و ز مانی فار سیی تەرخان بێ و بەراوردی لایە نەکانی دیکەی کار لەخۆ نەگرێ، لەم بەشەدا سەرەتا با سی ڕە گی کار، کاری ئا سایی "هنـجار" و نائا سایی "ناهنـ جار"، کار لە ڕوی داڕ شتنەوە کراوە و لایە نە لێکـ چو و جیاواز یەکانیان لە نـ ێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد خراوەتە ڕو.

پاشان بە هەمان ئاڕاستە و پلانی بەشی دوەم، وەکو نمونەی هەمو کارەکان، شەش کاری ئا سایی "هنجار" و چوار کاری نائاسایی "ناهنجار"ی (داشتن و هستیدن و بودن و شدن) لە ز مانی فار سیی ستاندارد وەر گیراون و هەمو ڕۆنا نەکانیان هەڵوە شێنـراونەتەوە و شیی کراونە تەوە و مۆرفیـ مە کا تەکانیان و شێوەی ڕەگ و ڕ ێژەکانیان وەك دەر بڕی تێنـ سی کارە کان نیـ شان دراون. شەش کارە ئاساییەکە بە شێوەیەك هێنـراونەتەوە، کە لە ڕوی داڕشتنەوە کاری " سادە و داڕ ێژراو و لێکدراو"، لە ڕوی کاریگەر یەوە "تێ پەڕ و تێنە پەڕ"، لە ڕوی ئەرێنـ یەوە " ئەرێ و نەرێ"، لە ڕوی بکەردیاریەوە "بکەردیار و بکەرنادیار"یان لەخۆ گر توە. هەمو ڕۆ نانێکی کاری ز مانی فار سی لە خشتەدا بە پێی ڕیزبەندی ڕێژەکان "ڕاگەیاندن و دانانی و فەرماندان" و دەمەکانی کار "ڕا بردو و ڕانەبردو "موزاریع" و ئێستا و داهاتو" نیشان دراون.

**بەشی چوارەم:** کە بەشی بەراورد و دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە، سەرەتا ئەوە ڕاگەیەنراوە، کە لە بەراوردی ئەم بە شە تەنها ئەو مۆرفیم و دۆ خە ڕێزمانیا نەی کار دە چنە ژ ێر بەراوردەوە، کە پەیوە ندییان بە ڕاگەیا ندنی تێن سەوە هە یە. پا شان لە چەند تێبین یەك لە شێوەی خاڵ، وەك لایەنی جیاوازی، ژمارە و جۆری مۆرفیمە کاتەکانی زاری ناوەڕاستی ز مانی کوردی و ز مانی فار سی نیشان دراون. دواتر جیاوازیی شوێنی ڕا ناوە لکاوە کان و نی شانەکانی ناکردن بە پ ێی ڕە گی کار و جیاوازیە گەورەکەی ڕۆنانی کاری بکەرنادیار و کاری یار یدەدەر و مۆرف یەکانی ئاوەڵ ناوی کراو و مۆرفیمی بکەرئاراییی لە نێوان هەر دو ز مانی ناوبراودا خراوە تە ڕو. هەروەها ج یاوازیی بۆ چونی زمانەوانە فارسەکان و کوردەکان لە بارەی ڕاگەیاندنی هەندێك تێنس لە ڕێگەی فۆرمی کار نی شان دراوە.

دوای هەمو ئەما نە ڕۆ نانی هەمو ئەو کارە کوردیا نەی لە بە شی دوەم و هەمو ئەو کارە فارسیانەی لە بەشی سێیەم خرابونە ڕو، بەرامبەر یەك کراونەتەوە و یەك بە یەك لە ڕوی ت ێنس و هەمو ئەو مۆرفیما نەی لە ڕۆ نانی کاردا پەیوە ندییان بە تێن سەوە هە یە، لایە نە لێک چو و جیاوازەکانیان نیشان دراون.

ئینجا بە کورتی ئەو ئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتونەتە دەست، بە شێوەی خاڵ نی شان دراون و دوای ئەوەش بە ڕیزبەندی زمانەکانی "کوردی، فارسی، عارەبی" و بە پ ێی پیتی هیجای ناوی نوسەرەکان، لیستی سەرچاوەکان نیشان دراوە. کورتەی باسەکەش یەك بە دوای یەك بە هەر سێ زمانی فارسی و عارەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕو.

# هێماکان

- م.ك.ڕ= مۆرفیمی کاتی ڕابردو "د، ت، و، ی، ا" لە زاری ناوەراستی زمانی کورد و "د، ت" لە زمانی فارسی
- م.ك.ئێس= مۆرفیمی کاتی ئێستا "ـە، Ø"
م.ك.د= مۆرفیمی کاتی داهاتو "ێ، Ø"
- م.ب.ئا = مۆرفیمی بکەرئاراییی "ب"
- م.ئا.ك = مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو، لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی "و" و لە زمانی فارسی "ـە".
- م.ب.ن = مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر"
- م.خ.د = مۆرفیمی خاوەندار "هە"
- ف.ن = فرێزی ناوی
- ڕ. ڕوت = ڕابردوی ڕوت
- ڕ. بەردەوام = ڕابردوی بەردەوام
- ڕ. تەواو = ڕابردوی تەواو
- ڕ. دور = ڕابردوی دور
- ڕ. هەرەدور = ڕابردوی هەرەدور
- ڕ.ل.ك... = ڕاناوی لکاوی کەسی...
- ن.ن = نیشانەی نەرێ یان مۆرفیمی نەرێ "نە، نا، مە"
- پ-1 = پارچەی یەکەم یان بەشی یەکەمی وشەی لێکدراو
- د.ڕ = دەستەی ڕێککەوتن "ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن -م، ین، ی، ن، Ø، ن-"
- د.خ = دەستەی خاوەنی "ڕاناوی لکاوی دەستەی خاوەنی -م، مان، ت، تان، ی، یان-"

- Ø = مۆرفیمی سفر
- / = یان
- ڕ. شدن = ڕەگی شدن "ش/شو"
- ڕ. بودن = ڕەگی بودن "ب/باش"
- ڕ.خواستن = ڕەگی خواستن "خواه"
- ڕ.داشتن = ڕەگی داشتن "داش/دار"
- ن.ب = نیشانەی بەردەوامی یان مۆرفیمی بەردەوامی"می"
- ڕ.خ = ڕاناوی خاوەن
- ڕ.خ.د = ڕاناوی خاوەندار
- ج. ڕۆنان = کار لە ڕوی داڕشتنەوە

# ناوەڕۆك

## بەشی یەكەم — لاپەڕە

1-1-كورتەیەك لە بارەی كات و گەردون ........ 2
2-1-كاتی فیزیاوی وەك لایەنێكی لێكدەرەوەی كاتی زمانی "تێنس" ........ 6
3-1-كات لە فیزیادا ........ 8
4-1-هەندێك لێكچونی نێوان كاتی فیزیاوی و كاتی زمانی "تێنس" ........ 12
5-1-مەزندەی تاك وەك مەودای كات ........ 15
6-1- كورتەیەكی مێژویی تێنس ........ 18
7-1-پێناسەی تێنس ........ 19
8-1-ئەركی تێنس ........ 21
9-1-تێنس لە هێلكاریی كاتی سروشتیدا ........ 22
10-1-تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی كات و كاتی سروشتی ........ 26
11-1-پۆلێنی زمانەكان بە پێی كەرەستەی ڕاگەیاندنی تێنس ........ 28
12-1-تێنس لە نێوان مۆرفیمی كات و ئاوەڵكاری كاتدا ........ 34
13-1-خاڵی كات و ماوەكات ........ 36
14-1-تێنس و جۆرەكانی ........ 38
15-1-تێنسی ڕەها (Absolute) ........ 39
16-1-تێنسی ڕێژەیی (Relative) ........ 39
17-1-ڕەهایەتی "تێنسی ڕەها" ........ 42
18-1-ماوەكاتی ڕۆنانی كارەكانی زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی ........ 44
19-1-ماوەكاتی ڕۆنانی كارەكانی زمانی فارسیی ستاندارد ........ 51

## بەشی دوەم "تێنس لە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی"

-دەسپێك ........ 60
**-بەندی یەكەم: تێنس لە كاری ڕێژەی ڕاگەیاندن (ئیخباری)** ........ 64
-1-دەمی ڕابردوی ڕاگەیاندن ........ 64
-1-ا- تێنس لە دەمی ڕابردوی كاری ئاسایی ڕاگەیاندن ........ 64

1-ا-1- كاری ڕابردوی ڕوت (سادە) ........................................................... 64
1-ا-2- كاری ڕابردوی بەردەوام ........................................................... 72
1-ا-3- كاری ڕابردوی تەواو ........................................................... 74
1-ا-4- كاری ڕابردوی دور ........................................................... 76
1-ب- تێنس لە دەمی ڕابردوی چاوگی (-هە-بون) ........................................................... 77
1-ب-یەكەم- لە (هەبون)ی جوتتوخمی ........................................................... 78
1-ب-دوەم- لە (هەبون)ی تاكتوخمی ........................................................... 79
1-ب-سێیەم- لە (بون)ی كەینونە ........................................................... 79
1-ب-چوارەم- لە (بون)ی سەیرورە ........................................................... 80
-2- دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی ڕاگەیاندن ........................................................... 81
2-ا- تێنس لە دەمی (ئێستا و داهاتو)ی كاری ئاسایی ڕاگەیاندن ........................................................... 81
2-ب- تێنس لە دەمی ئێستا و داهاتوی چاوگی (-هە-بون) ........................................................... 82
2-ب-یەكەم- لە (هەبون)ی جوتتوخمی ........................................................... 83
2-ب-دوەم- لە (هەبون)ی تاكتوخمی ........................................................... 84
2-ب-سێیەم- لە (بون)ی كەینونە ........................................................... 84
2-ب-چوارەم- لە (بون)ی سەیرورە ........................................................... 85

-بەندی دوەم: تێنس لە كاری ڕێژەی دانانی (ئینشائی) ........................................................... 87
-1-دەمی ڕابردوی دانانی ........................................................... 87
-1-ا- تێنس لە دەمی ڕابردوی كاری ئاسایی دانانی ........................................................... 87
1-ا-1- كاری ڕابردوی ڕوت ........................................................... 87
1-ا-2- كاری ڕابردوی بەردەوام ........................................................... 88
1-ا-3- كاری ڕابردوی تەواو ........................................................... 90
1-ا-4- كاری ڕابردوی دور ........................................................... 91
1-ا-5- كاری ڕابردوی داهاتو ........................................................... 92
1-ب- تێنس لە دەمی ڕابردوی دانانی چاوگی (-هە-بون) ........................................................... 94
1-ب-یەكەم- لە (هەبون)ی جوتتوخمی ........................................................... 94
1-ب-دوەم- لە (هەبون)ی تاكتوخمی ........................................................... 95
1-ب-سێیەم- لە (بون)ی كەینونە ........................................................... 95
1-ب-چوارەم- لە (بون)ی سەیرورە ........................................................... 96
-2- دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"ی دانانی ........................................................... 97

2-ا- تێنس له دەمی ڕانەبردوی کاری ئاسایی دانانی .......................................... 97
2-ب- تێنس له دەمی ڕانەبردوی چاوگی (-هە-بون) ........................................ 98
2-ب-یەکەم- له (هەبون)ی جوتتوخمی ........................................................ 98
2-ب-دوەم- له (هەبون)ی تاکتوخمی .......................................................... 98
2-ب-سێیەم- له (بون)ی کەینونه ............................................................. 99
2-ب-چوارەم- له (بون)ی سەیروره ........................................................... 99

-بەندی سێیەم: تێنس له کاری ڕێژەی فەرماندان (امری) ..................................... 100
-1- دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"ی فەرماندان .......................................... 100
1-ا- تێنس له دەمی ڕانەبردوی کاری ئاسایی فەرماندان ...................................... 102
1-ب- تێنس له دەمی ڕانەبردوی چاوگی (-هە-بون) ......................................... 103
1-ب-یەکەم- له (هەبون)ی جوتتوخمی ....................................................... 103
1-ب-دوەم- له (هەبون)ی تاکتوخمی .......................................................... 104
1-ب-سێیەم- له (بون)ی کەینونه .............................................................. 106
1-ب-چوارەم- له (بون)ی سەیروره ............................................................ 107

## بەشی سێیەم "تێنس له زمانی فارسیی ستاندارد"

-دەسپێك ................................................................................. 109
-ڕەگی کار ............................................................................... 110
-کار له ڕوی داڕشتنەوە ................................................................... 113
-کاری "ئاسایی و یاریدەدەر" ............................................................. 115
-بەندی یەکەم: تێنس له کاری ڕێژەی ڕاگەیاندن (تنس در افعال وجه اخباري)............. 117
-1-دەمی ڕابردوی ڕاگەیاندن (زمان ماضی اخباري)........................................ 117
-1-ا- تێنس له دەمی ڕابردوی کاری ئاسایی (تنس در زمان ماضی افعال هنجار اخباری).. 117
1-ا-1- کاری ڕابردوی ڕوت (ماضی مطلق-ساده) ............................................ 117
1-ا-2- کاری ڕابردوی بەردەوام (ماضی استمراری) ........................................ 121
1-ا-3- کاری ڕابردوی تەواو (ماضی نقلی) ................................................ 123
1-ا-4- کاری ڕابردوی دور (ماضی بعید) ................................................... 128
1-ا-5- کاری ڕابردوی تەواوی بەردەوام (ماضی نقلی مستمر) .............................. 129
1-ا-6- کاری ڕابردوی هەرەدور (ماضی ابعد) .............................................. 130

1-ا-7- **كاری ڕابردوی بەردەوامی مەلموس** (ماضی مستمر ملموس) ........................... 131
1-ا-8- **كاری ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلموس** (ماضی نقلی مستمر ملموس) ............ 133
1-ب- **تێنس لە دەمی ڕابردوی كاری نائاسایی** (تنس در زمان ماضی افعال ناهنجار) ....... 136
1-ب-یەكەم- لە چاوگی (داشتن) ............................................................ 136
1-ب-دوەم- لە چاوگی (هستیدن) ............................................................ 138
1-ب-سێیەم- لە چاوگی (بودن) ............................................................ 138
1-ب-چوارەم- لە چاوگی (شدن) ............................................................141
2- **دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی ڕاگەیاندن** (زمان مضارع "حال و مستقبل" اخباری)141
2-ا- **تێنس لە دەمی ڕانەبردوی كاری ئاسایی** (تنس در زمان مضارع افعال هنجار اخباری) 141
2-ا-1- **ڕانەبردوی ڕاگەیاندن** (مضارع اخباری) ............................................ 143
2-ا-2- **ڕانەبردوی مەلموس** (مضارع ملموس) ............................................ 144
2-ب- **تێنس لە دەمی ڕانەبردوی كاری نائاسایی**  (تنس در زمان مضارع افعال ناهنجار). 145
2-ب-یەكەم- لە چاوگی (داشتن) ............................................................ 145
2-ب-دوەم- لە چاوگی (هستیدن) ............................................................ 146
2-ب-سێیەم- لە چاوگی (بودن)............................................................ 147
2-ب-چوارەم- لە چاوگی (شدن) ............................................................ 148
3- **دەمی (داهاتو)ی ڕاگەیاندن**  (زمان مستقبل اخباری) ........................................ 148
3-ا- **تێنس لە دەمی (داهاتو)ی كاری ئاسایی**  (تنس در زمان مستقبل افعال هنجار اخباری)148
3-ب- **تێنس لە دەمی (داهاتو)ی كاری نائاسایی**  (تنس در زمان مستقبل افعال ناهنجار اخباری) 151
3-ب-یەكەم- لە چاوگی (داشتن) ............................................................ 151
3-ب-دوەم- لە چاوگی (هستیدن) ............................................................ 151
3-ب-سێیەم- لە چاوگی (بودن)............................................................ 151
3-ب-چوارەم- لە چاوگی (شدن) ............................................................ 151

-**بەندی دوەم: تێنس لە كاری ڕێژەی دانانی**  (تنس در افعال وجه التزامی) ............... 152
-1-**دەمی ڕابردوی دانانی**  (زمان ماضی التزامی) ............................................ 152
-1-ا- **تێنس لە دەمی ڕابردوی كاری ئاسایی دانانی**  (تنس در زمان ماضی افعال هنجار التزامی)152
1-ا-1- **ڕابردوی دانانی**  ماضی التزامی ............................................................ 152
1-ب- **تێنس لە دەمی ڕابردوی كاری نائاسایی**  (تنس در زمان ماضی افعال ناهنجار التزامی).. 153
1-ب-یەكەم- لە چاوگی (داشتن) ............................................................ 153
1-ب-دوەم- لە چاوگی (هستیدن) ............................................................ 154

1-ب-سێیەم- لە چاوگی (بودن) ........................................................................ 155
1-ب-چوارەم- لە چاوگی (شدن) ........................................................................ 155
-2- دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"ی دانانی – (زمان مضارع التزامی) .................. 156
2-ا- تێنس لە دەمی ڕانەبردوی کاری ئاسایی  (تنس در زمان مضارع افعال هنجار التزامی) 156
2-ب- تێنس لە دەمی ڕانەبردوی کاری نائاسایی - (تنس در زمان مضارع افعال ناهنجار التزامی)... 158
2-ب-یەکەم- لە چاوگی (داشتن) ........................................................................ 158
2-ب-دوەم- لە چاوگی (هستیدن) ........................................................................ 158
2-ب-سێیەم- لە چاوگی (بودن)........................................................................ 158
2-ب-چوارەم- لە چاوگی (شدن) ........................................................................ 158
-بەندی سێیەم: تێنس لە کاری ڕێژەی فەرماندان (تنس در افعال وجه امری) ............ 159
-1- دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"  (زمان مضارع "حال و مستقبل" افعال امری) .... 160
1-ا- تێنس لە دەمی ڕانەبردوی کاری ئاسایی  (تنس در زمان مضارع افعال هنجار) ..... 160
1-ب- تێنس لە دەمی ڕانەبردوی کاری نائاسایی  (تنس در زمان مضارع افعال ناهنجار). 161
1-ب-یەکەم- لە چاوگی (داشتن) ........................................................................ 161
1-ب-دوەم- لە چاوگی (هستیدن) ........................................................................ 161
1-ب-سێیەم- لە چاوگی (بودن) ........................................................................ 161
1-ب-چوارەم- لە چاوگی (شدن) ........................................................................ 162

## بەشی چوارەم "بەراوردی تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد"

–دەسپێك ........................................................................ 166
-بەندی یەکەم: بەراوردی تێنس لە کاری ڕێژەی ڕاگەیاندن ................................ 168
-1- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردو بە تنس افعال ماضی ................................ 172
-1-ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی ئاسایی بە تنس افعال ماضی هنجار .............. 172
1-ا-1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق........................................................ 172
1-ا-2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراري ................................ 172
1-ا-3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی ........................................ 172
1-ا-4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید ................................................ 174

1-ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی نائاسایی بە تنس افعال ماضی ناهنجار ......... 177
1-ب-یەکەم- بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "هەبون"ی جوتتوخمی بە تنسهای ماضی "داشتن"..177
1-ب-دوەم- بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنسهای ماضی "هستیدن"...179
1-ب-سێیەم- بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنسهای ماضی "هستیدن" 180
1-ب-چوارەم- بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "بون"ی سەیرورە بە تنسهای ماضی "شدن"....... 181
-2- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردو بە تنس افعال مضارع ................................ 184
2-ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی ئاسایی بە تنس افعال مضارع هنجار ............ 184
2-ا-1- بەراوردی ڕانەبردو بە مضارع ........................................................... 184
2-ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی نائاسایی بە تنس افعال مضارع ناهنجار ..... 186
2-ب-یەکەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی جوتتوخمی بە تنس مضارع "داشتن"... 187
2-ب-دوەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنس مضارع "هستیدن".... 188
2-ب-سێیەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی کەینونە بە تنس مضارع "بودن" ...... 188
2-ب-چوارەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی سەیرورە بە تنس مضارع "شدن" ..... 189

**-بەندی دوەم: بەراوردی تێنس لە کاری ڕێژەی دانانی** ..................................... 190
-1- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردو بە تنس افعال ماضی .................................... 190
-1-ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی ئاسایی بە تنس افعال ماضی هنجار ............... 190
1-ا-1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی التزامی ............................................. 190
1-ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی نائاسایی بە تنس افعال ماضی ناهنجار .......... 192
1-ب-یەکەم- بەراوردی تێنسی ڕابردوی "هەبون"ی جوتتوخمی بە تنس ماضی "داشتن".... 192
1-ب-دوەم- بەراوردی تێنسی ڕابردوی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنس ماضی "هستیدن"..... 193
1-ب-سێیەم- بەراوردی تێنسی ڕابردوی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنس ماضی "هستیدن"...194
1-ب-چوارەم- بەراوردی تێنسی ڕابردوی "بون"ی سەیرورە بە تنس ماضی "شدن" ......... 195
-2- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردو بە تنس افعال مضارع ................................ 197
2-ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی ئاسایی بە تنس افعال مضارع هنجار ........... 197
2-ا-1- بەراوردی ڕانەبردوی دانانی بە مضارع التزامی ....................................... 197
2-ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی نائاسایی بە تنس افعال مضارع ناهنجار...... 197
2-ب-یەکەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی جوتتوخمی بە تنس مضارع "داشتن".. 197
2-ب-دوەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنس مضارع "هستیدن".... 198
2-ب-سێیەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی کەینونە بە تنس مضارع "بودن"....... 198
2-ب-چوارەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی سەیرورە بە تنس مضارع "شدن"...... 198

-بەندی سێیەم: بەراوردی تێنس لە کاری ڕێژەی فەرماندان ............................. 199
-1- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی فەرماندان بە تنس افعال مضارع امری .......... 199
1-ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی ئاسایی بە تنس افعال مضارع هنجار ............ 199
1-ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی نائاسایی بە تنس افعال مضارع ناهنجار ...... 199
1-ب-یەکەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی جوتتوخمی بە تنس مضارع "داشتن"... 199
1-ب-دوەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنس مضارع "هستیدن".... 199
1-ب-سێیەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی کەینونە بە تنس مضارع "بودن"....... 199
1-ب-چوارەم- بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی سەیرورە بە تنس مضارع "شدن"...... 200

ئەنجام ........................................................................................ 201
سەرچاوەکان ........................................................................................ 205
خلاصە ........................................................................................ 209
ملخص البحث ........................................................................................ 211
Abstract ........................................................................................ 213

# بەشی یەکەم

# کورتەیەك لە بارەی کات و گەردون

بە خراپی نازانین، ئەگەر ئەم بابە تە بەم گوتە یەی "هاید گەر" (1976-1889 ز)[1] دە ست پێ بکەین، کە دەڵێ: ((بە درێژایی مێژو هەمو ئەو هەوڵانەی لە بارەی چەمکی کا تەوە دراون، بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری وەڵامدا نەوەی ئەو دو پر سیارە دە سوڕێنەوە: 1- ئا یا کات بە تو خمە ماددی -جنس موجود-ەکانەوە، یان بە توخمە نا ماددی - جنس لامو جود-ەکا نەوە بە ندە؟ 2- ئا یا سروشت و تایبەتمەندیەکانی کات چین؟))[2]

هەڵبە تە ئەم دو پر سیارە لە ڕوانگە یەکی فەلـ سەفی و لۆژیکی ئاڕا ستەی کات کراون. بەو مانایەی دەیەوێ کات بە شێوەیەکی گشتی بخوێنێتەوە، نەوەك لا یەنێکی تا یبەتی کات لە بوارێکی دیاریکراوی وەك ئەدەب یان زمان یان کۆمەڵناسی یان فیزیا و ...هتد. بۆیە ئەم دو پرسیارە هێندە گشتی و گشتگیرن، کە دە توانێ ئەو پر سیارەش لەخۆ بگرێ، "ئا یا کات ئەزەلی و ئەبەد یە، یان سەرەتایەك و خاڵێك هەیە بۆ دەستپێکردن و کۆتاهاتنی؟"

لەو بارەیەوە " ئەفلاتون" (427-347 پ.ز) لە ڕوانگە میتافیزیکی و بۆ چونەکەی بۆ بونی جیهانی باڵا، پێی وا یە کات سەرەتای هە یە و ئەزەلی نیە و دە سەڵاتی باڵا -یەزدان- لە جیهانی نمونەیی، وەکو پێویستیەك بۆ بەخشینی ژیان و زیندوێتی بە گەردون، بڕیاری درو ستکردنی دا: (دوای ئەوەی دەسەڵاتی باڵا -یەزدان- بڕیاری دا کە جیهانی دروستکراو - ئەم گەردو نەی ئێمە- وەك جیهانە نمونەیی و باڵاکەی خۆی ژیانی بداتێ. بەو هۆ یەش کە ئەم دو جیها نە پێکدژ و ناکۆك بون، چونکە جیهانی گەردون گۆڕاو و هە ستپێکراوە و جیهانی باڵاش نەمر و نەگۆڕ و هەستپێنەکراوە، ئیدی بڕیاری دا "کات" وەکو سیستەمێکی نەمر و بزواو ببەخشێتە گەردون، بۆ ئەوەی هەر دو جیهانە دژەکە پێك بگەن و پێکەوە هەڵبکەن)[3].

کەواتە لێرەدا ئەگەرچی "کات" هاوشانی گەردون درو ست بووە، بەڵام هۆکارێکە بۆ ڕا گرتنی ژیان و زیندوێتی ئەم گەردونە، نەوەك ئا مانج بێ و گەردون یان دیاردە یەکی گەردونی پا شکۆی ئەو بێ. لای ئەفلاتون " کات" پا شکۆی جو ڵە و گۆڕا نەکانی گەردو نە و بێ گۆڕان و جو ڵەی تەنەکانی نێو گەردون، کات بونی نیە.

---

1– ساڵی لەدایکبون و مردنی زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکانی نێو ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەم فەرهەنگە وەرگیراون: الشیخ عبدالله العلایلي والاخرون، المنجد في الاعلام،...".

2 – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ...ص13.

3 – ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی، ...ل15.

به پێچەوانەی "ئەفلاتون" لای "ئەرِەستۆ" (384-322 پ.ز) "کات" هەم ئەزەلی و ئەبەدیە و هەم بریتیش نیە لە جولّە و گۆڕان، واتە "کات" دروستکراو نیە و هەر هەبووە و هەر دەبێ. هەمیش پاشکۆی جولّە و گۆڕانی تەنەکانی گەردون نیە و لەوان سەربەخۆیە، وەك دەڵێ: (کات ئەزەلی و ئەبەدیە و بریتی نیە لە جولّە و گۆڕان، بەڵکو جولّە و گۆڕان هۆکارێکن بۆ هەستکردنی ئێمە بە کات. تا ڕوداو و گۆڕانێك ڕونەدا، ئێمە هەست ناکەین کە کات تێدەپەڕێ. لە کاتێکدا بێ ڕودان و گۆڕانیش کات هەر هەیە).[1]

کەواتە لای "ئەرِەستۆ" نەوەك هەر کات پاشکۆ و هۆکارێك نیە بۆ ڕودان و گۆڕانی تەنەکانی دەوروبەرمان، تەنانەت پەیوەندیەکەشیان هێندە پتەو نیە و لێکدی سەربەخۆن، تەنها ئەوەندەیە کە ئێمە لە ڕێی گۆڕان و ڕوداوەکانەوە هەست بە بونی کات دەکەین، چونکە کات سەبارەت بە مرۆڤ وەکو ڕوداو و گۆڕان هەستپێکراو نیە. ئەمەش کەمتوانایی مرۆڤە بۆ هەستکردنی ئەو دیاردانەی - لە ناویاندا کات- بەر پێنج هەستەکە ناکەون، نەوەك نەبون و ناموجودی ئەو دیاردانە لە گەردوندا.

دواتر "ئەپیکۆرس" (341-270 پ.ز)[2] جیاواز لە "ئەفلاتون" دروستبون و هاتنەکایەوەی کات لە سەردەمێکی دیاریکراو و لە لایەن دەسەڵاتێکی دیاریکراو -یەزدان- ڕەت دەکاتەوە. جیاواز لە ئەرِەستۆش هەر لە بنەڕەتەوە بونی کات بە سەربەخۆیی ڕەت دەکاتەوە: ((کات لە خودی خۆیدا بونی نیە، بونی ئەو تەنها لە تەنە هەستپێکراوەکاندایە. ئەو تەنانەی کە چەمکی ڕابردو و ئێستا و داهاتویان لێ کەوتۆتەوە. بۆیە کات لە دەرەوەی باری جولاّو و باری وەستاوی تەنەکان پێشبینی ناکرێ)).[3]

ئەم بۆچونەی "ئەپیکۆرس" لەو بەشەیدا کە کات لە باری جولاّوی تەنەکاندا دەبینێ، تا ڕاددەیەك لە بۆچونەکەی "ئەفلاتون" نزیکە. لەو بەشەشدا کە کات تەنانەت لە باری وەستاوی تەنەکانیش دەبینێ، تا ڕاددەیەك لە بۆچونەکەی "ئەرِەستۆ" نزیکە. بە کورتی تەنها لەوەدا لەگەڵ "ئەرِەستۆ" یەك ناگرێتەوە، کە "ئەپیکۆرس" کات بە سەربەخۆ و لە دەرەوەی تەنەکان نابینێ، بەڵام "ئەرِەستۆ" کات بە سەربەخۆ و لە دەرەوەی تەنەکان دەبینێ.

پاشان دوای هاتنی ئایینی مەسیحی وەکو ئاینێکی خاوەن کتێبی ئاسمانی، بە شێوەیەکی گشتی بیروڕاکان نەوەك هەر لە بارەی کاتەوە، بەڵکو لە بارەی زۆربەی شت و دیاردەکان گۆڕان و ڕەهەند و هۆکاری دیکەیان وەرگرت، کە بە شێوەیەکی ڕەها سەرەداوەکانی هەموویان دەگەڕانەوە لای خودا. بۆیە دەبینین دو سێ سەدەیەك دوای هاتنی مەسیحی "ئۆگەستینی قەشە" (354-430 ز) لە

---

[1] – ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی، ...ل16.

[2] – ئەپیکۆرس تەمەنی نۆ ساڵ بووە، کاتێك ئەرِەستۆ مردوە.

[3] – د.محمد عبدالرحمن مرحبا و لانداو وروم، اینشتین و نظرية النسبية، ...ص61.

بارەی دروستبونی کات لە لایەن خوداوە، دەگەڕێتەوە سەر بۆچونەکەی ئەفلاتون و لەویش ڕە هاتر و بە دڵنیاییەکی زۆرترەوە، لە ڕوانگەیەکی ئاینی-فەلسەفی و بە ز مانێکی مونا جاتی دە ڵێ: (( کات نەیدەتوانێ هەبێ، ئەگەر بە دەستی تۆ -ئەی خودا- خەڵق نەکرایە)).[1]

لە بارەی پەیوەندیی کاتیش بە تەن و جوڵەی تەن و ڕوداوەکانەوە، "ئۆگەستین" خۆی ناخا تە نێو ئەم دیاردە هزریە ئاڵۆزەوە، تەنها بیرۆکەکەی ئەڕەستۆ بە شێوەیەکی سادەتر دو بارە دەکا تەوە، کە پێی وایە هەستکردنی ئێمە بە کات لە ڕ ێی جو ڵەی تەن و ڕوداوەکا نەوە دە بێ :((ئە گەر هیچ شتێك تێنەپەڕیبا یە، ئەوا کاتی ڕا بردو بونی نەدەبو. ئە گەر بر یاریش وا بوا یە لە مەودوا هیچ شتێك ڕو نەدا، ئەوا کاتی دا هاتوش نەدەبو. ئە گەریش لەم ساتەدا شت لە دەورو بەرمان بونی نەبایە، کاتی ئێستاش بونی نەدەبو)).[2]

ئیدی بیروڕاکان لە بارەی کات و قسەکردن لە بارەی کاتەوە تا سەردەمی سەدەکانی ناوەڕا ست ئەو بایەخەی جارانیان نەما و هەر بیروڕاکانی جاران بون، کە دەور دەکرانەوە و شتێکیان لێ کەم دەکرا و شتێکیان لێ ز یاد دە کرا. لە سەردەمی ڕێنسانسیش کات نەیتوانی لە بیری هزرڤا نەکان ببێتە بابەتێك و بە سەربەخۆیی باسی لێ بکرێ. بۆیە لە چوار چێوەی زانستەکانی دیکە شتی لە بارەوە گوتراوە. تا ئەو کا تەی سەردەمی ڕۆ شنگەری دێ، جارێکی دیکە چەمکی کات دەبێ تەوە تەوەرەی هزری فەیلەسوف و بیرمەندەکان.

ئەوە بو لە فەلسەفەی ماتر یالیزمی دیالێکت یدا، کە ڕوداو و چەمك و دیاردە کان، هەمویان سەرەتا و کۆتاییان هەر لە نێو سروشتدایە و هیچیان ناچنەوە سەر دەسەڵاتی ڕەها و بان سرو شت. لەوێدا "ئەنگڵس" پێی وایە، کات نەوەك هەر پاشکۆی جوڵە و گۆڕانی تەن و دیاردەکان نیە، بەڵکو کات هاوشانی تەن و دەوروبەر سیما و قاڵبی هەمو بون " مەوجود"ێکن، (کرۆ کی دەورو بەر و کات فۆرمی بنەڕەتی هەمو بونێکن، هەبون بە بێ کات هەمان ئەو بێماناییە گەورە یەی هەبو نە بە بێ دەوروبەر).[3]

لە سەرەتای سەدەی بیست دوای ئەوەی "ئەنشتاین" لە بواری فیزیکدا بیردۆزی (کات ڕەها نـیە و ڕێژەییە)ی سەلماند، ئیدی بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانین لە بارەی کاتەوە، تەنانەت لە بوارە کانی دەرەوەی فیزیاش، گۆڕانی بەسەردا هات. هەر لەو سەدەیە هایدگەر وەکو فەیلە سوفێك لە سەر کات کاری کرد. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لە سەدەی بیست بە دواوە، فەلسەفە بە شێوەیەکی گشتی خۆی بە بابەتە سروشتی و ڕۆژانەییەکان خەریك کردوە و هێ ندە گرنگی بەوە نەداوە، کە ئەو دیاردا نە لە سەرەتاوە چۆن بو نە و چۆن لە لا یەن خوداوە یان بە ڕێکەوت درو ست بو نە.

---

1 – ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی، ...ل18.

2 – هەمان سەرچاوە، ل19.

3 – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل187.

فەلسەفە گرنگی بەو دیاردە و شتانە دەدا. کە لە ئەرزی واقیعی ئەمڕۆدا هەن و ئەمڕۆ چۆن کار دە کەن، دە توانین بـ لێین ڕێ چکەی فەل سەفە تا ڕاددە یەك شێوەیەك لە لێکۆڵێ نەوەی وە سفی "سایکڕۆنی"ـی بەخۆ دەگرت.

هەڵبەتە "کات"ـیش کە یەکێکە لەو دیاردانەی فەیلەسوفە نوێکان هێندە خۆیان بەوە خەریك نەکرد، کە ئایا ئەزەلی و ئەبەدیە، یان نا؟ یان ئایا کێ دروستی کردوە؟ تەنها لە سیفەت و ماهیە تە ئێ ستاییەکانی کاتـ یان کۆڵیوە تەوە. دەبـ ینین هاید گەر خۆی لە ئەزەلـ یەتی کات و چۆنیەتی دروستبون و هاتنەکایەی کات دور دەگرێ و یەکسەر دەچێتە سەر ئەو پەیوەندیە هەنوکەیـیەی لە نێوان کات و جوڵەدا هەیە، (نەوەك هەر کات بە جوڵە دەپێورێ، بەڵکو جوڵەش بە کات دەپـێورێ، کەواتە کات و جوڵە هەردوکیان یەکدی دیاری دەکەن و سنور بۆ یەکدی دادە نێن).[1] بەلاّم لە گەڵ ئەوەشدا کە "هایدگەر" کات بە پاشکۆی جو ڵە و ڕوداو دا نانێ و بە هاو شانی جو ڵەی دادە نێ، دان بەوەدا دەنێ، کە کات لە جوڵەدا هەستی پێ دەکرێ، ((کات پتر لە دو توێی ڕودانی ڕوداوێك هە ستی پێ دەکرێ، تا ئەوەی لە درێژبونەوە و ڕەوتی ئاسایی خۆی هەستی پێ بـکرێ)).[2] لای "هاید گەر" ئەمە بەو مانایە نایێ، کە کات لە بنەڕەتدا لە نێو جو ڵە و ڕوداودا یە و تا ڕوداو نەبێ، کات بونی نابێ، بەڵکو کات بە فەزایەکی هەمیشە مەوجود دادەنێ، کە ڕودانی ڕوداوەکان لەخۆ دە گرێ، ( کات ئەو شتەیە کە ڕوداوەکان تێیدا ڕودەدەن)).[3] بە پـێی ئەم دو بۆ چونەی سەرەوە، ئەگەر چی کات فەزای ڕوداوەکانە، بەلاّم ڕوداوەکانیش کات دەستنیشان دەکەن. بە بۆ چونی ئێـمە بە پێـچەوانەوە، کاتیش ڕوداو دەستنیشان دەکا. چونکە بێ بونی کات مەودای کاتی نـێوان هەر دو ڕوداو ێك لە نـێو دەچێ و ڕوداوەکان لە ڕوی زەمە نەوە تێـکەڵ دە بن. ئەو کا تە هەمو ڕوداوە کانی گەردون، دەبـنە تۆپەڵێك ڕوداوی تێکچڕژاو، یان یەك ڕوداوی زۆر ئاڵۆز، کە پێشبینی ناکرێ و ئەو کاتەش شتێکمان نابێ بە ناوی ڕوداو بەو مانەیەی ئێستا.

لەم سەردەمە شدا "هـ یۆ ڕۆس"[4] هەمان بیروڕای "هاید گەر" بە شێوەیەکی فراوانتر و گشتگیرتر لە بارەی پەیوەندیی نێوان کات و ڕوداو دو بارە دەکا تەوە، (( کات ڕەهەندێکە کە هەمو دیاردە و هۆ و ئەنجامەکان لەودا ڕودەدەن)).[5]

---

[1] – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ... ص25.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل44.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل42.

[4] – فیزیکزانێکی هاوچەرخی بواری ئەستێرەناسی "Cosmology"ـی ئەمریکیە، خاوەنی هەر دو کتێبی "شوێنپێی خودا" و "گەردون و ئافەریدە"یە.

[5] – استیون هاوکینگ، تاریخچە زمان –از انفجار بزرگ تا سیاهچالەها–، ...ص238.

"ستیڤن هاوکینگ"[1] وەکو فیزیکزانێك بە پشتبەستن بە هەر دو بیردۆزی "ئەنشتاین" (کات ڕێژەییە) و (کات دوری چوارەمی[2] شتەکانە)، شوێن وەك کەرەستەیەکی دیکە بۆ لێکدانەوەی ڕوداوەکان دەخاتە پاڵ کات، کە بە هەردوکیان شتێك دروست دەکەن بە ناوی "فەزا"، ((پێویستە ئەوە قبوڵ بکەین، کە کات بە شێوەیەکی تەواو لە شوێن جودا و سەربەخۆ نیە، بەڵکو گرێدراوی شوێنە و لەگەڵ شوێن شتێکی نوێ بە ناوی فەزاکان پێکدێنن).[3]

لێرەدا مەبەست لە فەزا هەر قەبارەیەکە لە بۆشایی، کە سێ دوری "پانی، درێژی، بەرزی" هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین لێرەدا "هاوکینگ" شێوەیەکی ماددی دەداتە کات. بەمەش هەر ڕوداوێك ڕوبدا، ئەوا دەکەوێتە ناو کاتەوە، چونکە هەمو ڕوداوێك هەرچەند شوێنێکی گەورە داگیر بکا و مەودایەکی درێژ لە کات لەخۆ بگرێ، ئەوا دیسان فەزا لەو گەورەترە و قەبارەکە دەکەوێتە ناو فەزاوە. بەمەش ڕوداو وەك چۆن لە شوێن بەدەر نابێ، لە کاتیش بەدەر نابێ. کەواتە ئاساییە "هاوکینگ" بگاتە ئەو بۆچونەی بڵێ: ((بێ تێگەیشتن لە چەمکی فەزا و کات، ناکرێ قسە لە ڕوداو بکرێ)).[4]

دواین بیروڕا لە بارەی کاتەوە لەم بابەتە، ڕا یەکی "هاوکینگ"ـە سەبارەت بە خاڵی دەستپێکردنی کاتی گەردونی، بێ ئەوەی ئاماژە بە دروستکەرەکە بکا. ئەم بۆچونەش بە بیردۆزی "تەقینەوە گەورەکە"ی گەردون بەندە، کە پێی وایە ((کات لەگەڵ تەقینەوە گەورەکەی گەردون هاتەکایەوە)).[5]

## کاتی فیزیاوی وەك لایەنێکی لێکدەرەوەی کاتی زمانی "تێنس"

لەبەر ئەوەی "تێنس" لە دواجاردا ئەرکی ئەوەیە، کە کاتی زمانی، لەگەڵ کاتی واقیعی یان فیزیاوی ڕێك بخا و لە ڕێی خۆیەوە سەرنج و تێگەیشتنی ئێمە لە کار و ڕستەکاندا لەگەڵ کاتی فیزیاوی لێکگرێ بدا. بە شێوەیەکی دیکە لەبەر ئەوەی "تێنس" دەیەوێ ئەوەمان تێبگەیەنێ کە

---

[1] – یەکێکە لە گەورەترین فیزیکزانە هاوچەرخەکانی جیهان، لە زانکۆی کامبرێجی ئەمریکی مامۆستایە، کە پێشوتر لەو شوێنەی ئەو "ئیسحاق نیوتن" و "پ.دیراك" مامۆستا بوونە. خاوەنی کتێبی "مێژوچکەی کات"ـە و بەم کتێبە ناوی چوە نێو کتێبی گینس.

[2] – بڕوانە لاپەڕە (10).

[3] – استیون هاوکینگ، تاریخچە زمان، ...ص41.

[4] – هەمان سەرچاوە، ل54.

[5] – هەمان سەرچاوە، ل214.

ئەو کاتەی من بۆ ئێوەی ڕادەگەیەنم، بەرامبەر فلانە کاتی فیزیاو یە. بە پێویستی دەزانین پێش ئەوەی بچینە سەر کاتی زمانی "تێنس"، تێگەیشتنێکی گشتیمان لە بارەی کاتی فیزیکیەوە هەبێ.

ئێمە پێمان وایە کاتی زمانی "تێنس" کاتەکانی خۆی لە کاتی سروشت - گەردون- وەردەگرێ و ئەو کات "تێنس"ـانەش کە دەیداتەوە بە گوێگر، هەر کاتی سروشتی و فیزیاوین، ئەگەرچی ڕێچکە و شێوەی کارکردنی زمان لەسەر کاتەکان تەواوێك جودا یە، لەو ڕێچکە و شێوە کارکردنانەی کە فیزیا لە بارەی کاتی سروشتی پەیڕەوی دەکا. ئیشکردنی زمان و فیزیا لە سەر کات دوا جار هەمان ئەنجامی کاتی سرو شتی ڕادەگە یەنن، تا کە جیاوازی یان ئەوە یە، کە هەر یە کەیان بە ڕێچکە و تایبەتمەندیی خۆی دەگاتە خاڵی تەواوکردنی ئەرکە کەی. ئە مەش وەکو ئەو نمو نە باوە یە، کە گریمان من و تۆ هەر یەکەمان لە هەولێرەوە ڕاسپێردراوین بە گەیاندنی نامە یەك بە دەستی کەسێك لە سلێمانی. من بە ئۆتۆمبێلێك و بە ڕێگای " هەولێر- کەرکوك- سلێمانی" نامە کە دەگە یەنم و تۆش بە فڕۆکە و ڕاستەوخۆ بە ڕێگای " هەولێر- سلێمانی" نامە کەت دەگە یەنی. ئەگەرچی من ناڕاستەوخۆ و بە ئۆتۆمبیل نامەکەم گەیاند و تۆش ڕاستەوخۆ بە فڕۆکە نامەکەت گەیاند، بەڵام دوا جار هەردوکمان هەمان پەیاممان گەیاندە هەمان شوێن و هەمان کەسی دیاریکراو.

بۆیە ئێمە ڕێگا بە خۆمان دەدەین "کات لە فیزیادا" وەك بابەتێك وەربگرین و پێمان وایە لە زۆر حاڵەت بۆ لێکۆڵینەوەی تێنسیش سودی دەبێ. ئێمە لەم بارەوە چەند بۆچونێك دێنینەوە. "باتینی" پێی وایە (لە نێوان کاتی فیزیکی و کاتی زمانی "تێنس" پەیوەندییەکی یەك بە یەك و ڕاستەوخۆ نیە).[1] بەو مانایەی ناکرێ هەمو دیاردە و تایبەتمەندیەکانی تێنس بە کاتی فیزیاوی لێکبدرێنەوە. چونکە ئەگەرچی هەر دو کاتەکە "کاتی فیزیاوی و تێنس" دەم یان مەودای کاتی ڕوداوێك ڕادەگەیەنن، بەڵام هەر یەکەیان بە شێوە و ڕێچکەی تایبەتی خۆی.

ئەم بۆچونەی سەرەوە پتر لە بۆچونەکەی ئێمە نزیکە، تا ئەوەی دژی بێ، بەڵام بۆچونێکی "جۆن لاینز" تا ڕاددەیەك پێچەوانەی بۆچونەکەی ئێمە دێتە بەر چاو، کە دەڵێ: ((لۆژیکی کاتی ئاسایی -فیزیاوی- توانای شیکردنەوەیەکی تەواو و دروستی کاتی زمانی "تێنس"ـی نیە و ناتوانێ واقیعیبونی کاتی زمانی بسەلمێنێ)).[2]

ئێمە ئەو بۆچونەش بە پێچەوانەی بۆچونەکەی خۆمان نازانین، چونکە:

1- لە بۆچونەکەدا دەستەواژەی "تەواو و دروست" بەکار هێنراوە و نەگوتراوە "توانای هیچ شیکردنەوەیەکی تێنسی نیە".

---

[1] – د.محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، ...ل36.

[2] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص264.

2- ئێمه نەمانگوتوه کاتی فیز یاوی واقیعی بونی تێنس دە سەلمێنێ، گوتوما نە تێنس دوا جار واقیعیبونی کاتی فیزیاوی دەردەبڕێ.

له هەمان کا تدا لە گەڵ بۆ چونی " چارڵس فرێز "ـیش نین، کە دە ڵێ: (دە کرێ لە ڕوی فیزیاویەوە گشت نیشانەکانی زمان -تیایاندا نیشانەکانی کات- شی بکرێنەوە).[1] بەڵکو پێمان وا یە کاتی فیزیاوی بەشێك نەك گشت نیشانەکان و دیاردە کانی تێنس شی دەکا تەوە، بەو پێیەی کە " کات" یەکێکە لە نیشانەکانی ز مان و لە هەمان کاتیش " کات" کەرە ستەیەکی گرنگی بواری فیزیایە، دەکرێ بۆ دەرخستنی بەشێك لە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی کاتی زمانی "تێنس" سود لە کاتی فیزیاوی وەربگیرێ.

دواجار ئێمە هاوڕا دەبین لەگەڵ بۆچونێکی "وریا عومەر ئەمین" کە پێی وایە (فێربونی هەر زمانێك تا ڕاددەیەکی زۆر بە زانین و جوداکردنەوەی چەمکە جیاوازە کانی کا تەکانی ئەو زما نە و پەیوەندییان بە کاتی "فیزیاوی"ـەوە گرێ دراوە).[2]

## کات لە فیزیادا

هەر لە بنەڕە تەوە قسەکردن لە بارەی کا تەوە، کارێکی دژوار و سەختە، بە تایبەتی کاتێك بمانەوێ بە شێوەیەکی قوڵ لە چەمکی کاتی گشتی بدوێین. بۆ یە "هاید گەر" پێی وا یە ( ناکرێ پرسیاری "کات چیە؟" بەم شمولیەتەوە بکەین، لەبەر ئەوەی کات چەمکێکی هێندە ئاڵۆزە، وەڵا می ئەم پر سیارە هەر چیەك بێ، زۆر شاش و در شت دە بێ).[3] ئێمەش بە لەبەر چاوگرتنی ئەم بۆچونە بە شێوەیەکی گشتی لەم لێکۆڵینەوەیە خۆمان لەوە پاراستوە، کە کات بەو چەمکە فراوان و شمولیەی خۆی لێکبدەینەوە، بۆیە هەمیشە لە پاڵ "کات" ئاوەڵناوێك یان دیار خەرێکمان دا ناوە، لە پێناو تەسککردنەوەی سنوری بابەتەکان، بۆ ئەوەی بتوانین بە لای کەمی شتێك لە چەمکی کات لە بوارێکی تایبەتی لێکبدەینەوە.

کات لە فیزیادا بابەتێکە، ناکرێ بێ با سکردنی "ئەنشتاین" بە سەریدا تێپەڕین، بە تایبەتی لەو ڕوەی کە ئەنشتاین ڕێژەییبونی کاتی سەلماند. دەبینین (( لە سەرەتای بو نەوە بە در یژایی ڕۆژگار مرۆڤـ لە بارەی سروشتی کات، بیروڕاکانی لە گۆڕا ندا بووە، تا سەرەتای سەدەی بیستیش

---

1 – د.محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، ...ل86.

2 – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ...ل190.

3 – فتحي المسكيني، الهوية والزمان –تاويلات فينومينولوجية–، ...ص27.

هەر باوەڕ وا بووە، کە کات ڕەها یە. بەڵام دوای ئەوەی بیردۆزی ڕ ێژەیی لە لا یەن ئەنشتاینەوە خرایە ڕو، بیروڕای مرۆڤ بۆ کات لە ڕەهاوە بۆ ڕێژەیی گۆڕا)).[1]

"ئەنشتاین" لە دو پنتەوە ڕ ێژەییبونی کاتی فیزیاوی دەسەلمێنێ. یەکیان لە پەیوەست بەو شوێن و ژینگە یەی تێیدا یە. وەك دە ڵێ: ( کە تۆ گو تت "کا تژمێر پێنجە." وەك ئەوە یە هیچ ڕونکردنەوە و هەواڵێکت نەگەیاندبێ، چونکە نازانرێ تۆ لە مۆسکۆی یان لە شیکاگۆ، کە لەم دو شوێنەدا کاتی ڕۆژا نە و دانا نەوەی کات و کا تژمێرەکان لە دو کاتی جودان، بۆ یە پێویستە ناوی شوێنەکەشی لەگەڵ بگوترێ، بۆ ئەوەی ڕستەکە هەواڵێکی بێ کەموکوڕی بگەیەنێ).[2]

پنتی دوەمی ڕێژەییبونی کاتیش لای ئەنشتاین، لە پەیوەندیی کات بە شوێنێکەوەیە، کە لە جوڵە "خێرایی"دا بێ. ئەمەیان سەلماندنە سەرەکیەکەی ئەنشتاینە لە بارەی ڕێژەییبونی کات، کە لە نمونە بەناوبانگەکەی دەڵێ: ((ئەگەر تۆ لە نێو کەشتیەکی ئاسمانی بە خێرایی نزیکەی یان بە هەمان خێرایی تیشك بۆ ماوەی 3 ساڵ لە ڕۆیشتندا بی، ئەوا کە دێیتەوە سەر گۆی زەوی، دە بینی مەودای کاتی پتر لە 360 ساڵ لە سەر زەوی تێپەڕیوە)).[3] ئەگەر چی ئە مە هەر گریمانە یە کە مرۆڤ بتوانێ کەشتیەك بەم خێرایە دروست بکا، یان هەر خودی مرۆڤ و هیچ تەنێك بتوانێ لەو خێراییەدا بمێنێتەوە.

دوای ئەنشتاینیش، لە ڕێی پێشبینی ئەوەی ئەگەر جگە لەم گەردو نەی ئێمە گەردونی دیکە بونی هەبێ، "هایدگەر" بارێکی دیکەی ڕ ێژەییبونی کات پێشنیار دە کا، (ئە گەر لە دەرەوەی ئەم گەردو نەی ئێ مە گەردونی دیکە هەبن، ئەوا لە یەك کا تدا چەند گەردونمان هەبێ، ئەوە ندە کاتەمان هەیە).[4]

دوا سەلماندنی ڕێژەییبونی کات، لەگەڵ دۆزینەوەی کو نە ڕە شەکان " چاڵە ڕە شەکان"[5] دێتە کایەوە و هەنگاوێك لە بیردۆزەکەی ئەنشتاینیش "کات ڕێژەییە" هەورازتر دەچێ، چونکە لە کو نە ڕەشەکاندا کات وەستاوە، یان خاڵی کۆتا هاتنی کا تە. بەو هۆ یەی ( هەر کە سێك بچێتە ناو کو نە ڕەشەکانەوە -ئەگەرچی مەحاڵە- سەبارەت بەو کات کۆ تایی هاتوە و لەو ێدا هەمو یا ساکانی کات تێکدەشکێن).[6]

---

[1] – استیون هاوکینگ، تاریخچه زمان، ...ص181.

[2] – د.محمد عبدالرحمن مرحبا و لانداو وروم‍ر، اینشتین و نظریة النسبیة، ...ص140.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل179.

[4] – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ... ص15.

[5] – "محەمەد ڕەزا مەحجوب"ی وەرگێڕی کتێبی "تاریخچه زمان" لە لاپەڕە (253) وا پێناسەی "کونە ڕەشەکان" دەکا: چەند ناوچەیەکن لە (فەزا– کات) لە بۆشایی ئاسمان، کە هیچ شتێك ناتوانێ پێیدا تێپەڕێ، تەنانەت تیشکی ڕوناکیش.

[6] – استیون هاوکینگ، تاریخچه زمان، ...ص214.

نەمان یان وەستانی کات لە ذێو کو نە ڕە شەکاندا، سەلماندنێکی دیکەی ڕ یژەییبونی کا تە، کە ئەم ڕێژەییبونەی کات وەکو بیردۆزەکە ئەنشتاین لە ڕوانگەی دو شوێنی جوگرافی جودا یان لە ڕوی دو ژینگەی لە خێرایی جودا نەهاتوە، بەڵکو ئەم ڕێژەیبونەی کات لە ڕوانگەی بون و نەبونی کا تە لە دو فەزای جودا. بە شێوەیەك ئەگەر کەسێك لە دەرەوەی کونە ڕەشەکان بێ، سەبارەت بەو کات هەیە. کەچی ئەگەر کەسێکی دیکە لەناو کونە ڕەشەکاندا بێ، ئەوا سەبارەت بەو کات بونی نیە.

کارێکی دیکەی ئەنشتاین لەسەر کات لە ڕوی فیزیاوە، گریمانەکردنی کاتە وەك دور یی چوارەم بۆ شت و ڕوداوەکانی دەورو بەر. بەر لە ئەنشتاینیش با سی ئەوە کراوە، کە کات دوری "بعد"ی چوارەمی ڕوداو و تەنەکانە. لەو ڕووەوە ("دیدرۆ" لە ساڵی 1777 دەڵێ: ئەگەرچی ڕێی تێناچێ بۆ هیچ شتێك لە سێ دوریمان پتر هەبێ، بەلاّم من وە کو بیرمە ندێك بۆ بەئەنجامگەیا ندنی کارە کانم کات دەکەمە دوریی چوارەم).[1] دوای ئەویش "منیکۆفسکی" بێ دود لێ ڕایگەیا ند: ((کات دور یی چوارەمی هەمو شتێکە)).[2]

ئەگەرچی ئەمانە ئاماژەیان بەوە دا. کە کات دوریی چوارەمی شتەکانە، بەلاّم نەیانتوانی وەك ئەنذ شتاین لە بواری پراکتیک یدا لە زاذ ستی فیز یك وە کو دراو "مع طی "ـیەك لە هاوکێ شە بیرکارییەکان کاری پێ بکەن و برە نەزانراوەکانی پێ بدۆزنەوە.

لەو بارەوە ئەنشتاین دەڵێ: (بۆ کەسێکی کە ماتماتیککار نەبێ، هە ستێکی غەریبی لە شێوەی هەستێکی غەیبانی لا دروست دەبێ، کە پێی بگوترێ هەمو شتێك چوار دور یی هە یە، کە دور یی چوارەم کاتە).[3]

دوای ئەوەی ئەنشتاین دوریی چوارەم "دوریی کات"ی خستە سەر هەر سێ دور یی شوێن،[4] دراوەکانی بۆ لێکدانەوەی هەمو جوڵە و ڕوداوێکی فیزیکی تەواو کرد. بەو مانا یەی هەر ڕوداو ێك کە لە فەزا ڕویدا، دەتوانرێ لێکبدرێتەوە و شی بکرێتەوە و برە نادیارە بیرکاریەکانی ببینرێنەوە.

"هاید گەر" دوای ئەوەی مە سەلەی ڕ یژەییبونی کات و تایبتمە ندێتیی کات وە کو دور یی چوارەمی شتەکان و فەزا لێکدەدا، دیاردەی دوریی چوارەمی کات، وەك یەکێك لە تایبەتمەند یەکانی کات دەناسێنێ، نەوەك خودی کات دور یی چوارەم بێ، ( بیردۆزی ڕ یژەیی لە ڕوانگەی فیزیکەوە، بەندە بەو پێوەرەی کە کات دەپێوێ، نەوەك بەند بێ بە خودی کاتەوە، هەر ئەوەشە کاتی کردۆ تە دور یی چوارەمی فەزا).[5] کەوا تە ئەوە ئەو تایبەتمەند یەی کا تە بۆ پێوا نەکانی - کات شیاوە

---

[1] – د.محمد عبدالرحمن مرحبا و لانداو وورمر، اینشتین و نظرية النسبية، ...ص91.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل89.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل90.

[4] – شوێن وەکو قەبارە، نەك وەك ڕوتەخت، چونکە قەبارە سێ دوری هەیە، بەلاّم ڕوتەخت دو دوری هەیە.

[5] – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ... ص108.

بیێوریَ- کردویەتی بە دوریی چوارەم، نەوەك خودی کات بوبێتە دوری چوارەم. ئەگەر چی ئەم بۆچونە تا ڕاددەیەك لە بۆچونەکەی ئەنشتاین جودایە، بەلاّم نەبۆتە هۆی ڕەتکردنەوەی ئەوەی، کە کات وەکو دراوێك لە هاوکێشە بیرکارییەکانی بواری فیزیکدا، ڕۆڵە گرنگەکەی لە دەست بدا، کە ئەمەش مەبەستە سەرەکیەکەی ئەنشتاینە لە گریمانەکردنی کات وەك دوریی چوارەمی شتەکان.

فیز یا وەك فیز یای سرو شت، نەوەك وەك فیز یای ئەبستراکتی نێو هاوکێشەکان، لە بارەی کاتەوە ئەرکێکی دیکەی هەیە، کە دابەشکردنی کاتە بۆ هەر سێ دەمی ڕابردو و ئێستا و داهاتو. هەروەها لە نێو هەر سێ دەمەکەدا دانانی دەمی ئێستایە بە سەنتەر و چەقی دەستپێکردنی ڕوداوەکان.

لەو بارەیەوە ئەنشتاین پێی وایە: ((ڕێژەییبونی کات بە پێی ڕوداوەکان، یان زوتر لە دەسپێکی ڕوداوە، یان درەنگتر لە دەسپێکی ڕوداوە، یان نە زوتر و نە درەنگتر لە دەسپێکی ڕوداوە، واتە لەگەڵ دەسپێکی ڕوداوە)).[1] کەواتە کاتی فیزیکی بە پێی ڕوداوەکانی سروشت بۆ هەر سێ دەمی ڕابردو و ئێستا و داهاتو دابەش دەبێ و دەمی ئێستاش سەنتەر و خاڵی دەسپێك "نقطة الانطلاق"ی ڕوداوە.

مەسەلەی کات بۆ هەر سێ دەمی ڕابردو و ئێستا و داهاتو دابەش دەبێ و دەمی ئێستاکەش سەنتەرە، لە ڕوی فیزیکەوە بابەتێکی بەدیهی و زانراوە، بۆیە لەسەر ئەم خاڵە هێندە نامێنینەوە. بەلاّم پێمان باشە لە ڕوانگەی فەلسەفیشەوە ئەم دابەشبونەی کات و خاڵی دەسپێکی کات بخەینە ڕو.

"هایدگەر" لەو بارەوە پێی وایە، ((ئێستا ئەڵقەی بەیەکگەیاندنی هەر دو کاتی ڕابردو و داهاتوە و لە هەمان کاتیش کاتی ئێستا بڕەری کاتی گشتی -کات لە دەسپێکەوە تا کۆتایی-ـە)).[2] کەواتە لای هایدگەر دەمی ئێستا سەبارەت بە هەر دو دەمی ڕابردو و داهاتو ((هەم پێگکەیێن و هەم دابڕە. کەواتە ئەو خاڵە سەرەتای بە شێك و کۆتایی بە شێکی دیکەیە)).[3] بەو پێیە کۆتایی هەمو کاتێکی ڕابردو، سەرەتای کاتی داهاتوە. لەو خاڵەدا کە کاتی ئێستایە، ڕابردو لەوێدا کۆتایی دێ و هەر لەوێش دەمی داهاتو دەست پێدەکا. لەو ڕوانگەیەش کە کاتی ئێستا پێکگەیێنە، ئەوا هەمو ئێستایەك ئەو پارچانە مەودای کاتە ڕابردو و داهاتوەکان- لێك گرێ دەدا و دوا جار کاتێکی ئەزەلی بێپچڕان دەسەلمێنێ. لەو ڕوانگەیەش کە کاتی ئێستا "بڕەر"ـە، ئەوا کاتی گشتی - لە سەرەتاوە تا کۆتایی- لەتلەت دەکا، بەشی پێشەوە بە ڕابردو و بەشی دواوەش بە داهاتو دەسپێرێ. بەمەش کات لە هەمو ئێستایەك خۆی نوێ دەکاتەوە و دیسان دەست پێ دەکاتەوە.


---

[1] – د.محمد عبدالرحمن مرحبا و لانداو وورمر، اینشتین و نظریة النسبیة، ...ص172.

[2] – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ... ص30.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل22.

کەواتە ئەگەر بمانەوێ هێڵکاریەك بۆ کاتی گشتی بکەین، کە کات تێیدا پێکگەیێنە، ئەوا دە بێ هێڵێکی ئا سۆیی تا بێکۆ تایی بکێشین. خۆ ئە گەریش کات تێ یدا سیفەتی بڕەری هەبێ، ئەوا هێڵکاریەکەمان بازنەیەك دەبێ و بەردەوام تا بێکۆتایی لەسەر خولگەی خۆی دە سوڕێتەوە و خۆی دوبارە دەکاتەوە. بەم دو شێوەیە:



هێڵکاریی "کات بڕەرە"



هێڵکاریی "کات پێکگەیێنە"

زۆر پێش "هایدگەر"یش لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە کاتی ئێستا وەك سەنتەر و چەقی هەر دو کاتی ڕابردو و داهاتو نا سراوە، "ئۆگە ستینی قە شە" پ ێی وا یە ((ئێ مە لە بەرام بەر کاتی ئێ ستا، کاتی ڕابردو و کاتی داهاتو ڕەت ناکەی نەوە، بەڵام ئەوە دەزا نین کە کاتی ڕا بردو و دا هاتو نر خی خۆ یان لە کاتی ئێ ستا وەردە گرن، بۆ نمو نە کات ێك بیر لە " کاتی ڕا بردو"ی م ندالّی خۆ مان دەکەی نەوە، یان بیر لە پێ شهاتێك لە " کاتی دا هاتو" دەکەی نەوە. ئەوا هەر دو پڕۆ سەکە بە بیرکردنەوەیەك لە "کاتی ئێستا" ئەنجام دراوە).[1] بۆ یە لای "ئۆگە ستین" ئا سایيە، کە پێ شناوی "ئێ ستا" بۆ هەر سێ جۆرە کەی کات بەم شێوەیە (ئێ ستای ڕا بردو، ئێ ستای هەنو کە، ئێ ستای داهاتو)[2] دابنێ.

لە کۆتایی ئەم بابەتە ئەوە دەڵێین، ئەگەرچی ئەم بابەتە "کات لە فیزیادا" ناوەڕۆکەکەی تەواو فیزیاوی و فەلسەفی و نازمانیە، بەڵام ئەم بابە تەمان لە پێ ناوی با بەتی دا هاتو خ ستۆتە ڕو، کە بریتیە لە لایەنە لێکچوەکانی هەندێك لایەنی ئەم بابەتە -کات لە فیزیادا- و کاتی زمانی.

## هەندێك لێکچونی نێوان کاتی فیزیاوی و کاتی زمانی "تێنس"

پێش ئەوەی بچینە سەر خستنەڕوی لایە نە لێکچوەکانی ن ێوان کاتی فیزیکی و کاتی ز مانی، دەمانەوێ ئەوە بڵێین، ئەگەر زمانەوانی زانستێکی تەواو سروشتی "ئەبستراکت" بوایە، ئەوا لایە نە

---

[1] – ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی، ...ل20.

[2] – هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

لێكچوەكانی نێوان كاتی فیزیاوی و كاتی زمانی زۆر پتر و ورد تر دە بون، لەوەی ئێمە لە خوارەوە دەیخەینە ڕو. بەلآم لە بەر ئەوەی فیز یك زانستێكی تەواو سرو شتیە و (زما نەوانیش زانستێكە نیوەی زانستی سروشتیە و نیوەی زانستی مرۆڤایەتیە)،[1] ڕ ێژەی لایە نە لێكچوەكانی نێوان هەر دولا بەو ڕاددەیە نین.

ئەگەر زمانەوانی زانستێكی تەواو سروشتی بوایە، نەوەك هەر لە ڕێی فیزیكەوە، بەڵكو لە ڕ ێی هەمو زانستە سرو شتیەكانەوە دە كرا زۆر بەی هەرەزۆری لایە نەكانی زانستی زما نەوانی لێكبدرایەتەوە.

لە بابەتە كەی پێ شو ئاماژە مان بەوە كرد، كە لە فیزیكدا كات وە كو دور یی چوارەم بۆ لێكدانەوەی ڕوداوەكان بەكار هاتوە، سەرەڕای ئەوەی خۆ شی كەرە ستەیەكی سەرەكیی ڕوداوە. كات لە زمانیشدا هەمان ئەرك و ڕۆ ڵی هە یە، كە دە توانرێ ڕوداو " كار"ی پێ لێكبدرێ تەوە، هەروەها خۆشی كەرەستەیەكی سەرەكیی كارە. بۆ یە دە توانین لێكچونی تەواو لە نێوان "ڕوداو و كات"ـی فیزیكی و "ڕودان -كار- و كات"ی زمانی گریمانە بكەین.

بۆ نمونە لە فیزیكدا كە ڕوداو ێك -جو ڵەی تەنێك- لە فەزا یەكی د یاریكراو ڕودەدا، بە هۆی چەند دوریەك لێكدەدرێتەوە، كە یەكێكیان دوریی كاتە، كات وەك دور یەكی سەرەكی، شیكردنەوە و ناساندنی ڕوداوەكە تەواو دەكا. لە بەرامبەردا لە زمانیش كە ڕوداوێك كە ڕە گی كار دەی نوێنێ- لە چوار چێوەی شوێن - شوێنی ڕودان لە زما ندا چوار چێوەی ڕ ستەیە- ڕودەدا، بە هۆی چەند تایبەتمەندییەكی كار "ڕ ێژە، كەس، ژ مارە" و كاتی كار "تێنس" لێكدەدرێ تەوە، كە تێنس وەك تایبەتمەنیەكی سەرەكی، شیكردنەوە و ناساندنی ڕوداوەكە -چەمكی كارەكە- تەواو دەكا.

ئەم لێكچونەی سەرەوە لە نێوان ڕوداوی فیزیكی و كاری ز مان، لێكچونێكی گریمانەیی یە لەو ڕوەی، كە دوریە فیزیاویەكان و تایبەتمەندیەكانی كار "ڕێژە، كەس، ژمارە" كە هیچ تایبەتمە ندی و پێكچونێك نایانبا تەوە سەریەك. تەنها كاتی فیز یاوی و كا تە زمانیە كە نەبێ، كە دە چنەوە سەریەك و هەردوكیان چەمكی كات ڕادەگەیەنن، كە ئێمەش مەبە ستی سەرەكیمان لەم لێكچونەی ڕوداوی فیزیاوی و كاری زمانی، لێكچونی چەمك و ئەركی كاتە لە هەردوكیان. كەوا تە دە شێ لەم لێكچونەدا تایبەتمەند یەكانی دیكەی كار وە كو "دۆ خی بكەردیار و بكەرنادیار، دۆ خی ئەرێ و نەرێ". ئەگەر ئەمانەش بخرێنە شوێنی هەر یەك لە سێ تایبەتمەند یە ناوبراوە كانی كار "ڕ ێژە، كەس، ژمارە"، لێكچونەكە ناشێوێ. یان دەتوانین بەم شێوەیە لێكچونەكەی نێوان ڕوداوی فیز یاوی و كاری زمانی دەربڕین، كە ڕوداوی فیزیاوی لە چەند دوریەك لەگەڵ دور یی كات پێكدێ. ڕوداوی كاری زمانیش لە پێنج تایبەتمەندی "ڕێژە، كەس، ژمارە، دۆخی بكەردیار یان بكەرنادیار، دۆ خی

---

[1] – د.عەبدوڵڵا حوسێن، ئایا زمانەوانی زانستێكی سروشتیە یان وێژەییە؟، ...ل169.

ئەرێ یان نەرێ" و تایبەتمەندیی کات "تێنس" پێکدێ. بە کورتی لێکچونی بنەڕەتیی نێوان ڕوداوی فیزیکی و ڕوداوی زمانی لەوەدایە، کە وەك چۆن هیچ ڕوداوێکی فیزیکی بێ کات و لە دەرەوەی کات شیاوی ڕودان نیە، بە هەمان شێوە ڕوداوی هیچ کار و ڕستەیەکیش بێ کات و لە دەرەوەی کات نیە، چونکە ((تێنس پێویستیەکی حەتمیە بۆ ڕودانی کار، هەر بۆیە کار بێ تێنس بونی نیە)).[1]

لە لایەکی دیکە دەتوانین لێکچونێکی گریمانەیی لە نێوان کاتی فیزیاوی "کات لە فەزای دەرەوەی کونە ڕەشەکان و کات لە ناو فەزای کونە ڕەشەکان" و کاتی زمانی "کات لە کار و کات لە چاوگ "دا پێشبینی بکەین. وەك چۆن کات لە دەرەوەی کونە ڕەشەکان لەکاردایە و هاوشانی ڕوداوەکان هەستی پێ دەکرێ و بونی خۆی دەسەلمێنێ و دەمی ڕوداوەکان دیاری دەکا. لە بەرامبەردا کات "تێنس" لە کاریشدا بە هەمان شێوە لەکاردایە و هەستی پێ دەکرێ و دەمی ڕودانی کارەکە نیشان دەدا. وەك چۆن کات لە ناو کونە ڕەشەکاندا وەستاوە و نابێتە پێوەری هیچ ڕوداو و جوڵەیەك. لە بەرامبەردا کاتی زمانی لە چاوگیشدا - هەر چەند لە زمانی کوردی و فارسیدا لە شێوەی مۆرفیمی کاتی ڕابردو بونی هەیە- وەستاوە و نابێتە پێوەر و نیشاندەری هیچ ڕوداوێك. بە شێوەیەکی دیکە لە چاوگدا مۆرفیمی کات هەیە، کە ئاماژە بە کات دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە چاوگدا هیچ توخم"ڕاناو"ێك بونی نیە، تا چاوگەکە بەکار بخا، بۆیە کات لە چاوگدا وەستاوە و هیچ ئەرکێکی نیە.

هەروەها لەو ڕوەی (وەك ئەوەی کات پێوەری جوڵەیە، پێوەری وەستاوی " تەنی وەستاو"یشە، چونکە هەمو وەستاوێکیش لە نێو کاتدایە، لەبەر ئەوەی کات جوڵە نیە، بەڵکو ژمارەی جوڵەیە. هەر وەستاوێکیش بەو مانایە نیە، کە ناکرێ بە جوڵە بخرێ).[2] بۆیە وەستاویش هەر لە نێو کاتدایە، کەی جوڵێنرا، ئەوا کاتیش وەکو ژمێرەری جوڵەکەی بۆی دەکەوێتە کار.

هەمان ئەو دیاردەیەی سەرەوە لە نێو زمانیشدا دەبینرێتەوە. کاتێك تەنی جوڵاو بە کاری دۆخی ئەرێ و تەنی وەستاویش بە کاری دۆخی نەرێ بەرامبەر یەکدی ڕابگرین.

بۆ نمونە لە ڕستەی "ئازاد ڕۆیشت"دا کارەکە لە دۆخی ئەرێدایە و کاتی کار "تێنس"ەکەش کەوتۆتە کار و دەمی ڕودانی کارەکە دیاری دەکا. لە ڕستەی " ئازاد نەڕۆیشت "یشدا، کە دۆخی کارەکە نەرێیە، ئەگەرچی هیچ جوڵە و ڕوداوێك ڕوینەداوە، تا کاتی کار "تێنس"ەکە دەستنیشانی بکا. بەڵام لە هەمان کاتیش کات دەوری ڕوداوەکەی داوە و ئەرکی خۆی بینیوە، لەوەی ئەوەی

---

[1] – د.حسين علي يوسفي، دستور زبان فارسى 1و2،...ص72.

[2] – مارتين هيدگر، مفهوم زمان، ... ص28.

ڕاگەیاندوە، کە "ئەگەر ئازاد بڕۆیشتبا"، دەمی ڕوداو و جوڵە کە "ڕۆیشتنەکە" لە دە می ڕا بردودا دەبو.

لەو ڕوانگە یەش کە کاتی سرو شتی لە بنەڕە تدا ناکرێ بە وردی د یاری بـ کرێ، بە لای هایدگەرەوە (ژماردنی کات بە ژمارە سرو شتیە بیرکار یەکان ناکرێ و گو نجاو نـ یە، لە کا تدا تەنها زوتر و درەنگتر یان پێش و پاش هە یە).(ت) ئە مەش بەو مانا یە دێ، کە ئەو کاتا نەی ئێمە بە کاتژمێر یان بە ڕۆژ و هەفـ تە و ساڵ دەیا نژمێرین، سیـ ستەمێکێی دا نراو "وەزعی"ـی ژمارد نە و ناچێتە ئەو خانەیەی کە ئێمە لە پڕۆسەی ژماردنێکی بیرکاریانەی کاتی گشتیی گەردونیداین. ئەو جۆرە ژمارد نەی کات، دەرهێـ نانی مەودای کاتێکی زۆر بـ چوکە لە کا تە گـ شتیە گەردونیە کە و ژماردنەکە لە نێو ئەو مەودای کا تە بـچوکەدا ئەنجام دەدرێ، ئە مەش نابێـ تە ژ ماردنێکی گـشتگیر بەسەر هێڵی گشتیی کاتی گەردونی لە ڕابردوەوە بۆ داهاتو.

ئەم بڕوایەی "هاید گەر" لە بارەی مەحاڵێتیی ژ ماردنی کات بە ژ مارە بیرکار یەکان، هەمان تایبەتمە ندیی کاتی ز مانی "تێنس"ـە لە ڕ ستەدا. تێـنسیش ناتوانێ کات بە ژ مارە بیرکار یەکان بژمێرێ و تەنها بە زو تر و درەنـگتر یان بە " بڕ و ڕاددە" کا تەکانی کار د یاری دە کا. بۆ نمو نە کاتێك تۆ دەڵێی: "من نانم خوارد." تێنسی کاری ئەم ڕستەیە تەنها ئەوە نیشان دەدا، کە زوتر لەو کا تەی تۆ قـ سەکەت کرد، نا نت خوارد بو. ئیتر د یاری نەکردوە کە ڕ ێك چەند "خو لەك یان کاتژمێر ...هتد" پێش ئەوەی قسەکەت بکەی، نانت خواردوە.

بەلأم لەو کا تە زمانیا نەی کە بە ئاوەڵـ کارە کا تەکان - نەك مۆرفیمی کاتی کارە کان- ڕادەگە یەنرێن، دە کرێ ژ مارە بیرکاریـ یەکانی وەربـگرن. بۆ نمو نە تۆ دەڵـێی:"من شەوی ڕا بردو کاتژمێر 12 خەوتم". ئەوا بە یارمەتی ئاوەڵکاری کاتی "شەو" و "کاتژمێر 12" چەمکی زو تر و درەنگترت تێپەڕاندوە و بە ژمارەیەکی بیر کاری و ئاوەڵـکارێکی کات، کاتی ڕوداوە کەت ڕ ێك د یاری کردوە. کە ئەمەش ڕێك بەرامـبەر شێوەی کردەی ژ ماردن بە سیـ ستەمە دانراوە کەی بواری کاتی سروشتی دەوەستێ.

## مەزندەی تاك وەك مەودای کات

مەبەست لەو ناونیشانە، ئەوەیە کە ماوەکات یان مەودای کات چ سروشتی و چ ز مانی، بە پـێی هە ستی تایـ بەتی تاکەکە سەوە د یاری دە کرێ، وا تە سەرەڕای ئەوە لایە نە گـ شتی و چەمکە ناسراوەکەی کات لای هەمومان وەکیەك و لـێك نزیکە، بەلأم هەر یەك لە ئێـمە لە بەکارهێنانی

[1] – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ... ص59.

کاتدا بە پێی ژینگە و ئەو بارودۆخەی کە خۆمان تێیداین و ئەو بوارەش کە کاتەکەی تێدا بەکار دێنین، شێوە و ئاڕاستەیەکی تایبەتی بە کات دەبەخشین. بۆیە نا شێ بەکارهێنانی کات و تێگەیشتن لە کات، لای هەمو تاکەکان بە شێوەیەکی ڕەها وەکیەك بێ.

پێش ئەوەی بچینە سەر خستنەڕوی ئەم تایبەتمەندیەی کات لە زماندا، لە بواری کاتی سروشتی دەیخەینە ڕو. لەو بارەوە "ئۆگەستین" دەڵێ: ((تا ئەو کاتەی کەسێك پرسیاری "کات چیە؟"ی لێ نەکردوم، باش دەزانم کات چیە. بەڵام کاتێك ئەو پرسیارەم لێ دەکرێ، تەواو شپرزە دەبم)).[1]

ئەمە بەو مانایە دێ، کە من لە هەست و زیهن و ئیدراکی خۆم، بۆ خۆم تێگەیشتنێکم بۆ کات هەیە، کە بێ کێشە بەکاری دێنم و کار و بیرکردنەوەکانمی پێ بەڕێوە دەبەم، بەڵام کە کەسێك داوام لێ دەکا، کاتی بۆ شی بکەمەوە، شپرزە دەبم، لەبەر ئەوەی ئەو بە جۆرێکی دیکە لە کات دەڕوانێ و تێگەیشتنمان بۆ کات دو ئاڕاستەی جودای دەبێ، بە لای کەمی هەر یەکەمان بۆ خوێندنەوەی دەرکەوتەکانی کات، دو دیدی جودامان دەبێ.

"هاوکینگ"یش پێی وایە ((هەر کەسێك بۆ خۆی یەکە یەکی بۆ کات هەیە، کە بە شوێن و چۆنیەتی جوڵەی ئەو کەسەوە بەندە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی ڕێژەییبونی کاتە و سەلمێنەری ئەوەیە کە هیچ یەکەیەکی ڕەهای کاتمان نیە)).[2]

"هایدگەر"یش ئەم تایبەتمەندیەی کات دەخاتە ڕو و وەکو دو بۆچونەکەی سەرەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کات و مەودای کات و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەمە شی کردۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە کات لە زماندا گرنگیەتی تایبەتی پێ دراوە، چونکە ئەو تایبەتمەندیەی کات بە ئاخێوەرەوە بەندە، کاتێکیش ئاخێوەر بیەوێ گوزارشت لە کات بکا، یان گوزارشت لە هەر شتێك بکا، کات لە پاڵیدا ئامادەیی هەیە و ناچاریشە لە ڕێی زمانەوە دەربی ببڕێ، بۆیە ئەرکی لێکدانەوەی ئەم تایبەتمەندیەی کات، پتر لە ئەستۆی زمانەوانیدایە، تا هەر زانستێکی دیکە، (ئاخێوەر خۆی بنەڕەتیترین بەکاربەرە و باشترین کەسێکە کە کات بناسێ، هەر بۆیەشە زانستی زمان لە زۆربەی پانتاییەکانی خۆیدا سەروکاری لەگەڵ کات هەیە).[3]

لە ڕاستیدا ئەم تایبەتمەندیەی کات، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکەوە تا ڕادەیەك بە مەودای کات و ماوەکاتێکی دیکە نیشان دەدا، لە زمانەوانیدا پتر سنورەکانی خۆی تۆخ دەکاتەوە و لەوێدا حاڵەت تێدەپەڕێنێ و خۆی لە دیاردەدا دەبینێتەوە.

---

[1] – ڕێبوار سیوەیلی، هاوکاتی و هاوشوناسی، ...ل19.

2 – استیون هاوکینگ، تاریخچه زمان، ...ص53.

[3] – مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ... ص39.

دەکرێ ئەم تایبەتمەندیەی کات لە گەڵێك ڕوەوە بسەلمێنرێ، بەڵام ئێمە بۆ ڕونکرد نەوەی ئەم تایبەتمەندیەی زمان تەنها چەند ڕوێك وەردەگرین:

1- باری دەرو نی: باری دەرو نی مرۆ ڤ و شێرازەی بیر و ما ندویی یان حە سانەوەی مێ شکی مرۆڤ، کاریگەریی بەسەر کورتبو نەوە و درێژبو نەوەی مەودای کاتی ڕوداوەکا ندا هە یە، بۆ نمو نە فیلمێك نمایش دەکرێ و کۆتایی دێ، تۆ بە هاوڕێکەت دەڵێی "زو کۆ تایی هات". کە چی ئەو پ ێی وایە زو کۆتایی نەهاتوە و دەڵێ: "بە ڕای من زو کۆتایی نەهات"، یان بە لای کەمی دە ڵێ: "ڕا ستە ماوەیەکی زۆری نەبرد، بەڵام زوش کۆتایی نەهات". ئەگەرچی مەودای کاتی فیلمە کە لە بنەڕە تدا هەمان مەودای کاتی هەبووە، بەڵام باری دەرونی وای کردوە، مەودای کاتە کە لای تۆ کەمتر بێ لە هەمان مەودای کات لای هاوڕێکەت.

دەکرێ ئەم جیاوازیەی نێوان هەمان مەودای کاتی فیلمە کە، لە تا کە کەسێکی شدا بەرجە ستە بێ، بە شێوەیەك لە دو کاتی جیاواز و لە دو باری دەرونی جیاوازدا نمایشی هەمان فیلم لای تۆ، دو مەودای کاتی جیاواز لە زیهنت بنەخشێنن.

2- بارودۆخ و ژینگە: بارودۆخ و ژینگەی تاکە کەس ڕۆ ڵی لە جیاوازی بەخشین بە مەودای کاتی ئاخاوتنەوە هە یە. دە کرێ لە دو بارودۆخ و ژینگەی جودا هەمان کاتی هەمان ڕ ستە، دو مەودای کاتی جیاواز ببەخشێ. بۆ نمو نە ئەم ڕ ستەیە " پاش ماوە یەکی دیکە دنیا گەرم دە بێ". دەکرێ ئەم ڕستەیە لە دو بارودۆخ و ژینگەی جودا بدرکێنرێ و ئەو مەودای کا تەی کە ڕ ستەکە دەیگە یەنێ، لە هەر یە کە لە دو بارودۆخە کە لێکجودا بن. یە کەمیان دە کرێ ئەو ڕ ستەیە لە بەرەبەیانێکی سارد کەسێك بە کەسێکی دیکەی گوتبێ و مەبەستی ئەوە بێ، ماوە یەکی دیکە خۆر هە ڵدێ و دونیا گەرم دادێ و گەرم دەبینەوە. دوەمیان دە کرێ ئەو ڕ ستەیە لە ڕۆژە ساردەکانی کۆتایی زستان کەسێك بە کەسێکی دیکەی گوتبێ و مەبەستی ئەوە بێ، پاش ماوەیەکی دیکە بەهار دێ و دونیا گەرم دادێ.

ئەگەرچی کاتی ڕ ستەکان هەر هەمان جو تە مۆرفیمی کاتی ئێستا "ـە"و کاتی دا هاتو "ێ" لەگەڵ ئاوەڵکاری "پاش ماوەیەکی دیکە"ی تێدایە، بەڵام لە یەکەمیان مەودای کاتی ڕستەکە چەند کاتژمێریکە و لە هی دوەم چەند هەفتەیەکە.

3- خودی کاری ڕ ستە: لە زما ندا هە ندێك کار هەن، کە ڕە گەکانیان هەڵگری وا تای ڕوداون، ڕوداوەکانیان بە شێوەیەکە لە ژ یانی ڕۆژا نەدا زۆر دو بارە دەبنەوە و هە ندێك ڕوداو یش کەمتر دوبارە دەبنەوە، بەمەش ئەگەرچی هەمان مۆرفیمی کاتیان لەخۆدا هەڵگرتوە، بەڵام جیاواز یەکی بەر چاو لە نێوان مەودای کاتی دو جار ڕوداندیان هە یە. بۆ نمو نە لەم دو ڕ ستەیە "نوێژە کەت کرد؟" و "خانوەکەت کڕی؟". ئەگەر چی لە هەر دو ڕ ستەکە تەنها یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو

هەیە و کاری هەر دو ڕ ستەکەش لە دە می ڕا بردوی ڕو تی ڕ ێژەی ڕاگەیا ندن و ....هـتدن، کە چی مەودای کاتی نێوان دو جار ڕودا نی کاری ڕ ستەی یە کەم زۆر کورتترە لە مەودای کاتی نـێوان دو جار ڕودانی کاری ڕستەی دوەم. نوێژکردن کردەیەکە بۆ نمونە لە ئاینی ئیسلام- ڕۆژی پـێنج جار ئەنجام دەدرێ، بەڵام کڕینی خانو -بۆ نمونە لە باشوری کوردستان-، پڕۆسەیەکە لەوانە یە لە هەمو ژ یانی مرۆڤ ێك جار ێك ڕو نەدا. بە شێوەیەکی گ شتی مەودای کاتی ڕ ستەی یە کەم لە سنوری کاتژمێردایە و هی ڕستەی دوەمیش لە سنوری مانگ و ساڵ و دە یان ساڵدایە. کەوا تە ئەوەی ئەو جیاوازیەی لە مەودای کاتی نێوان هەر دو ڕستەکە دروست کرد، ڕەگی کارە لە ڕوی وا تاوە، نەوەك مۆرفیمی کات و مۆرفیمەکانی دیکەی کار.

## کورتەیەکی مێژویی تێنس

((زاراوەی تـێنس "tense" لە و شەی "tempus "ـی لا تینی بە ما نای "time= دەم= گاە" هاتۆتە نێو زمانی فەڕەنسی و دواتریش هاتۆتە نێو زمانی ئینگلیزی)).[1]

د یارە لە مـێژودا پێش ئەڕە ستۆش با سی " کار" کراوە. هەر وەك ئەفلاتون بۆ بە شەکانی ئاخاوتن ناو و کاری لێکجیا کرد بۆوە، بەڵام ئا گاداری ئەوە نین، کە تا هاتنی ئەڕە ستۆ کات وەك تایبەتمەندیەکی کار گرنگیەکی بەرچاوی پێدرابێ، بەڵام بە هاتنی ئەڕەستۆ کات لە کاردا ئا ماژەی پێ درا و وەك تایبەتمەند یەکی کار و خاڵی جوداکرد نەوەی لە " ناو" خـ ستیە ڕو، ((ڕێ ما "Rhêma"[2] پێچەوانەی "ناو" یەکەم جار کاتی تێدا یە و دوا تریش هەواڵ یان گوزارەی ڕ ستە ڕادەگەینێ)).[3]

"ڕەواقیەکان"ـیش کاتی کاریان لە زماندا لە دۆ خەکانی دیـکەی کار جودا کردەوە. لە ڕۆ نانی ئەو کارانەش کە مۆرفیم و نیـشانەی کا تەکانیان دەرنە کەوتبون "ز منی بون"، دە می کا تەکانیان خستە ڕو. لەو بارەوە "ڕ. ه. رۆبێنز" دەڵێ: ((گرنگترین دەستکەوتی ڕەواقـیەکان لە شیکردنەوەی کار ئەوە بو، تواننـیان دەلا لەتی کا تەکانی کار و ما نای دۆ خەکانی کار بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ئاشکرا دەربخەن، کە ئەم دو دیاردەیە لە فۆرمی ڕۆنانە جیاجیاکانی کاردا، بە پـێی دە مە دە ستوری "تێنس"ـەکان شاراوە "زمنی" و نادیار بون)).[4]

---

1 – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص402.

2 – گریکەکان بە "کار"یان گوتوە "ڕێما".

3 – آر.اچ. روبینز، تاریخ مختصر زبانشناسی، ...ص70.

4 – هەمان سەرچاوە، ل77، 78.

پاشان "دیۆنیسیۆس تراكس - Dionysiuse Thrax "یش، كە سەد ساڵێك پێش زاین ژیاوە. لە پێناسەكەی بۆ كار لە پلەی یەكەمدا وەكو تایبەتمەندیەكی كار جەخت لەسەر كات "تێنس" دەكاتەوە، (كار -ڕێما- بەشێكی ئاخاوتنە، كە لە ڕوی كات و كەس و ژمارەوە گەردان دەبێ و دەلالەت لە دۆخێك یان ڕوداوێك دەكا، كە لە خودی خۆیدا ڕویدابێ، یان لە لایەن كەسێكەوە ئەنجام درابێ).[1]

ئیدی لەوە بە دواوە لە زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوە ڕێزمانیەكانی جیهان كات وەكو یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی كار باسی كراوە و بەمەش تا ئێستا كۆدەنگیەكی زمانەوانیی جیهانی لەسەر پەیوەندیی حەتمیانەی كات و كاری لێ كەوتۆتەوە.

## پێناسەی تێنس

بۆ تێنس چەند پێناسەیەكی جۆراوجۆر هەیە، كە ئێمە بە پێی توانا و دەستكەوتنی ئەو پێناسانە لەو سەرچاوانەی بەكارمان هێناون، دەیانخەینە ڕو:

1- تێنس: (بریتیە لە چۆنیەتی شكڵگرتنی ڕاگەیاندنی كاتی زمانی، بۆ یەككەوتنی لەگەڵ كاتی سروشتی).[2]

2- تێنس: (بریتیە لە پەیوەندیی نێوان شێوەی كار و چەمكی كات).[3]

3- تێنس: (بریتیە لەو جۆرە گەردانانەی كە ڕۆڵی سەرەكیان لە نیشاندانی كاتی هەر ڕوداوێك لە چوارچێوەی ئاخاوتندا هەیە).[4]

4- تێنس: (بریتیە لەو سیغەیەی دەلالەت لە كاتی ڕودانی كار لە ڕابردو یان ئێستا یان داهاتو دەكا).[5]

5- تێنس: (بریتیە لە دەرەنجامی ڕێكخستنی ئەو هێمایانەی لە چوار چێوەی ڕێزماندا ئاماژە بە كات دەكەن).[6]

---

1 – آر.اچ. روبینز، تاریخ مختصر زبانشناسی، ...ص88.

2 – د.عطاءاله ملكی، زمان در زبان، ...ص9.

3 – بایز عومەر ئەحمەد، تێنس لە دیالێكتی ژوروی زمانی كوردیدا –گۆڤەری بادینی–، ...ل5.

4 -P. H. MATTHEWS, OXFORD CONCISE DICTIONARY OF LINGUISTICS ...P.374.

5 – محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري، ...ص284.

6 – جان لاینز، مقدمه‌ای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص409.

پێناسەی یەکەم کە هی "مەلەکی"ـە، هەمو گوتەکانی لە بارەی تێنسەوە دروستن، بەڵام ئەم گوتانە بریتین لە ئەرکی[1] تێنس، نەوەك پێناسەی تێنس. سەبارەت بە پێناسەی دوەمیش کە هی زمانەوانی عارەبیزمان "یوئێل یوسف عەزیز"ـە، تێیدا ناساندنی تێنس بە فۆرم یان شێوەی کار دەبەستێتەوە. ئەم ناساندنە ڕەنگە بۆ هەندێك زمانی وەکو عارەبی دروست بێ، کە بە زۆری تێنسەکان بە پێی گۆڕانی شێوەی کارەکان دیاری دەکرێن، چونکە زمانی عارەبی زمانێکی تواوەیە. کەوا تە ئەم پێناسەیە تێنسی ئەو زمانا نە ناگرێتەوە، کە تەنها لە ڕێی ئاوەڵکارە کاتەکانی ڕادەگەیەنرێن، وەکو زمانی چینی و مالی[2]. ئەم پێناسەیە لە لایەن "بایز عومەر"ـەوە خراوەتە ڕو، ئەگەرچی ئەویش هەستی بە کەموکوڕیی ئەم پێناسەیە کردوە و بۆ نمونەی کارەکانی زمانی کوردی و ئینگلیزی ئەو کەموکوڕیانەی دەرخستوە،[3] بەڵام نە پێناسەکەی ڕاست کردۆتەوە و نە بە دوای پێناسەیەکی پوخت و دروستی دیکەدا گەڕاوە.

پێناسەی سێیەمیش کە فەرهەنگی زمانەوانی ئۆکسفۆرد دایڕشتوە، ئەویش بە پێی زمانی ئینگلیزی پێناسەکەی داڕشتوە و شێوەی کار و گەردانی کاری وەك سەرەکیترین لایەنی ڕاگەیاندنی تێنس لێکداوەتەوە. بۆیە ئەم پێناسەیەش ئەو زمانانە ناگرێتەوە، کە تەنها بە ئاوەڵکارە کاتەکان تێنس ڕادەگەیەنن. جگە لەوەش پتر بە لای پۆلێن و هەندێك تایبەتمەندیی تێنسدا ڕۆیشتوە، تا ئەوەی خۆی لە قەرەی پێناسەیەکی تەواوی خودی تێنس بدا. وەك دەبینن هێشتا پێناسەیەکی پوختی تێنسی نەکردوە، ڕۆڵی تێنس و پۆلێنەکانی تێنسی "ڕابردو، ئێستا، داهاتو"ی خستۆتە ڕو.

پێناسەی چوارەمیش وەکو پێناسەی یەکەم، بە دروستی لە بارەی تێنس دواوە، بەڵام زۆر بە درشتی و فراوانی لایەنێکی زۆر گشتی و بەدیهی تێنسی دەرخستوە، ئەویش ئەوەیە کە تێنس دەتوانێ هەر سێ دەم ڕابگەیەنێ. بۆیە ناکرێ بە پێناسەیەکی پوخت و وردی تێنسی دابنێین.

سەبارەت بە پێناسەی پێنجەمیش، کە " جۆن لاینز" دایڕشتوە، ئێمە لە گەڵ پێناسەکەی ئەوداین و پێمان وایە نەوەك هەر لە پێناسەکانی دیکە پوختترە، بەڵکو پێناسەیەکی گشتگیرە بەسەر تێنسی هەمو زمانە سروشتیەکان، کە دەتوانێ تێنسی هەر سێ جۆری زمانەکان ((لکاو Agglutinative، تواوە Fusional، سەربەخۆ - عازل- Isolating))[4] لەخۆ بگرێ، وا تە هەمو جۆرەکانی زمان لەخۆ دەگرێ، کە هەندێکیان بە هۆی مۆرفیمی کاتەکان و هەندێکیان بە هۆی شێوەی کار و هەندێکیان بە هۆی ئاوەڵکارە کاتەکان تێنسی زمانەکەیان ڕادەگەیەنن.

---

[1] – بڕوانە لاپەڕە (21).

[2] – بڕوانە لاپەڕە (29).

[3] – بایز عومەر ئەحمەد، تێنس لە دیالێکتی ژوروی زمانی کوردیدا، ...ل5.

[4] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ...ل389.

" جۆن لاینز" لەو پێنا سەیەیدا تێنس بە هێما دادە نێ، کە ئە مەش هەم بواری تێنس بەرفراوان دەکا و هەم ئەو شمولیەتەش بە تێنس دەبەخشێ، کە دەکرێ هەر کەرەستەیەکی زمانی تایبەت بە کات تێنس ڕابگەیەنێ و ڕاگەیاندنی تێنس تەنها لە مۆرفیمی کات یان تەنها لە ئاوەڵکارەکاتەکان یان تەنها لە شێوەی کارەکان کورت ناکاتەوە. جگە لەوەش بواری کارکردنی تێنس تەنها لە "کار" کورت ناکاتەوە، بەڵکو بوارەکە بۆ ڕێزمان فراوان دەکا، کە مەبەست لێی ڕستەیە، چونکە (گەورەترین یەکەی ڕێزمان ڕستەیە).[1]

## ئەرکی تێنس

(تێنس لە ڕوی واتاسازیەوە، هەمان نرخ و ئەرکی ئاماژەکارانەی یەکە زمانیەکانی وەکو نیشانەی ناساندن و ڕاناوی ئاماژە و ئاوەڵناوەکان و ....هتدی هەیە).[2] "لاینز" بەمە ڕاگەیاندنی تێنس وەك چۆن دیاردەیەکی مۆرفۆسینتاکسیە، دیاردەیەکی واتاسازیشە. کەواتە بەو پێیەی تێنس لە زماندا وەك هەر کەرەستەیەکی دیکە خاوەنی تایبەتمەندی و پێگەی خۆیەتی، دەبێ ئەرکێکیشی خرابێتە پاڵ. ئەرکی تێنس بە ناوەکەیدا دیارە، کە بە دەوری تەوەرەی "کات"دا دەسوڕێتەوە، ئەرکی تێنس ڕاگەیاندنی کاتە، بەلاّم خۆ ئەرکی مۆرفیمی کاتەکان و ئاوەڵکارەکاتەکانیش هەر ڕاگەیاندنی کاتە. بۆیە چۆنیەتی و بواری ڕاگەیاندنی کات لە تێنسدا دەبێتە ئەرکی سەرەکیی تێنس، کەواتە ئەرکی سەرەکیی تێنس ئەوەیە، کە ((وەکو ئاماژەکارێك بە کات، ڕۆڵی گرێدانی گوزارەی ڕستە بە جیهانی دەرەوە -کاتی سروشتی- دەگێڕێ)).[3]

بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمە کاتەکان یان ئاوەڵکارەکانی کات لە ڕستەدا تەنها ئاماژە بە کاتی خۆیان دەکەن، واتە مۆرفیمی کات سەرەتا تەنها ئاماژە بە کاتی کار لە چوار چێوەی خۆیدا دەکا و ئاوەڵکاری کاتیش سەرەتا تەنها ئاماژە بە کاتی کار دەکا. هەرچی تێنسە ئەو کاتانەی کار کە لە چوارچێوەی مۆرفیمی کات یان ئاوەڵکارەکانی کات ئاماژەیان پێ کردوە، بە کاتی سروشتی "کاتی فیزیاوی"ی دەرەوەی ڕستە هەم گرێ دەدا و هەم ڕێك دەخا، واتە وەکو وەرگێڕ "موتەرجیم"ێك کاتی کاری ڕستە، کە دواجار دەبێتە کاری ڕستەکە بە گشتی، لە هەر دەمێکی ڕابردو یان ئێستا یان داهاتو وەردەگێڕێ بۆ کاتی سروشتی، بە پێی دەمی ڕابردو یان ئێستا یان داهاتوی کاتی سروشتی.

---

[1] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ...ص198.

[2] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص407،408.


[3] – هەمان سەرچاوە، ...ل414.

لێرەدا تێکەڵیەك لە نێوان کاتی کارەکە -کە مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات دەی نوێنێ- و کاتی سرو شتی ڕ ستە "ت ێنس" درو ست دە بێ. لە پێ ناوی ئەوەی ئێ مە لەم لێکۆڵینەوە یەدا زاراوە و دەستەواژەکانی "ت ێنس" و "تێنسی کار" و "تێنسی ڕستە "مان بە هەمان ما نا و چەمك بەکار هێناوە، بە پێویستی دەزانین هۆکاریی ئەم تێکەڵیەی نێوان کاتی کار و کاتی گشتیی ڕستە "تێنس" ڕون بکەینەوە.

هەمیشە تایبەتمەندیەکانی کار بە شێوەیەکی گشتی دەبنە تایبەتمەندیەکانی ڕ ستەش، چونکە لە زمانەوانی نوێدا سەرەکیترین کەرەستەی ڕستە بریتیە لە کار، بۆیە ڕستە پێنا سەکانی خۆی لە نێو هەمو کەرەستەکانی زماندا، لە سەر کار بنیاد ناوە، کە "ڕستە بریتیە لە کار و پێوی ستیەکانی کار". لای هەندێك زما نەوانیش ئەم پەیوەند یە لەوە فولێریش دەبێ تەوە، بەوەی ڕ ستە بە پ ێی ڕە گی کار پێنا سە دە کەن، (ڕ ستە بریت یە لە ڕە گی کار و پێوی ستیەکانی ڕەگ).[1] بە مەش دەردە کەوێ، کە هەمو کەرە ستەکانی ڕ ستە پابە ندن بە کار و سەر بە کارن. بۆ یە هەر تایبەتمەندیەك یان ئاماژەیەك کە هەر یەك لە کەرەستەکانی ڕستە هەیانبێ، دەبێ تە تایبەتمە ندی و ئاماژەی ڕ ستەکەش بە گ شتی. لە بەر ئەوەی ڕ ستەش بریت یە لە کار و پێوی ستیەکانی، کەوا تە تایبەتمەندی و ئاماژەکانی ڕستەش بریتین لە تایبەتمە ندی و ئاماژە کانی کار. لێرەوە یە کە کاتی کار بریتیە لە کاتی ڕستە، یان دروستر بڵێین تێنسی ڕ ستە بریت یە لە تێنسی کار، لە بەر ئەوەی هەردوکیشیان بریتین لە یەك دیاردە، بۆ کورتکرد نەوە هە ندێك جار تەنها زاراوەی "تێنس "مان بەکار هێناوە.

## تێنس لە هێڵکاریی کاتی سروشتیدا

کاتی سروشتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی، واتە بەر لەو کاتەی ئێمە تێیدا دەژین "ئێ ستا" تا دوای ئەو کا تەش کە ئێ مە تێ یدا دەژ ین، کە هەر سێ دە می ڕا بردو و ئێ ستا و دا هاتو لەخۆ دە گرێ. دەکرێ لەم هێڵکاریە سادەیەی خوارەوە نیشان بدرێ.




لەو هێڵکار یەدا وای دادە نێین، بە شی دە ستە چەپی خاڵی دە می ئێ ستا، دە می ڕا بردوە و بەشەکەی دەستە ڕاستی خاڵی دەمی ئێستاش، دەمی داهاتوە. لەبەر ئەوەی تێنسیش لە دوا ئەرک یدا

[1] – د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی دوەم، ...ل4.

کاتەکانی زمان دەگۆڕێ بۆ کاتی سرو شتی، دە توانین هەمان ئەو هێڵکار یەی کاتی سرو شتی، وەك دەربڕی تێنسیش بەکار بێنین. بۆیە بە هەمان شێوەی کاتی سروشتی ئەو دەمەی دەکەوێتە دە ستە چەپی دەمی خاڵی ئێستا، بریتیە لە تێنسی ڕابردو. بەشەکەی دەستە ڕا ستی دە می خاڵی ئێستاش بریتیە لە تێنسی داهاتو. خاڵی دەمی ئێستایەکەش بریتیە لە تێنسی ئێستا، کە ( تێنسی ئێستا مەوداکەی کەمە)،[1] بە تایبەتی لە چاو مەوداکانی هەر دو تێنسی ڕا بردو و تێنسی دا هاتو زۆر کەمە. "مەلەکی" ئەم هێڵکار یە بە پێنا سەیەکی هێڵکاریا نەی بێ کەم و ز یاد " جامع و مانع "ـی ڕەوتی کات دەزانێ.[2]

بە شێوەیەکی گشتی وەك چۆن دەمەکانی کاتی سرو شتی لە سەر ئەو ڕا ستەهێڵەی هێڵکاریە کە ڕیز دەبن و هەر چرکەساتێك و ماوەی کاتێك لە خاڵێکی سەر ئەو ڕاستەهێڵە خۆ یان دە نوێنن، بە هەمان شێوە دەم و ماوەی کاتەکانی ڕودانی کاری ڕستەی زمانیش، لە خاڵێکی سەر ئەو ڕا ستەهێڵە خۆیان دەنوێنن.[3] پەیوەندیی دەمەکانی زمان "ڕابردو، ئێستا، داهاتو"ـی ئێمەی ئاخێوەر و گوێگر لە ڕێی دەمی "ئاخاوتن" دیاری دەکرێن، بە شێوەیەك (دەمی ئا خاوتن کاتی ئێستایە و پێش ئەو دەمەش کاتی ڕابردوە و دوای ئەو دەمەش کاتی داهاتوە).[4]

ئا ماژەی مۆرفیمی کات بە کات مەرج نـیە هەمیـشە لە گەڵ کاتی سرو شتی و فیزیـکی یەك بگرێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر لە ڕۆنانی کارێکدا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردومان هەبو، مەرج نـیە ئا ماژە و دەلالەتی کاتی ئەو کارە لە کۆنتێکستی ڕستەدا دەمی ڕابردوی کاتی سرو شتی بگە یەنێ، بۆ یە لە ئەنجامی ج یاوازیی ئەو کا تەی مۆرفیمی کات بەرام بەر کاتی سرو شتی دەیگە یەنێ، هەمی شە تێبینی یەکی زما نەوانی هە یە، کە ئاگادار مان دەکا تەوە لەوەی (دە بێ کات لە ڕێزما ندا لە کاتی فیزیاوی جودا بکرێتەوە، چونکە لە زۆر حاڵەتدا یەك ناگرنەوە).[5]

بۆ نمونە *"کە خوێندنم تەواو کرد، دەبم بە مامۆستا"*. لە کاری " تەواو کرد" ئەگەر چی "د" مۆرفیمی کاتی ڕا بردوە، بەڵام کاتی ڕ ستەکە بە گشتی لە ڕانەبردودا یە، چونکە هێ شتا کردەی خوێندنەکە تەواو نەکراوە.

کەچی ئاوەڵکارە کاتەکان هەمیشە لە هەر دۆخێك بن و دەلا لەت لە هەر دەمـێك بـکەن، کاتی ڕستەکەش بە گشتی کە ئەو ئاوەڵکارەی تێدا یە، هەمان دە می ئاوەڵکارە کەی دە بێ، وا تە ئاوەڵکارە کاتەکان ڕێك لەگەڵ کاتی سروشتی یەك دەگرنەوە. هەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە بۆ نمونە دێنینەوە،

---

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە-بون-) لە زمانی کوردیدا، ...ل44.

[2] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص6.

[3] – بڕوانە لاپەڕە (36).

[4] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم -وشەسازی-، بەشی پێنجەم -کردار-، ...ل187.

[5] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ...ل132.

لەبەر ئەوەی تێنسی گشتیی ڕستەکە ڕا نەبردوە، دە بێ ئاوەڵکارێکی ڕا نەبردوی لە گەڵ بەکار بێ، وەکو *"ساڵی داهاتو کە خوێندنم تەواو کرد، دەبم بە مامۆستا"* . دەبینین ناکرێ ئاوەڵکاری کاتی ڕابردو لەگەڵ هەمان ڕستە بەکار بێ *"*پار کە خوێندنم تەواو کرد، دەبم بە مامۆستا"*.[1] لە کاتێکدا توانیمان مۆرفیمی کاتی ڕابردو لەگەڵ ڕستەیەك لە دەمی داهاتودا بەکار بێنین.

بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمی کات بە پێی دەستور و بە گوێرەی گەردانی زۆر بەی کارە کان لە ڕۆنانی کاردا دەردەکەوێ، کەچی لە هەندێك کاری هەندێك زماندا لە نێو شێوەی کاردا دەتوێتەوە و هیچ شوێنەوارێکی نامێنێ و کارەکە وەك کارێکی بێ مۆرفیمی کات خۆی تەواو دە کا. لەو بارەوە "جۆنا سان کۆ ڵەر" نمو نەی گەردانی دە می ڕا بردوی "took" و "take" دێنێ تەوە و ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە هیچ مۆرفیمێکی کات لەم دو ڕۆنا نەدا نیە.[2] لە بەرامبەر یدا ئاوەڵکاری کات لە هیچ دۆخێك و هیچ جۆرە ڕستەیەك لە نێو وشە یان فرێزدا ناتوێتەوە، کە شوێنەواریشی نەمێنێ.

لای ئێ مە دوا ج یاوازیی بەر چاو، کە زۆر بەی ئەو زمانەوانا نەی با سی تێن سیان کردوە و ئاماژەیان پێ داوە، بریتیە لەوەی کە مۆرفیمی کات لە دیاریکردنی کاتی کار یان ڕ ستە ورد نیە، لەچاو وردیی ئەو کاتانەی ڕستە کە بە هۆی ئاوەڵکاری کا تەوە د یاری دە کرێن. کەوا تە کار ئە گەر بە مۆرفیم دەربڕابێ، لە د یاریکردنی سنوری مەودای دە مەکان نەوەك هەر ورد نیە، بەڵکو زۆر در شت و بەربلاوە و سنورەکەی نانا سرێ. بۆ نمو نە لە ڕ ستەی *"کتێب دەخوێنمەوە"* دا، کە تێن سەکەی تەنها بە مۆرفیمی کات دەر بڕاوە، دەب ینین مەودای کاتی ڕ ستەکە زۆر فراوا نە و سنورەکەی د یار نیە، کە ئا یا کردەی "خوێندنە کەی کتێبە کە" لە دە می ئێ ستایە؟ یان دوای ئاخاوتنە؟ یان کاتژمێرێکی دیکەیە؟ یان دە ساڵی دیکەیە؟ لەم بارەوە "مەلەکی" مەوداکانی ڕەنگی "شین" وەك نمونەیەکی پڕبەپێست دێنێتەوە، دەپر سێ ئا یا ئەو ڕەنگە شینە، شینێکی کاڵ، یان شینی ئاسمانی،... تا شینی نیلی و شینی زۆر تۆخە؟[3] لە بەرامبەردا ڕاگەیا ندنی مەودای کاتی ڕستە بە ئاوەڵکارە کاتەکان ئەگەر بەربلاو و فراوانیش بێ، ئەوا سنورەکەی دیارە. بۆ نمو نە *"دوای دە ساڵی دیکە خانەنشین دە بین"* . هەر چەندە مەودای کاتە کە فراوا نە، بەڵام د یاری کراوە، کە مەودای کاتی ڕستەکە دە ساڵە.

لە بارەی ئەم جیاواز یەی نێوان مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات، "لاینز" بۆ چونی وا یە کە (ئاوەڵکارە کاتەکان تەنها یەك سات یان مەودای کاتێکی سنوردار ڕادەگە یەنن، لە کاتێکدا تێن سی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی کات ئاماژە بە بەشێکی کات یان مەودا یەکی کاتی نا سنوردار دە کا، کە لە

---

[1] – ئەمە "*" نیشانەی هەڵە یان ڕستەی ناڕێزمانیە.
[2] – جاناتان کالر، فردینان دوسوسور، ...ص52.
[3] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص21.

خاڵی "هەنوکە-لێرەوە" دەست پێدەکا).[1] بۆیە زۆر جار بۆ دیاریکردنی کاتێك یان بەشێك لەو تێنسەی مۆرفیمی کاتەکان دەر یدەبڕن، سود لە ئاوەڵکارە کاتەکان وەردەگیرێ، چونکە (مۆرفیمە کاتەکان بە هاوکاریی ئاوەڵکارە کاتەکانە، کە دەتوانن بە شێوەیەکی ورد کاتی سروشتی دیاری بکەن).[2]

"مەلەکی" بۆ ڕاگەیاندنی تێنسی کار لە ڕوی وردییانەوە بۆ دیاریکردنی کات، سێ کەرەستەی زمانی یەك بە دوای یەك ڕیزبەند دەکا:[3]

1- دەستەواژەی دەلالەتبەخشی کات: کە بە یەکەکانی کات وەکو چرکە و خولەك و کاتژمێر و...هتد دیاری دەکرێ، بۆ نمونە: دە خولەك، پێنج چرکە.

2- ئاوەڵکارە کاتەکان: وەکو ئێستا، ئەمڕۆ، بەیانی، دوێنێ، پار، هێشتا، زو، ...هتد

3- مۆرفیمە کاتەکان: وەکو "ا، و، ی، ت، د" و "ـە" و "ێ" لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و "د، ت" لە زمانی فارسیدا.

کەرەستەکانی خاڵی یەکەم بۆ دیاریکردنی کات لە هەر دو کەرەستەکەی دیکە وردترە و هی دوەمیش لە هی سێیەم وردترە.

لەبەر ئەوەی ئاوەڵکار دەتوانێ لە جێی مۆرفیمی کات تێنس ڕابگەیەنێ، "لاینز" پێی وایە (نەبونی تێنس لە شێوەی مۆرفیمی کات لە زماندا، لایەنێکی کەموکوڕی یان هەژاریی زمان نیە).[4]

هەر بە هەمان ئەو هۆیەی کە (هەمو زمانێك لە فەرهەنگەکەیدا تا ئەو ڕاددەیە وشە و ئاوەڵکاری پێویستی هەیە، کە بتوانێ لە جیات تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی کات هەمو دەمێکی کار و ڕستە ڕابگەیەنێ و بگرە لەویش وردتر دەمەکان ڕادەگەیەنێ، کەوا تە بونی تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی کات لە زماندا دیاردەیەکی زیادەیە).[5] بەمەش "لاینز" نەبونی تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی کاتەکان لە ئاساییبون تێدەپەڕێنێ و دەگاتە ئەو بڕوایەی، بونی ئەو تێنسانە لە زماندا زیادەن و پێویست نین.

بەڵام بە بۆچونی ئێمە، بونی مۆرفیمی کات لە زماندا بۆ ڕاگەیاندنی تێنس، زیادە نیە، هەر لەبەر ئەوەی ئاوەڵکارە کاتەکان دەتوانن لەوانیش وردتر کاتەکانی ڕستە و کار نیشان بدەن، چونکە

---

[1] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص403.

[2] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص13.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل9.

[4] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص403.

[5] – هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

مەرج ذ یە، ئێ مە له زما ندا هەمیشه بما نەوێ کاتێکی د یاریکراو ڕابگە یەنین. زۆر جار به مەبەستەوە کاتی ڕستە بە بەربلاوی و سنوری نادیار دەهێلرێتەوە.

جگە لەوەش ئەوە لە دەست ئێمەدا نیە، کە دیاردە یەکی ز مانی بگۆڕین، بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێ، چونکە ئاشکرایە لە زما نەوانی نو ێدا بە پێچەوانەی زما نەوانی تەقلیدی و سونەتی، ئەوە زمانە کە کەرەستە و ڕێزمانی خۆی دیاری دەکا، نەوەك زمانەوانان. هەروەها ئەوە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی زمانە، کە حاڵەتی ڕیزپەڕ و نادەستوری و ئاڵۆز بەخۆوە دە گرێ، لەم بارە یەوە "کۆڵەر" دەڵێ: (زمان سروشتێکی جەبری هەیە، کە لەو جەبریە تەدا کەرە ستە و یە کەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاڵۆز نمایش دەکا).[1]

## تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی کات و کاتی سروشتی

مۆرفیمە کا تەکان بە پێی ئەو دەما نەی ئاماژە یان پێ دە کەن، دە مەکانی "ڕا بردو و ئێستا و داهاتو" کە دەچنە پاڵ ڕەگی کار، بە زۆری تێنسی ڕستەکە بۆ سەر دەمە کەی خۆ یان وەردەگێڕن. بۆ نمونە مۆرفیمی کات لە کاری ئەم ڕ ستەیە *" من ڕۆیشـتـم"* ، لە بەر ئەوەی دەمە کەی ڕا بردوە، تێنسی گشتیی ڕستەکەشی کردۆتە ڕابردو. ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لایەنە دەستوری و یا ساییەکەی زمانە و بە پێی لۆژیك بەڕێوە دەچێ، بەلاّم ئەم دیاردەیە هەمیشە بەو شێوە دە ستوری و لۆژیکیە بەڕێوە ناچێ (هەندێك دیاردەی زمانی لە کاتی شیکردنەوە و نا ساندنیدا دەردە کەوێ، کە لە گەڵ دە ستورە گوزارەیی یە لۆژیک یەکان یەکناگرێ تەوە).[2] بۆ یە ( بە یەکسانداناني بابە تە زماذ یەکان و لۆژیك دروست نیە).[3] کەواتە مەرج نیە تێنسی گشتیی ڕستە، هەمان دەمی ئەو مۆرفیمی کا تەی هەبێ، کە چۆتە سەر ڕەگی کاری ڕستەکە. بە شێوەیەکی گشتیی ئەم دیاردەیە لە زماندا، لە چەند دۆخێك ڕودەدا، کە ئێمە هەندێکیان دەخەینە بەرچاو:

1- لە هە ندێك پاڕ ستەدا: لەو ڕ ستە ئاوێتا نەی کاری پاڕ ستەکەی ئەگەر چی - بۆ نمو نە- مۆرفیمی کاتی ڕابردوی تێدایە، بەلاّم تێنسی گشتی ڕستەکە ڕابردو ناگەیەنێ، وە کو لەم ڕ ستەیەدا

---

[1] – جاناتان کالر، فردینان دوسوسور، ...ص51.

[2] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص266.

[3] – د.محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، ...ل20.

***"که خوێندنم تەواو کرد، دەبم به مامۆستا".*** [1] لەم پاڕستەیەدا کاری یەکەم " تەواو کرد" بەو پێیەی مۆرفیمی کاتی ڕابردوی تێدایە، دەبو دەمەکەی ڕابردو بوایە، کە چی وەك دەبینین هێشتا خوێندنەکە تەواو نەکراوە و تێنسی گشتیی ڕستەکە ڕانەبردوە.

بە پێچەوانەشەوە دەشێ دەمی کاری پاڕستەیەك لە ڕانەبردو "موزاریع"دا بێ، واتە مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتوی تێدا بێ، بەڵام تێنسی گشتی ڕستەکە ڕابردو ڕابگەیەنێ، وەکو ***" گەر زانیبام ئەو دەچێ، من نەدەچوم"*** . دەمی کاری "دەچێ" ڕانەبردوە، بەڵام ڕوداوەکە ڕویداوە و "ئەو" چوە و ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە.

هەروەها لە پاڕستەی ڕستەیەکی ئاوێتەی وەکو ***"گەر زانیبام تۆ ئەو کاتە فلا نە کتێبت هە یە، من لە ئازادم وەر نەدەگرت"*** . ئەگەر چی کاری "هەیـە"لە دەمی ئێستایە و تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستای تێدا یە، بەڵام تێنسی گشتی ڕستەکە ڕابردوە، چونکە " تۆ" لە کاتێکی پێش ئێستا "کتێبێکی دیاریکراو"ت هەبووە، کە مەرج نیە ئێستا ئەو کتێبەت مابێ.

بە پێچەوانەش دەکرێ کاری ڕستە لە دەمی ڕابردودا بێ، کە چی تێنسی ڕستەکە ئێستا ڕابگەیەنێ، وەکو ***" دەمویست بزانم ، بەڕێزت کارێکت هەبو؟"*** . دو کاری ڕستەکە دەمەکەیان ڕابردوە، بەڵام تێنسی ڕستەکە دەمی ئێستایە، چونکە ئەم ڕستەیە لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە "دەمەوێ بزانم، تۆ هیچ کارت هەیە؟". فارسەکان[2] ئەم جۆرە داڕشتنەی ڕستە بۆ ڕێزگرتن لە کەسی بەرامبەر دەگێڕنەوە.

2- کاتێك ئاخێوەر پێش ڕوداو دەکەوێ: ئەمە کاتێك ڕودەدا، کە ئاخێوەر بۆ دڵنیاکردنەوەی کەسی بەرامبەر دەمی ئاخاوتنەکەی کە دەمی ئێستایە، بۆ دەمی ڕابردو دەگۆڕێ. بۆ ئەوەی دەلالەتێکی لەم شێوەیە بگەیەنێ، " ئەی کەسی بەرامبەر! ئەو داوایەی تۆ دەتەوێ من ئێستا ئەنجامی بدەم، دڵنیابە من ئەنجامم داوە."

بۆ نمونە تۆ لەگەڵ کەسێك ژوانت هەیە و هەندێك درەنگت کردوە، ئەو کەسەتە لەفۆنت بۆ دەکا و دەڵێ ***"کاکە چی بو، نەگەیشتی؟"*** تۆش دەڵێی ***"وا گەیشتم"*** . کاری ڕستەی ***"وا گەیشتم"*** ئەگەرچی لە دەمی ڕابردودایە، بەڵام هێشتا ڕوینەداوە و ڕانەبردوە.

3- لە گێڕانەوەی ڕوداو:[3] زۆر جار لە گێڕانەوەی ڕوداوێك کە لە ڕابردو ڕویداوە، وەك هونەرکاریەك ئاخێوەر بۆ زیندوێتی بەخشین بە ڕوداوەکە بە دەمی ڕانەبردو ڕوداوەکە

---

[1] – هەمان ڕستە بە ئاگاداریەوە جارێکی دیکە لە لاپەڕە (23)ی ئەم بەشە بە هەمان شێوە شی کراوەتەوە و هەمان ئەنجامی لێ کەوتۆتەوە، بەڵام لە هەر شوێنەی بە مەبەستێکی جودا ئەم ڕستەیە هێنراوەتەوە و شی کراوەتەوە.

[2] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص19.

[3] – لە بواری ڕۆژنامەگەریش بە زۆری مانشێتی هەواڵ، بەم جۆرە داڕشتنە دادەڕێژرێ.

دەگێڕێتەوە. کە ئەم دیاردەیە " کاتی ئێستای مـێژوویی"[1] پێ دە گوترێ. بۆ نمو نە *"دوای ئەوەی ناپلیۆن هێرش دەکاتە سەر بەریتانیا، لە شەڕی واترلۆ دەشکێ"* .

بە پێچەوانەوەش هە ندێك جار لە با سکردنی پێشبینیەك لە دا هاتو، دیـسان بۆ زیـندوێتی بەخشین بە پێشبینیەکە، بە کاتی ئێستا پێشبینیەکە باس دە کرێ. بۆ نمو نە تۆ بە مندالە کەت دەڵێی: *"دەبینی! دوای چەند ساڵێکی دیکە، خێزا نت هە یە و مـندالت هە یە و ..هتد "*. دەبـینین هێشتا ڕوداوەکە ڕوینەداوە، کەچی کاری سەرەکی ڕستەکە "هەیە"یە، کە تایبەتە بە دەمی ئێستا.

## پۆلێنی زمانەکان بە پێی کەرەستەی ڕاگەیاندنی تێنس

تێنس کە بە شێوەیەکی گشتی دەمی ڕستە یان کار ڕادەگەیەنێ، چۆنیەتی ڕاگەیاندنی دەم یان کاتی ڕستەکان لە زمانێکەوە بۆ ز مانێکی دیـکە دە گۆڕێ. بۆ نمو نە لە هە ندێك زما ندا بە زۆری تێنس لە ڕێی مۆرفیمی کاتەکانەوە ڕادەگەیەنرێ و ئاماژەی پێ دەکرێ. کەچی لە هە ندێك زما ندا تێنس بە زۆری لە ڕێی ئاوەڵکارە کاتەکا نەوە خۆی ڕادەگە یەنێ و لە هە ندێك زمانیـشدا بە پـێی شێوەی ڕەگ خۆی ڕادەگەیەنێ.[2]

ئەم جیاواز یەی نـێوان چۆنیەتی ڕاگەیا ندنی تـێنس لە زما نە جیاوازەکا ندا، یەکێـکە لە تایبەتمەندیەکانی زمان بە گشتی، کە هەر زمانەی بە پێی کەرەستە و دەستورە تایبەتیەکانی خۆی ئەرکەکانی بەجێ دەگەیەنێ و دواجار هەمان ئەنجام دەداتە دەست، کە لە زمانێکی دیـکەش هەمان ئەنجام هاتۆتە دەست، بەڵام بە ڕێگە و سیستەمێکی جودا. لەم بارەوە "سو سێر" پـێی وا یە (ز مان کە بریتیە لە کۆمەڵێك کەرەستە لە چوارچێوەی سیستەمێك، وا نیە ڕێك هەمو کەرە ستەکانی بە پێی پەیوەندیەکی ڕێکوپێك و بێ جیاوازی و بێ ڕیزپەڕ لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکو کەرە ستەکان لە زماندا بە پێی ئاستە[3] جیاوازە کان پەیوە ندی و ڕۆ نانی جیاجیا یان دە بێ. بەڵام دوا جار ئەو کەرە ستانە بە هەر شێوەیەك دەربـکەون و ڕۆبـنرێن و لە هەر ئا ستێکدا بن، هەمان ئەرك دەبینن).[4]

---

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل189.

2 – هەندێك ڕۆنان لە هەندێك زماندا جگە لەو سێ جۆرەی باسمان کردوە، بە پـێی "ڕێژە "ـش ڕادەگە یەنرێ، بۆ نمو نە ڕۆنانی کاری فەرماندان لە زمانی فارسی بە پێی ڕێژەکەی ڕادەگەیەنرێ، کە ڕێژەی فەرماندانە. بەڵام ئێمە وەکو ڕێگایەکی تایبەتی ڕاگەیاندنی تێنس لە پاڵ سێ ڕێگاکەی دیکە هەژمارمان نەکرد، چونکە ئەمە تەنها حاڵەتێکە و نەبۆتە دیاردەیکی گشتی لە بەشێکی بەرچاوی زمانە سروشتیەکان.

[3] – ئاستە جیاوازەکان لای سۆسێر مەبەست لە پلەبەندیی یەکەکانی " فۆنیم، مۆرفیم، و شە، فرێز، ڕستەیە"یە، نەوەك ئاستەکانی "فۆنەتیك، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیماتیك، پراگماتیك".

[4] – جاناتان کالر، فردینان دوسوسور، ...ص54.

ئەگەر ئەم بۆچونەی سەرەوە لە بارەی جیاوازیی سیستەمی بەئەنجامگەیا ندنی هەمان ئەرکی زمانی لە نێوان دو زماندا بۆچونێکی گشتیی زمانی بێ، ئەوا دە کرێ لە بۆ چونێکی "ور یا عو مەر ئەمین" ئەم بۆ چونە گ شتیەی سەرەوە تای بەت بـ کەین بە ڕاگەیا ندنی تـ ێنس لە زما ندا، کە ئاساییبونی ڕاگەیاندنی تێنسی هەمان دەم بە دو سیـستەمی جودا لە دو ز مانی جودا دە سەلمێنێ. بەم شێوەیە (پلەی ئالۆزیی سیستەمی کات "تێنس" پەیوەندیی بە دەربڕینەوە نـ یە و هەر کاتـێك لە هەر زمانێك ئەگەر "تێنـسێك" بە سیـستەمێکی ئالۆزیش دەربڕا بێ، ئەوا دە کرێ لە ز مانێکی سیـستەم سادەش بە یار مەتی ئاوەڵکارە کا تەکان ئەو کات "تێنس "ـە ئالۆزا نە دەر ببڕێن).[2] بۆ نمونە ئەگەر بونی ڕۆنانی تایبەت بە دەمی ڕابردو و نەبونی ڕۆ نانی تایـبەت بە دە می دا هاتو لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەم بۆ چونەی سەرەوە لێکبدەیـنەوە، دەبـینین ئەگەر چی بە پـێی دە ستور و یا سایەکی ڕۆنانیا نە، ڕۆ نانی تای بەتیمان بۆ دە می دا هاتو نـ یە، بەڵام بە یار مەتی ئاوەڵکارەکانی کاتی داهاتو دەتوانین هەمان ئەو دە مە دا هاتوە ڕابگە یەنین، کە لە ز مانی فار سیی ستاندارد‌دا ڕۆنانێکی دەستوری و یاسایی ڕۆنانیانەی هەیە. کەواتە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد، ئەگەرچی هەر یە کەیان بە شێوەیەکی جودا دە می دا هاتو ڕادەگە یەنن، بەڵام دواجار هەر دو شێوەکە لە هەمان ئەرکدا کۆتاییان پێ دێ.

هەندێك زمانی وەکو "چینی و مالێ"[3] و زمانی "هۆزە سورپێستەکانی ئەمەریکا"[4]، هەر لە بنەڕەتەوە مۆرفیمی کاتیان نیە و هەمو تێنسەکانیان لە ڕێی ئاوەڵکارەکانی کات دەردەبڕن.

لە لایەکی دیکە بونی مۆرفیمی کاتەکان لە هەندێك زماندا بۆ دەربڕینی تێنس، تەواو گـشتگیر نیە. وا تە لە بەرامـبەر هە ندێك ڕۆ نانی کار تێنـسەکانیان لە ڕ ێی مۆرفیمی کا تەوە دەردە بڕێن، هەندێك ڕۆنانی دیکە هەن، کە بێ مۆرفیمی کات تێنس ڕادەگەیەنن. کەواتە ئا سایيە کە (زۆر بەی زمانە سروشتیەکان، ڕۆنانی کارەکانی ڕ ێژەی فەرما ندان و دا خوازی، نیـشانەی کات یان مۆرفیمی کاتیان تێدا نیە، بۆیە کاتێك ئاوەڵکارێکی کاتیان دەخرێتە سەر، ئینجا تێنسەکەیان دەردەکەوێ، کە فەرماندانەکە بۆ دەمی ئێستا یان داهاتوە).[5] کەواتە ئاوەڵکاری کات جگە لەوەی بۆ ئەو زمانا نەی کە هەر لە بنەڕەتەوە مۆرفیمی کاتیان نیە، پێویستیەکی حەتمیە، بۆ ڕاگەیا ندنی هە ندێك تێنـسی ئەو زمانە سرو شتیانەش پێویـستیەکی حەتمـیە، کە ئەگەر چی مۆرفیمی کاتـیان هە یە، بەڵام لە ڕۆنانی هەمو جۆرە کارەکانیان مۆرفیمی کات بونی نیە.

---

[1] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، ...ل190.

[2] – جان لاینز، مقدمه‌ای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص204.

[3] – زمانی مالێ، زمانی دانیشتوانی مالیزیا و ئەندۆنیزیایە.

[4] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص5.

[5] – جان لاینز، مقدمه‌ای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص263.

هەروەها (لە زۆربەی زمانە گەردانیەکان، -تێیاندا زمانی کوردی و فارسیش-، ڕۆنانی زۆر بەی کارەکانیان بە مۆرفیمی کات دەردەبڕێن، بۆ ڕێژەی فەرماندان هیچ مۆرفیمێکی کاتیان نیە -ئەمە تەنها زمانی فارسی دەگرێتەوە و زمانی کوردی ناگرێتەوە- و کارەکان بە شێوەیەکی نادیار "زمنی" و بێ ئاوەڵکاری کاتیش تێنس ڕادەگەیەنن).[1]

سەبارەت بە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، ڕۆنانی هیچ کارێکی نیە، کە مۆرفیمی کاتی تێدا نەبێ، بەلاّم سەبارەت بە زمانی فارسیی ستاندارد لە ڕێژەی فەرمانداندا هیچ مۆرفیمێکی کات بونی نیە، بۆیە دەکرێ بێ ئاوەلّکاری کاتیش تێنسی خۆی ڕابگەیەنێ، کە لەم ڕۆنانەدا ڕێژە تێنس ڕادەگەیەنێ، چونکە لە زمانی فارسی (ڕێژەش توانای ڕاگەیاندنی تێنسی هەیە).[2]

"لاینز" ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە هەندێك زمان هەمو مۆرفیمە کاتەکانی هەن، بەلاّم ئەمە ناکاتە مەرج بۆ ئەوەی، کە دەبێ ڕاگەیاندنی تێنسی ڕۆنانی هەمو دەمەکانیش لە ڕێی مۆرفیمی کاتەوە بێ، (لە هەندێك زمانی گەردانی تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمە کاتەکان بۆ هەر سێ دەمی ڕابردو و ئێستا و داهاتو هەن،... بەلاّم مەرج نیە ئەگەر زمانێك مۆرفیمی کاتی بۆ هەر سێ دەمەکە هەبێ، ئەوا ڕۆنانی تایبەتیشی بۆ هەر سێ دەمەکە هەبێ).[3] لەم بارەوە زمانی کوردی و فارسی هەردوکیان دو زمانی گەردانین. زمانی فارسی مۆرفیمی کاتی تەنها بۆ دەمی ڕابردو هەیە و بۆ دەمەکانی ئێستا و داهاتو مۆرفیمی کاتی نیە. لە کاتێکدا ڕۆنانی تایبەتی بۆ دەمەکانی ڕابردو و ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو پێکەوە" و داهاتو هەیە. کەواتە لە زمانی فارسی نە مۆرفیمی کات و نە ڕۆنانی تایبەتی بە دەمی ئێستا بونی نیە –جگە لە چاوگی "داشتن" و "هستیدن"-. هەروەها لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیش ئەگەرچی هەر سێ مۆرفیمی کاتی "ڕابردو و ئێستا و داهاتو"ـی هەیە، بەلاّم تەنها ڕۆنانی ڕابردو و ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو پێکەوە"ـی وەك ڕۆنانی تایبەت بۆ دەمی ئێستا و داهاتو -جگە لە ڕۆنانەکانی چاوگی "هەبون"-. کەواتە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ڕۆنانی دەمی ئێستا و داهاتو -داهاتو بە تەنها-مان نیە، تەنها ڕۆنانمان بۆ دەمی ڕابردو و ڕانەبردو هەیە، کە ئەمەش (تایبەتمەندیی زۆربەی زمانە گەردانیەکانە، کە دو ڕۆنانی دەمەکانیان هەیە، نەوەك ڕۆنانی هەر سێ دەمەکە).[4]

---

[1] – هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[2] – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل229.

[3] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص404.

[4] – بڕوانە: " جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص404. " و "د.عطاءا لە ملکی، زمان در زبان، ...ص41."

سەبارەت به به شی دوه می گوته کەی "لای نز"، دیسان ڕ ێك زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوری دەگرێ تەوە، که ئەگەر چی مۆرفیمی کا تەکانی ڕا بردو "د، ت، ی، و، ا" و ئێ ستا "ـه، Ø" و دا هاتو "یَ، Ø"ـی هەیە، بەلاّم ڕۆنانی تایبەتی بۆ دەمی داهاتو نیه.

دەکرێ ئەم بۆچونەی سەرەوە به شێوەیەکی دیکەشی به ڕاست بگێڕین، که مەرج نیه زمانێك چەند ڕۆنانی تایبەتی هەبێ، ئەوا ئەوەندە مۆرفیمی کاتە شی هەبێ، ئه مەش ڕ ێك ز مانی فار سی دەگرێتەوە، که ئەگەر چی تەنها مۆرفیمی کاتی ڕا بردو "د، ت"ـی هه یه، بەلاّم جگه له ڕۆ نانی تایبەتی بۆ ده می ڕا بردو، بۆ ده می ڕا نەبردو "موزار یع" و ده می دا هاتو "دا هاتو به تەنها "ـش ڕۆنانی تایبەتی هەیە.

شێوه یان فۆرمی ڕەگیش توانای ڕاگەیاندنی تێنسی هەیە، وەك ئەوەی دەیبینن (( له زۆر بەی زمانه گەردانیەکان تێنسه جیاوازەکانی -ڕابردو و ئێ ستا و دا هاتو- له شێوه جیاوازه کانی گەردانی کار نیشان دەدر ێن)).[1] ئه مه زما نەکانی وەك عارەبی و عیبری دەگرێ تەوە، چونکه مۆرفیمی کاتیان نیه و دەمی کارەکان له ڕێگەی شێوەی کارەکانەوە دەناسرێنەوە

کەچی هەندێك له زمانەوا نه فار سەکانیش بۆ نمو نه ("حو سێن وا له"[2] له ز مانی خۆیا ندا تێنسی دەمی ڕابردو و ڕانەبردو به پێی شێوەی ڕەگی کار لێکجیا دەکه نەوە). به شێوەیەك ئه گەر تێنسی کار له دەمی ڕابردو بێ، ئەوا ڕەگەکه شێوەیەکی جیاوازی له شێوەی هەمان ڕەگ ده بێ، که له دەمی ڕانەبردودایه. ئەگەرچی ئێمه تێبینی خۆمان لەو جۆره جیاکردنەوەیەی تێنسی کاره کان هەیە، که به پێی شێوەی ڕەگ لێکجیا دەکرێنەوه و دەمی کاره کانی پێ بۆ ڕا برد و ڕا نەبردو جیا دەکرێتەوه، چونکه ئێمه لەگەڵ ئەو بۆچونەداین، که پێی وایه ((له بنجدا هەمو کارێك یەك ڕه گی هەیه)).[3] سەرەڕای ئەوەش بەشێکی زۆری کارەکانی ز مانی فار سی، ڕه گەکانیان له هەر دو ده می ڕابردو و ڕانەبردودا هەمان شێوه و فۆرمیان ه یه، وه کو "آوردن" له هەر دو دەمه کەدا فۆرمی ڕەگەکەی هەر "آور"ـه: "آوردم □ دەمی ڕابردو"، "می آورم □ دەمی ڕانەبردو".

کەواته به پێی ئەو زانیارییا نەی "لاینز" به شێوەیەکی گشتی ده کرێ زما نەکانی جیهان له ڕوی چۆنیەتی ڕاگەیاندنی تێنس به سەر چەند جۆرێك پۆلێن بکەین:

1- ئەو زمانا نەی که تێنسەکانیان له ڕ ێی مۆرفیمێکی به ند یان خودی مۆرفیمی کا تەکان ڕادەگەیەنرێن. ئەمەش دەبێته دو جۆر: ا- ئەو زمانانەی مۆرفیمی کاتیان تەنها بۆ دەمێك یان دو

---

[1] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص404.

[2] – "حوسێن واله" که وەرگێڕی "مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی"ـی "جۆن لاینز"ـه، له پەراوێزی لاپەڕه "404" ئەم بۆچونەی دەربڕیوه.

[3] – د.عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول، مۆرفیمه ڕێزمانیەکانی کار، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، نا مەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، 1995، ل98.

دەم لە هەر سێ دە می "ڕا بردو و ئێستا و دا هاتو" هە یە، وە کو ز مانی فار سی. ب- ئەو زمانا نەی مۆرفیمی کاتیان بۆ هەر سێ دەمی "ڕابردو و ئێستا و داهاتو" هە یە، وە کو زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی.

2- ئەو زمانانەی بە پێی فۆرمی ڕە گی کار یان شێوەی ڕۆ نانی کارە کان، دە مەکانیان د یاری دەکرێن و مۆرفیمی کاتیان نیە، وەکو زمانی عارەبی.

3- ئەو زمانا نەی بە پ ێی مۆرفیمی کاتیش و بە پ ێی شێوەی ڕەگ یان ڕۆ نانی کارە کان دەمەکانیان دیاری دەکرێن، وەکو زمانی فارسی و ئینگلیزی و کوردی.

4- ئەو زمانا نەی تەنها بە هۆی ئاوەڵکارە کا تەکان دە مەکانیان ڕادەگە یەنرێن. وە کو ز مانی چینی و مالێ.

5- ئەو زمانا نەی بە پ ێی مۆرفیمی کات و شێوەی ڕەگ و ئاوەڵ کارە کا تەکان دە مەکانیان ڕادەگەیەنرێن. وەکو زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی.

ئەم پۆلینەی سەرەوە چەند تێبینیەك لەخۆ دەگرێ، کە بە پێویستی دەزانین بیانخەینە ڕو:

1- مەرج نیە ئەو زمانەی کە چەند جۆر مۆرفیمی کاتی هەبێ، ئەوەندە ڕۆ نانی سەربەخۆ شی بۆ هەر یەکە لە دەمەکانی هەبێ. بۆ نمونە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەر سێ مۆرفیمی کاتی هەیە، بەلاّم ڕۆنانی بۆ کاتی ئێستا و داهاتو بە تەنها نیە -جگە لە ڕۆنا نە جۆراوجۆرە کانی چاوگی "هەبون"-. هەروەها لە زمانی فارسیش تەنها مۆرفیمی کاتی ڕابردو هەیە، کەچی جگە لە ڕۆ نانی تایبەت بە دەمی ڕابردو، ڕۆنانی بۆ دە می ڕا نەبردو "ئێ ستا و دا هاتو پێکەوە" و دە می دا هاتوش هەیە.

2- ئێمە لە پۆلێنی ژمارە دو، کە نمونەکەی زمانی عارەبیە. دە ستەواژەی " شێوەی ڕۆنان "ـمان خستۆتە پاڵ "شێوەی ڕەگ"، چونکە لە زمانی عارەبی ڕەگی کار بە هەمان شێوە و تایبەتمە ندیی ڕەگی کاری زمانی کوردی و فار سی ن یە، بەڵکو لە ز مانی عارەبی کێش "وەزن" هە یە و بە پ ێی کێ شی کارە کان دە مەکانیان ل ێك جودا دەکرێ نەوە، کە کار لە ڕا بردودا کێ شێك و لە ڕا نەبردودا کێشێکی دیکە وەردەگرێ.

3- لە زمانی ئینگلیزی و فارسی هەندێك جار تێنسەکان بە کاری یاریدەدەر درو ست دە بن، کە ئەم تایبەتمەندیەش دەچێتە خانەی دیاریکردنی تێنسی کار بە هۆی "شێوەی ڕۆنان "ـەوە، چونکە دواجار بەشداریکردنی ئەم کارە یاریدەدەرانە، دەبنە هۆی گۆڕانی شێوەی ڕۆنانی کار. بۆ نمو نە لە

زمانی ئینگلیزی بۆ ڕۆنانی کار لە دە می دا هاتو کارە یار یدەدەکانی "shall" و "will"[1] بەکار دێن و لە زمانی فارسیش دیسان بۆ ڕۆنانی کار لە دەمی داهاتو کاری یاریدەدەری "خواستن" بەکار دێ. چونکە هەر دو زمانەکە مۆرفیمی کاتی "داهاتو"یان نیە.

4- لەبەر ئەوەی (فەرهەنگی هیچ زمانێکی سروشتی لە ئاوەڵکاری کات خالی نیە، بۆ یە هەمو زمانێکی سروشتی دە توانێ بە ئاوەڵکارە کا تەکانی تێنسەکانی ڕابگە یەنێ).[2] کەوا تە ڕاگەیا ندنی تێنس بە هۆی ئاوەڵکارە کاتەکا نەوە دوا ترین و گ شتگیترین ڕێگا یە، لە نێو هەمو زما نە سروشتیەکانی جیهاندا. بۆیە خوێنەر دە توانێ ڕاگەیا ندنی تێنس بە هۆی ئاوەڵکارە کا تەکان بۆ هەر چوار جۆرەکەی سەرەتاش"1، 2، 3، 4" زیاد بکا.

5- مەبەست لە شێوەی ڕەگ، ڕەگی کاری ئەو زمانە گەردانیانەیە، کە فۆرمی ڕە گەکان بە پ ێی دە می کارە کان بە تایبەتی -دە می ڕا بردو و ڕا نەبردو کەمتر دا هاتو و دا نەهاتو[3]- دە گۆڕێ. لە ز مانی فار سیدا بە شێك لە ڕە گەکان بە پ ێی دە می ڕا بردو و ڕا نەبردو "موزار یع" دە گۆڕێن. بۆ نمونە "کَرد م = کردم" و "می کنـم = دەکەم". لە نمو نەی یەکە مدا فۆرمی ڕەگە کە "کر"ـە، تەنها ئەو کا تە بەم شێوەی لێ دێ، کە دە می کارە کە لە ڕا بردودا بێ. لە نمو نەی دوە میش کە فۆرمی ڕەگەکە "کن"ـە، تەنها ئەو کاتە بەم شێوەی لێ دێ، کە دەمی کارەکە لە ڕانەبردودا بێ.

لە زمانی فارسیدا فۆرمی ڕەگ ناتوانێ دەمەکانی ئێستا بە تەنها و داهاتو بە تەنها د یاری بکا. واتە لە ز مانی فار سیدا ڕەگ بۆ هەر یە کە لە ڕۆ نانی دە می ئێستا و دا هاتو شێوەیەکی جودا و د یاریکراوی نیە، بەڵام دە شێ فار سەکان لەو جۆرە ڕەگا نەیان سودی ئەوە ببینن، کە ڕا نەبردو "موزاریع"ـی پێ لە دە می ڕا بردو جودا بکە نەوە. بەڵام بۆ نا سینەوەی دە می ڕا بردو بۆ ئەوان سودی نابێ، چونکە ڕۆنانی کارەکان لە دەمی ڕابردودا هەمیشە مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی لەگەڵدا یە و پێویست بەوە ناکا، بە ڕێگایەکی دیکە دەمەکەی دیاری بکەن.

سەبارەت بە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیش مۆرفیمی کات بۆ هەر سێ دەمە کە هە یە. بۆ یە پێویستی بەوە نابێ لە شێوەی ڕەگەکان دەمەکانیان بناسینەوە. ئەگەرچی بە هەمان شێوەی ز مانی فار سی بە شێك لە ڕە گەکانی بە پ ێی ڕە گی ڕا بردو و ڕا نەبردو فۆر مەکانیان دە گۆڕێن و دە کرێ

---

1 – بڕوا نە ئەم سەر چاوانە: " P. H. MATTHEWS, OXFORD CONCISE DICTIONARY OF LINGUISTICS, P374." و "جان لاینز، مقدمەای بر معناشنا سی زبانشناختی، ...ص410. " و "د.عطاءالە ملکی، زمان در زبان، ...ص40."

2 – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص403.

3 – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص405. " و "د.عطاءالە ملکی، زمان در زبان، ...ص40." مەبەست لە دەستەواژەی "داهاتو و ناداهاتو" ئەوەیە، وەك چۆن زۆربەی زما نەکانی جیهان کاتی کارەکانیان بۆ "ڕابردو و ڕانەبردو" دابەش دەبن، لە هەندێك زمانیشدا کاتی کارەکانیان بۆ "داهاتو و دانەهاتو" دا بەش دەبن، نەوەك بۆ "ڕابردو و ڕانەبردو".

سودی ئەوەشی هەبێ، کە ئەم دو دەمەی پێ لێکجیا بکرێتەوە. بۆ نمونە ئەگەر فۆرمی "خۆ"ـی چاوگی "خواردن" بە تەنهاش بە هەر زمانەوانێکی کورد نیشان بدەی، یەکسەر پێت دەڵێ، ئەگەر ئەو فۆرمە بچێتە نێو هەر ڕۆنانێکەوە، ئەوا دەمەکەی دەبێتە ڕانەبردو. ئەگەر فۆرمی "خوار"ـیشی پێ نیشان بدەی، پێت دەڵێ ئەگەر ئەم فۆرمە بچێتە نێو هەر ڕۆنانێکەوە، ئەوا دەمەکەی دەکاتە ڕابردو.

6- لە نێو نمونەی هەمو ئەو زمانانەی کە "لاینز" هێناویتیەوە و نمونەی ئەو زمانانەش کە ئێمە وەکو لێکۆڵەر شارەزاییەکمان لە بارەیانەوە هەیە، زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی لە ڕوی چۆنێتی و چەندێتی ڕێگاکانی ڕاگەیاندنی تێنسی کارەکانی، لە هەمویان فراوانتر و گشتگیرترە.

## تێنس لە نێوان مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کاتدا

لە بابەتەکەی پێشو جیاوازیی چۆنیەتی ئیشکردن و ڕاگەیاندنی تێنسمان لە نێوان مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات و شێوەی ڕۆنانی کار لە چوارچێوەی دو زماندا خستە ڕو، بەڵام لەم بابەتە هەوڵ دەدەین جیاوازیی چۆنیەتی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندیەکانی مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات لە ڕاگەیاندنی تێنسدا لە چوارچێوەی یەك زماندا بخەینە ڕو. بونی ئەم جیاوازیانەش لە بونی چەند ڕێچکە و سیستەمێکی جیاواز بۆ ڕاپەڕاندنی هەمان ئەرك لە چوار چێوەی یەك زماندا، نەوەك هەر دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵکو یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی زمان و زمان خۆی ئەم کەلێنانە پڕ دەکاتەوە، چونکە ((زمان خۆی دەزانێ پێویستە لە هەر حاڵەتێك، چی بەکار بێنێ و چۆن شێوەی خۆی بگۆڕێ)).[1]

لە خوارەوە چەند جیاوازیەکی نێوان مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات لە چوار چێوەی یەك زماندا دەخەینە ڕو:

بەو پێیەی کە (تێنس وەك بابەتێکی زمانی، باری دەلالی یان ڕاستتر بڵێین، ئەرکی هێماگەری هەیە).[2]

ئەو یەکە زمانیانەی کە لە نێو کار یان ڕستەدا تێنس ڕادەگەیەنن، ئەوانیش سیفەتی هێماگەری وەردەگرن، کە هێما بە کات دەکەن. کەواتە ئەو یەکە زمانیانە ئەگەر وەکو فۆرمیش لە ڕۆناندا دەرنەکەون، ئەوا ئەرکی هێماگەری "واتاسازیانە"ی خۆیان هەر دەبینن. لە ڕوی ئەرکی

---

[1] – فردینان دە سوسر، محاظرات في الالسنة العامة، ...ص195.

[2] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص387.

هێماگەر یەوە مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات وەك دو یە کەی ز مانی هێما کار بە کات وەک یەکن، بەلاَم لە ڕوی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە لە ڕۆناندا تا ڕاددە یەك جودا دەبنەوە. ئاوەڵکاری کات لەبەر ئەوەی مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، هەمیشە دەردەکەوێ، بەلاَم مۆرفیمی کا تەکان لە هە ندێك دۆخدا دەرناکەون. بۆ نمو نە لە ز مانی فار سیدا مۆرفیمی کات لە ڕۆ نانی دە می ئێستای چاوگی "داشتن، هستیدن، بودن، شدن" و ڕۆنانی کاری ڕێژەی فەرماندان دەرناکەون، لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە لەم ڕۆنانانە مۆرفیمی کات بونیان نیە.[1] کەچی ئاوەڵکارە کاتەکانی ئێستا و ڕا بردو و داهاتوش لە هەر دۆخێکدا بن، لە زمانی فارسی -زمانی کوردیش- دەردەکەون.

جیاواز یەکی دیکەی نێوان مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات، ئەوە یە کە (زۆر جار مۆرفیمی کاتەکان بە گوێرەی گەردانی کار گۆڕانیان بە سەردا دێ).[2] وا تە بە گوێرەی گەردانی کارە کان دەبنە مۆرفیمی سفر، بەلاَم ئاوەڵکارە کان هەرگیز نابنە مۆرفیمی سفر. بۆ نمو نە لە گەردانی (دە چێ)، "ێ" مۆرفیمی کاتی دا هاتوە و دەر کەوتوە، بەلاَم کە گەردانە کەی دە گۆڕێن بە "دە چـØـم"، ئەو مۆرفیمی کاتی دا هاتوە دەبێتە مۆرفیمی سفر (Ø) و دەرنا کەوێ. لە کاتێکدا ئاوەڵکارە کاتەکان لە گەردانی کار سەربەخۆن و هەمیشە دەردەکەون، بۆ نمو نە "*سبەی دە چێ*" و "*سبەی دەچم*" لە هەر دو ڕستەکەدا ماوەتەوە.

پێویستە دەرنە کەوتنی مۆرفیمی کات لەو دو نمو نەی سەرەوە لێکجیا بکەینەوە. لە نمو نە فارسیەکە مۆرفیمی کات بۆیە دەرنەکەوتوە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا لەو ڕۆنا نە بونی نیە. بەلاَم لە نمونە کوردیەکە ئەگەرچی دەرنەکەوتوە و لە شێوەی مۆرفیمی سفردایە، بەلاَم لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بونی هەیە، شوێن و ئەرکی واتایی خۆی هە یە، لەم ڕوەوە "سۆسێر" ورد ترین بۆ چونی هەیە، ((سەرەڕای گۆڕانی کەرەستە زمانیەکان، ناکرێ وا باوەڕ بە خۆ مان بێنین، کە هەمو شتێك لە بواری واتادا کۆتایی پێ دێ)).[3]

ئاوەڵکارە کاتەکان لە دیاریکردنی سنوری ئەو دەم و تێنسانەی ڕایدەگە یەنن، لە چاو مۆرفیمی کاتەکان زوردترن.[4]

---

[1] – بڕوانە بەندی سێیەمی بەشی سێیەم.


[2] – کلود حجاج، انسان الکلام –مساهمة لسانیة في علوم انسانیة–، ...ص280.

[3] – فردینان دە سوسر، محاظرات في الالسنة العامة، ...ص220.

4 – بڕوانە لاپەڕە "24".

## خاڵی کات و ماوەکات

بۆ ڕونکردنەوە و ناساندنی هەر دو چەمکی "خاڵی کات" و "ماوەکات"، بە باشی دەزانین، هەر لەسەر هێڵی گشتیی کات ئەم هێڵکاریەی[1] خوارەوە وەربگرین:




ئەگەر لەسەر ئەم ڕاستەهێڵەی کات هەر خاڵێك وەربگرین، بریتیە لە چرکە ساتێکی زۆر کەم، کە دەشێ کەمتر لە 1000/چرکە "هەزار میلینیۆم چرکە"[2] بێ. بۆ نمونە خاڵەکانی هەر یەك لە "A, B, C, K, L, D, ...هتد". هەر یەك لەو چرکەساتانە "خاڵی کات"ن. ئێمە ناو مان لە ماوەی نێوان هەر دو خاڵێکی دیاریکراوی کات ناوە "ماوە کات". وا تە مەودا یەك کە هەر دو جەمسەرەکەی بریتین لە دو خاڵی دیاریکراوی کات، بە بۆشایی "مە سافە"کەی نێوانیان دە گوترێ "ماوە کات". "A" و "B" هەر یە کەیان خاڵێکی کاتن، ماوە کەی نێوانیشیان "A ـ B" ماوەکاتێکی دیاریکراوە لە نێوان هەر دو جەمسەری خاڵە کاتەکانی "A" و "B".

ئەگەر وای دابنێین ماوەکاتەکانی هەر یەك لە "D—C" و "K—L" و "R—P" و دیسان "R—P" و "S—T" و "X—Z" بریتین لە ماوەکاتی ڕودانی ڕوداوێك کە چەند "کار"ێك لە نێو چەند ڕستەیەکی زمانیدا دەبیرێ، یان چەند کارێك بۆ ئەوەی ڕودانەکەیان تەواو بکەن، پێویستیان بەو ماوەکاتانە هەیە، ئەوا هەر یەك لەو ماوەکاتانە دەبن بە ماوە کاتی کار. هەر یەك لەو خالآنەی کاتیش دەبن بە جەمسەری ماوەکاتەکانی کار، بە شێوەیەك کردەی ڕودانی کارەکە لە ڕوی کاتەوە لە جەمسەرێك دەست پێ دەکا و لە جەمسەرەکەی دیکە کۆتایی دێ، بۆ نمونە ئەو

---

1 – ئەم هێڵکاریە لە لاپەڕە "7"ـی کتێبی "زمان در زبان"ـەوە وەرگیراوە.

2 – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص33.

کارەی کە ماوەکاتە کەی "C ـ D "ـە، دە ستپێکردنی کاتی ڕودانە کەی لە جەمەسەری "C" و کۆتاهاتنی کاتەکەشی لە جەمسەری "D"ـە.

دیسان ئەگەر وای دابنێین، ماوەکاتە دیاریکراوەکانی سەرەوەی هێڵەکە "C ـ D" و "R ـ P" و "S ـ T" بریتین لە ماوەکاتی چەند کارێك، کە بە دوای یەکدا ڕودەدەن. هەروەها ماوەکاتە دیاریکراوەکانی ژێر هێڵەکەش "L ـ K" و "P ـ R" و "Z ـ X" بریتین لە ماوەکاتی چەند کارێك بە دوای یەکدا، بەلاّم لە ڕوی کاتی سروشتیەوە هاوشانی ماوەکاتی کارەکانی سەرەوە ڕودەدەن. دەبینین ماوەکاتی "C ـ D" لە گەڵ ماوەکاتی "L ـ K" لە هەمان کاتی سروشتی ڕوینەداوە. بە شێوەیەك ماوەکاتی کارەکەی ژێرەوە دەکەوێتە نێو ماوەکاتی کارەکەی سەرەوە. بە ڕوەکەی دی، ماوەکاتی کارەکەی سەرەوە پێش ماوەکاتی کارەکەی ژێرەوە دەستی پێ کردوە و دوای ئەویش کۆتایی هاتوە.

هەروەها هەر دو ماوەکاتی سەرەوە و ژێرەوەی "P ـ R" مەودای ماوەکاتەکەیان وەك یەکن و لە کاتی سروشتیدا لە یەك کات دەستیان پێ کردوە و لە یەك کاتیش کۆتاییان هاتوە.

مەودای هەر دو ماوەکاتی "T ـ S" و "Z ـ X"ـیش ئەگەر چی وەك یەکن، بەلاّم لە کاتی سروشتیدا ماوەکاتەکەی سەرەوە زوتر دەستی پێ کردوە و پێش ئەوەی کۆتایی بێ، ماوەکاتەکەی ژێرەوەش دەستی پێ کردوە، ئینجا دوای ماوەیەك ماوەکاتەکەی سەرەوە کۆتایی هاتوە و دوای تێپەڕبونی ماوەیەکی دیکەش ئینجا ماوەکاتەکەی ژێرەوە کۆتایی هاتوە.

بەمەش دەردەکەوێ ئەگەرچی ماوەکاتەکان بەناویەکدا دەچن و ئاوێتە دەبن، بەلاّم هەر چەند تێکەڵ بن، دەتوانرێ جەمسەری دەستپێکردن و کۆتاهاتنی هەر ماوەکاتێك لە هی ماوەکاتێکی دیکە جودا بکرێتەوە. ماوەکاتەکانی چەند کارێکی ئاوێتەبو، بابەتێکە دواتر[1] بە درێژی لێی دەدوێین.

لە هەمان کات مەرج نیە، خاڵی دەستپێکردن یان کۆتاهاتنی ماوەکات هەمیشە لەسەر هێڵی گشتیی کاتی سروشتی بە وردی دیار و دەستنیشانکراو بێ، بە تایبەتی لە چوار چێوەی ڕستە و ڕستەی ئاوێتە و بونی ئاوەڵکارە کاتەکان لە ڕستەدا. بۆ نمونە:

**1- لە دەمی کاری "ڕابردوی دور":** هیچ یەکێك لە جەمەسەرەکانی ماوەکاتی کارەکە بە وردی دیار نیە. وەکو *"نانی خوارد بو"*. نە جەمەسەری دەستپێکردن و نە جەمەسەری کۆتاهاتنی ماوەکاتەکی ئەم کارە دیار نیە، چونکە بە وردی دیار نیە، کە کەی نانەکەی خواردوە و کەی کۆتایی بە کردەی خواردنی نانەکە هێناوە. تەنها ئەوەندە دیارە، کە کردەی خواردنی نانەکە لە دەمێکی ڕابردو دەستی پێ کردوە و هەر لە دەمی ڕابردوش کۆتایی هاتوە.

---

[1] – بڕوانە لاپەڕە (40).

2- **له کاری ده می ئێ ستا:** تەنها جەم سەری دە ستپێکردن د یارە و جەم سەری کۆتا هاتنی ماوەکاتەکە دیار نیە. وەکو *"ئەو کتێبی هەیە"* . هەبونی کتێبەکە لە ئێستادا دە ست پ ێدەکا، بەڵام نازانرێ لە چ کاتێکی دوای ئێستا "ئەو" کتێبەکەی نامێنێ.

3- **لە کاری ڕابردوی بەردەوام:** جەمسەری دەستپێکردنی بە وردی دیار نیە، بەڵام جەمسەری کۆتاهاتنەکەی دیارە. وەکو *"من تا ئێستاش خۆشم دەویست"* . دیار نیە، کە "من" لە کەیەوە - لە چ ساتێکی ڕابردو- "ئەو"ی خۆش ویستوە، بەڵام دەمی خۆشەوی ستیەکە تا ئێ ستا در ێژ بۆ تەوە و لە دەمی ئێستا کۆتایی هاتوە.

4- **لە کاری ڕابردوی تەواو:** هەر دو جەمسەری دە ستپێکردن و کۆتا هاتنی ماوە کاتی کارە کە د یارە. وە کو *" لە یە کەم بینین یەوە تا ئەم ساتە خۆ شم وی ستوە"* . جەم سەری دە ستپێکردنی ماوە کاتی ڕ ستەکە د یارە، کە لە یە کەم بی نینی "ئەو "ـەوە دە ست پ ێدەکا. جەم سەری کۆتاهاتنەکەشی هەر دیارە، لە دەمی ئاخاوتنەکە "ئەم ساتە" کۆتایی پێ دێ.

لەم چوار خاڵەی سەرەوە دەردەکەوێ، تەنها ئەو جەمسەرانەی ماوە کات د یارن، کە لە دە می ئێستادان. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەمی ئێستا سەنتەر و چەقی هەر دو دە می ڕا بردو و داهاتوە. ئەوەش تێبینی دەکرێ، کە ئەگەر هەر جەمسەرێکی ماوەکات لە دە می ڕا بردو یان دا هاتو بە وردی دیار نەبێ، دە کرێ بە یار مەتی ئاوەڵکارە کاتەکا نەوە د یاری بکرێن. چونکە یەکێك لە ئەر کەکانی ئاوەڵکارە کا تەکان (د یاریکردنی کاتی کارەکا نە بە شێوەیەکی ورد، تا لە گەڵ کاتی سروشتی بێتەوە).[1]

## تێنس و جۆرەکانی

لە زۆر بەی ئەو سەر چاوانەی با سی ت ێنس کراوە، تێن سیان بۆ هەر دو جۆری "ڕە ها" و "ڕێژەیی" دابەش کردوە، ئێمەش بە هە ندێك تێ بینی خۆ مان در ێژە بەم دابە شکردنە دەدە ین و دەیاننا سێنین. لە ڕا ستیدا ئێ مە بۆ ئەم بابە تە پ شت بە بۆ چونەکانی "لای نز" و "مە لەکی" دەبە ستین. بۆ چونەکانی هەردوکیان دەخەی نە ڕو و دوای ئەوەش ڕونکرد نەوەی خۆماڼ یان لە بارەوە دەدەین.

"مەلەکی" پێناسەی هەر دو جۆرە تێنسەکەی کردوە و دواتر چۆتە سەر با سکردنیان و ئینجا بۆ نمونەی ڕستە، هەردوکیانی شی کردونەتەوە و ناساندونیانی، کە ئێمە تێبینی خۆ مان لە بارەی

---

[1] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص13.

پێنا سەکانی ئەو هە یە و لە خوارەوە ئاماژە یان پێ دەدە ین. هەر چی "لاینز "ـە، هیچ جۆرێکی تێنسی پێناسە نەکردوە و یەکسەر چۆتە سەر ڕونکرد نەوە و نا ساندنی هەر دو جۆرە کە، لە ڕ ێی دو نمو نەی ڕ ستەییەوە، بەلاّم ئێ مە پێ مان وا یە ئە گەر پێنا سەی هەر دو جۆرە تێن سەکە لە نمونەکانی "لاینز"ـەوە هەڵێنجرێن، دروستترە لە چاو پێنا سەکانی "مە لەکی"، بۆ یە ئێ مە خۆ مان پێناسەی هەر دو جۆرە تێنسەکەمان لە ڕونکردنەوەی نمونەکانی "لاینز" داڕشتوە.

**1- تێنسی ڕەها (Absolute):** "مەلەکی" بەم شێوەیە پێنا سەی تێن سی ڕە ها دە کا: (( بەو کاتە زمانیانە دە گوترێ، کە دە می ئێ ستا چەقی دە سپێکیانە)).[1] بەو مانا یەی هەر ماوەکاتێك یەکێك لە جەمسەرەکانی لە دەمی ئێستا دەست پێبکا یان کۆتایی بێ، ئەوا بریتیە لە تێنسی ڕە ها. ئەگەرچی ئەم پێناسەیە زۆربەی تێنسە ڕەهاکان لەخۆ دە گرێ، بەلاّم هە ندێك تێن سی ڕە ها هەن، کە ناکەونە ناو ئەم پێناسەیەوە، بۆ نمونە کاری دەمی داهاتو لە فارسیدا " خواهم آورد = لە مەودوا دەیهێنم" ئەگەر چی تێن سەکەی ڕەها یە، بەلاّم هیچ جەمـسەرێکی ماوەکاتە کەی ناکەوێ تە دە می ئێستاوە.

کەچی "لاینز" بەم نمونەیە *"پیرەمێردەکە مرد"*.[2] تێنسی ڕەهامان پێ دەنا سێنێ. ئەو پ ێی وایە تێنسی کاری "مرد" لە کارەکەدا ڕون و ئاشکرایە و پا شکۆی هیچ دەم و تێن سێکی دیکە نیە. کەواتە بە بۆچونی ئێمە پێناسەی تێنسی ڕەها بەم شێوەیە: "تێنسی ڕەها بریتیە لەو تێن سەی لە چوارچێوەی کاردا، بە تێنسێکی دیکە دەرنەبڕابێ".

**2- تێن سی ڕ ێژەیی (Relative):** "مە لەکی" وای پێنا سە کردوە، ((تێن سی ڕ ێژەیی، دە می ڕودانی ئەو کارەیە، کە کۆنتێک ست د یاریی دە کا)).[3] لە ڕا ستیدا ئە مە پێنا سەی تێن سی ڕ ێژەیی نیە، بەڵکو پێناسە یان بۆچونێکی دروستە، بۆ ئەو تێنسانەی بە هۆی کۆنتێکستی ڕ ستەوە، هەمان ئەو دەمانە ڕاناگەیەنن، کە مۆرفیمی کاتەکانی نێو کاری ڕستەکان هەڵیانگرتون.[4] لە لایەکی دیکە پێناسە یان بۆ چونێکی دیکە لە بارەی تێن سی ڕ ێژەیی دەخا تە ڕو، ((تێن سی ڕ ێژەیی دەمـێك لە ڕوداوی ئەو کارانە دیاری دەکا، کە لە حاڵەتی تێ پەڕبون و ڕەوت "جریان"ـدان، هەر بۆیە شە پ ێی دەگوترێ تێنسی ڕێژەیی)).[5] ئەمەش هەر پێناسەی تێنسی ڕێژەیی نیە، بەڵکو دە شێ بۆ چونێکی دروست بێ، لە بارەی ئەرك یان تایبەتمەندیەکی تێنس بە گ شتی، چونکە ئەو تێن سە ڕەهایا نەش کە لە پاڵیاندا تێنسێکی ڕێژەیی هەیە -نەوەك ئەو تێنسە ڕەهایانەی بە تەنها ماوە کاتی کار د یاری

---

1 – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص33.

2 – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص405.

3 – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص45.

4 – بگەڕێوە بۆ بابەتی "تێنسی ڕاگەیەنراو بە مۆرفیمی کات و کاتی سروشتی" لە لاپەڕە (26).

5 – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص69.

دەکەن-، بە هەمان شێوە بەشێك لە ماوە کاتی ڕودا نی کار د یاری دە کەن و د یاریکردنی بە شەکەی دیکە لە ئەستۆی تێنسی ڕێژەییدایە.

"لاینز"یش لە ڕێگەی نمونەی[1] "*پیرەمێردەکە مردبو*".[2] تێنسی ڕێژەیی ڕون دەکا تەوە. لە کاری ئەم ڕستەیە "مردبو" دو تێنس واتە تێنسێکی لێکدراو هەیە. یەکەمیان تێنسی "مرد"ـە، کە دەمە کەی لە ڕابردوێکی ڕوت "ئاسایی"ـدایە. تێنـسەکەی دیـکەش کە دەکەوێ تە پـشت تێنـسی ڕابردوی ڕوتی کاری "مرد"، لە دەمی ڕابردوی دور "بو"ـدایە. کەواتە لەم کارەدا "مرد بو"، بە شی " مرد" تێنـسێکی هە یە و بە شی "بو "ـش تێنـسێکی هە یە. لە بەر ئەوەی تێنـسی بە شی یە کەم " مرد"، تەوەر و سەرەکیە و بە هۆی تێنـسێکی دیـکە ڕانەگە یەنراوە، تێنـسێکی ڕەها یە، چونکە تێنسی ئەم کارە "مرد" دە توانێ بە تەنهاش تێنـسێك لە چوار چێوەی چەمکی مرد ندا بگە یەنێ وەك "*پیرەمێردەکە مرد*"، بەلاّم لەبەر ئەوەی تێنسی بەشی دوەم "بو" سەربەخۆ نـیە و بە هۆی تێنسی یەکەمەوە "مرد" ڕاگەیەنراوە، تێنـسێکی ڕێژەیـیە، چونکە تێنـسی "بو" ناتونێ بە تەنها تێنـسێك لە چوار چێوەی چەمکی مرد ندا بگە یەنێ، وە کو "*پیرەمێردە کە بو*"، کە دەبـینین لەم ڕستەیەدا چەمکی مردن نەماوە.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەم بۆ چونە، (( لە بنەڕە تدا چەمکی ڕ ێژەییبونی تـ ێنس، لە چەمکی ڕەهابونی تێنسەوە سەرچاوە دەگرێ))،[3] بە بۆچونی ئێمە پێناسەی تێنـسی ڕ ێژەیی بەم شێوەیە دەبێ، "تێنسی ڕێژەیی بریتیە لەو تێنسەی لە پاڵ تێنسی ڕەها، لە چوارچێوەی کارێکدا بەشێك لە ماوەکاتی کارەکە ڕادەگەیەنێ".

لە پێنا سەی هەر دو تێنـسی ڕە ها و ڕ ێژەیی دەردە کەوێ، کە داڕ شتنی پێنا سەکانیان لێکدی سەربەخۆ نین، بەو مانا یەی پێنا سەی هەر یە کەیان لە سەر وا تای گ شتی و تایبەتمە ندیی پێنا سەکەی دیـکە ڕۆ نراوە. ئە گەر پێنا سەی تێنـسی ڕە ها نەبوا یە، ئەوا پێنا سەمان بۆ تێنـسی ڕ ێژەییش نەدەبو، ئە گەر تێنـسی ڕ ێژەییش نەبوا یە، ئەوا پێنا سەی تێنـسی ڕە ها بەم شێوەیەی ئێستا نەدەبو. بۆیە هەر دو پێناسەکە بەندن بە جیاوازیەکانی نێوانیان. دە کرێ لە ئەنجامی هەر دو پێنا سە و ئەو ڕونکردنەوا نەی سەرەوە، چەند جیاواز یەك لە نـ ێوان تێنـسی ڕە ها و تێنـسی ڕێژەیی دەستنیشان بکەین:

---

1 – لە دەقە وەرگێڕراوەکە وەرگێڕی فارسی، هەر دو نمونەکەی لاینزی بەم شێوە وەرگێڕاوە، "*عموی یحیی مرد = مامی یەحیا مرد.*" و "*عموی یحیی مردبود = مامی یەحیا مردبو.*"، بەلاّم ئێمە بۆ کورتکردنەوە دەسکاریمان کردوە، کە هیچ لە مەبەستی ڕستەکەی نەگۆڕیوە.

2 – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص405.

3 – د.عطاءالە ملکی، زمان در زبان، ...ص71.


1- تێنسی ڕەها بە تەنهاش و لەگەڵ تێنسی ڕێژەییش دەردەکەوێ، بەڵام تێنسی ڕێژەیی تەنها لە پاڵ تێنسی ڕەها دەردەکەوێ.

2- تێنسی ڕەها لە کاردا سەربەخۆ و سەنتەر و سەرەکیە و تێنسی ڕێژەیی وابەستە و پاشکۆی تێنسی ڕەهایە.


3- تێنسی ڕەها دوای لادانی تێنسی ڕێژەیی، دەتوانێ بە تەنها هەمان چەمك و واتای ڕەگی کاری سەرەکی ڕابگەیەنێ، بەڵام تێنسی ڕێژەیی دوای لادانی تێنسی ڕەها ناتوانێ بە تەنها هەمان چەمك و واتای ڕەگی کاری سەرەکی ڕابگەیەنێ.

4- زۆربەی هەرە زۆری تێنسە ڕەهاکان، جەمسەرێکی ماوەکاتەکەیان لە دەمی ئێستادایە، بەڵام تێنسی ڕێژەیی هیچ جەمسەرێکی ماوەکاتەکەی لە دەمی ئێستادا نیە.

دەکرێ بە نواندنی هەر دو ڕستەکەی "لاینز" لە هێڵکاریەکدا لە سەر هێڵی گشتیی کات، تێنسی ڕەها و ڕێژەیی ڕونتر بکەینەوە:





هێڵکاری ماوەکاتی ڕستەی یەکەم "پیرەمێردەکە مرد"




هێڵکاری ماوەکاتی ڕستەی دوەم "پیرەمێردەکە مردبو"

دەتوانین لە هێڵکاریەکی لە شێوەی ئەوەی "مەلەکی"، تێنسی ڕەها و ڕێژەیی لە دەرەوەی کاری ڕستە نیشان بدەین:



وەك لە هێڵكاریەكە دیارە، ماوەكاتی "C___D" لە دەمی ڕابردودایە. ماوەكاتی "P_-_R"ـیش دو جار لە ڕابردودایە، یەكەمیان بەو هۆیەی كە خۆی لەسەر هێڵە گشتیەكە لە دەستەچەپی خاڵی دەمی ئێستایە. دوەمیش سەبارەت بە ماوەكاتی "C___D" جارێكی دیكە لە ڕابردودایە.

بە شێوەیەكی دیكە، گریمان ماوەكاتی "C_-_D" لە ڕوی دەمەوە نەزانراوە، واتە نازانین لە سەر هێڵە گشتیەكە لە دەمی ڕابردو یان ئێستا یان داهاتودایە، ماوەكاتی "P_-_R"ـیش بە هەمان شێوە نەزانراوە. بەلام بە لای كەمی ئەوە دەزانین كە ماوەكاتی "P_-_R" دەكەوێتە دەستە چەپی ماوەكاتی "C_-_D"، كەواتە ئەگەر لە دەمی ڕابردوش نەبێ، ئەوا سەبارەت بە ماوەكاتی "C_-_D" لە ڕابردودایە. ئەم شێوە ڕابردوێتیەی ماوەكاتی "P_-_R" كە لە ڕێی ماوەكاتی "C___D" سەلمێنراوە، پێی دەگوترێ "تێنسی ڕێژەیی" و بە ماوەكاتی "C_-_D"ـیش دەگوترێ "تێنسی ڕەها".

## ڕەهایەتی "تێنسی ڕەها"

وەك لە جیاوازیەكانی نێوان "تێنسی ڕەها" و "تێنسی ڕێژەیی" نیشانمان دا، لەبەر ئەوەی زۆربەی تێنسە ڕەهاكان جەمسەرێكیان لە دەمی ئێستادایە و تێنسی ڕێژەییش هیچ جەمسەرێكی لە دەمی ئێستادا نیە. لای زۆرێك لە زمانەوانان و تەنانەت لای "لاینز و مەلەكی"ـش "تێنسی ڕەها" بە دەمی ئاخاوتن "ئێستا" بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوەی دەمی ئێستاش سەبارەت بە دەمی ڕابردو و داهاتو تەوەرە و سەنتەرە، بە بۆچونی هەر دو زمانەوان "تێنسی ڕەها" ڕەهایەتی خۆی لەو سیفەتە تەوەرەیی و چەقگەراییەی دەمی ئێستا وەرگرتوە. بەلام لە هەمان كاتیش هەر دو زمانەوان پێیان وایە، هەر لە بنەڕەتەوە لە ڕوی لۆژیكەوە تێنس یان دەمێكی ڕەها لە زماندا بونی نیە. لەو بارەوە "مەلەكی" دەڵێ: (( چەمكی "ڕەها" لە دەستەواژەی "تێنسی ڕەها" نادروستە، چونكە كاتێكمان نیە ڕەها بێ، بەو پێیەی دیاریكردنی هەر دەمێك -ڕابردو، ئێستا، داهاتو- بە گوێرەی دەمێكی دیكەیە)).[1] "لاینز"یش پێی وایە (تێنسی ڕەهاش لە خودی خۆیدا ڕێژەییە، چونكە ئەویش بە گوێرەی دەمی ئێستا دیاری دەكرێ).[2]

---

[1] – د.عطاءالە ملكی، زمان در زبان، ...ص33.

[2] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص406،405.

لەم دو بۆچونەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، ڕەهانەبونی "تێنسی ڕەها" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تێنسی ڕەهاکەش یان دەمی ئێستاکەش، بە گوێرەی دەمەکانی دیکە دەربڕاون و لە خودی خۆیا ندا ڕەها نین. لەم ڕووەوە ئێمەش هەمان بۆچونمان هە یە، کە نا شێ لە بەر ئەوەی کە کاتی ئێستا بە گوێرەی هەر دو دە می ڕا بردو و دا هاتو چەق و ڕەها یە، ئەو تێن سانە بە ڕە ها بزانین، کە جەمسەرێکیان لە دەمی ئێستادایە، چونکە دەمی ئێستا تەنها لە ساتی ئاخاوتنێکی دیاریکراو دە می ئێستایە و دواتر وەکو هەر دەمێکی دیکە تێدەپەڕێ و دەبێتە دەمی ڕابردو و دەمەێك لە دا هاتووەوە دێ و دەبێتە کاتی ئێستا و دیسان ئەو دەمی ئێستایەش تێدە پەڕێ و ...هتد. کەوا تە هیچ کاتێکی جێگیرمان نیە، تا ڕەها بێ و ڕەهایەتیش بە دەم و تێنسەکانی دیکە ببەخشێ.

لە لایەکی دیکە هەر دەمێکی ئێستا، ئێستایەتیەکەی خۆی لە هەر دو دە می ڕا بردو و دا هاتو کەوتۆتەوە. واتە لە بنەڕەتدا دەمی ئێستا بە تەنها نەناسراو و بێ شوناسە، ئەو کاتە شوناسی خۆی وەردەگرێ، کە بە گوێرەی هەر دو دە می ڕا بردو و دا هاتو پێوا نە دە کرێ. ئەم لێکدانەوە یە پشت بەو یا سا لۆژیکیە دەبە ستێ، کە بۆ نمو نە دە لێ: ( بەرزی نرخ و شونا سی خۆی لە نزمیەوە وەردەگرێ، چونکە ئەگەر نزمی بونی نەبێ، ئەوا بەرزیش بونی نابێ).(١) بۆ یە کاتی ئێستا لە بنەڕەتدا کاتی ئێستا نیە، بەڵکو سەبارەت بە کاتی ڕابردو و داهاتو کاتی ئێستایە.

بەو هۆیەی کە لە بنەڕەتدا "تێنسی ڕەها" بونی نیە، پێش "لاینز و مەلەکی"ش ئەو بۆچونە هەبووە، کە لە بری "تێنسی ڕە ها" و "تێنسی ڕێژەیی" زارەوەکانی "ئەولەو یە = یەکەمی" و "سانەوی = دووەمی" بەکار بهێنرێن.(٢)

ئەگەرچی "لاینز" لەو سەرچاوەیەی بەردەستمان هەر زاراوەکانی "تێنسی ڕەها" و "تێنسی ڕێژەیی" بەکار هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێی وایە لە ڕوی لۆژیکەوە هەر دو تێنسەکە ڕێژەیین، بۆ لێکجوداکردنەوەیان لە جیات "تێنسی ڕەها" دەستەواژەی "تێنسی ڕێژەیی بە یەك پلە" و بۆ "تێنسی ڕێژەیی"یش دەستەواژەی "تێنسی ڕێژەیی بە دو پلە" پێشنیار دەکا.

لەم بارەیەوە بۆچونی ئێمەش وەکو بۆچونی "مەلەکی"ـە، کە ئەگەرچی لە زماندا هیچ کات و دەمێکی ڕە ها بونی نیە، بەڵام لە بەر ئەوەی جۆرە تێنسێك لە زما ندا هە یە، کە بە گوێرەی تێنسێکی دیکە -تێنسی ڕێژەیی- ڕەها یە و کاری ئێمەش هەر لە چوار چێوەی زماندا یە، لەم لێکۆڵینەوە یەدا لە پاڵ "تێنسی ڕێژەیی" ئەم جۆرە تێنسەمان وەکو زۆر بەی زما نەوانان بە "تێنسی ڕەها" ناو بردوە.

---


[1] – د.محمد خونساری، منطق، ...ص55.

[2] – جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ...ص406.

# ماوەکاتی ڕۆنانی کارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی[1]


## یەکەم: ڕێژەی ڕاگەیاندن

1- **ڕابردوی ڕوت:** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردودایە، واتە لە دە می ڕا بردو دە ست پ ێدەکا و لە دەمی ڕابردوش کۆ تایی دێ. بە شێوەیەك ماوە کاتی ڕودا نی کار ێك یان حا ڵەتێك لە ڕا بردودا نیشان دەدا و دەبڕێتەوە. بۆ نمونە "هێنام".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی ڕوت**

2- **ڕابردوی بەردەوام:** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردووەوە دەست پێدەکا و لە دەمی ئێستا کۆ تایی دێ، بە شێوەیەك ماوەکاتی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی ڕابردودا نیشان دەدا، کە تا دە می ئێستا بەردەوامی[2] هەیە. بۆ نمونە "دەمهێنا".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی بەردەوام**


---

[1] – بە شێکی ماوە کاتی ڕۆنا نەکانی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یمان لە نا مەی دکتۆرا کەی "د.عە بدوڵڵا حو سێن" هەڵێنجاوە.


[2] – هێمای بەردەوامی یان درێژبونەوەی کات لە هێڵکاریەکان ئەمەیە: " ..............◄ ".

**3- ڕابردوی تەواو:** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانەش هەر لە ڕابردودا یە، واتە لە دەمی ڕابردو دەست پێدەکا و هەر لە دەمی ڕابردوش کۆتایی دێ. بەڵام تا دەمی ئێستاش کاریگەریی هەیە. بە شێوەیەك ماوەکاتی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی ڕابردودا نیشان دەدا، کە کاریگەریی[1] ئەم ڕوداوە تا دەمی ئێستا دەمێنێ. بۆ نمونە "هێناومە".





**4- ڕابردوی دور:** ئەم ماوەکاتە لە پێش ماوەکاتی ڕابردوی ئاسایییە، واتە لە خاڵێکی دەمی ڕابردو دەست پێدەکا و هەر لە خاڵێکی دەمی ڕابردوش کۆتایی دێ، کە هەر دو خاڵەکە دەکەونە پشت هەر دو خاڵی دەست پێکردن و کۆتایی ماوەکاتی ڕابردوی ئاسایی. بە شێوەیەك ماوەکاتی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی پێش ڕابردوی ئاسایی "ڕابردوی ڕوت" نیشان دەدا. بۆ نمونە "هێنابوم".




**5- ڕانەبردو "موزاریع":** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە دەمی ئێستا دەست پێدەکا تا دەمی داهاتو. بە شێوەیەك دەشێ ئەم ماوەکاتە کە ماوەی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لەخۆ دەگرێ، هەر لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و هەر لە دەمی ئێستاش کۆتایی بێ، یان لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و لە دەمی داهاتو کۆتایی بێ، یان لە دەمی داهاتو دەست پێبکا و هەر لە دەمی داهاتوش کۆتایی بێ. بۆ نمونە "دەهێنم".


---

[1] – هێمای بەردەوامبونی کاریگەریی ڕوداو لە هێڵکاریەکان ئەمەیە: "◄~~~~~~".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕانەبردو**

**6- ئێستا "ئێستا بە تەنها":** ڕۆنانی دەمی ئێستا لە جۆرەکانی چاوگی "هەبون" جگە لە "بون"ـی سەیرورە[1] ڕۆدەنرێ و لە کارە ئاساییەکان ڕۆنانرێ. ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە دەمی ئێستادایە، واتە هەر دو جەمسەرەکەی ماوەکاتەکە لە دەمی ئێستادایە. بۆ نمونە "هەمانە".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ئێستا**

## دوەم: ڕێژەی دانانی "ئینشائی"


ڕۆنانی کارەکانی سەر بە ڕێژەی دانانی لە ڕوی شوێن و خاڵی دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی ماوەکاتی ڕودانی کارەکان یان حاڵەتەکان، هەر هەمان ماوەکاتی ڕۆنانە بەرامبەرەکانیان لە ڕێژەی ڕاگەیاندن هەیە. بۆیە جیاوازیی ڕۆنانەکانی نێوان ئەم دو ڕێژەیە لە ماوەکات یان تێنس نیە، بەڵکو لە ڕوی بە ئەنجامگەیشتن و بە ئەنجامنەگەیشتنی ڕوداوی کارەکاندایە، کە بە شێوەیەك ڕوداوی کارەکانی ڕێژەی ڕاگەیاندن شیاون بۆ ئەوەی ڕو بدەن. بەڵام ڕوداوی کارەکانی ڕێژەی دانانی، ئەگەری ڕودانیان نیە -جگە لە ڕابردوی تەواو و ڕابردوی داهاتو و ڕانەبردو، کە شیاون ڕوبدەن یان ڕونەدەن- و تەنها خۆزگە یان داواکاری و نیەتێك هەیە، بۆ ئەوەی ڕویان بدایە.

---

[1] – بڕوانە لاپەڕە (85).


ئەگەرچی هەمو ڕۆنانە ڕابردوەکانی ڕێژەی دانانی -جگە لە ڕابردوی تەواو و داهاتو لەگەڵ ڕانەبردو"-، مۆرفیمێکی کاتی ڕابردوی "ا" لە ڕۆنانی بەرامبەرەکانیان لە ڕێژەی ڕاگەیاندن پترە، کە دەکەوێتە نێو پێکهاتەی مۆرفیمی ڕێژەی دانانی "ـایە"، بەڵام کاریگەریی ئەوەی نیە، کە ماوەکاتی ڕۆنانی هەمان کار لە نێوان هەر دو ڕێژەکەدا بگۆڕێ. چونکە ( ئەم مۆرفیمەی کاتی ڕابردو تەنها بۆ ئەوە دێ، تا جارێکی دیکە ڕۆنانی کارەکە بکاتەوە ڕابردو، کە بە مەش ڕودانی کارەکە مەحاڵ دەبێ و هەرگیز ڕونادا).[1]

**1- ڕابردوی ڕوت:** بە هەمان شێوەی کاری ڕابردوی ڕوتی ڕێژەی ڕاگەیاندن، ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردودایە، واتە لە دەمی ڕابردو دەست پێدەکا و لە دەمی ڕابردوش کۆتایی دێ. بە شێوەیەك ماوەکاتی ئەگەری ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە ڕابردودا نیشان دەدا و دەبڕێتەوە. بۆ نمونە "هێنابام".




هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی ڕوت

**2- ڕابردوی بەردەوام:** ئەم ڕۆنانەش بە هەمان شێوەی کاری ڕابردوی بەردەوامی ڕێژەی ڕاگەیاندن، ماوەکاتەکەی لە ڕابردوەوە دەست پێدەکا و لە دەمی ئێستا کۆتایی دێ، بە شێوەیەك ماوەکاتی ئەگەری ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی ڕابردودا نیشان دەدا، کە تا دەمی ئێستا بەردەوامی هەیە. بۆ نمونە "بمهێنایە".





هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی بەردەوام

---


1 – د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ...ل125.

**3-ڕابردوی تەواو:** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە هەر لە ڕابردودایە، بەڵام تا دە می دا هاتو کاریگەریی دەمێنێ، بە شێوەیەك ئەگەری ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی ڕابردو نیشان دەدا، کە ئەگەر ڕویدابێ، ئەوا کاریگەریی تا دەمی داهاتو دەمێنێ. بۆ نمونە "هێنابێ".





**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی تەواو**

**4- ڕابردوی دور:** ئەم ڕۆنانەش وەك کاری ڕابردوی دوری ڕێژەی ڕاگەیاندن، ماوەکاتەکەی لە پێش ماوەکاتی ڕابردوی ئاساییە، واتە لە خاڵێکی دە می ڕا بردو دە ست پێدەکا و هەر لە خاڵێکی دەمی ڕا بردوش کۆتایی دێ، کە هەر دو خاڵەکە دەکەونە پشت هەر دو خاڵی سەرەتا و کۆتایی ماوەکاتی ڕابردوی ئاسایی. بە شێوەیەك ماوەکاتی ئەگەری ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی پشت ڕابردوی ئاسایی "ڕابردوی ڕوت" نیشان دەدا. بۆ نمونە "هێنابومایە".





**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی دور**

**5- ڕابردوی داهاتو:** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە پشت ماوەکاتی ڕابردوی ئاساییە، واتە لە خاڵێکی دەمی ڕابردو دەست پێدەکا و لە خاڵێکی دەمی ڕا بردوش کۆتایی دێ، کە دەکەوێتە پشت هەر دو جەمسەری ماوەکاتی ڕابردوی ئاسایی "ڕوت"، بەڵام کاریگەریەکەی تا دەمی داهاتو درێژ دەبێتەوە، بە شێوەیەك ئەگەری ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك نیشان دەدا، کە ئەگەر ڕو یدابێ، ئەوا تا داهاتو کاریگەریی دەبێ. بۆ نمونە "هێنابوبێ".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕابردوی داهاتو**

**6- ڕا نەبردو "موزار یع":** ئەم ڕۆنا نەش وە کو ڕۆ نانی ڕا نەبردوی ڕ یژەی ڕاگەیا ندن، ماوەکاتەکەی لە دەمی ئێستا دەست پێدەکا، تا دەمی داهاتو. بە شێوەیەك دە شێ ئەم ماوەکا تە کە ماوەکاتی ئەگەری ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لەخۆ دە گرێ، هەر لە دە می ئێستا دە ست پێبکا و هەر لە دەمی ئێستاش کۆتایی بێ، یان لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و لە دە می دا هاتو کۆ تایی بێ، یان لە دەمی داهاتو دەست پێبکا و هەر لە دەمی داهاتوش کۆتایی بێ. بۆ نمونە "بهێنێ".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری ڕانەبردو**

لێرەدا بە پێویستی دەزا نین ڕونکردنەوە یەك لە بارەی دە می ڕا بردوی " تەواو و دا هاتو" بدەین.

هەر سێ ڕۆ نانی ڕا بردوی "ڕوت، بەردەوام، دور"ی ڕ یژەی دا نانی هەمان ماوە کاتی ڕۆ نانی ڕابردوەکانی "ڕوت، بەردەوام، دور"ی ڕێژەی ڕاگەیاندنیان هەیە، تەنها هەر دو ڕا بردوی " تەواو و دا هاتو"ی ڕ یژەی دا نانی نەبێ، کە ڕا بردوی تەواو هەمان ماوە کاتی ڕا بردوی " تەواو"ی ڕ یژەی ڕاگەیاندنی نیە و ڕابردوە. سەبارەت بە "داهاتو"ـەکەش لە بەرانبەریدا لە ڕ یژەی ڕاگەیا ندن ئەم ڕۆنانە نیە.

ئەم دو ڕۆنا نە ڕا بردوی " تەواو، دا هاتو"ی ڕ یژەی دا نانی جیاوازی یان لە گەڵ ڕۆنا نە ڕابردوە کانی دیکە "ڕوت، بەردەوام، دور"ی ڕ یژەی دا نانی لەوەدا یە، کە لە ڕۆ نانی ئەم دوا نە مۆرفیمی کاتی دا هاتوی "ێ/Ø" هە یە، لە بەرامبەردا لە سێ ڕۆنانە کەی دیکە مۆرفیمی کاتی داهاتو بونی نیە و لە جێی ئەو مۆرفیمێکی کاتی ڕابردوی "ا" هە یە. ئە مەش جیاواز یەکی گەورە لە ماوەکات و ئەگەری ڕودان یان ڕونەدانی کارەکانیان دەخاتە نێوانیان. لە سێ ڕۆنانە کە ئە گەری ڕودانی کارێك لە ڕابردودا لە ئارادا هەبووە، کە ئێمە جارێ نازانین ڕویداوە یان نا؟ دوا تریش "ا"ی

مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی نێو ڕێژەی دا نانی "ـایە"، جارێکی دیکە ئە گەری دڵنیابون لە ڕودا نی کارەکە دەباتەوە ڕابردو. تازە دەمی ڕابردوش تێپەڕیوە، ئیدی ناکرێ ڕوداوە کە ڕو بدا " بڕوداوێ"، بۆیە هەرگیز ڕوداوەکە ڕونادا.

کەچی لە دو ڕۆنانە ڕابردوەکەی "تەواو، داهاتو" دیاردەکە بەم شێوەیە نیە. لە قۆناغی یە کەم وەکو سێ ڕۆنانەکەی بەرامبەریان ئەگەری ڕودانی کارێك لە ئارادا هەبووە، کە ئێمە جارێ نازانین ڕویداوە، یان نا؟ دواتر لە قۆناغی دوەم مۆرفیمی کاتی دا هاتو "ێ/Ø" - نەك "ا"ی مۆرفیمی کاتی ڕابردو- دێتە نێو ڕۆنانە کەوە و ئە گەری دڵنیابون لە ڕودا نی کارە کە دەبا تە دە می دا هاتو، - نەك دەمی ڕابردو- لەبەر ئەوەی دەمی داهاتوش هێشتا نەهاتوە. نازانین ڕوداوەکە ڕویداوە یان نا؟ بۆ یە دەشێ ئەم ڕوداوە لە ڕابردو ڕویدابێ، دەشێ ڕوشینەدابێ. بەم ڕونکردنەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە (لە دەمی داهاتودا دەشێ گۆڕانکاری لە ڕوداوەکا ندا ڕو بدا، بەلاَم لە دە می ڕا بردودا گۆڕانکاری لە ڕوداوەکان مەحالە).[1] کەواتە لێرەدا ئەگەری بۆچونێکی وا ڕەت دەکەینەوە، کە پێی وابێ ڕودانی هەمو کارێکی ڕێژەی دانانی مەحالە و هەرگیز ڕونادا. تەنها دەتوانین ئەوە بلێین، کە ڕودانی کارەکانی دەمی ڕابردوی (ڕوت، بەردەوام، دور)ی ڕێژەی دانانی هەرگیز بواری ڕودانیان بۆ نەماوەتەوە و ڕونادەن، بەلاَم کارەکانی دەمی ڕابردوی (تەواو، داهاتو) و (ڕانەبردو)ی دا نانی بواری ڕودانیان هە یە و دە شێ ڕویا ندابێ و دە شێ ڕویاندنەدابێ. بەم نمونا نەی خوارەوە ئەم بۆ چونەی سەرەوەمان دەسەلمێنین:

**ا- ڕا بردوی ڕوت:** *"ئە گەر دو ێنێ خوێ ندبات دەردە چوی"* . تازە دو ێنێ تێ پەڕیوە و تۆش نەتخوێندوە، کەواتە بواری ڕودانی کردەی "خوێندن" لە دوێنێدا مەحالە.

**ب- ڕابردوی بەردەوام:** *"ئەگەر دوێنێ بتخوێندایە، دەردەچوی"* . وەك کاری ڕابردوی ڕوت، تازە دوێنێ تێپەڕیوە و تۆش نەتخوێندوە، کەواتە بواری ڕودانی کردەی "خوێندن" لە دوێنێدا مەحالە.

**ج- ڕابردوی دور:** *"ئەگەر دوێنێ خوێندبوتایە، دەردەچوی"* . وەك دو نمونەکەی سەرەوە، تازە دوێنێ تێپەڕیوە و تۆش نەتخوێندوە، کەواتە بواری ڕودانی کردەی "خوێندن" لە دوێنێدا مەحالە.

**ا- ڕا بردوی تەواو:** *"ئە گەر دو ێنێ خوێ ندبێت، دەردە چی"* . لەم ڕ ستەیەش تازە دو ێنێ تێپەڕیوە، بەلاَم نازانرێ تۆ خوێندوتە یان نا؟ بۆیە دەشێ دو ێنێ خوێ ندبێت و دەربچی و دە شێ نەتخوێندبێت و دەرنەچی.

**ب- ڕابردوی داهاتو:** *"ئەگەر دوێنێ خوێندبوبێت، دەردەچی"* . وەك کاری ڕا بردوی تەواوە کە، لەم ڕ ستەیەش تازە دو ێنێ تێ پەڕیوە، بەلاَم نازانرێ تۆ خوێندو تە یان نا؟ بۆ یە دە شێ دو ێنێ

---


[1] – د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص38.

خوێ ندبوبێتت و دەربـ چی و دە شێ نەتخوێ ندبوبێت و دەرنە چی. کەوا تە  لەم دو نمونە یە  کاتی داهاتو ئەوە ساغ دەکاتەوە، کە کارەکە ڕویداوە یان ڕوینەداوە.

**ج- ڕا نەبردو:** *"ئە گەر تۆ بخوێنی، دەردە چی"* . لەم ڕ ستەیەدا ئە گەری ڕودا نی کارە کە زۆر بەهێزە، چونکە هیچ پەیوەند یەکی بە ڕا بردووەوە نـ یە، تا ئە گەر و زەمی نەی ڕودا نی کارە کە لە دەست دەرچوبێ، لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆنا نە مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی تـێدا نـ یە. کەوا تە دە شێ تۆ بخوێنی و دەربچی و نەشخوێنی و دەرنەچی.

## سێیەم: ڕێژەی فەرماندان

**1- ڕانەبردو "فەرماندان":** ئەم ڕۆنانەش وە کو دە می ڕا نەبردوی ڕ ێژەی ڕاگەیا ندن و دا نانی، ماوەکاتەکەی لە دەمی ئێستا دەست پێدەکا تا دەمی داهاتو. بە  شێوەیەك دە شێ ئەم ماوەکا تە کە ماوەی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لەخۆ دەگرێ، هەر لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و هەر  لە دە می ئێستاش کۆتایی بێ، یان لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و لە دە می دا هاتو کۆ تایی  بێ، یان  لە دە می داهاتو  دەست پێبکا و هەر لە دەمی داهاتوش کۆتایی بێ. بۆ نمونە "بهێنە".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری فەرماندان "ڕانەبردو"**

## ماوەکاتی ڕۆنـانی کارەکانی زمانی فارسیی ستاندارد[1]


بە  شێوەیەکی گ شتی ماوە کاتی ڕۆ نانی کارە کانی ز مانی فار سیش وە کو ماوە کاتی ڕۆ نانی کارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردین، مەبە ستمان  لە لێکچونی ماوە کاتی  ئەو جو تە کارانە یە، کە لە نێوان هەر دو زمانەکە هەمان ناونیشانیان هەیە، بۆ نمو نە ماوە کاتی"ڕابردوی ڕو تی ڕ ێژەی ڕاگەیاندن "ـی ز مانی فار سیی  ستاندارد،  هەمان ماوە کاتی "ڕا بردوی ڕو تی ڕ ێژەی ڕاگەیاندن "ـی

1 – بۆ دیاریکردنی ماوەکاتی ڕۆنانی زۆربەی کارە فارسیەکان پشتمان بەم سەرچاوەیە بەستوە: "د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2،...".

زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەیە. بۆیە هەر هەمان ماوەکاتی ڕۆنانی کارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیمان وەك خۆی بۆ داناوەتەوە. ئەو ڕۆنانەش کە لە زمانی فارسیی ستاندارد هەن و لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نین، ئەوا بە سەربەخۆیی بە شیکردنەوە و بە هێڵکاریش نیشانیان دەدەین.


## یەکەم: ڕێژەی ڕاگەیاندن "وجە اخباری"

**1- ڕابردوی ڕوت "ماضی مطلق":** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردودایە، واتە لە دەمی ڕابردو دەست پێدەکا و لە دەمی ڕابردوش کۆتایی دێ. بە شێوەیەك ماوەکاتی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە ڕابردودا نیشان دەدا و دەبڕێتەوە. بۆ نمونە "آوردم".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی مطلق"**


**2- ڕابردوی بەردەوام "ماضی استمراری":** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردوەوە دەست پێدەکا و لە دەمی ئێستا کۆتایی دێ، بە شێوەیەك ماوەکاتی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لە دەمی ڕابردودا نیشان دەدا، کە تا دەمی ئێستا بەردەوامی هەیە. بۆ نمونە "می آوردم".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی استمراری"**


**3- ڕابردوی تەواو "ماضی نقلی":** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانەش هەر لە ڕابردودا یە، واتە لە دەمی ڕابردو دەست پێدەکا و هەر لە دەمی ڕابردوش کۆتایی پێ دێ. بەڵام تا دەمی ئێستاش کاریگەریی

هە یە. بە شێوەیەك ماوە كاتی ڕودا نی كار ێك یان حا ڵەتێك لە دە می ڕا بردودا نی شان دەدا، كە كاریگەریی ئەم ڕوداوە تا دەمی ئێستا دەمێنێ. بۆ نمونە "آوردەام".





هێڵکاری ماوەکاتی کاری "ماضی نقلی"

**4- ڕابردوی دور "ماضی بعید"**: ئەم ماوەكاتە لە پێش ماوە كاتی ڕا بردوی ئا سابیە، وا تە لە خاڵێكی دەمی ڕا بردو دە ست پێدەكا و لە خاڵێكی دەمی ڕا بردوش كۆ تایی دێ، كە هەر دو خاڵەكە دەكەونە پشت هەر دو خاڵی سەرەتا و كۆ تایی ماوە كاتی ڕا بردوی ئا سایی. بە شێوەیەك ماوەكاتی ڕودانی كارێك یان حاڵەتێك لە دەمی پشت ڕابردوی ئاسایی "ڕا بردوی ڕوت" نی شان دەدا. بۆ نمونە "آوردەبودم".




هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی بعید"


**5- ڕابردوی تەواوی بەردەوام "ماضی نقلی مستمر"**: وەك لە ناوەكەی د یارە ماوە كاتی ئەم ڕۆنانە بریتیە لە كۆی ماوە كاتی "ما ضی نقلی و ما ضی مـستمر = ڕا بردوی بەردەوام و ڕا بردوی تەواو"، كەواتە ماوەكاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕا بردووەوە دە ست پ ێدەكا و كاریـگەریی ڕودا نی كارە كە تا دەمی ئێستا بەردەوامی هەیە و ماوەكاتەكەشی لە ئێستادا كۆتایی دێ. بۆ نمونە "می آوردەام".




هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی نقلی مستمر"


**6- ڕابردوی هەرەدور "ماضی ابعد"**: ماوەكاتی ئەم ڕۆنانە لە پشت ماوە كاتی"ما ضی بعـید - ڕابردوی دور"ـە، كە ماوەكاتی ڕابردوی دوریش لە پشت ماوەكاتی "ماضی مطلق = ڕابردوی ئا سایی "ڕوت "ـە. كەوا تە ماوەكاتە كەی لە خاڵێكی دە می ڕا بردو دە ست پ ێدەكا و لە خاڵێكی دە می

ڕابردوش کۆتایی دێ، کە هەر دو خاڵەکە دەکەونە پشت هەر دو خاڵی سەرەتا و کۆتایی ماوەکاتی ڕابردوی دور. بۆ نمونە "آوردەبودەاند".





**7- ڕا بردوی بەردەوامی مەلموس[1] "ما ضی م ستمر مل موس"**: ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردودایە، بە شێوەیەك لەو خاڵانەی ڕابردودا دەست پێدەکا کە خەریکە ڕودانی کارەکە دەست پێبکا. کەواتە ئەم کارە هەر لە ڕابردوش کۆتایی دێ، بەلاّم بە پچڕپچڕی دەست پێدەکا. بۆ نمونە "داشتم می آوردم".

هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی بعید"




هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی مستمر ملموس"

**8- ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلموس "ما ضی نقلی مستمر ملموس"**: ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە بریتیە لە کۆی ماوەکاتی "ماضی نقلی و ماضی مستمر ملموس = ڕابردوی بەردەوام و ڕابردوی بەردەوامی مەلموس". کەواتە ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە ڕابردو دەست پێدەکا و لە دەمی ئێستا کۆتایی دێ، بە شێوەیەك لەو خاڵەی دەمی ڕابردو بە پچڕپچڕی دەست پێدەکا، کە خەریکە ڕودانی کارەکە تێیدا دەست پێبکا. بۆ نمونە "داشتە می آوردە".





هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "ماضی نقلی مستمر ملموس"

---


[1] - هێمای مەلموسیەت یان ئەو ساتەوەختەی کە خەریکە کارەکە دەست پێبکا، لە هێڵکاریەکان تیرێکە کە سەرەتاکەی پچڕپچڕە و دواتر شێوەی ڕاستەهێڵی ئاسایی وەردەگرێ، بەم شێوەیە: "……⟵".

9- **ڕانەبردو "مضارع اخباری":** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە دەمی ئێستا دەست پێدەکا، تا دەمی داهاتو. بە شێوەیەك دەشێ ئەم ماوەکاتە کە ماوەی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لەخۆ دەگرێ، هەر لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و هەر لە دەمی ئێستاش کۆتایی بێ، یان لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و لە دەمی داهاتو کۆتایی بێ، یان لە دەمی داهاتو دەست پێبکا و هەر لە دەمی دا هاتوش کۆ تایی بێ. بۆ نمونە "می آورم".





**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "مضارع اخباری"**

10- **ڕانەبردوی مەلوس "مضارع ملموس":** ماوەکاتی ئەم ڕۆنانە لە دە می ئێستادایە، وا تە خاڵی دەستپێکردن و کۆتاهاتنی هەر لە دەمی ئێستادایە، بە شێوەیەك لەو خا ڵەی دە می ئێ ستا بە پچڕپچڕی دەست پێدەکا، کە خەریکە کارەکە تێیدا ڕوبدا. بۆ نمونە "دارم می آورم".





**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "مضارع ملموس"**

11- **ئێ ستا "ز مان حال":** تەنها چاوگەکانی "دا شتن و هـ ستیدن" ئەم ڕۆنا نەیان هە یە، ماوە کاتی ئەم ڕۆنا نە لە دە می ئێ ستادایە، وا تە هەر دو جەمـ سەرەکەی ماوەکاتە کە لە دە می ئێستادایە. بۆ نمونە "دارم، هستم".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "زمان حال"**


**12- داهاتو "زمان مستقبل"**: ماوەكاتی ئەم ڕۆنانە لە دەمی داهاتودایە، واتە لە دە می دا هاتو دەست پ ێدەكا و هەر لە دە می دا هاتوش كۆ تایی دێ. بە شێوەیەك ماوە كاتی ڕودا نی كار ێك یان حاڵەتێك لە دەمی داهاتودا نیشان دەدا. بۆ نمونە "خواهم آورد".




هێڵكاریی ماوەكاتی كاری "زمان مستقبل"


## دوەم: ڕێژەی دانانی "وجه انشائی"

**1- ڕابردو "ماضی التزامی"**: بە هەمان شێوەی ڕۆ نانی "ما ضی مطلق اخ باری = ڕا بردوی ڕوتی ڕێژەی ڕاگەیاندن"، ماوەكاتی ئەم ڕۆنانە لە دەمی ڕابردودا یە، وا تە لە دە می ڕا بردو دە ست پ ێدەكا و لە دە می ڕا بردوش كۆ تایی دێ. بە شێوەیەك ماوە كاتی ئە گەری ڕودا نی كار ێك یان حاڵەتێك لە ڕابردودا نیشان دەدا و دەبڕێتەوە. بۆ نمونە "آورده باشم".




هێڵكاریی ماوەكاتی كاری "ماضی التزامی"


**2- ڕانەبردو "مضارع التزامی"**: ئەم ڕۆنانەش وە كو ڕۆ نانی "مـضارع اخـ باری = ڕا نەبردوی ڕێژەی ڕاگەیاندن"، ماوەكاتە كەی لە دە می ئێستا دە ست پ ێدەكا، تا دە می دا هاتو. بە شێوەیەك دەشێ ئەم ماوەكاتە كە ماوەكاتی ئەگەری ڕودانی كارێك یان حاڵەتێك لەخۆ دەگرێ، هەر لە دە می ئێستا دەست پێبكا و هەر لە دەمی ئێستاش كۆتایی بێ، یان لە دەمی ئێستا دەست پێبكا و لە دەمی داهاتو كۆتایی بێ، یان لە دەمی داهاتو دەست پێبكا و هەر لە دەمی داهاتوش كۆتایی بێ. بۆ نمو نە "بیاورم".




هێڵكاریی ماوەكاتی كاری "مضارع التزامی"

## سێیەم: ڕێژەی فەرماندان "وجه امری"

**1- ڕانەبردوی فەرماندان "امر":** ئەم ڕۆنانەش وەکو دەمی "مضارع اخباری و مضارع انشائی= ڕا نەبردوی ڕ ێژەی ڕاگەیا ندن و دا نانی"، ماوەکاتە کەی لە دە می ئێ ستا دە ست پ ێدەکا، تا دە می داهاتو. بە شێوەیەك دەشێ ئەم ماوەکاتە کە ماوەی ڕودانی کارێك یان حاڵەتێك لەخۆ دەگرێ، هەر لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و هەر لە دەمی ئێستاش کۆتایی بێ، یان لە دەمی ئێستا دەست پێبکا و لە دەمی داهاتو کۆتایی بێ، یان لە دەمی داهاتو دەست پێبکا و هەر لە دەمی دا هاتوش کۆ تایی بێ. بۆ نمونە "بیاور".




**هێڵکاریی ماوەکاتی کاری "امر"**

جێی سەرنجە، ئەم سێ تێبینیەی خوارەوە بدەین:

- ماوەکاتی ڕۆنانە بکەرنادیارەکانیش وەك بکەردیارەکانن، بۆیە ئاماژەمان پێ نەدان.

- لە هەندێك ڕۆناندا ئەگەرچی جۆر و ژمارەی مۆرفیمە کاتەکانیان جیاوازن، بۆ نمو نە ڕۆ نانی "ڕانەبردوی ڕاگەیاندن - دەهێنم" و "ڕا نەبردوی فەرما ندان - بهێ نە" ماوە کاتی هەردوکیان هەر ڕانەبردو "موزاریع"ـە. ئەوەی یەکەم مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتوی تێدا یە، کە چی ئەوەی دوەم تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستای تێدا یە. بەڵام لە بەر ئەوەی هەمان ماوەکاتیان هە یە، شیکردنەوەی ماوەکاتەکانیانمان وە کو یەك نی شان داوە، بەو پێ یەی ( بۆ زا نینی دەلالە تەکانی کار پێویستە بە شێوەیەکی گشتی لە مانای کار تێبگەین، بڕیاردان تەنها لە ڕێی پارچەکانی نێو ڕۆنانەکە دە شێ بە هەڵەمان ببات).[1]

---

[1] – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص76.

- له بەر  ئەوەی ل ێرەدا  کاری ئێ مە  تەنها نی شاندانی ماوەکاتەکا نە،  نەوەك  جۆر و ژ مارەی مۆرفیمە کاتەکان، بۆیە شیکردنەوە و نیشاندانی جۆر و ژ مارەی مۆرفی مە کا تەکان  باس نا کەین و لە شوێنی خۆی باسیان دەکەین.

# بەشی دووەم

## تێنس لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا

# دەسپێك

ئەركی ئێمە بە شێوەیەكی گشتی لەم بەشەدەرخستنی ئەو دەمە یە، كە دەكەوێتە ناو كارەكانەوە و لەگەڵ ڕەگی كار دەمی ڕودان یان ڕونەدانی پرۆسەی ڕوداوێك دیاری دەكا. واتە ئەو كاتانەی كە مۆرفیمە كاتەكانی ناو كارەكە پەیوەست بە ڕەگی كارەكانەوە بە پێی ڕێژە و دەمی كارەكان دەردەكەون و ئەرك وەردەگرن.

لەم بەشەدا تێنسی هەمو جۆرە كارەكانی زاری ناوەڕاستی زمانی كورد یمان وەرگرتوە، مەبەستیش لە جۆرەكانی كار لەم ڕوانەوەیە: جۆرەكانی كار لە ڕوی هێز، ڕۆنان، بكەردیاری، ئەرێ و نەرێ. لە هەمو دۆخەكانیش كارەكان شی كراونەتەوە. بۆ نمونەكان تەنها "كار"ـمان وەكو نمونە هێناوەتەوە، هەر چەندە خودی كار لە زمانی كوردی[١] و فارسیشدا سادەترین ڕۆنانی ڕستەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هەر شوێنێكی پێویست، كە نمونەكە لە كاری زێتر پێویست بوبێ، ئەوا كەرەستەی دیكەمان لە ڕستەدا لە پاڵ كار ڕیز كردوە.

ئێمە لە هەمو چاوگەكانی زمانی كوردی، تەنها چەند دانەیەكمان بە نوێنەرایەتی هەمو چاوگەكان -جگە لە ڕیزپەڕەكان-ی زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی وەرگرتوە، كە ئەمانەن: (هێنان، داهێنان، ناوهێنان) و (كەوتن، هەڵكەوتن، ژێركەوتن)، كە پێمان وایە دۆخی كاری ئەم چاوگانە لە نێو كارەكانی دیكەی ئەم زارە هەڵسوكەوتێكی میانەیی و گشتییان هەیە، بە شێوەیەك كە ئەدگار و پێكهاتە و گۆڕانەكانیان بە شێوەیەكی گشتی وەكو زۆربەی كارەكانی دیكەی ئەو زارەیە، بۆیە ئەو نمونانە دەتوانن ببنە نمونەی ڕونكردنەوە بۆ كارەكانی دیكەش، كە ژمارەیان بە سەدانە. هەروەها (- هە- بون) و هەمو جۆرەكانیمان لە ڕوی (جوتتوخمی "مولكیەت" و تاكتوخمی "و جودی" و كەینونە و سەیرورە) وەرگرتوە. هەر چەندە چاوگی (- هە-بون)یش وەكو چاوگە تێنە پەڕەكانی دیكە تەواو و ئاسایین، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند تایبەتمەندیەكی زمانی و دەلالییان لە كۆنتێكستی ڕستەكان و لە ڕۆنانیشدا هەیە و كارەكانی دیكە بەو شێوەیە نییانە، بۆیە ئێمە بە جودا لە هەمو چاوگەكانی دیكە باسمان كردوە.

بە شێوەیەكی گشتی هەردو جۆری (-هە-بون)ی (جوتتوخمی و تاكتوخمی) بۆ نمونە (هەمن و هەم)، ناوی (هەبونی مولكیەت) (هەبونی وجود)یان بۆ بەكار هاتوە.[٢] هەروەها بەم دوایییە ناوی (لە ئارا هەبون)یش بەكار هاتوە، بە شێوەیەك بۆ نمونەیەكی وەك (هەم) ناونیشانی "لە ئارا هەبون.. ئەگەر خاوەن دەرنەكەوتبێ" و بۆ نمونەیەكی وەك (هەمن) ناونیشانی "لە ئارا هەبون..

---

1– جگە لە هەندێك حاڵەتی زاری باكور، كە تێیاندا كار بە تەنها ناتوانێ ببێتە سادەترین ڕستە، دەبێ كەرەسەی دیكە لە پاڵ كار بەكار بێ، تا ببێتە سادەترین ڕستە.

2 – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –كردار–، ...ل275.

ئەگەر خاوەن دەرکەوتبێ" بەکار هاتوە.(ت) کەچی ئێمە بە گوێرەی ژمارەی ئەو ڕاناو (توخم )ـانەی هەر یە کە لەو دو جۆرەی ( هەبون) وەر یدەگرن، ناوی ( هەبونی جوت توخمی) و ( هەبونی تاکتوخمی)ـمان لێ ناون. ئەم ناولێنانەش لە ناوەکانی پێشوتر بە ڕونتر و یەکلاکەرەوەتر دەزانین.

ئێمە بۆ نمو نەی چاوگە ئا ساییەکانی ئەم بە شە، وەك لە سەرەوە ئاماژە مان پێ دا، شەش چاوگمان هێناوە تەوە، کە لە هەمویا ندا فۆرمی "هێ نان" یان " کەوتن" هە یە و هەر ئەو دو فۆرمەش لە دۆخی کاری ئەم چاوگانە گەردان دە بن. دوای گۆڕانی دۆ خی چاوگ بۆ دۆ خی کار، ڕە گی هەر یەك لە دو کارە کە لە ڕۆ نانی ڕا بردو و ڕا نەبردودا هەمان فۆرمن " هێن+ا+م"، "دە+ هێن+∅+م" و " کەو+ت+م"، "دە+ کەو+∅+م". ئە مەشمان بە ئاگادار یەوە کردوە، بۆ ئەوەی نمونەی کارەکان لە هەمو ڕوەکانەوە دەستوری بن و دوربن لە د یاردەی ڕێز مانیی ڕیز پەڕ، چونکە وە کو گو تمان نمو نەی ئەم کارا نە نوێنەرا یەتی زۆر بەی کارە کورد یەکان دە کەن، کە زۆر بەیان دە ستورین. بەڵام لە گەڵ ئەوە شدا زۆر کار مان هەن. لەوەدا نادە ستوری و ڕیز پەڕن، کە فۆرمی ڕەگەکەیان لە دەمی ڕابردو و ڕانەبردو لێك جیاوازن. بۆ نمونە چاوگی "شو شتن" کە دە گۆڕێ بۆ دۆخی کار لە دەمی ڕابردودا "شوش"ـە و لە دەمی ڕانەبردودا " شۆ"یە: "شو شتم، دە شۆم"، بەڵام لە شیکردنەوەی ڕۆ نانی نمو نەی خ شتەکان ئاماژە مان بەوە نەداوە، کە ئەم ڕە گەیان لە دە می ڕا بردوە و ئەوەی دیکەیان لە دە می ڕا نەبردوە، بەو پێ یەی خوێ نەر لە ناونیـ شانی خ شتەکەوە دەزا نێ ڕە گی نمو نەی کاری خ شتەکان لە دە می ڕا بردون یان لە دە می ڕا نەبردون، چونکە لە ناونیـ شانی خ شتەکان ئا ماژە بە دە می نمو نەی کاری خ شتەکان کراوە، کە لە دە می ڕا بردو یان ڕانەبردو (ئێستا یان داهاتو)ـن.

ئەم ڕونکرد نەوەی سەرەوە لە بارەی ڕەگ لە دە می ڕا بردو و ڕا نەبردودا، بۆ ڕە گی ئەو "بون"ـانەش ڕاستە، کە لە ڕۆنانی هەندێك دەم و ڕ ێژەی کاردا وە کو کاری یار یدەدەر سودیان لێ وەر گیراوە، چونکە ڕە گی "بون "ـیش دە ستوریە و لە هەر دو دە می ڕا بردو و ڕا نەبردودا هەر "بـ"ـە.

لەم بە شەدا تێنـ سەکان بە پـێی شێوەگرتنی کارە کان، لە هەر سێ دە می ڕا بردو و ڕا نەبردو (ئێستا و دا هاتو)، هەروەها ڕ ێژەکانی ڕاگەیا ندن و دا نانی و فەرما ندان د یاری کراون و مۆڕفیـمە کاتەکانیان و شوێن و ئەرك و ئەو گۆڕانانەی بەسەریان دێ، دەستنیشان کراون.

لەبەر ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵێنەوە یەدا پتر مەبە ستمان دەرخـستن و شیکردنەوەی مۆرفیمی کاتەکان و ڕەگی کارەکا نە، کە لە کاردا تـێنس درو ست دە کەن، بۆ یە پتر گرنـگی بە دەر کەوتن و

---

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە–بون–) لە زمانی کوردیدا، ... ل42،43.

دەرنەکەوتنی ئەو کەرەستە زمانیانە نادەین، کە لە ڕستەدا دەکەونە دەرەوەی کارەکانەوە، تەنها لە حاڵەتی پێویست نەبێ.

لە بارەی چەمکی تێپەڕی و تێنەپەڕیی نمونەی ئەو کارانەی هێناومانەتەوە، بە پێی بۆ چونی زمانەوانیی نویٚ، ئەو کارا نەمان بە تێپەڕ دا ناوە، کە دو توخم وەردەگرن و توخمێکیان کار ێك ئەنجام دەدا و ئەوەی دیکەشیان ئەنجامی کارەکەی توخمی یەکەمی بەسەردا دێ و قبوڵی دەکا. ئەو کارانەشمان بە تێنەپەڕ داناوە، کە یەك توخم وەردەگرن، جا کار ێك ئەنجام بدا، یان ئەنجا مدانی کارێك بەسەر خۆیدا قبوڵ بکا. لەم بارەیەوە "ئەوڕەحمانی حاجی مارف" بۆ "تێنەپەڕی بکەری"، وا تە بۆ ئەو کارە تێنەپەڕا نەی توخمە کە لە ژ ێر دە سەلاٚتی خۆی کارە کە ئەنجا دەدا، ناوی "تێنەپەڕی خوازەکی" یان "تێپنەڕی گوێزانەوە"[1] دا ناوە و بۆ "تێنە پەڕی بەرکاری"ـیش، وا تە ئەو کارە تێنەپەڕانەش ڕوداوە کە لە سەروی دە سەلاٚتی توخمەکە یە، ناوی "تێنە پەڕی ڕودان"ـی داناوە.[2]

سەبارەت بە چەمکی بکەری و بەرکاری لەو نمونا نەی هێناومانە تەوە، هەر بە پێی بۆ چونی زمانەوانیی نویٚ ئەو ڕاناوە لکاو "توخم"ـانەمان بە بکەر دا ناوە، کە کارێکیان ئەنجام داوە و ئەو ڕاناوە لکاوانەش کە کارێکیان بەسەردا ئەنجام دراوە، بە بەرکارمان دا ناون. ئەو ڕاناوا نەش کە نە کارێکیان ئەنجام داوە و نە کارێکیشیان بەسەردا ئەنجام دراوە، تەنها خاوەنێتی شتێك دە نوێنن، بە ڕاناوی خاوەنمان داناون و ئەو ڕاناوانەش کە بە شتێك خاوەندارن، بە ڕاناوی خاوەندارمان داناون.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی ڕاناوی بکەر و بەرکار لە کارە تێپەڕەکان ئا سانە و مـشتومڕیان لە سەر نیە، ئەوەی هەندێك مشتومڕ هەڵدەگرێ، دیاریکردنی ئەو تا کە ڕا ناوەی کاری تێنە پەڕە، کە ئا یا بکەرە یان بەرکارە. ئێمە بۆ د یاریکردنی بکەر یان بەرکاریی ئەو ڕا ناوە پشتمان بەم بۆ چونە بە ستوە: (هە ندێك د یاردە - چاوگ- ڕوداو یان لە ژور دە سەلاٚتی مرۆڤدا یە، وەك " مردن، خزین، پژمین، کەوتن .... هتد". بکەری ئەم ڕوداوا نە لە ژ ێر کاریگەریی هێزێکی ناد یار هەڵسوکەوت دە نوێنن. ئەم هێزە ناد یارە بکەرە سیمانتیکیەکەیە و ئەوەی لە ڕێزما ندا بە بکەری تێنە پەڕ ناودەبرێ، لە ڕاستیدا چەمکی بەرکاری بەردەکەوێ).[3]

ئێمە ئەم ڕا یەمان پە سند کردوە، لە شیکردنەوەی هەمو خ شتەکاندا بە توخم "ڕا ناو"ی ڕۆنانەکانی کاری "کەوتن"ـمان گوتوە "بەرکار". بۆ ڕۆنانەکانی (ژ ێر کەوتن)ـیش هەمان تێبینی سەرەوەمان پراکتیزە کردوە، بەلاٚم بۆ ڕۆنانەکانی "هەڵکەوتن" -کە لای ئێمە بە ما نای کە سێك بە هەوڵ و کۆش شی خۆی لە بوارێکدا هەڵبکەوێ هاتوە-، بە توخمی هەمو ڕۆنا نەکانیمان گو توە

---

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل111.
[2] – هەمان سەرچاوە، ل55.
[3] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، ...ل184.

(بکەر)، چونکە پێمان وایە مرۆڤ لە دەسەڵاتی خۆیدایە، کە هەڵبکەوێ یان هەڵنەکەوێ. بە مەش لە گەڵ ڕا یەکی دیکەی "ور یا عومەر "ـدا دژڕا دە بین، کە پ یێی وا یە ((بکەری هەمو فر مانێکی تێنە پەڕ لە بنا غەدا بەرکارە)).[1] چونکە بە پ یێی ئەم ڕا یە، نابێ هیچ کارێکی تێنە پەڕ بکەر وەربگرێ و بکەری هەبێ. لە کاتێکدا ئا شکرایە کە تا کە ڕا ناوی - بۆ نمو نە- هەر یەك لەم کارا نە "دادەنیشم، دەڕۆم،..." لە دەسەڵاتی خۆیدایە (دابنی شێ یان دانەنی شێ) و ( بڕوا یان نەڕوا)، هەر بەم دەسەڵاتەشە کە دەبنە بکەر.

---

[1] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، ...ل184.

# بەندی یەکەم: تێنس لە کاری ڕێژەی ڕاگەیاندن (ئیخباری)

## 1-دەمی ڕابردوی ڕاگەیاندن:

### ا- تێنس لە دەمی ڕابردوی کاری ئاسایی:

#### 1- کاری ڕابردوی ڕوت (سادە):

ئەم ڕۆنانە جگە لە ڕوت و (سادە) شی پێ دە گوترێ، بەڵام ئێمە زاراوەی (ڕوت )ـمان بۆ بەکار هێنا، چونکە لە ڕوی ڕۆنا نەوە تەنها لەو مۆرفیما نە پـێك دێ، کە پێویـستە لە سادەترین کاردا هەبن. واتە هیچ مۆرفیمێکی پێویستیی لاوەکی لەگەڵدا نیە.

| خشتەی ژمارە (1) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ك.2 تاکە، بەرکار ك.1 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێناتین | ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+بەرکار<br>هێن+ا+ت+ین ت:د.خ ین:د.ڕ | سادە |
| | | | داتهێناین | پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+ت+هێن+ا+ین | داڕێژراو |
| | | | ناوت هێناین | پ-1+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+ت+هێن+ا+ین | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەتهێناین | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+ت+هێن+ا+ین | سادە |
| | | | داتنەهێناین | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+ت+نە+هێن+ا+ین | داڕێژراو |
| | | | ناوت نەهێناین | پ-1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+ت+نە+هێن+ا+ین | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | کەوتی | ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>کەو+ت+ی ی:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵکەوتی | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر<br>هەڵ+کەو+ت+ی | داڕێژراو |
| | | | ژێر کەوتی | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ژێر+کەو+ت+ی | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتی | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+کەو+ت+ی | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتی | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر<br>هەڵ+نە+کەو+ت+ی | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتی | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ژێر+نە+کەو+ت+ی | لێکدراو |

لەم کارە (هێـناتین)، کە ڕا ناوە بکەرە کەی لە دە ستەی خاوەنـ یە و ڕا ناوی بەرکارە کەش لە دەستەی ڕێککەوتنە، ئەگەر لە مێژودا ئەم ڕۆنا نە دروستترین و تا کە ڕۆ نانی ئەم کارە (ڕا بردوی ڕوتی ڕێژەی ڕاگەیاندن) بوبێ، ئەوا ئێستا جۆرێکی دیکە شی هە یە، کە هەردو ڕاناوە کە (بـکەر و بەرکار) سەر بە دەستەی خاوەنین و لە نوسین و ئاخاوتنندا بەکار دێن، کە بەم شێوەیەیە:

هێنامانت = ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+بکەر = هێن+ا+مان+ت

نمونەکانی دیکەش وایان لێ دێ:

داتهێناین ـــــــــ دامانتهێنا = پێشگر+بەرکار+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ = دا+مان+ت+هێن+ا

ناوت هێناین ــــــ ناومانت هێنا = پ-1+ بەرکار+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ = ناو+مان+ت+هێن+ا

نەتهێناین ـــــــ نەمانتهێنا = ن.ن+بەرکار+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ = نە+مان+ت+هێن+ا

داتنەهێناین ــــــ دامانتنەهێنا = پێشگر+بەرکار+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ = دا+مان+ت+نە+هێن+ا

ناوت نەهێناین ـــــ ناوما نت نەهێنا = پ-1+بەرکار+بـ کەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ = ناو+مان+ت+نە+هێن+ا

لەبەر ئەوەی زۆربەی کارە داڕێژراو و لێکدراوەکان بە هۆی پێشگر یان وشەیەکەوە -واتە لە هەر دو دۆخدا بێ پاشگر- درو ست دەبن، بۆیە نمونەی سەرەکیمان لەم خشتەیەدا بە کارێکی داڕێژراوی (پێشگر+ڕەگ) و کارێکی لێکدراوی (پ-1+ڕەگ) هێناوەتەوە.

سەبارەت بە کاری داڕێژراو "ئەوڕەحمانی حاجی مارف" پێ وایە: (( هەرچەندە کرداری داڕێژراو بە یارمەتی پێشگر و پاشگر پێك دێ، بەلاّم لەم کارەدا پێشگر گرنگترە)).[1] چونکە (( لە زمانی کوردیدا تەنها دو پاشگر هەن، کە کاری داڕێژراو درو ست دەکەن، ئەوانیش "ـەوە" و "ـاندن"ـن)).[2]

پاشگری "ـەوە" وەکو مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ (تەنها دەچێتە سەر چاوگی سادە و چاوگی داڕێژراو دادەڕێژێ، زۆر بە دەگمەنیش دەچێتە سەر ڕەگ و ناوی داڕێژراو درو ست دەکا).[3] لە لایەکی دیکە"ئەوڕەحمان" هەر خۆی لە بارەی پاشگرێتی "ـەوە" نیشانی داوە، کە ("ـەوە" لە زاری سەرو لە شێوەی پێشگری "ڤەـ" و لە زاری خواروش لە شێوەی پێشگری "واـ" دەردەکەێ. تەنها لە زاری ناوەڕاست "ـەوە" و ڕۆژهەلاّت "هەورامی" "ـۆ" وەکو پاشگر دەردەکەوێ).[4]

هەرچەندە ئەو ڕونکرنەوەیە لاوازیی پاشگرێتیی (ـەوە) بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردی نیشان دەدا، لەگەڵ ئەوەش لەبەر ئەوەی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی وەکو پاشگرێکی ئاسایی بێ کەموکوڕیی ئەرك وەردەگرێ و کاری داڕێژراوی لە شێوەی (ڕەگ+پاشگر) یان (پێشگر+ڕەگ+پاشگر) دادەڕێژێ و هەروەها لە داڕشتنی کاری لێکدراویش لە شێوەی (پ-1+ڕەگ+پاشگر) بەشداری دەکا، بۆیە بۆ ئەوەی ئەم لایەنەش فەرامۆش نەکەین، بە پێویستی دەزانین، کە بۆ نمونەی کاری تێپەڕ چاوگەکانی (کردنەوە = سادە+پاشگر) و (بەردانەوە =

---

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل68.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل85–90.

[3] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –مۆرفۆلۆژی–، بەشی یەکەم –ناو–، ... ل130.

[4] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل86–88.

داڕێژراو+پاشگر) و (سورکردنەوە = لێکدراو+پاشگر) وەك نمو نە بێنیـنەوە، بۆ هەمو ئەو کارا نەی کە (پاشگر) یان (پاشگر و پێشگر) لە ڕۆنانیان بەشدارن، کە لە ڕوی ڕۆنا نەوە لە هەر دو دۆخی ئەرێ و نەرێ شییان دەکەینەوە:

کردتینەوە = ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+بەرکار+پاشگر = کر+د+ت+ین+ەوە

کەواتە کاری داڕێژراو بە پاشگر هەمان ڕۆنانی کاری ڕوتی هەیە، جگە لەوەی پاشگرێکی هە یە، کە دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکەوە.

نەتکردینەوە = ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+پاشگر = نە+ت+کر+د+ین+ەوە

کەواتە جیاوازیی نێوان ڕۆ نانی دۆ خی نەرێی هەر دو کاری داڕ ێژراوی (1-داتنەهێناین) و (2-نەتکردینەوە) ئەمانەن:

1- لە هی یەکەم (پێشگر) یەکەم بەشی ڕۆنانەکەیە و (پاشگر)ی نیە. لە هی دوەم (پێشگر)ی نیە و (پاشگر) دواین بەشی ڕۆنانەکەیە.

2- لە هی دوەم (ن.ن) یەکەم بەش و (بکەر) بە شی دوە می ڕۆنانەکە یە، بەڵام لە هی یە کەم (بکەر) دوەم بەش و (ن.ن) سێیەم بەشی ڕۆنانەکەیە.

بەرتدایینەوە = پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+پاشگر = بەر+ت+د[(1)]+ا+ین+ەوە

کەواتە هەمان ڕۆنانی کاری داڕێژراوی (داتهێناین)ی هەیە، جگە لەوەی ئەمەیان پا شگرێکی هەیە، کە ئەویش دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکەوە.

بەرتنەداینەوە = پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+پاشگر = بەر+ت+نە+دا+ین+ەوە

کەوا تە لە دۆ خی نەرێش (بەرتنەدایـنەوە) هەمان ڕۆ نانی (داتنەهێناین )ی هە یە، جگە لەوەی پاشگرێکی هەیە، کە دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکە.

هەروەها چاوگی (سورکردنەوە) بەم شێوەی لێ دێ:

سورت کردینەوە = پ-1+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+پاشگر = سور+ت+کر+د+ین+ەوە

کەوا تە هەر دو کاری ( ناوت هێـناین) و ( سورت کردیـنەوە) هەمان ڕۆناـنیان هە یە، جگە لەوەی هی دوەم پاشگرێکی لەوەی یەکەم زێترە، کە ئەویش دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکە.

سورت نەکردینەوە = پ-1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+پاشگر = سور+ت+نە+کر+د+ین+ەوە

کەواتە هەر دو کاری دۆخی نەرێی (ناوت نەهێناین) و (سورت نەکردینەوە)ش هەمان ڕۆناـنیان هەیە، جگە لەوەی هی دوەم پا شگرێکی لەوەی یە کەم زێترە، کە ئەویش دەکەوێتە دوا ین بە شی ڕۆنانەکە.

---

1 – ڕەگی "دان" "دە"یە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوتۆتە تەنیشت "ا"ی مۆرفیمی کاتی ڕابردو، کە بزوێنێکی بە هێزە، بزوێنی "ە" لە ڕەگی "دە" بە هۆکاری دەنگسازی تێچوە.

بەرامبەر چاوگە تێنە پەڕەکانیش، چاوگەکانی (نیشتنەوە = سادە+پاشگر) و (هەڵنیشتنەوە = داڕێژراو+پاشگر) و (سوربونەوە = لێکدراو+پاشگر)مان وەکو سێ نمونەی چاوگی داڕێژراو و لێکدراو هێناوەتەوە، کە (پاشگر) لە ڕۆنانی هەمویان بەشدارە.

نیشتیەوە = ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+پاشگر = نیش+ت+ی+ەوە

وەك دەبینین (نیشتیەوە) هەمان ڕۆنانی کاری تێنە پەڕی ڕوتی (کەوتی) هەیە، جگە لەوەی کاری یەکەم پاشگرێکی لە کاری دوەم زێترە، کە ئەویش دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکە.

هەڵنیشتیەوە = پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+پاشگر = هەڵ+نیش+ت+ی+ەوە

دەبینین (هەڵنیشتیەوە) هەمان ڕۆنانی کاری تێنە پەڕی داڕێژراوی (هەڵکەوتی) هەیە، جگە لەوەی کاری یەکەم پاشگرێکی لە کاری دوەم زێترە، کە ئەویش دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکە.[1]

لە دۆخی نەرێشدا هەر دو کارەکە (نەنیشتیەوە) و (هەڵنەنیشتیەوە) بەم شێوەیەن:

نەنیشتیەوە = ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+پاشگر = نە+نیش+ت+ی+ەوە

کەواتە هەر دو ڕۆنانەکە (نەنیشتیەوە) و (هەڵنەکەوتی) هەمان ڕۆنانیان هەیە، جگە لەوەی لە ڕۆنانی کاری یەکەم پێشگرمان لە بەشی یەکەمی ڕۆنانەکە هەیە و پاشگرمان نیە. لە ڕۆنانی کاری دوەمیش پاشگرمان لە دواین بەشی ڕۆنانەکە هەیە و پێشگرمان نیە.

هەڵنەنیشتیەوە = پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+پاشگر = هەڵ+نە+نیش+ت+ی+ەوە

کەواتە دیسان هەر دو کاری (هەڵنەنیشتیەوە) و (هەڵنەکەوتی) هەمان ڕۆنانیان هەیە، جگە لەوەی کاری یەکەم پاشگرێکی لە کاری دوەم زێترە، کە دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکەوە.

هەروەها چاوگی (سوربونەوە) کە وەك چاوگێکی لێکدراو لە ڕۆنانیدا (پاشگر) هەیە و بەرامبەر (ژێرکەوتن) هێناومانەتەوە، لە ڕوی ڕۆنانەوە بەم شێوەیە:

سوربویەوە = پ1+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار+پاشگر = سور+ب+و+ی+ەوە

وەك دەبینین (سوربویەوە) هەمان ڕۆنانی (ژێر کەوتی) هەیە، جگە لەوەی کاری یەکەم پاشگرێکی لە کاری دوەم زێترە، کە دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکەوە.

لە دۆخی نەرێش (سورنەبویەوە) هەمان ڕۆنانی (ژێر نەکەوتی) هەیە، جگە لەوەی کاری یەکەم پاشگرێکی لە کاری دوەم زێترە، کە دەکەوێتە دواین بەشی ڕۆنانەکەوە.

جگە لەو نمونانەی کە (پاشگر) لە ڕۆنانیان بەشدارە و هەندێکیانمان لە سەرەوە شی کردنەوە، نمونەی چاوگی دیکەشمان هەن، کە (ناوگر) لە ڕۆنانیان بەشدارە، وەکو (دەنگ هەڵبڕین،

---

1 – هەندێك لەو کارانەی لە سەرەوە بەراوردمان کردون، لە ڕوی هێزیشەوە جیاوازییان هەیە، کە ڕاناوی یەکێکیان بکەرە و هی ئەوەی دیکەیان بەرکارە، بۆ نمونە هەر دو کاری "نیشتیەوە" و "کەوتی"، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستی ئێمە بەراوردی ژمارە و شوێنی مۆرفیمە پێکهێنەکانی کارەکانە، بۆیە ئاماژەمان بۆ بکەری یان بەرکاریی ڕاناوی کارەکان نەکردوە.

پشتتێکردن...تد)، ئەگەر بۆ پێکهاتەکانیان شییان بکەینەوە، ئەوا وەکو نمو نەکانی سەرەوە دە چنە ناو دەستورێکەوە و لێی لانادەن، دەستورەکەش بەم شێوەیە:

1- ئەو دۆخانەی کار کە یەك ڕا ناوی لکاو وەردە گرن، وە کو کاری تێنە پەڕ و کار لە دۆ خی بکەرنادیاردا، کە ڕاناوەکەش سەر بە دە ستەی ڕێککەوتـنە، ڕا ستەوخۆ دە چنە سەر ئەو مۆرفیمی کاتەی کە ڕاستەوخۆ لە دوای ڕەگی کار دێ. جا ئەو کارە سادە یان ناسادە، ڕابردو یان ڕا نەبردو، لە دۆخی ئەرێ یان نەرێدا بێ. بۆ نمونە (کەوتم، دەکەوØم، هەڵکەوتم، نا کەوØم، هێـنرام، دەهێـنرێم) دەبینین لە هەمو نمونەکان ڕاناوە لکاوەکە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە دوای مۆرفیمی کاتی دوای ڕەگەکە.

2- ئەو دۆخانەی کار کە دو ڕاناو وەردەگرن، وە کو کارە تێ پەڕەکان لە دۆ خی بکەردیاردا، کە ڕاناوەکانیش یەکێکیان لە دەستەی ڕێککەوتنە و ئەوی دیکەیان لە دەستەی خاوەنیە. جا کارەکە لە هەر دۆخێکی ڕابردو یان ڕانەبردو، ئەرێ یان نەرێدا بێ، ئەوا:

ا- ڕاناوەکەی دەستەی ڕێککەوتن بکەر یان بەرکار بێ، لە کارێکی سادە یان نا سادە بێ، دە چێتە سەر ئەو مۆرفیـ مە کا تەی کە ڕا ستەوخۆ لە دوای ڕە گی کار دێ. بۆ نمو نە (خواردـنت) (دامدەهێنان). وەك دەبینین لە نمونەی یەکەم ڕاناوی "ن" بکەرە و لە هی دوەمیش "ن" بەرکارە، لە هەردوکیـشیان سەر بە دە ستەی ڕێکـکەوتنن و ڕا ستەوخۆ چونەتە سەر مۆرفیمی کاتی دوای ڕەگ.

ب- ڕاناوەکەی دەستەی خاوەنیش ڕاستەوخۆ لە دوای یەکەم بەشی ڕۆنانەکە دێ، ئەگەر یە کەم بەشی ڕۆنانە کە یەکێك لەما نە: (پێـشگر " هەڵ، وەر، دا،... تد"، مۆرفیمی کاتی ئێـستا "دە/ ئە"، نیـشانەی نەرێ " نە، نا، مە، نی"، مۆرفیمی بـکەرئارایی " بـ"..تد) بێ. بۆ نمو نە ( هەڵمانگرت، وەرمانگرت، دامانگرت، نەمانگرت، نامانگرن، مەمانگرن، دە مانگرن، بـمانگرن، نیما نـن)، دەبـینین لە هەمو نمونەکان ڕاناوی "مان"ی دەستەی خاوەنی ڕاستەوخۆ لە دوای یەکەم بەش یان پار چەی کارەکانەوە هاتون.

کەچی ئەگەر هیچ یەکێك لەو مۆرفیـمە بەندا نەی لە سەرەوە وا تە هەر لەم خاڵی "ب"ـە ناو بران، لە ڕۆنانەکەدا نەبن، ئەوا ڕاناوەکەی دەستەی خاوەنیش دەچێتە سەر ئەو مۆرفیمی کا تەی، کە ڕا ستەوخۆ چۆتە سەر ڕە گی کارە کە. ئەو کا تە ڕاناوە کەی دە ستەی ڕێـکەوتنیش ڕا ستەوخۆ دەچێتە دوای ڕاناوەکەی دەستەی خاوەنی، وەکو (هێنامانـــن).

لە بارەی پا شگرێیتی (-ا ندن)یش "نە سرین فەخری" لە کۆ تایی لێکۆڵینەوە کەی لە بارەی (-اندن )ـەوە دە ڵێ: (ز یادیی "-ا ندن" چ پـ ێی بـگوترێ "پا شگر" چ " ئامراز" و چ "تە سریفی" لە کاری کوردیدا چەند ڕۆڵ و سروشتێکی تایبەتی هەیە، کە لە پا شگرەکانی دیـکەی جودا دەکا تەوە، یەکیان ئەوەیە کە تێکەڵ بە پێکهاتە و ڕۆنانی کار دەبێ. دوەمیش ئەوەیە کە لە گەردانی کار لە

ڕا بردووەوە بۆ ڕا نەبردو شێوەی دە گۆڕێ).(٣٤) "محە مەد مەعروف "یش مۆرفیمی "-ا ندن" بە مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی دادەنێ،(٣٥) نەوەك مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژ. کەوا تە پا شگر نیە و لە داڕشتنی کاردا ڕۆڵی نیە.

"ئەوڕەحمان"یش ئەگەرچی وەك پێشتر ئاماژە مان پێ دا، "-اندن"یشی لە ڕیزی "ـەوە" بە پاشگری داڕێژەری کار داناوە، بەلاّم دوا تر بە دودلّیەوە لە بارەی پا شگرێتیی "-اندن"ـەوە دە لێ: (لەبەرئەوەی ڕۆڵی سەرەکی "-اندن" گۆڕینی کاری تێنەپەڕە بۆ تێپەڕ، بۆ یە بیر لەوە دەکەینەوە، کە بۆمان دەربکەوێ، کە ئایا "-اندن" پاشگرە(٣٦) یان نیشانەیە. بێ گومان ئە گەر دەوری ڕۆنانیا نە نەبینی و تەنها ما نای ڕێز مانی بگە یەنێ، ئەوا دە بێ "نیشانە" بێ ... ئەم با سە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە).(٣٧) خۆ ئەگەر بۆچونەکەی "عەبدوڵلاّ حوسێن" لە بارەی "-اندن"ـەوە وەربگرین، (مۆرفیمەکانی "ـاندن" ئەمانەن: "ا" مۆرفیمی کاتی ڕا بردوە و "ن"ـی یە کەم نونی چاوگە و فۆنیمی "د" ناوبڕە و "ن"ـی دوەم مۆرفیمی تێپەڕاند نە).(٣٨) بۆ مان دەردە کەوێ، کە "ـاندن" پا شگر نیە و بریتیە لە چەند مۆرفیمێك کە تەنها ئەرکی ڕێزمانیان هە یە و هیچ پەیوەندیەکیان بە داڕشتنی وشەوە لە ڕوی وشەسازیەوە نیە. بەڵکو ئەرکێکی ڕستەسازیانەی هەیە، کە تێپەڕا ندنی کارە. بە مەش دەردە کەوێ کە لە زاری ناوەڕا ستی زمانی کورد یدا تەنها یەك پاشگرمان "ـەوە" بۆ کار هەیە.

خشتەی ژمارە (2)

| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بکەرنادیار | |
| بەرکار کەسی یەکەمی کۆیە | ڕابردوو | دۆخی ئەرێ | هێنراین | ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>هێن+ر+ا+ین ین:د.ڕ | سادە |
| | | | داهێنراین | پێشگر+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+هێن+ر+ا+ین | داڕێژراو |
| | | | ناو هێنراین | پ-1+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+هێن+ر+ا+ین | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنراین | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+هێن+ر+ا+ین | سادە |
| | | | دانەهێنراین | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+نە+هێن+ر+ا+ین | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنراین | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+ین | لێکدراو |

1 – د.نەسرین فەخری، پاشگری "ـاندن" لە زمانی کوردیدا، ...ل242.

2 – محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلێنکردن، ...ل46.

3- د.ئەوڕەحمان نوسیویەتی "پێشگر" لە جیاتی ئەوەی بنوسێ "پاشگر"، دیارە هەڵەی چاپ بووە.

4 – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل90.

5 – د.عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسول، مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ...ل137.

( یەکێك لە سیما تایبەتیەکانی کارە تێنەپەڕەکان ئەوەیە، کە ڕستەی بکەرنادیاریان لێ ڕۆنانرێ، لەبەر ئەوەی کاتێك بکەر لە ڕستە لابرا، لە ڕستەکەدا هیچ کەرەسەیەکی دیکە - بەرکار- نیە، تا شوێنی بکەر بگرێتەوە)،[1] بەو پێیەی کاری تێنەپەڕ تەنها بکەر وەردەگرێ و بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرێ، بە کورتی کاری تێنەپەڕ لە بارەی بونی پێویستیە سەرەکیەکانیەوە کارێکی تاکتوخمیە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچونەی سەرەوە خشتەمان بۆ دۆخی بکەرنادیاری کارە تێنەپەڕەکان دروست نەکردوە، ئەگەرچی کارە تێنەپەڕەکانیش بە چەند ڕێگەیەکی جودا لە ڕێگە گشتیەکە دەتوانرێ بکرێن بە بکەرنادیار، بەڵام لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیان و بێ یارمەتی پارچەیەکی زمانیی دیکە ناتوانن بە گوێرەی یاسا گشتیەکە - ئەو یاسایەی کارە تێپەڕەکانی پێ دەبێتە بکەرنادیار- بکرێنە بکەرنادیار، ئێمە بە پێویستمان نەزانی وەك بکەرنادیارێکی ئاسایی خشتەیان بۆ دروست بکەین. لەگەڵ ئەوەش لە خوارەوە بە کورتی باسی چۆنیەتی تێپەڕکردنی کارە تێنەپەڕەکان و ڕێگاکانی ئەو پرۆسەیە دەکەین:

1- زۆربەی چاوگە تێنەپەڕەکان بە زیادکردنی (ـاندن) دەکرێن بە چاوگی تێپەڕ، بۆ نمونە: (سوتان+اندن = سوتاندن)، لێرەوەش بەم شێوەیە دەکرێن بە کاری بکەرنادیار:

ا- بۆ دەمی ڕابردو: سوتێندرام = ڕەگ+ناوبڕ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار = سوتێن+د+ر+ا+م.

ب- بۆ دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو": دە سوتێندرێم = م.ك.ئێس+ڕەگ+ناوبڕ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار = دە+سوتێن+د+ر+ێ+م.

دەکرێ ئەو (د)ـەیە ناوبڕە لا بدرێ و دەرنەکەوێ، چونکە پێویستیەکی دەنگسازیە. بۆیە هەردو نمونەکە دەبنە (سوتێنرام و دەسوتێنرێم).

2- هەندێك لە چاوگە تێنەپەڕەکان بە (ـاندن) نابنە تێپەڕ، بەڵکو هەر لە زمانەکە لە بەرامبەریاندا کاری تێپەڕ هەیە، وەکو:

بون ـــــ کردن، هاتن ـــــ هێنان ...تد، واتە ئەگەر بمانەوێ چاوگی (بون)ی تێنەپەڕ بکەین بە کارێکی تێپەڕی بکەرنادیار، ئەوا یەکسەر پەنا بۆ چاوگی ( کردن) دەبەین و هیچ پەیوەندیەکمان بە فۆرم و پێکهاتەی (بون) نامێنێ، بەم شێوەیە:

ا- بۆ دەمی ڕابردو: بکەرنادیاری کاری ( بو) = ( کرا). ب- بۆ دەمی ڕانەبردو: بکەرنادیاری کاری (دەبێ) = (دەکرێ).

---

[1] – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل113.

3- هەندێك چاوگی تێنەپەڕیشمان هەن، كە بە هەردو ڕێگا كەی سەرەوە دە بن بە تێپەڕ و هەر بە هەمان ڕێگای ئەوانیش دەبن بە كاری بكەرنادیار، وەكو:
كەوتن ـــــ كەواندن: (كەوێنرا ، دە كەوێنرێ) لە گەڵ ( خرا ، دە خرێ)، كەوا تە بەرامبەر چاوگی (كەوتن)ی تێنەپەڕ، (كەواندن) و (خستن)ی تێپەڕ هەن.

4- هەندێك چاوگی دەگمەن لە دۆخی كاردا، بە هیچ یەكێك لە سێ ڕێگاكەی سەرەوە نابن بە بكەرنادیار، بەڵكو بە یارمەتی كارێكی دیكە وەكو كارێكی یاریدەدەر دە چنە دۆ خی بكەرنادیار، بۆ نمونە چاوگی "پێكەنین"، بە یارمەتی چاوگێكی وەكو "هێنان" كە وەك كارێكی یار یدەدەر ئەرك دەبینێ، دۆ خی بكەرنادیاری لێ ڕۆدە نرێ. بە شێوەیەك گەردانی دۆ خی بكەرنادیارە كە لە كارە یاریدەدەرە كە "هێنان "ـەكە ڕودەدا و كارە سەرەكی و مەبە ستەكە "پێ كەنین" هەر لە دۆخ و فۆرمی چاوگ دەمێنێتەوە. بەم شێوەیە:

ا- بۆ دە می ڕا بردو: "هێنرا مە پێ كەنین" = ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ بەركار+ئامرازی پەیوەندی+چاوگ = هێن+ر+ا+م+ە+پێكەنین.

ب- بۆ دەمی ڕانەبردو: "دەهێنرێ مە پێكەنین = م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+ بەركار+ئامرازی پەیوەندی+چاوگ = دە+هێن+ر+ێ+م+ە+پێكەنین.

دەكرێ بۆ ڕۆنانی دۆخی بكەرنادیاری چاوگێكی وەكو "پێكەنین"، چاوگی "خستن "ـیش وە كو كارێكی یار یدەدەر لە جێی "هێ نان" بەكار بێ، بۆ نمو نە "دەخرێ مە پێ كەنین" و "خرا مە پێكەنین".[1]

---

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –كردار–، ...ل271.

## 2- کاری ڕابردوی بەردەوام:

| خشتەی ژمارە (3) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **جۆری ڕۆنان** |
| بکەر ک.1 تاکە، بەرکار ک.2 تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | دەمهێنای | م.ک.ئێس+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دە+م+هێن+ا+ی م:د.خ ی:د.ڕ | سادە |
| | | | دامدەهێنای | پێشگر+بکەر+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دا+م+دە+هێن+ا+ی | داڕێژراو |
| | | | ناوم دەهێنای | پ-1+بکەر+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ناو+م+دە+هێن+ا+ی | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەمدەهێنای | ن.ن+بکەر+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نە+م+دە+هێن+ا+ی | سادە |
| | | | دامنەدەهێنای | پێشگر+بکەر+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دا+م+نە+دە+هێن+ا+ی | داڕێژراو |
| | | | ناوم نەدەهێنای | پ-1+بکەر+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ناو+م+نە+دە+هێن+ا+ی | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | دەکەوتی | م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دە+کەو+ت+ی ی:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵدەکەوتی | پێشگر+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر<br>هەڵ+دە+کەو+ت+ی | داڕێژراو |
| | | | ژێر دەکەوتی | پ-1+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ژێر+دە+کەو+ت+ی | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەدەکەوتی | ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نە+دە+کەو+ت+ی | سادە |
| | | | هەڵنەدەکەوتی | پێشگر+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر<br>هەڵ+ن.ن+دە+کەو+ت+ی | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەدەکەوتی | پ-1+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ژێر+نە+دە+کەو+ت+ی | لێکدراو |

**هەر وەك کاری (هێناتین)ـی خشتەی ژمارە یەك، ئەم کارەش ڕۆنانێکی دیکەی هەیە، کە ڕا ناوی بکەر و بەرکاری کارەکە سەر بە دەستەی (خاوەنی)ـن، کە بەم شێوەیە: (دەتمهێنا = م.ك.ئێس+بەرکار+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ = دە+ت+م+ هێن+ا). نمونەکانی دیکەش وا یان لێ دێ: (دامدەهێنای ـــ داتمدەهێنا)، (ناوم دەهێنای ـــ ناوتم دەهێنا)، (نەمدەهێنای ـــ نەتمدەهێنا)، (دامنەدەهێنای ـــ داتمنەدەهێنا)، (ناوم نەدەهێنای ـــ ناوتم نەدەهێنا).**

**ئێمە کە مۆرفیمی (دە)مان بە مۆرفیمی کاتی ئێستا داناوە، (تەنها فۆنیمی (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستایە و فۆنیمی (د)ە کە تەنها پێویستیەکی دەنگسازیە و بۆ ئاسانی درکاندنی (ە)ی بزوێن هاتوە).[1]**

---

[1] – **د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، ...ل7.**

خشتەی ژمارە (4)

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بەرکار کەسی دوەمی تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | دەهێنرای | م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دە+هێن+ر+ا+ی ی:د.ڕ | سادە |
| | | | دادەهێنرای | پێشگر+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+دە+هێن+ر+ا+ی | داڕێژراو |
| | | | ناو دەهێنرای | پ-1+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+دە+هێن+ر+ا+ی | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەدەهێنرای | ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+دە+هێن+ر+ا+ی | سادە |
| | | | دانەدەهێنرای | پێشگر+ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+نە+دە+هێن+ر+ا+ی | داڕێژراو |
| | | | ناو نەدەهێنرای | پ-1+ ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+نە+دە+هێن+ر+ا+ی | لێکدراو |

لەم لێکۆڵینەوەیەدا زاراوەکانی (شێوەی کار) و (ڕۆنانی کار) بە دو مانای لێکجودا بەکار هاتون. مەبەست لە شێوەی کار هەمو ئەو مۆرفیمانەی کارن بەسەر یەکەوە، کە لە نوسین بە پیت و لە ئاخاوتن بە دەنگ دەردەکەون، بۆ نمونە "وەرگرم". کەچی مەبەستمان لە ڕۆنانی کار هەمو مۆرفیمەکانی پێکهاتەی کارە، ئەوانەی لە نوسین و ئاخاوتن دەردەکەون و دەرناکەون، بۆ نمونە "وەریبگرم". لە نمونەی یەکەم (شێوەی کار) تەنها ئەو پارچانەی کار مەبەستن کە لە گۆکردن و نوسین دەردەکەون (وەر+گر+م). کەچی لە نمونەی دوەم (ڕۆنانی کار) کە ئەویش هەر نمونەکەی یەکەمە، هەمو پارچەکانی کارە کە مەبەستن، ئەوانەی لە گۆکردن و نوسین دەردەکەون و دەرناکەون (وەر+ی+ب+گر+∅+م).

کاری لێکدراوی تێپەڕ لە دۆخی بکەرنادیار بە هەر دو دۆخی ئەرێ و نەرێ، جگە لەو ڕۆنانەی سەرەوە، بە جۆرێکی دیکەش ڕۆدەنرێ، ئەویش ئەوەیە کە ڕاناوی بەرکار لە دەستەی ڕێککەوتن بۆ دەستەی خاوەنی دەگۆڕێ و نمونەکەی سەرەوە بەم شێوەی لێ دێ:

(ناودەهێنرای ـــــ ناوت دەهێنرا = پ-1+ بەرکار+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ). بەمەش شوێنی بەرکار (ڕاناوە لکاوەکە) لە کۆتایی ڕۆنانەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دوای پارچەی یەکەم و پێش ڕەگی کار. نمونەکەی دۆخی نەرێش وای لێ دێ: (ناو نەدەهێنرای ـــــ ناوت نەدەهێنرا).

## 3- کاری ڕابردوی تەواو:

| خشتەی ژمارە (5) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ك.1 تاکە، بەرکار ك.3 تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێناومە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بکەر+م.ك.ئێس+بەرکار<br>هێن+ا+و+م+ه+Ø م:د.خ Ø:ڕ.لکاوی ك.3.تاك د.ڕ دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | دامهێناوە | پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>دا+م+هێن+ا+و+ه+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناوم هێناوە | پ-1+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>ناو+م+هێن+ا+و+ه+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەمهێناوە | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>نە+م+هێن+ا+و+ه+Ø | سادە |
| | | | دامنەهێناوە | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>دا+م+نە+هێن+ا+و+ه+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناوم نەهێناوە | پ-1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>ناو+م+نە+هێن+ا+و+ه+Ø | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | کەوتومە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار+م.ك.ئێس<br>کەو+ت+و+م+ه م:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵکەوتومە | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بکەر+م.ك.ئێس<br>هەڵ+کەو+ت+و+م+ه | داڕێژراو |
| | | | ژێر کەوتومە | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار+م.ك.ئێس<br>ژێر+کەو+ت+و+م+ه | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتومە | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار+م.ك.ئێس<br>نە+کەو+ت+و+م+ه | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتومە | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بکەر+م.ك.ئێس<br>هەڵ+ن.ن+کەو+ت+و+م+ه | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتومە | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار+م.ك.ئێس<br>ژێر+نە+کەو+ت+و+م+ه | لێکدراو |

**کارەکانی ئەم خشتە (ڕابردوی تەواوی)ـش هەر وەك کاری ڕابردوی ڕوت و بەردەوام، ڕۆ نانێکی دیکەی هەیە، کە ڕاناوی بکەر و بەرکار هەردوکیان لە دەستەی خاوەنین، بەم شێوەیە: (دامهێناوە ـــــ دایمهێناوە)، ( ناوم هێناوە ـــــ ناویم هێناوە)، ( نەمهێناوە ـــــ نەیمهێناوە)، (دامنەهێناوە ـــــ دایمنەهێناوە)، (ناوم نەهێناوە ـــــ ناویم نەهێناوە). نمونەی یەکەم (هێناومە) هەر چەندە بە پێی یاسای ڕۆنانی جۆری دوەم، دەبێ ڕۆنانەکە بەم شێوەیە بێ: (هێناویمە)، بەلآم ئەم جۆری دوەمە لەم کارە -ڕابردوی ڕاگەیاندن، کە بکەرەکەی کەسی یەکەمی تاك بێ و بەرکارەکەی کەسی سێیەمی تاك بێ- نە لە نوسین و نە لە ئاخاوتن بەرچاو ناکەوێ. دیارە ئەوەش بە هۆی چۆنیەتی ڕیزبونی فۆنیمەکانە بە دوای یەکدیدا و هۆکارێکی دەنگسازیە، نەوەك وشەسازی. ئەم کارە لە ڕوی ڕۆنانەوە لە خاڵێکدا لە هەر پێنج نمونەکەی دیکە جودایە، لە هەر پێنج نمونەکەی دیکە لە پێش ڕەگی کار مۆرفیمێك هەیە، وەکو (پارچەی یەکەم، پێشگر، نیشانەی نەرێ، ڕاناوی لکاو)، تەنها نمونەی یەکەم نەبێ. کەچی هەر ئەو کارە ئەگەر کەسەکانی تێدا بگۆڕین، دەبینین جۆری دوەمی**

ڕۆنانی کارەکە وەکو نمونەکانی پێشو دروست دەبێ و لە نوسین و ئاخاوتندا بەکار دە برێ -ئە مەش بەلگەی ئەوەیە کە هۆکارەکە هۆکارێکی دەنگسازیە، نەوەك وشەسازی-، بەم شێوەیە:

(هێناوتی نە) کە بکەر لە دە ستەی خاوەنـ یە و کە سی دوە می تا کە، بەرکاریش لە دە ستەی ڕێککەوتنە و کەسی یەکەمی کۆیە، جۆری دوەمی کارەکە دەبێتە (هێناومانتە)، کە بکەر و بەرکار هەردوکیان ڕاناوی دەستەی خاوەنین.

نمو نەی یە کەم (هێناو مە) بە پ ێی یا ساکە لە جۆری دوە مدا دەبێ تە: (هێناو مەتی = ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار+م.ك.ئێس+ناوبڕ+بـ کەر = هێن+ا+و+م+ە+ت+ی). (ی )ی ڕا ناوی لـ کاوی بکەر شوێنی خۆی گوا ستۆتەوە بۆ دوابە شی ڕۆنانە کە، بە مەش دەبێ تە (هێناو مەی) و فۆنیمی (ت)یش وەکو ناوبڕ هاتۆتە نێوان هەر دو فۆنیمی (ـە)ی بزوێن و (ی)ی نیمچە بزوێن، بۆ ئا سانی درکاندن بۆتە (هێناومەتی). هەر چەندە شێوەی (هێناو مەی) لە شێوەزاری با شور ( لوڕی) بەکار دێ، بەلام لە زاری ناوەڕاست نابینرێ.

هەندێك جار (هێناومەتی) لە نێو ڕ ستەدا دەبێ تە (هێناومەتـ یە)، وە کو (هێناومەتـ یە دـ ێرە.)، بەلام بزوێنەکەی دوەم ئامرازی پەیوەندیە و پەیوەندیی ڕۆنانیانەی بە کارەکەوە نیە.

خشتەی ژمارە (6)

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بەرکار کەسی سێیەمی تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەری | هێنراوە | ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>هێن+ر+ا+و+ە+Ø Ø:ڕ.لکاوی ك.3.تاك د.ڕ دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | داهێنراوە | پێشگر+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>دا+هێن+ر+ا+و+ە+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناو هێنراوە | پ-1+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>ناو+هێن+ر+ا+و+ە+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنراوە | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>نە+هێن+ر+ا+و+ە+Ø | سادە |
| | | | دانەهێنراوە | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>دا+نە+هێن+ر+ا+و+ە+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنراوە | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+م.ك.ئێس+بەرکار<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+و+ە+Ø | لێکدراو |

## 4- کاری ڕابردوی دور:

خشتەی ژمارە (7)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ک.1 تاکە، بەرکار ک.2 کۆیە | ڕابردو | دۆخی ئەرێ | هێنابونم | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+بکەر<br>هێن+ا+ب+و+ن+م ن:د.ڕ م:د.خ | سادە |
| | | | دامهێنابون | پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+م+هێن+ا+ب+و+ن | داڕێژراو |
| | | | ناوم هێنابون | پ-1+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+م+هێن+ا+ب+و+ن | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەمهێنابون | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+م+هێن+ا+ب+و+ن | سادە |
| | | | دامنەهێنابون | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+م+نە+هێن+ا+ب+و+ن | داڕێژراو |
| | | | ناوم نەهێنابون | پ-1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+م+نە+هێن+ا+ب+و+ن | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی کۆیە | ڕابردو | دۆخی ئەرێ | کەوتبون | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>کەو+ت+ب+و+ن ن:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵکەوتبون | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بکەر<br>هەڵ+کەو+ت+ب+و+ن | داڕێژراو |
| | | | ژێر کەوتبون | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ژێر+کەو+ت+ب+و+ن | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتبون | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+کەو+ت+ب+و+ن | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتبون | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بکەر<br>هەڵ+نە+کەو+ت+ب+و+ن | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتبون | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ژێر+نە+کەو+ت+ب+و+ن | لێکدراو |

له جۆری دوەم نمونەی کارەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە بریتی دەبن لە: (هێنابونم ـــ هێنابوتانم)، (دامهێنابون ـــ داتانمهێنابو)، (ناوم هێنابون ـــ ناوتانم هێنابو)، ( نەمهێنابون ـــ نەتانمهێنابو)، (دامنەهێنابون ـــ داتانمنەهێنابو)، (ناوم نەهێنابون ـــ ناوتانم نەهێنابو).

خشتەی ژمارە (8)

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بەرکار کەسی دوەمی کۆیە | ڕابردو | دۆخی ئەرێ | هێنرابون | ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>هێن+ر+ا+ب+و+ن ن:د.ڕ | سادە |
| | | | داهێنرابون | پێشگر+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+هێن+ر+ا+ب+و+ن | داڕێژراو |
| | | | ناو هێنرابون | پ-1+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+هێن+ر+ا+ب+و+ن | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنرابون | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>نە+هێن+ر+ا+ب+و+ن | سادە |
| | | | دانەهێنرابون | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>دا+نە+هێن+ر+ا+ب+و+ن | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنرابون | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+ب+و+ن | لێکدراو |

### ا- تێنس لە دەمی ڕابردوی چاوگی ( -هە-بون ):

لە هەر چوار جۆرە "-هە-بون"ـەکە تەنها ڕۆنانەکانی "هەبون"ی مولکیەت دو توخم "ڕاناوی لکاو" وەردەگرێ، ئەمەش وای لە هەندێك زمانەوان کردوە، کە بە کارێکی تێپەڕی بزانن،[1] بەو پێیەی هەمو کارێکی تێپەڕ بە لای کەمی دو توخم وەردەگرێ. لە کاتێکدا چەمکی تێپەڕی بە ئەرکی ئەو دو توخمەوە بەندە، کە چەمکی ڕەگ پێ یان دەسپێرێ، نەوەك تەنها بە ژمارەی توخمەکانەوە بەند بێ. بە شێوەیەك لە کاری تێپەڕدا بکەر ئەرکی ئەوەیە کە بە دەسەلاتی خۆی کارێك بەسەر توخمەکەی دیکەدا ئەنجام بدا و توخمەکەی دیکەش ئەنجامدانی ئەو کارە وەرگرێ و قبولی بکا، بەمەش ڕاناوەکەی دوەم دەبێتە بەرکار. لە کاتێکدا دەبینین هەر دو توخمەکەی ڕۆنانەکانی چاوگی "هەبون"ی مولکیەت هیچ کارێك ئەنجام نادەن، بۆیە هیچیان نە دەبنە بکەر و نەدەبنە بەرکاریش، بەمەش دەردەکەوێ کە هەمو گەردانەکانی چاوگی "هەبون" کاری "بارگەییێن"ـن و (کاری بارگەییێنیش هەمیشە خۆ نەکردە و توخمەکە لە نێو کارەکەدا دەسەلاتی نیە... و هەمیشە تێنەپەڕە).[2]

لە نمونە "هەمە / کتێبم هەیە" نە "من" بەوەی کە خاوەنی کتێبم، کارێکم ئەنجام داوە و نە "کتێب"ـەکەش بەوەی کە بە "من" خاوەندارە، کارێکی بەسەردا ئەنجام دراوە. کەواتە ڕۆنانی هەمو کارەکانی ("بون و هەبون" هەرگیز شێوەی تێپەڕیان نیە و ناکرێن بە تێپەڕ)،[3] بەڵکو لە زمانەکەدا لە بەرامبەریاندا چاوگی سەربەخۆی تێپەڕ هەیە.[4]

لە لایەکی دیکە (بە پێی بیردۆزی دەلالیی گوێزانەوە، لە هەمو کارێکی و جودی و خاوەندارێتی هەمو زمانێك، توخمی بکەر بونی نیە).[5] کەواتە بە کورتی لەبەر ئەوەی "هەبون" لە گەردانی کارەکانیدا توخمی بکەری تێدا نیە، ناکرێ بە تێپەڕ دابنرێ.

هەر بەو هۆیەش کە هەمو جۆرەکانی چاوگی "-هە-بون" تێنەپەڕی بارگەییێنن و ((کاری بارگەییێنیش بە هیچ شێوەیەك بکەرنادیاریان لێ دروست ناکرێ))،[6] کەواتە ( هەرگیز ناکرێ بکەرنادیار لە ڕۆنانەکانی "-هە-بون" ڕۆبنرێن)،[7] بۆیە خشتەی بکەرنادیارمان بۆ هیچ یەکێك لە جۆرەکانی "-هە-بون" نیە.

---

1 – د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل280.

2 – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل143،138.

3 – هەمان سەرچاوە، ل195.

4 – بگەڕێوە بۆ خاڵی دوەمی ڕێگاکانی تێپەڕاندنی کارە تێنەپەڕەکان لە لاپەڕە (68).

5 – کلود حجاج، انسان الکلام، ...ص282.

6 – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل55.

7 – هەمان سەرچاوە، ل84.

## یەکەم: لە (هەبون)ی جوتتوخمی:

| خشتەی ژمارە (9) | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| دۆخی ئەرێ | هەمبون | م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕ.خ.د<br>هە+م+ب+و+ن م:د.خ ن:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | دەمبون | م.ك.ئێس+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕ.خ.د<br>دە+Ø+م+ب+و+ن | ڕ. بەردەوام |
| | هەمبوونە | م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.خ.د+م.ك.ئێس<br>هە+م+ب+و+ن+ە | ڕ. تەواو |
| | نیە | – – – | ڕ. دور |
| دۆخی نەرێ | نەمبون | ن.ن+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕ.خ.د<br>نە+م+Ø+ب+و+ن | ڕ. ڕوت |
| | نەمدەبون | ن.ن+ڕ.خ+م.ك.ئێس+م.خ.د+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕ.خ.د<br>نە+م+دە+Ø+ب+و+ن | ڕ. بەردەوام |
| | نەمبوونە | ن.ن+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.خ.د+م.ك.ئێس<br>نە+م+Ø+ب+و+ن+ە | ڕ. تەواو |
| | نیە | – – – | ڕ. دور |

**کارەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە داڕشتنێکی دیکەشیان هەیە، کە تێیدا هەر دو ڕا ناوی خاوەن و خاوەندارە کە لە دە ستەی خاوەنین، بەم شێوەیە: (هەمبون= هەیانمبو)، (دەمبون=دە یانمبو)، (هەمبوونە=هەیانمبووە). جۆری دوە می دۆ خە نەرێکانی شیان بەم شێوەیەن: (نەمبون= نەیانمبو)، (نەمدەبون=نەیانمدەبو)، (نەمبوونە=نەیانمبووە)، (نەمبوبون=نەیانمبوبو).**

**لە کاری (دەمبون )دا مۆرفیمی خاوە نداری ( هە) دەرنا کەوێ،[1] چونکە یەکێك لە تایبەتمەند یەکانی ئەم مۆرفیـ مە ئەوە یە، کە بە شێوەیەکی گ شتی ئە گەر پار چەیەکی ز مانی (مۆرفیم ێك) لە شێوەی پێ شگر لە چوار چێوەی کارە کەدا بکەوێ تە پێ شی، ئەوا ئەو مۆرفیمی خاوەندارە دەرناکەوێ.**

---

[1] – **د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل281.**

## دوەم: لە (هەبون)ی تاکتوخمی:

خشتەی ژمارە (10)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
|---|---|---|---|
| دۆخی ئەری | هەبون | م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>هە+ب+و+ن ن:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | دەبون | م.ک.ئێس+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>دە+Ø+ب+و+م Ø:(هە)ی مۆرفیمی خاوەندار دەرنەکەوتوە | ڕ. بەردەوام |
| | هەبوونە | م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕاناو+م.ک.ئێس<br>هە+ب+و+ن+ە | ڕ. تەواو |
| | نیە | — — — | ڕ. دور |
| دۆخی نەری | نەبون | ن.ن+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+و+ن | ڕ. ڕوت |
| | نەدەبون | ن.ن+م.ک.ئێس+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>نە+دە+Ø+ب+و+م | ڕ. بەردەوام |
| | نەبوونە | ن.ن+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕاناو+م.ک.ئێس<br>نە+Ø+ب+و+ن+ە | ڕ. تەواو |
| | نیە | — — — | ڕ. دور |

**کاری (دە بون) ئە گەر بۆ کە سی یە کەمی تاك بەکار بێ، ئەوا دەبێتە (دە بوم)، ئەو کا تەش لە گەڵ (دە بوم)ی کەینو نە هەمان شێوەیان دە بێ، بەڵام لە ڕۆ نان و وا تادا جودان. جیاواز یە ڕۆنانیەکەیان لە خشتەکانیان دیارە. جیاوازیە واتاییە کەش لەوەدا یە، کە (دەبوم)ی یە کەم ما نای وجود دەدا، بەم شێوەیە: (گەر تۆ هەبوبای، مـنیش دە بوم.). (دەبوم)ی دوە میش مانا کەی لە (لە نمونە بە ڕستە)ی خشتەکەدا دیارە.**

## سێیەم: لە (بون)ی (کەینونە-بودن):

خشتەی ژمارە (11)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|
| دۆخی ئەری | بوم | ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>ب+و+م ن:د.ڕ | گەر بمخوێندایە، ئێستا مامۆستا بوم. | ڕ. ڕوت |
| | دەبوم | م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>دە+ب+و+م | گەر بمخوێندایە، ئێستا منیش مامۆستا دەبوم. | ڕ. بەردەوام |
| | بوومە | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕاناو+م.ک.ئێس<br>ب+و+و+م+ە | نەوەك هەر پار، من پێراریش مامۆستا بوومە. | ڕ. تەواو |
| | بوبوم | ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>ب+و+ب+و+م | بابم پاسکیلێکی بۆ کڕیبوم، زۆر پێی دڵخۆش بوبوم. | ڕ. دور |
| دۆخی نەری | نەبوم | ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>نە+ب+و+م | ئەوکات مامۆستا نەبوم، هێشتا قوتابی بوم. | ڕ. ڕوت |
| | نەدەبوم | ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>نە+دە+ب+و+م | گەر بشمخوێندبا، ئێستا مامۆستا نەدەبوم، شتێکی دیکە دەبوم. | ڕ. بەردەوام |
| | نەبوومە | ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕاناو+م.ک.ئێس<br>نە+ب+و+و+م+ە | ئەو کاتەی تۆ دەیڵێی، من مامۆستا نەبوومە. ئەوە دواتر بو. | ڕ. تەواو |
| | نەبوبوم | ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+ڕاناو<br>نە+ب+و+ب+و+م | بابم پاسکیلێکیشی بۆ کڕیبوم، هێشتا پێی دڵخۆش نەبوبوم. | ڕ. دور |

## چوارەم: لە (بون)ـی (سەیرورە-شدن):

خشتەی ژمارە(12)

| | نمونه | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | بوم | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>ب+و+م ن:د.ڕ | بوم بە مامۆستا. | ڕ. ڕوت |
| | دەبوم | م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>دە+ب+و+م | دەبوم بە مامۆستا. | ڕ. بەردەوام |
| | بوومە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕاناو+م.ك.ئێس<br>ب+و+و+م+ە | بوومە بە مامۆستا. | ڕ. تەواو |
| | بوبوم | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>ب+و+ب+و+م | بوبوم بە مامۆستا. | ڕ. دور |
| دۆخی نەرێ | نەبوم | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>نە+ب+و+م | نەبوم بە مامۆستا. | ڕ. ڕوت |
| | نەدەبوم | ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>نە+دە+ب+و+م | نەدەبوم بە مامۆستا. | ڕ. بەردەوام |
| | نەبوومە | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕاناو+م.ك.ئێس<br>نە+ب+و+و+م+ە | نەبوومە بە مامۆستا. | ڕ. تەواو |
| | نەبوبوم | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>نە+ب+و+ب+و+م | نەبوبوم بە مامۆستا. | ڕ. دور |

**دۆخی سەیرورە (گۆڕانکاری ئارایی) بۆ جۆرەکانی (-هە- بون)، تەنها بۆ (بون)ـی کەینونە هەیە. واتە گۆڕانکاری ئاراییمان بۆ هیچ دۆخێکی هەر دو هەبونی (جوتتوخمی) و (تاکتوخمی) نیە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی خشتەی (بون)ـی سەیرورە بۆ هیچ یەکێك لە (-هە-بون)ـە (جوتتوخمی) و (تاکتوخمی)ـەکان دروست بکەین.**

## 2- دەمی ڕانەبردو ( ئێستا و داهاتو )ی ڕاگەیاندن :

بۆیە وشەی (ڕانەبردو)مان پێش هەر دو وشەی (ئێستا و داهاتو) خستوە، چونکە ((دەمی "موزاریع" ڕانەبردو لە نێوان ئێستا و داهاتو هاوبەشە)).[1] یان ( کاتی ڕانەبردو دو جۆرە، ئێستا و داهاتو).[2] واتە ئەگەر بە تەنها بەکار بێن، ئەوا بۆ دەمی ڕانەبردو بەکار دێن، دواتر بە یارمەتی ئاوەڵکارە کاتەکانی ئێستا و داهاتو تایبەت دەبن بە دەمی ئێستا یان داهاتو.

### ا- تێنس لە دەمی ( ئێستا و داهاتو )ی کاری ئاسایی ڕاگەیاندن :

خشتەی ژمارە(13)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ک.1 تاکە، بەرکار ک.3 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | دەیانهێنم | م.ک.ئێس+بەرکار+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>دە+یان+هێن+Ø+م Ø:م.ک.د.(ێ)دەرنەکەوتوە یان:د.خ م:د.ڕ | سادە |
| | | | دایاندەهێنم | پێشگر+بەرکار+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>دا+یان+دە+هێن+Ø+م | داڕێژراو |
| | | | ناویان دەهێنم | پ-1+بەرکار+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>ناو+یان+دە+هێن+Ø+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نایانهێنم | ن.ن+بەرکار+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>نا+یان+Ø+ڕەگ+Ø+م Ø:م.ک.ئێس(دە) Ø:م.ک.د(ێ) | سادە |
| | | | داینناهێنم | پێشگر+بەرکار+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>دا+یان+نا+Ø+هێن+Ø+م | داڕێژراو |
| | | | ناویان ناهێنم | پ-1+بەرکار+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>ناو+یان+نا+Ø+هێن+Ø+م | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی کۆیە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | دەکەوین | م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بەرکار<br>دە+کەو+Ø+ین ین:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵدەکەوین | پێشگر+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>هەڵ+دە+کەو+Ø+ین | داڕێژراو |
| | | | ژێر دەکەوین | پ-1+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بەرکار<br>ژێر+دە+کەو+Ø+ین | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | ناکەوین | ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بەرکار<br>نا+Ø+کەو+Ø+ین Ø:م.ک.ئێس(دە) Ø:م.ک.د(ێ) | سادە |
| | | | هەڵناکەوین | پێشگر+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بکەر<br>هەڵ+نا+Ø+کەو+Ø+ین | داڕێژراو |
| | | | ژێر ناکەوین | پ-1+ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+بەرکار<br>ژێر+نا+Ø+کەو+Ø+ین | لێکدراو |

لەبەر ئەوەی لە ڕۆنانی نمونەی کارەکانی ئەم خشتەیە مۆرفیمی هەر دو دەمی ئێستا و داهاتو (م.ک.ئێس) و (م.ک.د) هەن، ئەوا نەوەک هەر ئەم شێوەیەی کارەکان بۆ هەر دو دەمی ئێستا و داهاتو دەگونجێ، بەڵکو شێوە و ڕۆنانێکی دیکەمان بە جودا بۆ هەر یەکەیان نیە. واتە بمانەوێ و نەمانەوێ بۆ هەر دو دەمەکە (ئێستا و داهاتو = ڕانەبردو) پێکەوە، تەنها ئەو ڕۆنانەمان هەیە، کە

---

[1] – د.محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، ...ل37.

[2] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل169.

کتو مت وەکو یەکن. ئەگەر لە زاری سەرو لە ڕۆنانی خودی کارەکە، بۆ لێکجیاکردنەوەی دەمی ئێستا مۆرفیم یان نیشانەی (د) و بۆ دەمی داهاتو (دێ )ـمان هەبێ، ئەوا لە زاری ناوەڕاست هیچ مۆرفیمێکمان نیە، کە تایبەت بێ بە یەکێکیان و لەوی دیکەی جودا بکاتەوە، بۆیە نمونەکانی ئەم خشتەیە بۆ هەر دو دەمەکەیە، بەلاّم دەتوانین بە ڕێگەی لێکسیکی، کارەکان بۆ هەر یەك لە دەمەکان جودا بکەینەوە، بە بەکارهێنانی ئاوەڵکارێکی کات لە چوار چێوەی ڕستەکە. بۆ کاتی ئێستا: (وا، هەنوکە، ئێستا، دەمودەست، یەکسەر، بێ یەك و دو... تد). بۆ کاتی داهاتوش: (دوایی، پاشان، دەمێکی دیکە، لە داهاتو... تد). ئێستا ئەگەر نمونەی یەکەم (دەیانهێنم) بۆ نمونە وەربگرین، ئەگەر بە تەنها بێ، ئەوا بۆ دەمی ڕانەبردو (موزاریع )ـە و نازانین دەمی کارەکە ئێستایە یان داهاتوە، بەلاّم بە خستنەسەری ئاوەڵکاری کات دەزانرێ، مەبەست کامە دەمە. بۆ دەمی ئێستا *"ئێستا دەیانهێنم."* . بۆ دەمی داهاتوش *"پاشان دەیانهێنم."* .

| خشتەی ژمارە(14) | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|
| | | بکەرنادیار | | |
| دۆخی ئەرێ | | دەهێنرێن | م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>دە+هێن+ر+ێ+ن ن:د.ر | سادە |
| | | دادەهێنرێن | پێشگر+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>دا+دە+هێن+رێ+ن | داڕێژراو |
| | | ناو دەهێنرێن | پ-1+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+دە+هێن+ر+ێ+ن | لێکدراو |
| دۆخی نەرێ | | ناهێنرێن | ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>نا+Ø+هێن+ر+ێ+ن Ø:م.ك.ئێس(ە) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | داناهێنرێن | پێشگر+ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>دا+نا+Ø+هێن+ر+ێ+ن | داڕێژراو |
| | | ناو ناهێنرێن | پ-1+ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+نا+Ø+هێن+ر+ێ+ن | لێکدراو |

## ب- تێنس لە دەمی ئێستا و داهاتوی چاوگی ( -هە-بون ):

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هەر چوار جۆری ڕۆنانەکانی (-هە-بون) و دەمی ئێستا، (( لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ڕستەی کاتی ئێستا تەنیا لەگەڵ چاوگی (-هە-بون)دا دروست دەبێ، واتە تاکە چاوگێکە بتوانێ دەمی کاتی ئێستا بە ڕوتی ( سادەیی) و بە بێ تێکەڵبون لەگەڵ کاتەکانی تر دروست بکا. لە ڕستەی کاتی ئێستادا کار -ڕەگی کار- دەرناکەوێ و دەبێتە سفر (Ø).

کارەکەش بریتیە لە (ب) کە ڕەگی چاوگی (-هە-بون)ـە. تاکە ڕەگێکیشە بتوانێ ببێتە سفر "Ø")).(تر)

وەك لە سەرەوە گوترا، لە ڕێژەی ڕاگەیاندن، دەمی ئێستامان بۆ هەر هەمو جۆرەکانی (-هە-بون -جگە لە "بون"ـی سەیرورە-) هەیە. مەبەستمان لە دەمی ئێستا، بە تەنها و بەدەر لە کاتەکانی دیکە، واتە لە ڕۆنانی کارەکان تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستا هەیە. کە ئەم دیاردەیەش تەنها تایبەتە بە ڕێژەی ڕاگەیاندن. سەبارەت بە دەمی داهاتوش لە ڕێژەی ڕاگەیاندن، ئەگەر چی ئەویشمان هەیە، بەڵام بە تەنها نیە و کاتی ئێستاشی لەگەڵدایە. واتە لە ڕۆنانی هەمو جۆرەکانی (-هە-بون) لە دەمی داهاتو، کاتی ئێستاشمان هەیە، بە شێوەیەك ڕۆنانی کارەکان مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتوشیان تێدایە، بۆیە گەر بمانەوێ:

ا- هەر یەکێك لەو کارانە بۆ دەمی ڕانەبردو (موزاریع) بەکار بێنین، ئەوا ئاسایی کارەکە وەکو خۆی و بێ هیچ ئاوەڵکارێکی کات بەکار دێنین.

ب- ئەگەر بمانەوێ یەکێك لەو کارانە بۆ دەمی داهاتو بەکار بێنین، ئەوا ناچار دەبین، بە ڕێگەی لێکسیکی ئاوەڵکارێکی کاتی داهاتوی وەکو (پاشان، لەمەودوا.. تد) لە پاڵ کارەکە بەکار بێنین.

ج- ئەگەر ویستمان یەکێك لەو کارانە بۆ دەمی ئێستا بەکار بێنین، ئەوا ناچار دەبین، بە ڕێگەی لێکسیکی ئاوەڵکارێکی کاتی ئێستای وەکو (ئێستا، یەکسەر..تد) لە پاڵ کارەکە بەکار بێنین.

کەواتە لە ڕێژەی ڕاگەیاندن دەتوانین بە دو ڕێگە کاتی ئێستا دەر ببڕین، یەکەم ئەوەیە کە ڕۆنانە جیاوازەکانی (-هە-بون) خۆیان دەتوانن تەنها بۆ دەمی ئێستا بەکاری بێنین. دوەم ئەوەیە کە لە سەرەوە لە خاڵی (ج) ڕونمان کردۆتەوە.

### یەکەم: لە (هەبون)ـی جوتتوخمی:

خشتەی ژمارە (15)

| | دەمی ئێستا | | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو" | |
|---|---|---|---|---|
| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
| ئەری | هەمانن | م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕ.خ.د<br>هە+مان+Ø+Ø̆+ن مان:د.خ ن:د.ڕ<br>Ø:ڕەگی بون(ب) Ø:م.ك.ئێس(ە) | دەمانبن | م.ك.ئێس+ڕ.خ.د+م.خ.د+ڕەگ+م.ك.د+ڕ.خ<br>دە+مان+Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:(هە)دەرنەکەوتوە Ø:م.ك.د(ێ)دەرنەکەوتوە |
| نەری | نیمانن | ن.ن+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕ.خ.د<br>نی+Ø+مان+Ø+Ø̆+ن مان:د.خ ن:د.ڕ<br>Ø:م.خاوەندار(هە) Ø:ڕەگی بون(ب) :م.ك.ئێس(ە) | نامانبن | ن.ن+م.ك.ئێس+ڕ.خ+م.خ.د+ڕەگ+م.ك.د+ڕ.خ.د<br>نا+Ø+مان+Ø+بـ+Ø̆+ن مان:د.خا ن:د.ڕ<br>Ø:م.ك.ئێس(ە) Ø:م.خاوەندار(هە) Ø:م.ك.د(ێ) |

---

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە–بون–) لە زمانی کوردیدا، ...ل39.

## دوەم: لە (هەبون)ـی تاکتوخمی:

خشتەی ژمارە (16)

| | دەمی ئێستا | | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو" | |
|---|---|---|---|---|
| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
| ئەرێ | ئێمە هە<u>ین</u>. | م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ئێس+ڕاناو<br>هە+Ø+Ø+ن یـن:د.ڕ<br>Ø:ڕەگی بون(ب) Ø:م.ک.ئێس(ە) | گەر ئێوە هەبن، ئێمەش <u>دەبین</u>. | م.ک.ئێس+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.د+ڕاناو<br>دە+Ø+بـ+Ø+ین ین:د.ڕ<br>Ø:م.خاوەندار(هە) Ø:م.ک.د(ێ) |
| نەرێ | ئێمە <u>نین</u>. | ن.ن+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.ئێس+ڕاناو<br>نی+Ø+Ø+Ø+ین ین:د.ڕ<br>Ø:م.خاوەندار(هە) Ø:ڕەگی بون(ب) Ø:م.ک.ئێس(ە) | گەر ئێوە نەبن، ئێمەش <u>نابین</u>. | ن.ن+م.ک.ئێس+م.خ.د+ڕەگ+م.ک.د+ڕاناو<br>نا+Ø+Ø+بـ+Ø+ین ین:د.ڕ<br>Ø:م.ک.ئێس(ە) Ø:م.خاوەندار(هە) Ø:م.ک.د(ێ) |

**لە شێوەی ئاخاوتنی هەولێر و دەوروبەری لەم کارەدا بە زۆری مۆرفیمی کاتی ئێستاش (ـە) دەردەکەوێ، بە شێوەیەك (هەم) دەبێتە (هە مە). بۆ نمونە لە وەلامی ڕستەیەکی وەکو "*کاکە! ئێرە کەسێکی لێ نیە، دو قسەی لەگەڵ بکەی!*". دەگوترێ "*بۆ کاکە! من هە مە، ئەو هە یە ...*". ئەگەر چی ئەم (هە مە) تاکتوخمە یە لە گەڵ (هە مە)ی جوتە توخمی "*من کتێبم هە یە/ هە مە*" هاوشێوە دەبن، بەلام لە ڕۆنان و واتا و ئەرکدا لێك جودان.**

## سێیەم: لە (بون)ـی (کەینونە-بودن):

خشتەی ژمارە (17)

| | دەمی ئێستا | | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو" | |
|---|---|---|---|---|
| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
| ئەرێ | پیاو<u>م</u>. | ف.ن+ڕەگ+م.ک.ئێس+ڕاناو<br>پیاو+Ø+Ø+م<br>Ø:(ب)دەرنەکەوتوە Ø:(ـە)دەرنەکەوتوە م:د.ڕ | ئەو پیاو بێ، منیش پیاو <u>دەبم</u>. | م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+ڕاناو<br>دە+ب+Ø+م<br>Ø:(ێ)دەرنەکەوتوە م:د.ڕ |
| نەرێ | پیاو<u>نیم</u>. | ف.ن+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ئێس+ڕاناو<br>پیاو+نیـ+Ø+Ø+م<br>Ø:(ب)دەرنەکەوتوە Ø:(ـە)دەرنەکەوتوە | من تازە پیاو <u>نابم</u>. | ن.ن+م.ک.ئێس+ڕەگ+م.ک.د+ڕاناو<br>نا+Ø+ب+Ø+م<br>Ø:(ـە)دەرنەکەوتوە Ø:(ێ)دەرنەکەوتوە |

**شێوەی کاری (هەبون)ـی تاکتوخمی لە دەمی داهاتوی دۆخی ئەرێ (دەبین، دەبم، ... تد) و دۆخی نەرێ (نابین، نابم، ...تد)، هەمان شێوەی کاری (بون)ـی (سەیرورە و کەینونە)ـی هە یە، لە دەمی داهاتوی دۆخی نەرێ، وەکو (دەبین، دەبم، ...تد) و دۆخی نەرێ (نابین، نابم، ...)، بەلام لە ڕوی (ڕۆنان و واتا) لێك جودان. جیاواز یە ڕۆنانیە کە وەك لە خشتەکانیاندا دیارن. لە ڕوی واتاوەش، (دەبین و دەبم)ـی (هەبون)ـی تاکتوخمی واتە (*ئێمە <u>وجود مان دەبێ</u>.*) و (*<u>من وجودم دەبێ</u>.*)، بەلام واتای (دەبین و دەبم)ی سەیرورە و کەینونە واتای (*ئێمە -<u>دەبین بە</u>- مامۆستا*) و (*من گەورە <u>دەبم</u>-.*) دەدا.**

### چوارەم: لە (بون)ـی (سەیرورە-شدن):

ڕۆنان و شێوە و واتای هەمو (بون )ـێکی کەینو نە لە هەر دۆخ و دەم و ڕێژە یەك بێ، هەمان ڕۆ نان و شێوە و وا تای (بون )ـی سەیرورەیە لە هەمان دۆخ و دەم و ڕ ێژەدا. لە ڕوی وا تاوە جیاوازییان لەوەدایە، کە (بون)ـی کەینونە بە واتای "لە ئارابون" و (بون)ـی سەیرورەش بە وا تای "گۆڕانکاری ئارایی"ـی ئەو شتە یان ئەو دۆخە دێ، کە ڕ ستەکە با سی دە کا. هەروەها لە ڕوی ئەو کەرەستە پێویستانەی دەکەونە دەرەوەی ڕۆنانەکیان، هەمیشە لە دوای (بون)ـی سەیرورە ( بە) یان (ـە)ی ئامرازی پەیوەندی هەیە و لە (بون)ـی کەینونەدا نیە.

| خشتەی ژمارە (18) | دەمی ئێستا | | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو" | |
|---|---|---|---|---|
| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
| ئەرێ | نیە | - - - | دە<u>بم</u> بە پیاو. | م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>دە+ب+Ø+م Ø:(ێ)دەرنەکەوتوە م:د.ڕ |
| نەرێ | نیە | - - - | نا<u>بم</u> بە پیاو. | ن.ن+م.ك.ئێس+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>نا+Ø+ب+Ø+م Ø:(ـە)دەرنەکەوتوە Ø:(ێ)دەرنەکەوتوە |

هەندێك زمانەوان پێیان وایە، هۆکاری نەبونی ڕۆنانی (بون)ـی سەیرورە بۆ دە می ئێستا لەم خشتەیەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((گۆڕانکاری ئارایی (بون بە) لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دروست نابێ، چونکە گۆڕانکاری کاتێکی پتر لە کاتی ئێستای دەوێ).[1]

وەك دیارە لە بەشی دە ستە چەپی هەر چوار خ شتەکەی سەرەوە "ئێستا و دا هاتو" بووە تە ناونیشانی ئەم بەشەی خشتەکان. ناونانی دەمی ڕۆنانەکانی ئەم بەشەی خشتەکان لەبەر ئەوە نیە، کە لە پێکهاتەکانیا ندا هەر دو مۆرفیمی کاتی ئێستا و دا هاتو هەن، بەڵکو ئەم ناونا نە لەوەوە هاتوە، کە دە کرێ هەر یەکێك لەم ڕۆنا نە لە گەڵ ئاوەڵ کارە کا تەکانی ئێ ستا و دا هاتو بێن و واتاکانیشیان تەواو و بێ کەموکوڕی بێ. مەبەستمان لەم ڕونکردنەوەیە ئەوەیە هەر چەندە دوا جار مۆرفیمی کاتەکان تێنسی ڕستە و دەمی کارەکان دیاری دەکەن، بەڵام مەرج نیە مۆرفیمی کاتێکی دیاریکراو لە ڕۆنانێکدا تەنها ئەو دەمە دەربڕێ، کە خۆی هەڵگریەتی.[2] بۆ نمونە لە ڕۆنانی کاری ڕێژەی دانانیی "بچێ"ـدا تەنها مۆرفیمی کاتی داهاتو هەیە، کە چی دە می ئەم کارە وەك چۆن بۆ دەر بڕینی دە می دا هاتو دە شێ *" گەر دو سبەی بچێ، ..."* ، بە هەمان شێوە بۆ دەر بڕینی دە می ئێستاش دەشێ *"گەر هەر ئێستا بچێ، ..."* .

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە–بون–) لە زمانی کوردیدا، ...ل44.
[2] – بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (23).

له بەرامبەردا له بەشی دەستە ڕاستی هەر چوار خشتەکه وشەی "ئێستا" ناونیشانە، ئەم ناونیشانەش "تەنها دەمی ئێستا" لەبەر ئەوە نیه که ڕۆنانی نمونەی کارەکان تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستایان تێدا یە، بەڵکو لەوەوە هاتوە، که ئەم کارانە تەنها لەگەڵ ئاوەڵکارەکا تەکانی ئێستا دەگونجێن و دەتوانن واتای تەواو و بێ کەموکەڕی بدەن، بۆ نمونە *"ئێستا هەمانن."* له ڕوی واتاوە ڕستەیەکی دروستە، بەڵام *"* پاشان هەمانن."* له روی واتاوە نادروست و لەنگە.

بەرامبەر ئەم ناونانەی سەرەوە، له ڕێژەی دا خوازی ناونیشانی هەمو خشتەکان "ئێستا و داهاتو"ـە، له کاتێکدا له ڕۆنانی نمونەی کارەکان تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستا، بۆ نمونە "بنوسە" هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی دەکرێ ئەم ڕۆنانانە لەگەڵ ئاوەڵکارەکا تەکانی داهاتوش بەکار بێن و واتای تەواو بدەن، وەك ئەوەی لەگەڵ ئاوەڵکارەکا تەکانی ئێستا واتای تەواو دەدەن، له ناونیشانەکانیان له پاڵ وشەی "ئێستا" وشه "داهاتو"ـش دانراوە. بۆ نمونە *" هەر ئێستا نامەکە بنوسە."* بۆ دەمی ئێستا. *"دوسبەی نامەکە بنوسە."* بۆ دەمی داهاتو.

## بەندی دووەم: تێنس لە کاری ڕێژەی دانانی ( ئینشائی ):

### 1- دەمی ڕابردوی دانانی:

#### ا: تێنس لە دەمی ڕابردوی کاری ئاسایی دانانی:

#### 1- کاری ڕابردوی ڕوت (سادە):

| خشتەی ژمارە (19) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ک.1 تاکە، بەرکار ک.3 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنابانم | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار+بکەر<br>هێن+ا+ب+ا+ن+م ن:د.ڕ م:د.خ | سادە |
| | | | دامهێنابان | پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دا+م+هێن+ا+ب+ا+ن | داڕێژراو |
| | | | ناوم هێنابان | پ-1+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ناو+م+هێن+ا+ب+ا+ن | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەمهێنابان | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نە+م+هێن+ا+ب+ا+ن | سادە |
| | | | دامنەهێنابان | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دا+م+نە+هێن+ا+ب+ا+ن | داڕێژراو |
| | | | ناوم نەهێنابان | پ-1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ناو+م+نە+هێن+ا+ب+ا+ن | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی سێیەمی کۆیە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | کەوتبان | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بەرکار<br>کەو+ت+ب+ا+ن ن:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵکەوتبان | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بکەر<br>هەڵ+کەو+ت+ب+ا+ن | داڕێژراو |
| | | | ژێر کەوتبان | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ژێر+کەو+ت+ب+ا+ن | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتبان | ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نە+کەو+ت+ب+ا+ن | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتبان | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بکەر<br>هەڵ+نە+کەو+ت+ب+ا+ن | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتبان | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ژێر+نە+کەو+ت+ب+ا+ن | لێکدراو |

**نمونەکانی ئەم خشتەیەش ڕۆنانێکی دیکەیان هەیە، کە تێیدا هەر دو ڕا ناوی لکاوی (بکەر و بەرکار) سەر بە دە ستەی خاوەنین، بەم شێوەیە: (هێنا بانم ـــ ـ هێنابا یانم = ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ک.ڕ+بەرکار+بکەر = هێن+ا+ب+ا+یان+م). نمونە نەکانی دیکەش بەم شێوەیان لێ دێ: (دامهێنابان=دایانمهێنا با)، ( ناوم هێنابان=ناو یانم هێنا با)، (نەمهێنابان= نەیانمهێنابا)، (دامنەهێنابان=دایانمنەهێنابا)، (ناوم نەهێنابان=ناویانم نەهێنابا).**

| خشتەی ژمارە (20) | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بەرکار کەسی سێیەمی کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنرابان | ڕەگ+م.ب.ن+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>هێن+ر+ا+ب+ا+ن ن:د.ڕ | سادە |
| | | | داهێنرابان | پێشگر+ڕەگ+م.ب.ن+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دا+هێن+ر+ا+ب+ا+ن | داڕێژراو |
| | | | ناو هێنرابان | پ-1+ڕەگ+م.ب.ن+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ناو+هێن+ر+ا+ب+ا+ن | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنرابان | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نە+هێن+ر+ا+ب+ا+ن | سادە |
| | | | دانەهێنرابان | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>دا+نە+هێن+ر+ا+ب+ا+ن | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنرابان | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+م.ک.ڕ+بەرکار<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+ب+ا+ن | لێکدراو |

## 2- کاری ڕابردوی بەردەوام:

| خشتەی ژمارە (21) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر کەسی دوەمی تاکە، بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | بتهێنامایە | م.ب.ئا+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ب+ت+هێن+ا+م+ا+یـ+ـە ت:د.خ م:د.ڕ | سادە |
| | | | داتبهێنامایە | پێشگر+بکەر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>دا+ت+ب+هێن+ا+م+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ناوت بهێنامایە | پ-1+بکەر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ناو+ت+ب+هێن+ا+م+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەتهێنامایە | ن.ن+بکەر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>نە+ت+Ø+هێن+ا+م+ا+یـ+ـە Ø: م.ب.ئا (بـ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | داتنەهێنامایە | پێشگر+بکەر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>دا+ت+نە+Ø+هێن+ا+م+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ناوت نەهێنامایە | پ-1+بکەر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ناو+ت+نە+Ø+هێن+ا+م+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | بکەوتمایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>بـ+کەو+ت+م+ا+یـ+ـە م:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵبکەوتمایە | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>هەڵ+بـ+کەو+ت+م+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ژێر بکەوتمایە | پ-1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ژێر+بـ+کەو+ت+م+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتمایە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>نە+Ø+کەو+ت+م+ا+یـ+ـە Ø: م.ب.ئا (بـ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتمایە | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>هەڵ+نە+Ø+کەو+ت+م+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتمایە | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ژێر+نە+Ø+کەو+ت+م+ا+یـ+ـە | لێکدراو |

دە کرێ ( بـ)ی مۆرفیمی بـ کەرئاراییی لە هە ندێك نمو نەی ئەم خ شتەیەدا دەرنە کەوێ: (داتبهێنامایە - داتهێنامایە)، (ناوت بهێناما یە - ناوت هێناما یە). هەروەها لەم دو نمو نەی جۆری

دوەمیش (دامتبهێنا یە - دامتهێنا یە)، (ناو مت بهێنا یە - ناو مت هێنا یە). هەروەها ئەم دو نمو نە تێنەپەڕەش (هەڵبکەوتمایە - هەڵکەوتمایە)، (ژێر بکەوتمایە - ژێر کەوتمایە).

ڕۆ نانی جۆری دوە می ئەم نمونا نە کە هەر دو ڕا ناوە لکاوە کە سەر بە دە ستەی خاوەنین، بریتین لە: (بمتهێنایە)، (دامتبهێنایە)، (ناو مت بهێنا یە)، (نەمتهێنا یە)، (دامتنەهێنا یە)، (ناو مت نەهێنایە). ئەوەی لەم نمونانەی جۆری دوەم جێی سەرنجە، هەر دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو (-ا-ی دوای نونی چاوگی کارە کە و -ا-ی مۆرفیمی دا نانی) دەکەو نە تەك یە کدی و یەکیان تێدە چێ، (چونکە لە زمانی کوردی دو بزوێن لە تەك یەك نا یەن).[ڕ] دە شیا ناوبڕێکی وە کو ( یـ) بکەوتا یە نێوانیان، بەلاّم لە بەر ئەوەی مۆرفیمی کاتی ڕابردو مان لە ڕۆنانە کەدا هە یە و ئا ماژە بۆ کاتی ڕا بردو کراوە، پێویستیەکی ئەوتۆ بە مۆرفیمە کا تە ڕابردوە کەی دیکە نیە. بۆ یە ئا سایيە کە یەکێکیان تێبچێ.

| خشتەی ژمارە (22) | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بەرکار کەسی دوەمی تاکە | | دۆخی ئەرێ | بهێنرایتایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>بـ+هێن+ر+ا+ی+ت+ا+یـ+ـە ن:د.ڕ ت:ناوبڕ یـ:ناوبڕ | سادە |
| | | | دابهێنرایتایە | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>دا+بـ+هێن+ر+ا+ی+ت+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ناو بهێنرایتایە | پ-1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>ناو+بـ+هێن+ر+ا+ی+ت+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنرایتایە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+Ø+هێن+ر+ا+ی+ت+ا+یـ+ـە Ø: م.ب.ئا (ب) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | دانەهێنرایتایە | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>دا+نە+Ø+هێن+ر+ا+ی+ت+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنرایتایە | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>ناو+نە+Ø+هێن+ر+ا+ی+ت+ا+یـ+ـە | لێکدراو |

هەروەها ئەم دو نمونە یەش لەم خشتەیەی سەرەوەدا لە دۆ خی بکەرنادیار، دە کرێ (بـ)ـی مۆرفیمی بکەرئارایی تێیا ندا دەرنە کەوێ، بەم شێوەیە: (دابهێنرایتا یە - داهێنرایتا یە)، ( ناو بهێنرایتایە  ناو هێنرایتایە).

---

[1] – د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل277.

## 3- کاری ڕابردوی تەواو:

خشتەی ژمارە (23)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج. ڕۆنان |
| بکەر ك.1 تاکە، بەرکار ك.3 تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنابێتم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بەرکار+بکەر<br>هێن+ا+بـ+ێ+تـ+م+Ø تـ:ناوبڕ م:د.خ Ø:ڕ.لکاوی (د.ڕ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | دامهێنابێ | پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+م+هێن+ا+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناوم هێنابێ | پ-1+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+م+هێن+ا+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەمهێنابێ | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>نە+م+هێن+ا+بـ+ێ+Ø | سادە |
| | | | دامنەهێنابێ | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+م+نە+هێن+ا+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناوم نەهێنابێ | پ-1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+م+نە+هێن+ا+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | کەوتبێتم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بەرکار<br>کەو+ت+بـ+ێ+تـ+م م:ڕ.لکاوی (د.ڕ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | هەڵکەوتبێتم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بکەر<br>هەڵ+کەو+ت+بـ+ێ+تـ+م | داڕێژراو |
| | | | ژێر کەوتبێتم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بەرکار<br>ژێر+کەو+ت+بـ+ێ+تـ+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتبێتم | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بەرکار<br>نە+کەو+ت+بـ+ێ+تـ+م | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتبێتم | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بکەر<br>هەڵ+نە+کەو+ت+بـ+ێ+تـ+م | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتبێتم | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بەرکار<br>ژێر+نە+کەو+ت+بـ+ێ+تـ+م | لێکدراو |

هە ندێك جار لەم ڕۆنا نەدا مۆرفیمی کاتی دا هاتو دەرنا کەوێ، بەم شێوەیە "هێ نابم" یان "کەوتبم"، بەمەش ناوبڕەکەش تێدەچێ.

خشتەی ژمارە (24)

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج. ڕۆنان |
| بەرکار کەسی سێیەمی تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنرابێ | ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>هێن+ر+ا+بـ+ێ+Ø Ø:ڕ.لکاوی (د.ڕ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | داهێنرابێ | پێشگر+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+هێن+ر+ا+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناو هێنرابێ | پ-1+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+هێن+ر+ا+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنرابێ | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>نە+هێن+ر+ا+بـ+ێ+Ø | سادە |
| | | | دانەهێنرابێ | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+نە+هێن+ر+ا+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنرابێ | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |

## 4- کاری ڕابردوی دور:

| خشتەی ژمارە (25) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج. ڕۆنان |
| بکەر لێ2 تاکە، بەرکار لێ1 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنابوتینایە | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>هێن+ا+Ø+ب+و+ت+ین+ا+یـ+ـە Ø:(م.ب.ئا)دەرنەکەوتوە ت:د.خ ین:د.ڕ ی:ناوبڕ | سادە |
| | | | داتبهێنابوینایە | پێشگر+بکەر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>دا+ت+بـ+هێن+ا+ب+و+ین+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ناوت بهێنابوینایە | پـ1+بکەر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ناو+ت+بـ+هێن+ا+ب+و+ین+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەتهێنابوینایە | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>نە+ت+ هێن+ا+Ø+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا (بـ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | داتنەهێنابوینایە | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>دا+ت+نە+هێن+ا+Ø+ب+و+ین+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ناوت نەهێنابوینایە | پـ1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+بەرکار+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ناو+ت+نە+هێن+ا+Ø+ب+و+ین+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | بکەوتبویتایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>بـ+کەو+ت+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە ی:د.ڕ تـ:ناوبڕ یـ:ناوبڕ | سادە |
| | | | هەڵبکەوتبویتایە | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بکەر+ناوبڕ+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>هەڵ+بـ+کەو+ت+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ژێر بکەوتبویتایە | پـ1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ڕ+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ژێر+بـ+کەو+ت+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتبویتایە | ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>نە+کەو+ت+Ø+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا (بـ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتبویتایە | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بکەر+ناوبڕ+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>هەڵ+نە+کەو+ت+Ø+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتبویتایە | پـ1+ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+م.ک.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ک.ڕ+ناوبڕ+م.ک.ئێس<br>ژێر+نە+کەو+ت+Ø+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | لێکدراو |

دە کرێ (بـ )ـی مۆرفیمی بـ کەرئارایی لەم نمونا نە دەرنە کەوێ: (داتبهێنابوینا یە - داتهێنابوینا یە)، ( ناوت بهێنابوینا یە - ناوت هێنابوینا یە). هەروەها ئەم سێ نمو نە تێنە پەڕەش (بکەوتبویتا یە - کەوتبویتا یە)، (هەڵبکەوتبویتا یە - هەڵکەوتبویتا یە)، (ژ ێر بکەوتبویتا یە - ژ ێر کەوتبویتایە). هەروەها ئەم سێ نمونە یەش لە دۆ خی بکەرنادار (بهێنرابویتا یە - هێنرابویتا یە)، (دابهێنرابویتایە - داهێنرابویتایە)، (ناو بهێنرابویتایە - ناو هێنرابویتایە).

سەبارەت بە کاری (داتبهێنابوینا یە) ئەم نمونە یە خۆی (بـ )ـی مۆرفیمی بکەرئاراییە کەی دەرنا کەوێ، چونکە کەوتۆ تە تەك ڕە گی (بون )ـەوە. لە کاتێکدا ( لە بنەڕەتـ تدا مۆرفیمی بکەر ئاراییش هەر ڕەگی "بون"ـە)،[1] و دەتوانێ هەمان ئەرکی ئەو ببینێ، بۆیە ئاساییە بسوێ.

ڕۆ نانی جۆری دوە می ئەم نمونا نە کە هەر دو ڕا ناوە لکاوە کە سەر بە دە ستەی خاوەنین، بریتین لە: (دامانتهێنابوا یە)، (ناوما نت هێنابوا یە)، (نەمانتهێنابوا یە)، (دامانتنەهێنابوا یە)،

[1] – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: –عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و –هە–بون) لە کوردیدا، ...ل66.
–د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل186.

(ناومانت نەهێنابوایە). تەنها نمونەی یە کەم (هێنابوتینا یە) جۆری دوە می ذ یە، چونکە لە ڕوی ڕۆنانەوە هیچ پارچەیەکی زمانی نەکەوتۆتە پێش ڕە گی کارە کەوە، تا ڕا ناوی بەرکارە کەی بـچێتە سەر و بکەوێتە پێش ڕەگی کارەکە.

| خشتەی ژمارە (26) | | بکەرنادیار | |
|---|---|---|---|
| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج. ڕۆنان |
| بەرکار کەسی دوەمی تاکە / دۆخی ئەرێ | بهێنرابویتایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>بـ+هێن+ر+ا+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە ی:د.ڕ ت:ناوبڕ یـ:ناوبڕ | سادە |
| | دابهێنرابویتایە | پێشگ+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>دا+بـ+هێن+ر+ا+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | ناو بهێنرابویتایە | پـ1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>ناو+بـ+هێن+ر+ا+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | لێکدراو |
| دۆخی نەرێ | نەهێنرابویتایە | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+هێن+ر+ا+Ø+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە Ø: م.ب.ئا (ب) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | دانەهێنرابویتایە | پێشگ+ن.ن+ڕگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+ڕگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+نابڕ+م.ك.ڕ+ناوڕ+م.ك.ئس<br>دا+نە+هێن+ر+ا+Ø+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | داڕێژراو |
| | ناو نەهێنرابویتایە | پـ1+ن.ن+ڕگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+ڕگی بون+م.ك.ڕ+بەرکار+ناوبڕ+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+Ø+ب+و+ی+ت+ا+یـ+ـە | لێکدراو |

## 5- کاری ڕابردوی داهاتو:

ئێمە تا ئێستا نەماندیوە لە هیچ سەر چاوەیەك با سی ڕۆ نانی ئەم جۆرە (ڕا بردوی دانانی )لـە کرابێ، ئەگەر هەشبێ، بە پێی ئەو مۆرفیمانەی ڕۆنانی کارەکانیان پێکهێناوە، بە تایبەتی مۆرفیـمە کا تەکان، شی نەکراوە تەوە و باس نەکراوە. ئێـ مەش بە گوێرەی مۆرفیـ مە کا تەکانی ذ ێو ڕۆنانەکانیان بە جۆرێکی سەربەخۆ و تایبەتی لە جۆرە کانی ڕا بردوی دانانیـمان دا ناوە و بە مەش ژمارە یەکی تایـ بەتیمان لە جۆرە کانی ڕا بردوی دا نانی ز یاد کردوە. ز یادکردنی ئەم ژمارە یەش لەوەدا یە، کە لە ذ ێو ڕۆ نانی هەمو کارە ئا سییەکان لە هەر سێ ڕ ێژەدا، تا کە ڕۆنانێکە کە دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی کاتی داهاتوی پێکەوە تێدا کۆ ببێـتەوە.[1] لە گەردانی هەمو جۆرەکانی (هەبون)یـش تاکە ڕۆنانێکە کە تێیدا لە پاڵ مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو، مۆرفیمێکی کاتی داهاتوش هەبێ.[2]

ناوی (ڕا بردوی داهاتو) مان لە وەرگێڕا نی حەرفیی (گذشتة آيندگى) ی فار سی وەرگر توە، چونکە لە ڕێزمانی فارسیدا باسی ئەم ڕۆنانە کراوە، کە لە زمانی فارسیی کۆندا هەبووە. لە لایەکی دیکە ئەگەر (هەندێك جار بە ڕۆنانی "ڕابردوی بەردەوام "ـی دا نانی گوترابێ "ڕا بردوی ئایـندە"،

1 – بڕوانە خشتەی ژمارە "27"ی ئەم بەشە.
2 – بڕوانە خشتەی ژمارە "28"ی ئەم بەشە.

بەو پێیەی ئەم ڕۆنانە سەرەڕای نیشاندانی کاتی ڕوداوێك لە ڕابردودا، هەندێك جار بۆ نیشاندانی ڕودانی کارێك لە داهاتوشدا بەکار دێ).[1] ئەوا ئێمە ئەم ناوانەمان بۆ ئەم ڕۆنانە پەسند کرد، بەو پێیەی کاریگەریی ڕوداوی ئەم ڕۆنانە تا دەمی داهاتو درێژ دەبێتەوە و دەشێ لە داهاتودا دەربکەوێ، کە کارەکە ڕویداوە یان نا.[2]

بە پێی ئەم ڕونکردنەوەی سەرەوە دەبو لە ناونانی ڕۆنانی "ڕابردوی تەواو"یش ئاماژەیەك یان وشەی "داهاتو" یان "ئایندە" هەبوایە، چونکە ئەویش لە پاڵ مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو مۆرفیمێکی کاتی داهاتوی تێدایە و بە هەمان شێوەی ڕۆنانی "ڕابردوی داهاتو" کاریگەریی ڕودانی کارەکەی تا دەمی داهاتو درێژ دەبێتەوە و دەشێ لە داهاتودا دەربکەوێ، کە کارەکە ڕویداوە یان نا، بەلآم لە بەر ئەوەی تازە لە ڕێزمانی کوردی ئەم ناوە "ڕابردوی بەردەوام" ڕۆیشتوە و هیچ گرفتێکیش لە ناونانەکەیدا نیە، بۆیە ناوەکەیمان وەکو خۆی دانایەوە.

خشتەی ژمارە (27)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج. ڕۆنان |
| بکەر ك.2 تاکە، بەرکار ك.3 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنابوبێتت | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ناوبڕ+بەرکار+بکەر<br>هێن+ا+ب+و+بـ+ێ+تـ+Ø+ت تـ:ناوبڕ ت:د.خ Ø:ڕ.لکاوی (د.ڕ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | داتهێنابوبێ | پێشگر+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+ت+هێن+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناوت هێنابوبێ | پـ1+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+ت+هێن+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەتهێنابوبێ | ن.ن+بکەر+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>نە+ت+هێن+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | سادە |
| | | | داتنەهێنابوبێ | پێشگر+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+ت+نە+هێن+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناوت نەهێنابوبێ | پـ1+بکەر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+ت+نە+هێن+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی سێیەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | کەوتبوبێ | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>کەو+ت+ب+و+بـ+ێ+Ø Ø:ڕ.لکاوی (د.ڕ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | هەڵکەوتبوبێ | **پێشگر**+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بکەر<br>هەڵ+کەو+ت+ب+و+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ژێر کەوتبوبێ | پـ1+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ژێر+کەو+ت+ب+و+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوتبوبێ | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>نە+کەو+ت+ب+و+بـ+ێ+Ø | سادە |
| | | | هەڵنەکەوتبوبێ | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بکەر<br>هەڵ+نە+کەو+ت+ب+و+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوتبوبێ | پـ1+ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ژێر+نە+کەو+ت+ب+و+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |

[1] – د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل232.

[2] – بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (50).

ڕۆنانی جۆری دوەمی نمونەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە، کە هەردو ڕا ناوە لکاوەکە سەر بە دە ستەی خاوەنین، بریتین لە: (دایتهێ نابوبێ)، (ناویتهێ نابوبێ)، ( نەیتهێنابوبێ)، (دایتنەهێنابوبێ)، (ناویت نەهێنابوبێ). تەنها نمو نەی یە کەم (هێنابوبێ تت) جۆری دوە می نیە، چونکە لە ڕوی ڕۆنا نەوە هیچ پار چەیەکی ز مانی نەکەوتۆ تە پێش ڕە گی کارە کەوە، تا ڕا ناوی بەرکارەکەی بچێتە سەر و بکەوێتە پێش ڕەگی کارەکە.

خشتەی ژمارە (28)

| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج. ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | **بکەرنادیار** | |
| بەرکار کەسی سێیەمی تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | هێنرابوبێ | ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>هێن+ر+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø Ø:ڕ.لکاوی (د.ڕ) دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | داهێنرابوبێ | پێشگر+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+هێن+ر+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناو هێنرابوبێ | پ-1+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+هێن+ر+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنرابوبێ | ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>نە+هێن+ر+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | سادە |
| | | | دانەهێنرابوبێ | پێشگر+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>دا+نە+هێن+ر+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنرابوبێ | پ-1+ن.ن+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.ڕ+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+نە+هێن+ر+ا+ب+و+بـ+ێ+Ø | لێکدراو |

## ب- تێنس لە دەمی ڕابردوی چاوگی ( -هە-بون ):

### یەکەم: لە (-هە-بون)ی جوتتوخمی:

خشتەی ژمارە (29)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | هەتانبوبان | م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕ.خ.د<br>هە+تان+ب+و+بـ+ا+ن تان:د.خ ن:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | هەتانبوایەن | م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس+ڕ.خ.د<br>هە+تان+ب+و+Ø+ا+یـ+ە+ن Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرناکەوێ | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | – – – | ڕ. تەواو |
| | نیە | – – – | ڕ. دور |
| | هەتانبوبن | م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕ.خ.د<br>هە+تان+ب+و+بـ+Ø+ن Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوێ | ڕ. داهاتو |
| دۆخی نەرێ | نەتانبوبان | ن.ن+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕ.خ.د<br>نە+Ø+تان+ب+و+بـ+ا+ن Ø: (هە)ی مۆرفیمی خاوەندار دەرناکەوێ | ڕ. ڕوت |
| | نەتانبوایەن | ن.ن+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس+ڕ.خ.د<br>نە+Ø+تان+ب+و+Ø+ا+یـ+ـە+ن Ø:(هە) دەرناکەوێ Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرناکەوێ | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | – – – | ڕ. تەواو |
| | نیە | – – – | ڕ. دور |
| | نەتانبوبن | ن.ن+م.خ.د+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕ.خ.د<br>نە+Ø+تان+ب+و+بـ+Ø+ن Ø:(هە)ی م.خاوەندار دەرناکەوێ Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوێ | ڕ. داهاتو |

## دوەم: لە (-هە-بون)ـی تاکتوخمی:

خشتەی ژمارە (30)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | هەبوبان | م.خ.د+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>هە+ب+و+بـ+ا+ن ن:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | هەبونایە | م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>هە+Ø+ب+و+ن+ا+یـ+ـە Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرناکەوێ ن:د.ڕ | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | — — — | ڕ. تەواو |
| | نیە | — — — | ڕ. دور |
| | هەبوبن | م.خ.د+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕاناو<br>هە+ب+و+بـ+Ø+ن | ڕ. داهاتو |
| دۆخی نەرێ | نەبوبان | ن.ن+م.خ.د+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+و+بـ+ا+ن Ø:(هە)ی مۆرفیمی خاوەندار دەرناکەوێ ن:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | نەبونایە | ن.ن+م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+Ø+تان+ب+و+بـ+ا+یـ+ـە+ن Ø:(بـ)ی م.ب.ئا Ø:(هە)ی م.خاوەندار | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | — — — | ڕ. تەواو |
| | نیە | — — — | ڕ. دور |
| | نەبوبن | ن.ن+م.خ.د+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+و+بـ+Ø+ن Ø:(هە)ی م.خاوەندار دەرناکەوێ Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوێ | ڕ. داهاتو |

## سێیەم: لە (بون)ـی (کەینونە-بودن):

خشتەی ژمارە (31)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | بوباین | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>ب+و+بـ+ا+ین ین:د.ڕ | ئەگەر مامۆستا بوباین، وامان لێ نەدەهات. | ڕ. ڕوت |
| | ببوینایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>بـ+ب+و+ین+ا+یـ+ـە | گەر لە سەرەتاوە زیرەك ببوینایە، دەردەچوین. | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | — — — | — — — | ڕ. تەواو |
| | بوبوینایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ر+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>Ø+ب+و+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ | گەر ئەوکاتە زیرەك بوبوینایە، دەریاندەچواندین. | ڕ. دور |
| | بوبین | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕاناو<br>ب+و+بـ+Ø+ین Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوتوە | وا پێدەچێ زیرەك بوبین. | ڕ. داهاتو |
| دۆخی نەرێ | نەبوباین | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>نە+ب+و+بـ+ا+ین | ئەگەر مامۆستا نەبوباین، وامان لێ نەدەهات. | ڕ. ڕوت |
| | نەبوینایە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+Ø+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ | گەر لە سەرەتاوە تەمبەڵ نەبوینایە، دەردەچوین. | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | — — — | — — — | ڕ. تەواو |
| | نەبوبوینایە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ر+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+Ø+ب+و+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ | گەر ئەوکاتە زیرەك نەبوبوینایە، دەریاننەدەچواندین. | ڕ. دور |
| | نەبوبین | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕاناو<br>نە+ب+و+بـ+Ø+ین Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوتوە | لەوانەیە وەك پێویست نەبوبین، بۆیە وەریاننەگرتین. | ڕ. داهاتو |

## چوارەم: لە (بون)ی (سەیرورە-شدن):

| خشتەی ژمارە (32) | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | بوباین | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>ب+و+بـ+ا+ین ین:د.ڕ | بریا بوباین بە مامۆستا. | ڕ. ڕوت |
| | ببوینایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>بـ+ب+و+ین+ا+یـ+ـە | بریا ببوینایە بە مامۆستا. | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | – – – | – – – | ڕ. تەواو |
| | بوبوینایە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ر+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>Ø+ب+و+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ | بریا بوبوینایە بە مامۆستا. | ڕ. دور |
| | بوبین | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕاناو<br>ب+و+بـ+Ø+ین Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوتوە | پێدەچێ بوبین بە پیاو، بۆیە وا ڕێزمان لێ دەگرن. | ڕ. داهاتو |
| دۆخی نەرێ | نەبوباین | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>نە+ب+و+بـ+ا+ین | بریا نەبوباین بە مامۆستا. | ڕ. ڕوت |
| | نەبوینایە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+Ø+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ | بریا نەبوینایە بە مامۆستا. | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | – – – | – – – | ڕ. تەواو |
| | نەبوبوینایە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ر+ڕەگی بون+م.ك.ڕ+ڕاناو+م.ك.ڕ+ناوبڕ+م.ك.ئێس<br>نە+Ø+ب+و+ب+و+ین+ا+یـ+ـە Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ | بریا نەبوبوینایە بە مامۆستا. | ڕ. دور |
| | نەبوبین | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ب.ئا+م.ك.د+ڕاناو<br>نە+ب+و+بـ+Ø+ین Ø:م.ك.د (ێ) دەرناکەوتوە | پێدەچێ هێشتا نەبوبین بە پیاو، بۆیە ڕێزمان ناگرن. | ڕ. داهاتو |

**ڕونانی هەر دو (بون)ی کەینونە و سەیرورەش لە ڕێژەی داناندیدا، لە ڕوی ڕۆنانەوە تەنها مۆرفیمی کاتی داهاتویان تێدایە و لەبەر ئەوەی لە بەرامبەریاندا ڕۆنانێکی دیکەمان نیە، کە تەنها تایبەت بێ بە دەمی ئێستا و مۆرفیمی کاتی ئێستای تێدا بێ، تا هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جودا و سەربەخۆ بۆ دەمی ئێستا و داهاتو بەکار بێنین، بۆیە ناچارین هەر ئەو تاکە ڕۆنانەی کە هەمانە:**

**1-بە تەنها و ڕاستەوخۆ بۆ دەمی ڕانەبردو (موزاریع) بەکاری بێنین.**

**2-بە ڕێگەی لێکیسکی و بە خستنەپاڵی ئاوەڵکارە کاتەکانی ئێستا، بۆ دەمی ئێستا بەکاری بێنین.**

**3-بە ڕێگەی لێکسیکی و بە خستنەپاڵی ئاوەڵکارە کاتەکانی داهاتو، بۆ دەمی داهاتو بەکاری بێنین.**

## 1- دەمی ڕانەبردو ( ئێستا و داهاتو )ی دانانی :

### ا : تێنس لە دەمی ئێستا و داهاتوی کاری ئاسایی دانانی :

خشتەی ژمارە (33)

| | | | نمونە | بکەردیار: چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|---|
| بکەر ك.2 تاکە، بەرکار ك.1 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | بمهێنی | م.ب.ئا+بەرکار+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>بـ+م+هێن+Ø+ی Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە ی:د.ڕ م:د.خ | سادە |
| | | | دامبهێنی | پێشگر+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>دا+م+بـ+هێن+Ø+ی Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | داڕێژراو |
| | | | ناوم بهێنی | پ-1+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>ناو+م+بـ+هێن+Ø+ی Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەمهێنی | ن.ن+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>نە+م+Ø+هێن+Ø+ی Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | دامنەهێنی | پێشگر+بەرکار+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>دا+م+نە+Ø+هێن+Ø+ی Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | داڕێژراو |
| | | | ناوم نەهێنی | پ-1+بەرکار+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>ناو+م+نە+Ø+هێن+Ø+ی Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | بکەوی | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بەرکار<br>بـ+کەو+Ø+ی Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە ی:د.ڕ | سادە |
| | | | هەڵبکەوی | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>هەڵ+بـ+کەو+Ø+ی Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | داڕێژراو |
| | | | ژێر بکەوی | پ-1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بەرکار<br>ژێر+بـ+کەو+Ø+ی Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەکەوی | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بەرکار<br>نە+Ø+کەو+Ø+ی :م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | سادە |
| | | | هەڵنەکەوی | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بکەر<br>هەڵ+نە+Ø+کەو+Ø+ی Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | داڕێژراو |
| | | | ژێر نەکەوی | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+بەرکار<br>ژێر+نە+Ø+کەو+Ø+ی Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەکەوتوە | لێکدراو |

خشتەی ژمارە (34)

| | | | نمونە | بکەرنادیار: چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | بهێنرێم | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>بـ+هێن+ر+ێ+م م:د.ڕ | سادە |
| | | | دابهێنرێم | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>دا+بـ+هێن+ر+ێ+م | داڕێژراو |
| | | | ناو بهێنرێم | پ-1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+بـ+هێن+ر+ێ+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نەهێنرێم | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>نە+Ø+هێن+ر+ێ+م Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ م:د.ڕ | سادە |
| | | | دانەهێنرێم | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>دا+نە+Ø+هێن+ر+ێ+م Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ م:د.ڕ | داڕێژراو |
| | | | ناو نەهێنرێم | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ب.ن+م.ك.د+بەرکار<br>ناو+نە+Ø+هێن+ر+ێ+م Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ م:د.ڕ | لێکدراو |

### ب- تێنس لە دەمی ڕانەبردو ( ئێستا و داهاتو )ی دانانیی چاوگی ( -هە-بون ) :

لە ڕۆنانی نمونەکانی هەر چوار خشتەی (-هە-بون)ـەکان مۆرفیمی کاتی ئێستامان نیە و تەنها مۆرفیمی کاتی داهاتومان هەیە، بەلآم لەبەر ئەوەی دەکرێ بە یار مەتی ئاوەڵکارە کا تەکانی ئێ ستا لە پاڵ هەر نمونەیەك لەوانە، دەمی ئێستا دەربېڕدرێ، بۆیە لە ناونی شانەکە و شەی (ئێ ستا)مان لە پاڵ وشەی (داهاتو) داناوە.

**یەکەم: لە (هەبون)ـی جوتتوخمی:**

خشتەی ژمارە (35)

| | نمونه | چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|
| | **دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"** | |
| ئەرێ | هەیانبن | م.خ.د+م.ب.ئا+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.د+ڕ.خ.د<br>هە+Ø+یان+ب+Ø+ن ن:د.ڕ<br>Ø:م.ب.ئا (بـ) Ø:م.ك.د(یٚ) |
| نەرێ | نەیانبن | ن.ن+م.خ.د+م.ب.ئا+ڕ.خ+ڕەگ+م.ك.د+ڕ.خ.د<br>نە+Ø+Ø+یان+ب+Ø+ن<br>Ø:م.خاوەندار (هە) Ø:(بـ)ی م.ب.ئا Ø:م.ك.د(یٚ) |

ڕۆ نانی " هەیانبن" بەم شێوەیە: (هە+ بـ+یان+ب+Ø+ن)، ئەم دو مۆرفیـمەی سەرەتا " هە" و " بـ" وەك تایبەتمەند یەکی خۆ یان بە پ یٚی شوێن و کەرە سەکانی دەورو بەریان هە ندێك جار دەردە کەون و هە ندێك جار دەرنا کەون، کە چی ئە گەر لە گەڵ یە کدی بێن، هەمی شە یەکێکیان دەردە کەوێ. ئە گەر (بـ )ـەکە دەرنە کەوێ، ئەوا شێوەی کارە کە دەبێ تە ( هەیانبن) و ئە گەریش (هە)یە کە دەرنە کەوێ، ئەوا ( بـ)ی مۆرفیمی بـکەرئاراییی دەردە کەوێ و شێوەی کارە کە دەبێ تە (بیانبن).[1] کەواتە (هەیانبن) و (بیانبن) یەکن و هەمان ڕۆنان و واتا و ئەرکیان هەیە و تەنها لە شێوەدا لێك جودا دەبنەوە.

سەبارەت بە "نەیانبن"ـیش، لەبەر ئەوەی نیشانەی نەرێ لە ڕۆنانی (نەیانبن )ـدا هە یە و ئەم نیشانەیەش هەر دو مۆرفیمی ( هە)ی خاوە نداری و ( بـ)ی بـکەرئاراییی لا دەدا و ناهێڵێ دەر کەون، بۆیە لەم دۆخی نەرێیە -پێچەوانەی دۆخی ئەرێ- دو شێوەمان نیە.

**دوەم: لە (هەبون)ـی تاکتوخمی:**

خشتەی ژمارە (36)

| | نمونه | چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|
| | **دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"** | |
| ئەرێ | هەبن | م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>Ø+هە+ب+Ø+ن ن:د.ڕ<br>Ø:م.ب.ئا (بـ) Ø:م.ك.د(یٚ) |
| نەرێ | نەبن | ن.ن+م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>نە+Ø+Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:م.خاوەندار (هە) Ø:م.ب.ئا(بـ) Ø:م.ك.د(یٚ) |

---

1 – ڕۆنانی "بیانبن، بمانبێ" لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیی ئەمڕۆ زۆر بە دەگمەن بەکار دێ یان هەر لەکار کەوتوە، بەلآم جاران بەکارهێنانی هەبووە.

ڕۆنانی "هەبن" بەم شێوەیە: (هە+بـ+ب+Ø+ن)، ئەم دو مۆرفیمەی سەرەتا " هە" و " بـ"وەك تایبەتمەندیەكی خۆ یان بە پێی شوێن و كەرە سەكانی دەورو بەریان هە ندێك جار دەردە كەون و هەندێك جار دەرناكەون، بەلأم هەمیـشە یەكێكیان دەردە كەوێ. جا ئە گەر (بـ )ـەكە دەرنە كەوێ، ئەوا شێوەی كارە كە دەبێـتە ( هەبن) و ئە گەریش (هە)یە كە دەرنە كەوێ، ئەوا ( بـ)ی مۆرفیمی بكەرئارایی دەردەكەوێ و شێوەی كارە كە دەبێـتە ( ببن). كەوا تە ( هەبن) و ( ببن) یەكن و هەمان ڕۆنان و واتا و ئەركیان هەیە و تەنها لە شێوەدا لێك جودا دەبنەوە.

سەبارەت بە " نەبن"یش، لە بەر ئەوەی نیـشانەی نەرێ لە ڕۆ نانی (نەبن )ـدا هە یە و ئەم نیشانەیەش هەر دو مۆرفیمی ( هە)ی مۆرفیمی خاوە نداری و ( بـ)ی بـكەرئارایی لا دەدا و ناهێڵێ دەركەون، بۆیە لەم دۆخی نەرێیە -پێچەوانەی دۆخی ئەرێ- دو شێوەمان نیە.

## سێیەم: لە (بون)ـی (كەینونە-بودن)

خشتەی ژمارە (37)

| | دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو" | | |
|---|---|---|---|
| | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **نمونە بە ڕستە** |
| ئەرێ | **ببی** | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>بـ+ب+Ø+ی<br>Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەكەوتوە م:د.ڕ | **ئەگەر پیاو ببـی، یارمەتیت دەدەم.** |
| نەرێ | **نەبی** | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+Ø+ێ<br>Ø:(ب)ی م.ب.ئا دەرنەكەوتوە Ø:(ێ)دەرنەكەوتوە | **تا پیاو نەبی، یارمەتیت نادەم.** |

زۆر جار ( بـ)ی مۆرفیمی بـ كەرئارایی لە كاری " ببی" دەرنا كەوێ، ڕۆنانە كەی دەبێـتە (م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو = Ø +بـ+Ø+ی) و شێوەی كارەكە دەبێتە (بی)، بەم شێوەیە: "***ئەگەر پیاو <u>بی</u>، یارمەتیت دەدەم***".

## چوارەم: لە (بون)ـی (سەیرورە-شدن):

خشتەی ژمارە (38)

| | دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو" | | |
|---|---|---|---|
| | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **نمونە بە ڕستە** |
| ئەرێ | **ببی** | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>بـ+ب+Ø+ی<br>Ø:(ێ)ی م.ك.د دەرنەكەوتوە م:د.ڕ | **ئەگەر ببـی بە پیاو، یارمەتیت دەدەم.** |
| نەرێ | **نەبی** | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.د+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+Ø+ێ<br>Ø:(ب)ی م.ب.ئا دەرنەكەوتوە Ø:(ێ)دەرنەكەوتوە | **تا نەبی بە پیاو، یارمەتیت نادەم.** |

## بەندی سێیەم: تێنس لە کاری ڕێژەی فەرماندان:

(ڕێژەی فەرماندان لە ڕوی کەسەوە تەنها ڕۆنانی کەسی دوەمی " تاك و کۆ"ی هە یە)،[1] بۆ یە ئێمە بۆ هەر دۆخێکی فەرماندان دو خشتەمان دروست کردوە، کە لە یەکەمیا ندا فەرمان بە سەر کەسی دوەمی تاك و لە دوەمیاندا بەسەر کەسی دوەمی کۆدا کراوە.

ڕا ناوە لکاوە کە سیە "توخم "ـەکان شەش دا نەن و بە کۆمەڵە یەکی دا خراو دادە نرێن. لە کۆمەڵەی داخراویش دەکرێ دانەیەك مۆرفیمە سفر (∅) وەربگرێ، ئەو دانە یەش کە دەرنا کەوێ، بریتـ یە لە مۆرفیمی سفرەکە. لە هەر شەش ڕا ناوی لکاوی ڕۆ نانی کارە کانی هەر دو ڕ ێژەی ڕاگەیاندن و دانانی، ڕاناوی لکاوی کە سی سێیەمی تاك مۆرفیمی سفرە. کە چی لە بەر ئەوەی لە ڕێژەی فەرماندان تەنها دو دانە ڕاناوی لکاو "کەسی دوەمی تاك و کۆ" هەن، کەواتە دیسان ئا سایيە ئەم دو ڕاناوە بە کۆمەڵەیەکی داخراو دابنرێن و یەکێکیان مۆرفیمی سفر وەربـگرێ. بۆ یە لەم دو ڕاناوە یەکیان مۆرفیمی سفری وەرگرتوە، کە بریتیە لە ڕا ناوی لکاوی کە سی دوە می تاك، چونکە ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی کۆ (ـن) دەردەکەوێ. کەواتە لە ڕۆنانی هەر کارێکی ڕ ێژەی فەرما ندان ئەگەر لە جێی هەر ڕاناوێکی لکاو مۆرفیمی سفر هەبو، ئەوا بریتیە لە ڕاناوی لکاوی کەسی دوە می تاك. هەروەها لە ڕێژەی فەرماندان ڕۆنانی بکەرنادیارمان نیە.

### 1-دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی کاری فەرماندان:

(ڕ ێژەی فەرما ندان لە ڕوی کا تەوە تەنها ئێ ستا و دا هاتوی هە یە)[2] و دە می ڕا بردوی نـ یە، ئەگەرچی لە ڕۆنانی کارەکان تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستا هەیە. کەواتە:

1-ئە گەر کارێکی ڕ ێژەی فەرما ندان بە تەنها و بێ ئاوەڵکارە کانی کات بەکار هات، ئەوا دەمەکەی دەمی ڕانەبردو (موزاریع)ـە. واتا بۆ هەر دو دەمی ئێستا و داهاتو دەگەڕێتەوە.

2-ئەگەر ئاوەڵکارێکی کاتی ئێستای لەگەڵ بەکار هات، وەکو (*ئێستا بمانهێنە.*)، ئەوا بۆ دە می ئێستایە.

3-ئەگەریش ئاوەڵکارێکی کاتی داهاتوی لەگەڵ بەکار هات، وەکو (*پا شان بمانهێنە.*)، ئەوا کاتی ڕستەکە دەمی داهاتوە.

---

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل186.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل238.

ئەگەرچی لە ڕۆ نانی هەر کارێکی ڕ ێژەی فەرما ندان تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستامان هە یە، بەڵام بە تەنها و بێ ئاوەڵکارێکی کاتی ئێستا ناکرێ هیچ کارێکی ڕێژەی فەرماندان، بە تەنها دە می ئێستا ببەخشێتە ڕستە، تاوەکو ئەوکاتە ئەو ڕۆنانەی کە مۆرفیمی کاتی ئێ ستای تێدا یە، بە تەنها تای بەت بێ بە دە می ئێ ستا و ئەو ڕۆنا نەش کە تەنها مۆرفیمی کاتی دا هاتوی تێدا یە ئە گەر هەبوایە- تەنها تایبەت بێ بە دەمی داهاتو. هەر لە بەر ئەوەش کە لە ڕ ێژەی فەرما ندان هەبونی دەمی داهاتو حەتمیە، کەواتە ناچارین هەر ئەو تاکە ڕۆنانەی کە هەمانە و مۆرفیمی کاتی ئێ ستای تێدا یە، بۆ دە می داهاتو شی بەکار ب ێنین. بە پێ چەوانەوەش ئە گەر لە ڕۆ نانی کاری ڕ ێژەی فەرماندان تەنها مۆرفیمی کاتی داهاتومان هەبوایە، ئەوا دیسان ناچار دەبوین، کە ئەو تا کە ڕۆنا نە بۆ دەمی ئێستا بە یارمەتی یەکێك لە ئاوەڵکارە کاتەکانی ئێستا بەکار ب ێنین. هەر وەك ئەوەی لە هەمو ڕۆنانەکانی (-هە-بون )ـی دە می ڕا نەبردوی ڕ ێژەی دا نانی، تەنها مۆرفیمی کاتی داهاتو مان هەیە، کەچی بۆ دەربڕینی دەمی ئێستاش بە یارمەتی ئاوەڵکارەکانی کاتی ئێستا بەکاریان دێنین.

بەرامبەر ئەو دەمی داهاتوەی کە ئێمە پێمان وایە لە ڕێژەی فەرماندانی هەیە، ڕایەکی ج یاواز هەیە، کە پێی وایە لە ڕێژەی فەرماندان تەنها دەمی ئێستا هەیە و دەمی داهاتو بونی نیە[1].

ئەو بۆچونەی کە پێی وا یە، دە می دا هاتو لە ڕ ێژەی فەرما ندان ن یە، دە بێ ڕ ستەیەکی وە کو "*دوای دو ساڵی دیکە قەرزەکەم بدەوە.*"، کە هەم ڕێژە کەی فەرماندا نە و هەم دە می داهاتو شی تێدایە، وا لێك بداتەوە، کە دەمی ڕستەیەکی لەم شێوەیەش هەر دە می ئێ ستایە و دە می دا هاتوی ت ێدا ن یە، چونکە فەرماندانە کە ( بدەوە) دوای تێ پەڕبونی دو ساڵەکە چالاك و ئاکتیڤ دە بێ و مەبەستی ئاخێوەر لە کاتی جێبەجێکردنی فەرماندانەکە دەمی ئێستا و دا هاتوی ئاخاوتنە کە ن یە، بەڵکو مەبەستی ئەودیو (ما وراء)ی داهاتوەکەیە، کە ماوەکەی دو ساڵە و هەر کە دو ساڵەکە تەواو بو، یەکسەر دەبێ تە کاتی ئێ ستا سەبارەت بە دەر بڕینی ئەو ڕ ستەیە و هەر ئەوکا تەش کار (فەرماندان )ـی ڕ ستەکە ئاکتیڤ دە بێ -وەك بڵ ێی بۆ ماوەی دو ساڵ کارە کە چوبێتە سوڕی متبونەوە-، لە کاتێکدا لە واقیعدا فەرماندانی ناو ڕستەکە پێش دو ساڵ دەربڕاوە.

بە بۆچونی ئێ مە ئەم لێکدانەوە یە ئە گەر بۆ چونێکی سەرنجڕاکێ شیش بێ، ئەوا بۆ چونێکی لۆژیکیە و بە هیچ شێوەیەك بۆچونێکی زمانەوانیانە نیە.

ئەگەر بەڵگەی ئەم بۆچونە ئەوە بێ، لە بەر ئەوەی لە ڕ ێژەی فەرماندا ندا هیچ مۆرفیمێکی کاتی داهاتو مان ن یە، بۆ یە ناکرێ دە می داهاتو مان هەبێ. خۆ لە ڕ ێژەی دا نانیش، لە ڕۆ نانی (بون)ـی کەینونە "*ئەگەر پیاو بی، یارمەتیت دەدەم.*" تەنها مۆرفیمی کاتی داهاتومان هەیە، کە بە

---

[1] – بڕوانە "عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە–بون–) لە زمانی کوردیدا، ... ل44–47." لەم سەرچاوەیە لە باسی فەرماندان تەنها ئاماژە بە کاتی ئێستا کراوە.

پێی ئەم ڕا یەی سەرەوە دەبوا یە نەمانتوانیبا ئەم (بون )ـی کەیەنونە یە بۆ دە می ئێستا بەکار بێنین. کە چی دە توانین لەم (بون )ـی کەینونە یە کە تەنها مۆرفیمی کاتی دا هاتوی تێدا یە، بە ڕێگەی لێکسیکی بۆ دەمی ئێستاشی بەکار بێنین ***"گەر دەمودەست <u>پیاو بی</u>، یار مەتیت دەدەم."***. بە هەمان شێوە لە ڕۆنانی کارەکانی ڕێژەی فەرماندانیش کە تەنها مۆرفیمی کاتی ئێستایان تێدا یە، دە توانین بە ڕێ گەی لێک سیکی و بە یار مەتی ئاوەڵکارە کا تەکانی دا هاتو دە می داهاتو شیان لێ ڕۆبنێین.

## ا- تێنس لە دەمی ئێستا و داهاتوی کاری ئاسایی:

خشتەی ژمارە (39)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **جۆری ڕۆنان** |
| بکەر ک.2 تاکە، بەرکار ک.1 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | **بمانهێنە** | م.ب.ئا+بەرکار+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>بـ+مان+هێن+ـە+Ø Ø:ڕاناوی لکاوی ک.2 تاک دەرنەکەوتوە مان:د.خ | **سادە** |
| | | | **دامانبهێنە** | پێشگر+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>دا+مان+بـ+هێن+ـە+Ø | **داڕێژراو** |
| | | | **ناومان بهێنە** | پ-1+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>ناو+مان+بـ+هێن+ـە+Ø | **لێکدراو** |
| | | دۆخی نەرێ | **مەمانهێنە** | ن.ن+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>مە+مان+Ø+هێن+ـە+Ø Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:ڕ. لکاوی ک.2 تاک | **سادە** |
| | | | **دامانمەهێنە** | پێشگر+بەرکار+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>دا+مان+مە+Ø+هێن+ـە+Ø Ø:م.ب.ئا Ø:ڕ. لکاوی ک.2 تاک | **داڕێژراو** |
| | | | **ناومان مەهێنە** | پ-1+بەرکار+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>ناو+مان+مە+Ø+هێن+ـە+Ø Ø:م.ب.ئا Ø:ڕ.لکاوی ک.2 تاک | **لێکدراو** |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | **بخەوە** | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>بـ+خەو+ـە+Ø Ø:ڕاناوی لکاوی ک.2 تاک دەرنەکەوتوە | **سادە** |
| | | | **هەڵبکەوە** | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>هەڵ+بـ+کەو+ـە+Ø | **داڕێژراو** |
| | | | **سەر بکەوە** | پ-1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>سەر+بـ+کەو+ـە+Ø | **لێکدراو** |
| | | دۆخی نەرێ | **مەخەوە** | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>مە+Ø+خەو+ـە+Ø Ø:م.ب.ئا دەرناکەوێ Ø:ڕ.لکاوی ک.2 تاک | **سادە** |
| | | | **هەڵمەکەوە** | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>هەڵ+مە+Ø+کەو+ـە+Ø | **داڕێژراو** |
| | | | **سەر مەکەوە** | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ک.ئێس+بکەر<br>سەر+مە+Ø+کەو+ـە+Ø | **لێکدراو** |

دە کرێ (بـ )ـی مۆرفیمی بـ کەرئارایی لەم نمونا نەی ئەم خـ شتەیەی سەرەوە دەرنە کەوێ: (دامانبهێنە - دامانهێنە)، (هەڵبکەوە - هەڵکەوە)، (سەر بکەوە - سەر کەوە).

بەو پێیەی (کارە تێنەپەڕە بەرکاریەکان ڕێژەی فەرماندانیان لێ دروست نابێ، چونکە ڕودا نی کارە کە لە دە ست خۆ یان نـ یە و ئەوان بەرکارن).[1] ( بخەوە)مان لە چاوگی ( خەوتن) لە جـێی

---

[1] - عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە-بون-) لە زمانی کوردیدا، ... ل54.

**(بکەوە)ی چاوگی (کەوتن) بەکار هێنا، هەرچەندە ئێمە سەداسەد لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیین. هەر بە هەمان هۆکاری سەرەوە (سەر بکەوە)شمان لە جێی (ژێر بکەوە) بەکار هێناوە.**

خشتەی ژمارە (40)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **جۆری ڕۆنان** |
| بکەر ك.2 کۆیە، بەرکار ك.1 کۆیە | تێپەڕ | دۆخی ئەریٚ | **بمانهێنن** | م.ب.ئا+بەرکار+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>بـ+مان+هێن+Ø+ن Ø:م.ك.ئێس(ـە) دەرنەکەوتوە مان:د.خ ن:د.ڕ | **سادە** |
| | | | **دامانبهێنن** | پێشگر+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>دا+مان+بـ+هێن+Ø+ن | **داڕێژراو** |
| | | | **ناومان بهێنن** | پ-1+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>ناو+مان+بـ+هێن+Ø+ن | **لێکدراو** |
| | | دۆخی نەریٚ | **مەمانهێنن** | ن.ن+بەرکار+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>مە+مان+Ø+هێن+Ø+ن Ø:م.ب.ئا دەرناکەویٚ Ø:م.ك.ئێس(ـە) | **سادە** |
| | | | **دامانمەهێنن** | پێشگر+بەرکار+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>دا+مان+مە+Ø+هێن+Ø+ن Ø:م.ب.ئا Ø:م.ك.ئێس(ـە) | **داڕێژراو** |
| | | | **ناومان مەهێنن** | پ-1+بەرکار+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>ناو+مان+مە+Ø+هێن+Ø+ن Ø:م.ب.ئا Ø:م.ك.ئێس(ـە) | **لێکدراو** |
| بکەر یان بەرکار کەسی دوەمی کۆیە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەریٚ | **بخەون** | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>بـ+خەو+Ø+ن Ø:م.ك.ئێس(ـە) | **سادە** |
| | | | **هەڵبکەون** | پێشگر+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>هەڵ+بـ+کەو+Ø+ن | **داڕێژراو** |
| | | | **سەر بکەون** | پ-1+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>سەر+بـ+کەو++Ø+ن | **لێکدراو** |
| | | دۆخی نەریٚ | **مەخەون** | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>مە+Ø+خەو+Ø+ن Ø:م.ب.ئا دەرناکەویٚ Ø:م.ك.ئێس(ـە) | **سادە** |
| | | | **هەڵمەکەون** | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>هەڵ+مە+Ø+کەو+Ø+ن | **داڕێژراو** |
| | | | **سەر مەکەون** | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+بکەر<br>سەر+مە+Ø+کەو+Ø+ن | **لێکدراو** |

**دە کریٚ (بـ )ـی مۆرفیمی بـ کەرئارایی لەم نمونا نەی ئەم خ شتەیەی سەرەوە دەرنە کەویٚ: (دامانبهێنن - دامانهێنن)، (هەڵبکەون - هەڵکەون)، (سەر بکەون - سەر کەون).**

### ا- تێنس لە دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی چاوگی (-هە-بون):

### یەکەم: لە (-هە-بون)ـی جوتتوخمی:

**ڕێژەی فەرماندانمان بۆ (-هە-بون)ـی جوتتوخمی نیە.**

## دوەم: لە (-هە-بون)ی تاكتوخمی:

خشتەی ژمارە (41)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر ل.2 تاك دەكرێ | ئەرێ | هەبە | م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>هە+Ø+ب+ـە+Ø<br>Ø:م.ب.ئا(ب) دەرنەكەوتوە Ø:ڕ.لكاوی ك.2 تاك دەرنەكەوتوە | تۆ پێشتریش هەبوی و ئێستاش هەبە. | ئێستا |
| | | | | تۆ ئێستاش هەی و پاشانیش هەبە. | داهاتو |
| | نەرێ | مەبە | ن.ن+م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>مە+Ø+Ø+ب+ـە+Ø<br>Ø:م.خاوەندار (هە) Ø:م.ب.ئا(ب) Ø:ڕ.لكاوی ك.2 تاك | تۆ پێشتریش نەبوی و ئێستاش مەبە. | ئێستا |
| | | | | تۆ ئێستاش هیچ نیی و پاشانیش هیچ مەبە. | داهاتو |

ڕۆنانی "هەبە" بەم شێوەیە: (م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕا ناو = هە+Ø+ب+ە+Ø)، ئەم دو مۆرفیمەی سەرەتا "هە" و "بـ" وەك پێشتر ئاماژە مان پێ داوە، كاتێك لە گەڵ یە كدی د ێن، وەك تایبەتمەند یەكی خۆ یان هە ندێك جار دەردە كەون و هە ندێك جار دەرنا كەون، بەلاّم هەمیشە یەكێكیان دەردە كەوێ. جا ئە گەر (بـ)ـەكە دەرنە كەوێ، ئەوا شێوەی كارە كە دەبێتە (هە بە) و ئەگەریش (هە)یەكە دەرنەكەوێ، ئەوا (بـ)ـی مۆرفیمی بكەرئاراییی دەردە كەوێ و شێوەی كارە كە دەبێتە (ببە). كەواتە (هەبە) و (ببە) یەكن و هەمان ڕۆ نان و وا تا و ئەركیان هە یە و تەنها لە شێوەدا لێك جودا دەبنەوە.

بەرامبەر ئەو بۆچونەی كە پ ێی وا یە (ڕۆ نانی فەرما ندانمان بۆ "هەبون"ـی تاكتوخمی ن یە، چونكە توخم "فرێز"ی ئەم فۆرمە خۆی لە ئارادایە و ناتوانرێ فەرمانی هاتنەئاراییی پێبكرێ)،[1] "ئەوڕەحمانی حاجی مارف" بڕوای بە بونی ئەم ڕۆنانە هەیە[2] و ئێمەش پێمان وایە ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردیدا هەیە، ئەگەر بە ما نای "وجود"ـیش بەكارهاتنی كەم بێ، ئەوا بە ما نای "ئامادەیيت هەبێ" ئا سایی بەكار دێ. ئەگە چی " ئەوڕەحمان" پ ێی وا یە، ( مۆرفیمی بكەرئاراییی " بـ" لە ڕ ێژەی فەرما ندان لە گەڵ "هەبون"ـی تاكتوخمی "هە بە" نا یە).[3] بەلاّم ئاشكرایە كە لە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی بە هەمان ئەرك و وا تای "هە بە - و جودت هەبێ"، "ببە"ش بە مانای "وجودت هەبێ" بونی هەیە.

(ببە) هاوشێوە دەبێ لەگەڵ كاری ڕێژەی فەرماندانی دۆخی ئەرێی چاوگی (بردن) -كە فەرمان بە كەسی دوەمی تاك كرا بێ- و بەركار دەر كەوتبێ. بۆ نمو نە "*ببە مامۆستا*"، "*كتێبە كە ببە*". هەروەها لەگەڵ (ببە)ی ڕ ێژەی فەرما ندانی (بون)ـی سەیرورەش هاو شێوە دە بێ، كە فەرمان بە كەسی دوەمی تاك كرابێ. بەم شێوەیە: ڕێژەی فەرماندان بۆ (هەبون)ـی تاكتوخمی " *تۆ دەمێكە*

---

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە–بون–) لە زمانی كوردیدا، ... ل47.

[2] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –كردار–، ...ل281.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل280.

***هەیت و ئێستاش ببە -تۆ دەمێکە وجودت هەیە و ئیستاش وجودت هەبێ-"*** . ڕێژەی فەرما ندان بۆ (بون)ـی سەیرورەش ***"ببە مامۆستا"*** .

سەبارەت به "مه به"ش، له بەر ئەوەی نیشانەی نەرێ له ڕۆ نانی (مەبه )ـدا هه یه و ئەم نیشانەیەش هەر دو مۆرفیمی (هە)ی خاوەنداری[تێ] و (بـ)ـی بکەرئاراییی لا دەدا و ناهێڵێ دەر کەون، بۆیە لەم دۆخی نەرێیە -پێچەوانەی دۆخی ئەرێ- دو شێوەمان نیە.

هەروەها (مەبە) هاوشێوە دەبێ لەگەڵ کاری ڕێژەی فەرماندانی دۆخی نەرێی چاوگی ( بردن) -که فەرمان به کەسی دوەمی تاك کرا بێ- و بەرکار دەر کەوتبێ. بۆ نمو نه ***"مه به مامۆستا"***، ***"کتێبەکە مەبە"***.

خشتەی ژمارە (42)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر ک.2.ل دەمەکی | ئەرێ | هەبن | م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>هە+Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:م.ب.ئا(ب) Ø:م.ك.ئێس (ـە) ن:د.ڕ | ئێوە پێشتریش هەبون و ئێستاش هەبن. | ئێستا |
| | | | | ئێوە ئێستاش هەن و پاشانیش هەبن. | داهاتو |
| | نەرێ | مەبن | ن.ن+م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>مە+Ø+Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:م.خاوەندار (هە) Ø:م.ب.ئا(بـ) Ø:م.ك.ئێس (ـە) | ئێوە پێشتریش نەبون و ئێستاش مەبن. | ئێستا |
| | | | | ئێوە ئێستاش هیچ نین و پاشانیش هیچ مەبن. | داهاتو |

ڕۆنانی "هەبن" بەم شێوەیە: (م.خ.د+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو = هە+Ø+ب+Ø+ن)، ئەم دو مۆرفیمەی سەرەتا "هە" و "بـ" کاتێك لەگەڵ یەکدی دێن، وەك تایبەتمەند یەکی خۆ یان هە ندێك جار دەردە کەون و هە ندێك جار دەرنا کەون، بەڵام هەمیشە یەکێکیان دەردە کەوێ. جا ئە گەر (بـ)ـەکە دەرنەکەوێ، ئەوا شێوەی کارەکە دەبێتە (هەبن) و ئەگەریش (هە)یەکە دەرنەکەوێ، ئەوا (بـ)ـی مۆرفیمی بکەرئاراییی دەردەکەوێ و شێوەی کارە کە دەبێ تە ( ببن). کەوا تە ( هەبن) و ( ببن) یەکن و هەمان ڕۆنان و واتا و ئەرکیان هەیە و تەنها لە شێوەدا لێك جودا دەبنەوە.

هەروەها (ببن)ـی ڕێژەی فەرماندانی (هەبون)ـی تاکتوخمی لەگەڵ (ببن)ـی ڕ ێژەی فەرما ندانی (بون)ـی سەیرورە هاوشێوە دەبێ، کە فەرمان بە کەسی دوەمی تاك کرا بێ. بەم شێوەیە: ڕ ێژەی فەرماندان بۆ (هەبون)ـی تاکتوخمی ***"ئێوە دەمێکە هەن و ئێستاش ببن -ئێوە دەمێکە وجود تان هەیە و ئیستاش وجودتان هەبێ-"*** . ڕێژەی فەرماندان بۆ (بون)ـی سەیرورەش ***"ببنە مامۆستا"*** .

سەبارەت بە "مەبن "یش، لە بەر ئەوەی نیشانەی نەرێ لە ڕۆ نانی (مەبە )ـدا هە یە و ئەم نیشانەیەش هەر دو مۆرفیمی ( هە)ی خاوە نداری و (بـ )ـی بکەرئاراییی لا دەدا و ناهێڵێ دەر کەون، بۆیە لەم دۆخی نەرێیە -پێچەوانەی دۆخی ئەرێ- دو شێوەمان نیە.

---

[1] – د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل281.

## سێیەم: لە (بون)ی (کەینونە-بودن):

خشتەی ژمارە (43)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر ل.2 تاك دەکرێ | نەرێ | بە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>Ø+ب+ـە+Ø<br>Ø:م.ب.ئا (ب)دەرنەکەوتوە Ø:ڕ.لکاوی ك.2 تاك دەرنەکەوتوە | کوڕی چاك بە، هەر ئێستا وازی لێ بێنە. | ئێستا |
| | | | | کوڕی چاك بە، دوسبەی لەگەڵم وەرە. | داهاتو |
| | نەرێ | مەبە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>مە+Ø+ب+ـە+Ø<br>Ø:م.ب.ئا(ب) Ø:ڕ.لکاوی ك.2 تاك | سەرەڕۆ مەبە، هەر ئێستا بە قسەی بکە. | ئێستا |
| | | | | سەرەڕۆ مەبە، دوسبەی لەگەڵی برۆ. | داهاتو |

دە کرێ ( نەبی) لە جێ یات (مە بە)ی هەر دو (بون )ی کەینو نە و سەیرورە بەکار بێ. جیاوازیەکەشیان بریتی یە لە 1-گۆڕانی ( مە)ی نیشانەی نەرێ بە ( نە)ی نیشانەی نەرێ. 2- لە ڕۆ نانی (مە بە) مۆرفیمی کاتی ئێستا دەر کەوتوە و ڕا ناوی لکاو ئا سایی دەرنە کەوتوە، بەڵام لە ڕۆنانی (نەبی) بە پێچەوانەوە مۆرفیمی کاتی ئێستا دەرنە کەوتوە و ڕا ناوی لکاوی کە سی دوە می تاك (ی) دەرکەوتوە. بەم شێوەیە: 1-بۆ دەمی ئێستای کەینو نە "*پێت دەڵێم سەرەڕۆ نەبی! هەر ئێستا لەگەڵی برۆ*". 2-بۆ دەمی دا هاتوی کەینو نە "*پێت دەڵێم سەرەڕۆ نەبی! دو سبەی لە گەڵی برۆ*".

1-بۆ دەمی ئێستای سەیرورە "*مادەم پار داینەمەزراندی، ئێستاش نەبی بە پا سەوانی ئەو*". 2-بۆ دەمی داهاتوی سەیرورە "*کە خوێندنیشت تەواو کرد، هەر نەبی بە مامۆستا*".

خشتەی ژمارە (44)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر ل.2 کۆ دەکرێ | نەرێ | بن | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:م.ب.ئا (ب) Ø:م.ك.ئێس (ـە) ن:د.ڕ | کوڕی چاك بن، هەر ئێستا وازی لێ بێنن. | ئێستا |
| | | | | کوڕی چاك بن، دوسبەی لەگەڵم وەرن. | داهاتو |
| | نەرێ | مەبن | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:م.ب.ئا(ب) Ø:م.ك.ئێس (ـە) | سەرەڕۆ مەبن، هەر ئێستا بە قسەی بکەن. | ئێستا |
| | | | | سەرەڕۆ مەبن، دوسبەی لەگەڵی برۆن. | داهاتو |

ئەوەی جێ یی سەرنجە، ئەم ڕۆنا نەی ( نەبی = ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕا ناو = نە+Ø+ب+Ø+ی)، لە نێو هەمو ڕۆنانی کارەکانی ڕێژەی فەرما ندان تا کە ڕۆنا نە، کە ڕا ناوی لکاوی کەسی دوەمی تاك تێیدا دەرکەوتبێ.

## چوارەم: لە (بون)ی (سەیرورە-شدن):

خشتەی ژمارە (45)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 2.ك فەرمان بە سەر تاك دەكرێ | ئەرێ | ببە | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>بـ+ب+ـە+Ø̆<br>Ø:ڕ.لكاوی ك.2 تاك دەرنەكەوتوە | ئێستا ببە بە پیاو. | ئێستا |
| | | | | پاش خوێندن ببە بە مامۆستا. | داهاتو |
| | نەرێ | مەبە | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>نە+Ø+ب+ـە+Ø̆<br>Ø:م.ب.ئا(بـ) Ø:ڕ.لكاوی ك.2 تاك | ئێستا مەبە بە مامۆستا. | ئێستا |
| | | | | پاش خوێندن مەبە بە مامۆستا. | داهاتو |

خشتەی ژمارە (46)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە بە ڕستە | دەمەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 2.ك فەرمان بە سەر كۆ دەكرێ | ئەرێ | ببن | م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>بـ+ب+Ø+ن<br>Ø:م.ك.ئێس (ـە) ن:د.ڕ | ئێستا ببن بە پیاو. | ئێستا |
| | | | | پاش خوێندن ببن بە مامۆستا. | داهاتو |
| | نەرێ | مەبن | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+م.ك.ئێس+ڕاناو<br>مە+Ø+ب+Ø+ن<br>Ø:م.ب.ئا(بـ) Ø:م.ك.ئێس (ـە) | ئێستا مەبن بە مامۆستا. | ئێستا |
| | | | | پاش خوێندن مەبن بە مامۆستا. | داهاتو |

**دە کرێ ( نەبن) لە جـ یات (مەبن )ـی هەر دو (بون )ـی کەینو نە و سەیرورە بەکار بێ. جیاوازیەکە شیان بریتـ یە لە گۆڕانی ( مە)ی نیـ شانەی نەرێ بە ( نە)ی نیـ شانەی نەرێ، بەڵام وا هەست دەکرێ ئەم گۆڕانە پتر لە گەڵ (بون )ـی سەیرورە دە گونجێ لە چاو (بون )ـی کەینو نە. بەم شێوەیە:**

**ا- 1-بۆ دەمی ئێستای کەینونە "*پێتان دەڵێم سەرەڕۆ نەبن! هەر ئێستا لە گەڵی بڕۆن*". 2-بۆ دەمی داهاتوی کەینونە "*پێتان دەڵێم سەرەڕۆ نەبن! دوسبەی لەگەڵی بڕۆن*".**

**ب- 1-بۆ دەمی ئێستای سەیرورە "*مادەم پار داینەمەزراندن، ئێستاش بۆی نەبن بە پا سەوان*". 2-بۆ دەمی داهاتوی سەیرورە "*کە خوێندنیشتان تەواو کرد، هەر نەبن بە مامۆستا*".**

# بەشی سێیەم

## تێنس لە زمانی فارسیی ستاندارد

# دەسپێك

لەم بەشە فارسیەشدا تێدەسی هەمو جۆرەکارەکانی زمانی فارسیی ستانداردمان وەرگرتوە، مەبەستیش لە جۆرەکانی کار لەم ڕوانەوەیە: جۆرەکانی کار لە ڕوی کاریگەری "هێز"، ڕۆنان، بکەردیاری، ئەرێ و نەرێ. لە هەمو دۆخەکانیش کارەکان شی کراونەتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی تەنها ڕۆنانی ئەو کارانەمان لە زمانی فارسی وەرگرتوە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی و فراوان لە زمانی ئێستای فارسی بەکار دێن. ڕۆنانی هەمو ئەو کارانەمان فەرامۆش کردوە، کە لە دەستنوسە کۆنە فارسیەکاندا بەکار هاتون و ئێستا بەکار نایەن، یان زۆر بە دەگمەن بەکار دێن، چونکە ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە، لێکۆڵینەوەیەکی "وەسفی-بەراوردکاری"ـە، لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ئەمڕۆ و زمانی فارسیی ستانداردی ئەمڕۆ. هەروەها لە نێوان زمانی نوسین و ئاخاوتنیش بەم ئاڕاستەیە کارمان کردوە، کە گرنگیمان بە ڕۆنانی ئەو کارانە نەداوە، لە زمانی فارسیی کۆندا هەبوونە و لە زمانی ئێستای فارسیدا کەم بەکار دێن و ڕو لە کزین، تەنها ئاماژەمان پێ کردون. کەچی گرنگی تەواومان بە ڕۆنانی ئەو کارانە داوە، کە زۆر لەمێژ نیە، هاتونەتە نێو زمانی فارسیی ئێستا و بەکارهێنانیان فراوان نیە، بەڵام ڕو لە بەستانداردبون و بڵاوبونەوەی پتر و زۆر بەکارهاتنن.

بۆ نمونەکان تەنها "کار"ـمان وەکو نمونە هێناوەتەوە، هەر چەندە خودی کار لە زمانی فارسیش وەکو زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی سادەترین ڕۆنانی ڕستەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە هەر شوێنێکی پێویست، هەر نمونەیەك بۆ ڕونکردنەوە لە کارێکی زێتر پێویست بوبێ، ئەوا لە دەرەوەی خشتەکان کەرەستەی دیکەمان لە ڕستەدا لە پاڵ کاردا ڕیز کردوە.

هەر وەکو بەشە کوردیەکە، لەم بەشەشدا تێنسەکان بە پێی شێوەگرتنی کارەکان، لە هەر سێ دەمی ڕابردو و ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو پێکەوە) و داهاتو (داهاتو بە تەنها)، هەروەها ڕێژەکانی ڕاگەیاندن و دانانی و فەرماندان دیاری کراون و مۆرفیمەکاتەکانیان و شوێن و ئەرك و ئەو گۆڕانانەی بەسەریان دێ، دەستنیشان کراون.

لە بەر ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمان دەرخستن و شیکردنەوەی مۆرفیمی کاتەکان و ڕەگی کارەکانە، کە لە کاردا تێنس دروست دەکەن، بۆیە پتر گرنگی بە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی ئەو کەرەستە زمانیانە نادەین، کە لە ڕستەدا دەکەونە دەرەوەی کارەکانەوە، تەنها لە حاڵەتی پێویست نەبێ.

بۆ ئەوەی بەراوردی نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد وردتر بێ، لە بەرامبەر نمونەی ئەم چاوگانەی بەشە کوردیەکە: "هێنان، کەوتن، داهێنان، هەڵکەوتن، ناو

هێنان، ژێر کەوتن"، لەم بە شە فار سیەدا نمو نەی ئەم چاوگانەمان هێناوە تەوە: "1-آوردن، 2-افتادن، 3-درآوردن، 4-برافتادن، 5-بیرون آوردن، 6-راه افتـادن". کە "آوردن و افتـادن" ڕێك بە مانای "هێنان و کەوتن"ـن. "درآوردن"یش بە مانای "والێکردن" هاتوە، نەك دەرهێنان. "برافتادن"ـیش بە ما نای " نەمان و لەکار کەوتن" و "بیـرون آوردن" بە ما نای "دەرهێنان" و "راه افتادن"یش بە مانای "بەڕێکەوتن" هاتون.

دوای ئەوەی نمونەی یەکەم و دوەمی هەریەك لە بە شە کوردیە کە و فار سیەکەمان بە هەمان ما نا هێناوە تەوە. وە کو نمو نە کورد یەکان، لە فارسیەکە شدا نمو نەی سێیەم و پێنجەممان بە شێوەیەك هێناوەتەوە، کە هەمان فۆرمی "آوردن"ی تێپەڕی نمونەی یەکەمی تێدا بێ، کە بە شە سەرەکی و گەردانکراوەکەی نمونەی کاری داڕێژراو و لێکدراوی تێپەڕی نمو نەی سێیەم و پێنجەم بێ. نمو نەی چوارەم و شەشەمیـ شمان بە هەمان شێوە هێناوە تەوە، کە فۆرمی "افتادن "ـی تێنەپەڕی نمونەی دوەمی تێدابێ، کە بەشە سەرەکی و گەردانکراوە کەی نمو نەی کاری داڕێژراو و لێکدراوی تێنەپەڕی نمونەی چوارەم و شەشەمن.

لە هێنانەوەی نمونەی یەکەم و دوەمی بەشە فار سیەکەدا، پتر ئەوەمان لا مەبە ست بووە، کە ئەو دو نمونە یە هەمان وا تای نمو نەی یە کەم و دوە می بە شە کورد یەکانی هەبێ. لەوەدا باجی ئەوەمان داوە، کە چاوگی "افتادن" بە پێچەوانەی چاوگی "آوردن"، لە ڕوی فۆرمی ڕەگە کەی لە دەمی ڕا بردو و ڕا نەبردو، چاوگێکی نادە ستوری و ڕیز پەڕە، کە لە دە می ڕا بردو "افتاد "ـە و لە دەمی ڕانەبردو "افت"ـە. لە کاتێکدا ڕەگی چاوگی "آوردن" دەستوریە و لە هەر دو دە می ڕا بردو و ڕانەبردودا هەمان فۆرمی "آور"ـی هەیە.

لە هێنانەوەی نمونەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شە شەمیش، کە هەمویان کاری نا سادەن، پتر ئەوەمان لا مەبەست بووە، فۆرمی بەشە سەرەکیەکانیان، هەمان فۆرمی نمو نەی یە کەم و دوەم بن، بایەخمان بە لایەنی واتایی نمونەکان نەداوە.

## ڕەگی کار

زۆربەی زمانەوانە فارسەکان بۆ هەر چاوگێك دو ڕەگ دەستنیشان دەکەن: "ڕەگی ڕا بردو= بـن ماضـی" و "ڕەگی ڕا نەبردو= بن مضــارع". ئەوەی یە کەم چاوگە، دوای ئەوەی "ن"ـی چاوگی لێدەکەنەوە. بۆ نمونە ڕەگی ڕابردوی "رفتن - ڕۆیشتن" بریتیە لە "ر فت"، لە بەر ئەوەی زۆر بەی زمانەوانە فارسەکان مۆرفیمی کاتیان لە چاوگ و کارەکاندا فەرامۆش کردوە، بۆ یە "ت "ـەکەش لە "رفت"ـدا بە بەشێك لە ڕەگەکە دەزانن، کە لە بەرامبەردا لە زمانی کوردی ئەم "ت "ـە بریتیە لە مۆرفیمی کاتی ڕابردو، ئەوەی دوەمیش کارە لە ڕێژەی فەرماندا ندا بۆ کە سی دوە می تاك، دوای

ئەوەی "ب "ـی مۆرفیمی بکەرئارایی لێدەکەنەوە، بۆ نمونە لە چاوگی "رفتن-بـرو = ڕۆیشتن - بڕۆ"، واتە "رو" ڕەگی ڕانەبردوی "رفتن"ـە.

بەرامبەر ئەوانە، هەندێك لە ڕێزماننوسە فارسەکان، بونی دو ڕەگ "ڕەگی ڕابردو و ڕەگی ڕانەبردو" ڕەت دەکەنەوە و ئاماژەیان بە مۆرفیمی کاتی ڕابردوش کردوە.

بۆ نمونە "باتینی" بە مۆرفیمی کاتی ڕابردو دەڵێ: نیشانەی ڕەگی ڕابردو "**علامت ستاك گذشته**".[1] هەروەها "ئەرژەنگ" پێی وایە ((مۆرفیمی "د" لە کاری ڕابردوی ڕوتی "خورد" نیشانەی ڕابردوە)).[2] بۆ ڕەتکردنەوەی بونی دو ڕەگیش لە زمانی فارسی، پێی وایە (ڕەگی ڕانەبردو و ڕابردو هەر یەك شتن، تەنها جیاوازییان لەوەدایە، کاتێك ڕەگ چووە دەمی ڕابردو "د" یان "ت"ـی وەك نیشانەی کاتی ڕابردو دەچێتە سەر. وەکو لە کاری "می خورم - دەخۆم"ـی ڕانەبردو و "خوردم - خواردم"ـی ڕابردو دیارە. ئەو ڕاستیەی باس کرا، لە کارە دەستوری "باقاعیدە"کان بە ئاسانی دەردەکەوێ، بەڵام لە کارە ڕیزپەڕ "بی قاعیدە"کان دەشێوێ و بە هۆکاری دەنگسازی شێوەی ڕەگ لە ڕانەبردو و ڕابردو جیاوازییان تێدەکەوێ، وەکو لە کاری "می شمارم - دەژمێرم"ی ڕانەبردو و "شمردم - ژماردم" دەردەکەوێ. بۆ ئەوەی جیاوازیەکانی نێوان شێوەی ڕەگ لە دەمی ڕانەبردو و ڕابردوی کارە ڕیزپەڕەکان دەستنیشان بکەین و بیانخەینەوە سەر بنەڕەتی خۆیان، کە دەبنەوە هەمان شێوە و فۆرم، پێویستمان بە هەوڵێکی وردی زانستیانەی دەنگسازی دەبێ)).[3]

"یوسفی" لەم بارەیەوە هەمان بۆچونی سەرەوە بە شێوەیەکی ڕونتر دەردەبڕێ: (زۆربەی سەرچاوە ڕێزمانیە فارسیەکان دو ڕەگ "ڕەگی ڕانەبردو، ڕەگی ڕابردو" جودا دەکەنەوە. لە کاتێکدا فۆرمی ڕەگ -ڕەگی ڕانەبردو- لە ڕۆنانی هەمو کارێك لە هەر سێ دەمی ڕابردو و ڕانەبردو و داهاتو جێگیرە و بونی هەیە. بۆیە ئەم جوداکردنەوەیەی ڕەگ بۆ دوان دروست نایەتە بەر چاو و پێویستیش نیە. دەبینین ڕەگی "خوان"ی چاوگی "خواندن - خوێندن" لە هەمو ڕۆنانێکی چاوگی "خواندن" جێگیرە و بونی هەیە. چ پێویست دەکا لە ڕۆنانی دەمی ڕابردو کە "خوان+د+م = خوێندم"ـە، بڵێین "خواند" ڕەگی ڕابردوە. تەنها جیاوازی ئەوەیە کە هەمو ڕەگێك لە دەمە ڕابردوەکان یەکێك لەم نیشانانە "د، ت، اد، ید"یان دەچێتە سەر، کە لە دەمە ڕانەبردوەکان ئەم دیاردەیە بونی نیە. ئێمە لەو ڕووەوە بڕوامان بە بونی دو ڕەگ لە زمانی فارسی نیە و لە جێی هەردوکیان تەنها وشەی "ڕەگ" بەکار دەبەین. ئەوەی لە سەرەوە گوترا، بە پشتبەستن بو، بە فۆرمی ڕەگی کارە دەستوریەکان لە دەمی ڕابردو و ڕانەبردودا. بەڵام لە ڕەگی کارە نادەستوریەکان

---

[1] – د.محمد رضا باطنی، توصيف ساختمان دستور زبان فارسی، ...ص120.

[2] – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص135.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل136،135.

فۆرمی ڕەگی کار لە ڕۆنانی دەمەکانی ڕابردو و ڕا نەبردو جیاوازی یان تێدە کەوێ).[1] بەلاَم (ئە مە نابێتە پاشگەزبونەوەمان لە بۆ چونەکەمان، چونکە وەك " باتینی" لە کتێبی "تو صیف ساختمان دەستوری زمانی فارسی" ژمارەی کارە نادەستوریەکانی جودا کردۆ تەوە، کە ژمارە یان ناگا تە سەد کار).[2]

ئەم بۆچونەی "یوسفی" پشتگیریەکی بەهێزی بۆچونەکەی "ئەڕژەنگ "ـە، تەنها ئەوە نەبێ، کە "یو سفی" وەك " ئەڕژەنگ" بە مۆرفیـ مەکانی "ت، د"ی سەر ڕە گە ڕابردوە کانی نەگوتوە "نیـ شانەی ڕا بردو- مۆرفیمی ڕا بردو= مۆرفیمی کاتی ڕا بردو"، بەلَکو پێ یان دە لێ: "عنـ صر مادەساز"، بەلاَم بە بەشێکیش لە ڕەگەکەیان نازانێ.[3]

دواتر "یوسفی" لە ڕوی واتایی ڕەگی کار بە شێوەیەکی گشتی، بە لایەوە گونجاو نیە، کە هەمو کار ێك دو ڕە گی هەبێ، (کاتـ ێك لە یەك کاردا چەندین ڕۆ نان ڕۆدە نرێن، بە لای گوێگر و خوێنەرەوە چەمکی کارەکە "ڕەگ" لە هەمویا ندا وەکیە کە و هەمان چەمك دەدا، ئەوەی ڕۆنا نە جیاجیاکان لە کارێکدا دێنێتە کایەوە، تێنس و کەس و ڕێژە و.....هتدن. بۆ نمونە لە هەر دو کاری "نو شتەام = نو سیومە" و " می نویـ سی = دەنو سی" د یارە کە چەمکی کردارە کە لە هەردوکیان "نوسین "ـە، ئەوەی جودا یان دەکا تەوە، تـ ێنس و کە سەکانیانە، بۆ یە پێویـ ست نـ یە کار دو ڕە گی هەبێ، لە کاتێکدا ئەوەش بزانین، کە ڕەگ لە هەر فۆرمێکدا بێ، هەمان چەمك و وا تا دەدا).[4] ئەگەرچی "خانلەری"ـش پێی وایە، کە (ڕەگ لە هەر دۆخ و ڕێژەیەکی کاردا بێ، هەر هەمان وا تای هەلگرتوە، ئەوەی لێک یان جودا دەکا تەوە، دەم و کە سەکانیانە و بۆ ئە مەش نمو نەی چاوگی "آمدن"ـی هێناوەتەوە و زۆربەی دەم و ڕێژەکانیشی لێ ڕۆناوە)،[5] کە چی لە گەلَ ئەوەش بۆ هەر کارێك لە زمانی فارسیدا دو ڕەگ "ڕەگی ڕابردو و ڕەگی ڕانەبردو" دیاری دەکا.[6]

ئێمەش بە پشتبەستن بەم بۆچونانەی باس کران، لەم بە شەدا هەر یەك ڕەگمان بۆ کارە کان وەرگرتوە. بە شێوەیەك بۆ ڕەگی هەمو کارێکی ئاسایی لە دەمی ڕابردو یان ڕا نەبردو و ئێستا یان داهاتو، تەنها زاراوەی "ڕەگ"ـمان بەکار هێناوە.

جاران زما نەوانانی کوردیش بۆ بونی دو ڕەگ لە ز مانی کوردی، هەمان تـ ێڕوانینی ئێستای فارسەکانیان هەبو. بۆ نمو نە "تۆفـ یق وە هبی" دو ڕە گی جـ یا کردۆ تەوە، کە پێ یان دە لێ " قەدی

---

[1]– د.حسين على يوسفى، دستور زبان فارسى 1و2، ...ص84.

[2]– هەمان سەرچاوە، ل92.

[3]– هەمان سەرچاوە، ل84.

[4]– هەمان سەرچاوە، ل89.

[5]– د.پرويز ناتل خانلرى، دستور زبان فارسى، ...ص22.

[6]– هەمان سەرچاوە، ل27.

ڕانەبردو" و "ڕەگی بکەرنادیار"، کە مەبەستی لەوەی یەکەم ڕەگی کارە لە دەمی ڕانەبردو -ڕەگی ئاسایی-. ئەوەی دوەمیش مەبەستی "ڕەگی کار لە دۆخی بکەرنادیار + "ر"ی مۆرفیمی بکەرنادیار"ـە. ئەم زمانەوانە باسی "ڕەگی ڕابردو"ی نەکردوە.[1]

پاشان "ئەوڕەحمان" ڕەگی کاری بە "بنەما" ناوبردوە و پێی وایە (هەمو چاوگێك دو بنەما "ڕەگ"ی هەیە و بنەمای ڕابردو "قەد"ـە، بەرامبەر بنەمای ڕانەبردو کە "ڕەگ"ـە).[2] لەگەڵ ئەوەش هەندێك جار بۆ هەر دو ڕەگەکە دەستەواژەکانی "ڕەگی کاتی ڕابردو" و "ڕەگی کاتی ڕانەبردو"ی بەکار هێناوە.[3]

لەو بارەوە "وریا عومەر ئەمین"یش پێی وایە: (لە ڕێزمانی کوردیدا دو ڕەگی جیاواز بۆ کار دەستنیشان کراون، کە پێیان دەگوترێ "ڕەگی کاتی داهاتو" و "ڕەگی کاتی ڕابردو"، کە هەمو کاتە ڕێزمانیەکان بەم دو ڕەگە ڕۆدەنرێن).[4]

دواتر بیروڕا دێتە سەر ئەوەی کە لە زمانی کوردیدا تەنها یەك ڕەگ هەیە، بەڵام لە هەندێك کاری ڕێزپەڕ فۆرمی ڕەگ لە دەمە ڕابردوەکان دەگۆڕێ، لەم بارەوە "عەبدوڵلا حوسێن" پێی وایە ((لە بنجدا هەمو کارێك یەك ڕەگی هەیە)).[5]

## کار لە ڕوی داڕشتنەوە

لە بارەی جۆری ڕۆنان یان کار لە ڕوی داڕشتنەوە "طرز ساختن"ی کارەکانی زمانی فارسی، زۆر پۆلین هەیە، کە هەندێکیان دو جۆری "سادە، مرکب"[6] و هەندێك چوار جۆری "سادە، پیشوندی، مرکب، گروە فعلی"[7] و هەندێك پێنج جۆر "سادە، پیشوندی، مرکب، پیشوندی مرکب، گروە فعلی"[8] و هەندێك بۆ حەوت جۆر "سادە، پیشوندی، مرکب، پیشوندی مرکب، گروە فعلی -

---

[1] – تۆفیق وەهبی، کورد و زمانی کوردی، ...ل56،57.

[2] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل106.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل333.

[4] – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ...ل132.

[5] – د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، ...ل98.

[6] – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص86." و "مهدی معینیان، دستور زبان فارسی– با تجزیه و ترکیب قدم به قدم–، ...ص150." و "د.علی مرزبان راد، دستور سودمند، ...ص126." و "د.عبدالرسول خیامپور، دستور زبان فارسی، ...ص69."

[7] – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص153." و "حسن انزلی، دستور زبان فارسی ...ص78."

[8] – د.امید طبیب زادە، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جملە در فارسی امروز، ...ص83.

گروه فعل کنایی-، عبارت فعلی، لازم یك شخصه"[1] پۆلێن کردوە. زۆربەشیان بۆ سێ جۆری "سادە، پیشوندی، مرکب"یان[2] پۆلێن کردوە. وەك لە سەرەوە دیارە، کە "گروە فعلی" و "عبارت فعلی" لێکجیا کراوەنەتەوە، بەلاّم لای هەندێك زمانەوان وەك یەك یەکەی زمانی ناسێنراون.[3]

بەو پێیەی زۆربەی ڕێزماننوسەکان لەگەڵ دوا پۆلێندان، ئێمەش ئەم پۆلێنەمان پەسند کرد. هەروەها بەو هۆیەش کە بە شێوەیەکی گشتی هەر هەمو ئەو پۆلێنانەی سەرەوە بۆ جۆری ڕۆنانی کارەکان، لە ناوەڕۆکدا وەکیەکن و پۆلێنی هەریەکەیان ڕۆنانی هەمو جۆرە کارەکانی لەخۆ گرتوە و شیی کردۆتەوە. تەنها لە ڕوی پۆلێن و ناولێنانی جۆری ڕۆنانەکان لێکجودا دەبنەوە.

ئێمەش بە پشتبەستن بەم بۆچونە لەم بەشە فارسیەدا، کارەکانمان لە ڕوی داڕشتنەوە وەرگرتوە. کە "فعل سادە" بەرامبەر "کاری سادە" و "فعل پیشوندی" بەرامبەر "کاری داڕێژراو" و "فعل مرکب"مان بەرامبەر "کاری لێکدراو"ی زمانی کوردی داناوە.

جێی باسە بە کورتیش بێ، هەڵوەستە لەسەر جۆرێکی ئەو کارە "عبارت فعلی یان گروە فعلی = فرێزی کاری" بکەین، کە لای زۆربەی زمانەوانە فارسەکان ئاماژەی پێ کراوە و لە خانەی کاری لێکدراو دانراوە، چونکە ئەم جۆرە یان لای هەمو ئەوانەی کە باسیان کردوە، یان بریتیە لە "ئیدیۆم"، یان شێوەیەکە لە فرێزی کاری، کە لە ڕێزمانی نوسراوەی کوردی تا ئێستا نەمانزانیوە "ئیدیۆم" لە ڕوی داڕشتنەوە بە جۆرێکی تایبەتی کار دانرا بێ. ئەگەرچی ((کاری لێکدراو لە هەندێك ڕووەوە لە ئیدیەم نزیك دەبێتەوە، یان لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی زمان بەرەو ئیدیەم دەڕوات، بە تایبەتی لەو بارانەی کە بەرەو واتا خواستن دەڕۆن))،[4] بەلاّم هەر ناتوانین ئیدیەم بە کاری لێکدراو دابنێین، چونکە ((کاری لێکدراو هەڵگری یەك واتایە و واتاکەی ئاشکرایە. بەلاّم ئیدیەم لە دو شێوەدا بەرچاو دەکەوێت، شێوەی ئیدیەمی "ئەوەی واتاکەی خوازراوە و دور لە واتای کەرت -پارچە-کانیەتی. ئەوەی دیکە شێوە پیتی "ئەوەی کە واتاکەی لە کۆی واتای کەرتەکانیەوە دێ و بێ یارمەتی فەرهەنگ واتاکەی ئەدۆزرێتەوە)).[5] هەروەها جیاوازیی نێوان تایبەتمەند یەکانی کاری لێکدراو و ئیدیەم، ئەوە دەسەلمێنن کە ئیدیەم کاری لێکدراو نیە،

---

[1] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص839.

[2] – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "د.پرویز ناتل خانلری، دستور زبان فارسی، ...ص176." و "د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص58." و "د.خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی –برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان، ...ص238." و "د.منوچهر عدنانی، دستور روشمند (دستور زبان فارسی) فشردە – نموداری، ...ص40."

[3] – آدریان اکمیجیان و دیگران، زبانشناسی–درآمدی بر زبان و ارتباط، ...ص429.

[4] – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل64." و "محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلێنکردن، ...ل49."

[5] – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل64.

لەبەر ئەوەی ( کاری لێ کدراو تاف -دەم- ی هە یە و ڕ ێژەی دە گۆڕێ و هەمو ئەو تایبەتیا نەی وەردەگرێت، کە لە گوزارەدا هەیە. بەڵام ئیدیەم بە شێوەیەکی گشتی تاڤ نیە و ڕ ێژەی چە سپاوی هە یە و بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ وە کو کاری لێ کدراو هەڵ سوکەوت ب کا و تایبەت یەکانی وەربگرێت)).(ئز)

سەبارەت بە "فعل پیشوندی "ش کە بە وەرگێڕا نی و شەیی دەب ێتە " کاری پێ شگری". لە کورد یدا " کاری داڕ ێژراو"ی بۆ دا نراوە، چونکە لە ز مانی کورد یدا کاری داڕ ێژراو بە پێ شگر و پاشگریش دادەڕێژرێ، بەڵام لە فارسیدا ((فعل پیشوندی -کاری داڕ ێژراو- هەمیشە لە پێ شگرێك و کارێکی سادە ڕۆدەنرێ))،(یز) بۆیە بۆ ئەوان ئاساییە، ناوی بنێن "فعل پیشوندی".

جێی سەرنجە ئاماژە بەوە بدەین، کە ئێمە مەبەستمان لە کاری "سادە" لە ڕوی داڕ شتنەوە لە هەر دو زمانی ناوبراودا، ئەو کارانەن کە تەنها لە ڕەگ و مۆرفیمە بە ندە ڕێزماندیەکان پێکدێن و هیچ مۆرفیمێکی بەندی وشەدارێژ -پێشگر و پاشگر-یان تێدا نیە. لەو بارەیەوە ئێمە ئاگاداری ئەوە هەین، کە ئە گەر چەمکی " سادەیی کار" تەنها بە ژ مارە و چەندێتیی مۆرفیمەکانی کار ببەستینەوە و چۆنیەتی مۆرفیمەکانی کار فەرامۆش بکەین، ئەوا (هیچ کارێکی سادەمان لە ز مانی کوردیدا نیە)،(سە) تەنانەت لە زمانی فارسیش بە هەمان شێوە.

## کاری "ئاسایی و یاریدەدەر"

لە بەر ئەوەی ئێمە پێمان وا نیە، لە ز مانی فار سی هیچ کار ێك هەبێ، کە تەنها کارێکی یاریدەدەر بێ، وەکو زمانەوانە فارسەکان کارەکانی فارسیمان لە ڕوی ئەرکەوە بۆ "فعل تام و فعل کمکی-معین" پۆلێن نەکردوە. چونکە هەر کارێك لە زمانی فارسیدا سەرەتا کارێکی ئا ساییە، ئینجا کەمێك لەو کارانە لە ئەرکی دوەمیاندا وەکو کارێکی یاریدەدەر ئەرك دەبینن. ئێمە وەك چۆن لە بەشە کوردیەکەش کارەکانی زمانی کوردیمان بۆ "ئاسایی و یاریدەدەر" دابەش نەکردوە، لەم بە شە فارسیەشدا هەر وامان کردوە، چونکە لە ڕوی ئەرکەوە کارە کانی ز مانی فار سیش وە کو کارە کانی زمانی کوردین. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو جیاواز یە نیشان بدەین، کە لە ز مانی فار سیش وە کو ز مانی کوردی هە ندێك کار هەن، تەنها وە کو کاری ئا سایی بەکار د ێن و کەمێکیشیان ج گە لە بەکارهێنانیان وەك کارێکی ئا سایی، وە کو کاری یار یدەدەریش بەکار د ێن، ئەوا زاراوەی "هنجار-

---

[1] – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ل67.

[2] – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص153." و "محمد علی اسلامی، دستور زبان فارسی، ...ص64."

[3] – محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلێنکردن، ...ل44.

Normal"ـمان بۆ کارە ئا ساییەکان بەکار هێناوە و زاراوەی "ناهنجار-Ubnormal "ـیشمان بۆ ئەو کارانە بەکار هێناوە، کە جگە لە کاری ئاسایی دەتوانن وەکو کاری یاریدەدەریش بەکار بێن.

هەرچەندە هەر دو زاراوەی "هنجار و ناهنجار" بۆ گەیا ندنی ئەم مەبە ستە پڕبەپێ ست نین، بەڵام ئەگەر لە جێی ئەوان "فعل تام"ـمان بۆ کاری ئاسایی بەکار بهێنایە، دەبو لە بەرامبەر یدا بۆ ئەوەی دیکە "فعل ربطی" یان "فعل کمکی- معین"ـمان بەکار بهێنا یە، لە بەر ئەوەش کە ئێمە پێمان وا نیە لە زمانی فارسیدا فعل -وەکو تاکە ئەرك- "ربطی و کمکی" هەبن، بۆ یە پەنامان بۆ زاراوەکانی "هنجار و ناهنجار" بردوە.

**بەندی یەکەم: تێنس لە کاری ڕێژەی ڕاگەیاندن** (تنس در افعال وجه اخباری):

## 1-دەمی ڕابردوی ڕاگەیاندن (زمان ماضی اخباري):

### ا- تێنس لە دەمی ڕابردوی کاری ئاسایی - (تنس در زمان ماضی افعال هنجار اخباری):

### 1- ڕابردوی ڕوت (ماضی مطلق-سادە):

| خشتەی ژمارە (1) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان □ طرز ساختن | جۆری ڕۆنان □ نوع ساختار |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بکەردیار- فعل معلوم | |
| بکەر ک.1 تاکە، بەرکار ک.3 تاکە | تێپەڕ - گذرا | ئەرێ □ مثبت | آوردم | ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>آور+د+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە - سادە |
| | | | درآوردم | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>در+آور+د+م+Ø | داڕێژراو - پیشوندی |
| | | | بیرون آوردم | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+آور+د+م+Ø | لێکدراو - مرکب |
| | | نەرێ □ منفی | نیاوردم | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>نـ+ي+آور+د+م+Ø | سادە - سادە |
| | | | درنیاوردم | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>در+نـ+ي+آور+د+م+Ø | داڕێژراو - پیشوندی |
| | | | بیرون نیاوردم | پ-1+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+نـ+ي+آور+د+م+Ø | لێکدراو - مرکب |
| بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | تێنەپەڕ - ناگذر | ئەرێ □ مثبت | افتادم | ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>اَفتا+د+م م:د.ڕ | سادە - سادە |
| | | | برافتادم | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>بر+افتا+د+م | داڕێژراو - پیشوندی |
| | | | راە افتادم | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+بکەر<br>راە+اَفتا+د+م | لێکدراو - مرکب |
| | | نەرێ □ منفی | نیافتادم | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نـ+ي+افتا+د+م | سادە - سادە |
| | | | برنیافتادم | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>بر+نـ+ي+افتا+د+م | داڕێژراو - پیشوندی |
| | | | راە نیافتادم | پ-1+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>راە+نـ+ي+افتا+د+م | لێکدراو - مرکب |

**دەشێ بەشێك لە زمانەوانە فارسەکان چاوگەکانی "بیـرون آوردن" و "راە افتـادن" بە کاری لێکدراو دانەنێن، کە ئێمە وەکو کاری لێکدراو لێیان دواوین، بەو پێ یەی هەر یەك لەو دو نمونە یە لە کۆنتێکستی هەندێ ڕستەدا، مۆرفیم یان پار چەی ز مانی دیکە دە چێتە نـێوان دو پار چەکەوە، لە گەڵ ئەوەش کە دەزا نین، ((لێ کدراوێتیی پار چەکانی کاری لێ کدراوی ز مانی فار سی سـ ست و بێهێزن و وەکو لێکدراوێتیی ناو و ئاوەڵناو مـکوم و پـتەو نین و پار چەی ز مانی دیکەیان دە چێتە نـ ێوان)).[1] کە چی هێ شتا بۆ ڕەتکرد نەوەی ئەو بۆ چونەی کە کاری "بیـرون آوردن" و "راە افتادن" بە کاری لێکدراو نازانن، پشت بە بۆ چونی " سیمین کەریمی" دەبە ستین، کە دە ڵێ: ((لە ز مانی فار سیدا کاری لێ کدراو بە هیچ شێوەیەك ناوکۆی یەك یان یەکە یەکی ز مانی نـ یە، لە بەر**

[1] – **غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص156.**

**ئەوەی دەكرێ زۆر كەرەستەی زمانیی وەكو مۆرفیمی نەرێ و كاری یار یدەدەر و مۆرفیمی جەخت و... زۆر مۆرفیمی سەربەخۆ و بەندی دیكە لە ڕستەدا بكەو نە نێوان پار چەی یە كەم و پار چەی دوەمی هەر كارێكی لێكدراو... هەریەك لە دو پارچەكەی كاری لێكدراو پێشتر بە تەنها - لە ئاستی وشەسازی- لە جێی خۆیان و سەربەخۆ لەوی دیكە شكڵ دەگرن. دواتر لە چوارچێوەی ڕستەدا وەك پارچەكانی دیكە دەشێ لە ڕستەدا بكەونە تەك یەكەوە، ئەو كاتە دەكرێ لە ڕوی واتاوە وەك یەك یە كەی ز مانی بنا سرێن، بەلاّم لە ڕوی ڕۆنا نەوە نابنە یەك یە كەی ز مانی. ئە مەش یەكێكە لە تایبەتمەندیە ناكۆك و پێكدژەكانی كاری لێكدراوی فارسی)).[1] بۆ نمونە هیچ كارێكی لێكدراو لە ز مانی فار سیدا نیە، كە یەكێك لەو مۆرفیما نەی (("می "ـی نیشانەی بەردەوامی))[2] و "بـ "ـی مۆرفیمی بكەرئارایی، كە هە ندێك لە زمانەوا نە فار سەكان پ ێی دە ڵێن ((نیشانەی موزاریعی ئیلتیزا می و ڕ ێژەی فەرما ندان))[3] و "نـ "ـی مۆرفیمی نەرێكردن...هـ تد، نە چێتە ن ێوان پارچەكانی، لە كاتێكدا ((نیشانەكانی نەرێكردن بەشێك نین لە كار، وەك یەكەیەكی زمانی)).[4]**

**هەروەها پشت بەم بۆچونەی "باتینی"ـش دەبەستین، كە بە شێوەیەكی دیكە هەمان بۆ چونی "سیمین كەریمی" دوبارە دەكاتەوە و دەڵێ: ((كارە لێكدراوەكانی زمانی فارسی لە ڕوی وا تاوە یەك یەكەی زمانین، بەلاّم لە ڕوی ڕۆنانەوە یەك یە كەی ز مانی نین و دو پار چە یان ز یاترن. لە ڕوی هەڵسوكەوتیشەوە دو جۆرن، جۆرێكیان ئەو كارە لێكدراوا نەن كە دە شێ لە ڕ ستەدا مۆرفیمی دیكەی زمانی بچێتە نێوان پارچەكانی. جۆرەكەی دیكەش ئەوانەن، كە نا شێ لە هیچ ڕ ستەیەكدا پار چەی ز مانی دیكە -جگە لەو مۆرفیمە بە ندە ڕێزمانیا نەی تایبەتن بە كار، وە كو " نـ، می، بـ،..."- بچێتە نێوان پار چەكانی)).[5] كەوا تە "بیـرون آوردن و راه افتـادن" ئە گەر لە جۆری یەكەمیش بن، ئەوا هەر كاری لێكدراون. جگە لەوەش لە زۆر سەرچاوە ئەم دو كارە لە ڕ یزی كارە لێكدراوەكان ڕیزبەند كراون.[6]**

**ئەم دو بۆ چونەی سەرەوە لە بارەی لێ كدراوێتیی "بیــرون آوردن و راه افتــادن"، بۆ لێكدراوێتیی هەر دو چاوگی "ناوهێنان و ژێركەوتن"ـی كوردیش دروستن.**

---

**1 – د.امید طبیب زادە، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جملە در فارسی امروز، ...ص84.**

**2 – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص73.**

**3 – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص143.**

**4 – د.محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، ...ص26.**

**5 – هەمان سەرچاوە، ل79، 126.**

**6 – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "یوسف شەریف سەعید، كاری لێكدراو لە كوردی و فارسیدا، ...ل128." و "جهانبخش نوروزی، د ستور ز بان روان ساخت ز بان فار سی ا مروزی، ...ص102" و "د.خ سرو غلام عل یزادە، ساخت ز بان فارسی، ...ص235".**

ئەگەرچی لە زمانی نوسین و ئاخاوتنی ئێستای زمانی فارسی "افتادن" تەنها وەکو کارێکی ئاسایی بەکار دێ، بەڵام بە پێویستمان زانی ئەوە بڵێین، کە ((لە زمانی فارسیی کۆندا لە هەندێك شوێن لە جێی " شدن" و "با شیدن" وەکو کارێکی یار یدەدەر بەکار هاتوە))،[1] بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە تەنها وەکو کارێکی ئاسایی بەکار هاتوە.

ئەو ڕاناوانەی کە لەگەڵ هەر ڕۆنانێکی "افتادن = کەوتن" و "برافتادن = لەکار کەوتن" هاتبن، هەموویمان بە " بەرکار" ناساندوە، بەو پێیەی کە هەردوکیان دو چاوگی تێنەپەڕی بەرکارین. ئەگەرچی زۆربەی زمانەوانە فارسەکان، ڕاناوی سەر هەمو کارێکی تێنەپەڕ بە "بکەر" دەزانن، چونکە ئەوان زۆر بەیان مەسەلەی تێنەپەڕی بکەری و تێنەپەڕی بەرکارییان فەرامۆش کردوە. کەچی ڕاناوەکانی سەر هەمو ڕۆنانێکی چاوگی "راه افتادن = بەڕێکەوتن "ـمان بە بکەر ناساندوە، چونکە کردەی "بەڕێکەوتن" لە دەسەڵاتی کەسەکەدایە، بەمەش ئەم چاوگە دەبێتە تێنەپەڕی بکەری.

سەبارەت بە ڕاناوەکانی دەستەی خاوەنیش، بۆ نمونە "ش"ـی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك، بە زۆری دەرناکەوێ "آوردم" و هەندێك جاریش دەردەکەوێ "آوردمش". ئەگەر بچێتە سەر کار، هەمیشە دەکەوێتە دوای ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێکەوتن "بکەر" و لە ڕوی ئەرکەوەش بەرکارە.

| جۆری ڕۆنان<br>نوع ساختار | بکەرنادیار فعل مجهول<br>چۆنیەتی ڕۆنان طرز ساختن | نمونە | خشتەی ژمارە (2) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سادە - سادە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+ش+د+م م:د.ڕ | آوردە شدم | ئەرێ - مثبت | [illegible] | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| داڕێژراو - پیشوندی | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+ش+د+م | درآوردە شدم | ئەرێ - مثبت | [illegible] | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| لێکدراو - مرکب | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+ش+د+م | بیرون آوردە شدم | ئەرێ - مثبت | [illegible] | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| سادە - سادە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+ش+د+م | آوردە نشدم | نەرێ - منفی | [illegible] | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| داڕێژراو - پیشوندی | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+نـ+ش+د+م | درآوردە نشدم | نەرێ - منفی | [illegible] | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| لێکدراو - مرکب | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+نـ+ش+د+م | بیرون آوردە نشدم | نەرێ - منفی | [illegible] | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |

لەبەر ئەوەی ((کاری تێنەپەڕ ڕۆنانی بکەرنادیاری نیە، چونکە بەرکاری ڕاستەوخۆی نیە، تا جێی بکەر بگرێتەوە)).[2]

---

[1] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص337.

[2] – د.علی مرزبان راد، دستور سودمند، ...ص123.

وەكو بەشە كوردیەكە، خشتەمان بۆ بكەرنادیاری كارە تێنە پەڕەكان نەكردوە، چونكە ( چەمكی بكەرنادیار لە هەمو زمانێكدا هەمان شت ڕادەگە یەنێ).[1] ئەگەر چی كارە تێنە پەڕەكانیش دەتوانرێ بكرێن بە بكەرنادیار، بەلاّم لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیان و بێ یارمەتی پارچەیەكی زمانیی دیكە ناتوانن بە گوێرەی یاسا گشتیەكە - ئەو یا سایەی كارە تێ پەڕەكانی پێ دەبێتە بكەرنادیار- بكرێنە بكەرنادیار، ئێمە بە پێویستمان نەزانی وەك بكەرنادیارێكی ئاسایی خشتەیان بۆ دروست بكەین.

دیسانەوە لەبەر ئەوەی لە زمانی فارسیدا كاری داڕێژراو "پیشوندی" بە پاشگر ڕۆنانرێ و كاری لێكدراویش ئەگەر لە هەر چەند مۆرفیمی سەربەخۆ و بەندی وشەداڕێژ پێكهاتبێ و بكەونە هەر شوێنێكی ڕۆنانەكەوە، ڕاناوی بكەر و بەركار هەر دەكەونە دوای ڕەگی كارە سەرەكیەكەوە، بە پێویستمان نەزانی وەكو زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی، ڕونكردنەوە لەسەر جێگۆڕكێی "ڕاناو، ڕەگ، مۆرفیمە كاتەكان" لە كاری داڕێژراو و لێكدراو بدەین، چونكە لە زمانی فارسیدا شوێن و هەلكەوتە و هەڵسوكەوتی "ڕاناو، ڕەگ، مۆرفیمە كاتەكان" لە كاری سادە و داڕێژراو و لێكدراو وەكیەكن.

بۆ ئەوەی بەراوردەكەمان لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی و فارسی وردتر و پوختتر بێ، سەبارەت بە ڕاناوە لكاوەكانی "َ-م، یم، ی، ید، َ-ند، َ-د/ Ø"، بۆ نمونە ئەم ڕاناوی "َ-م"ـەی كە چۆتە سەر "آوردە شدَم" فارسەكان هەندێكیان بە "شناسە" و هەندێك بە "ضمایر متصل فاعلی" ناوی دەبەن، ئێمە بەرامبەر بە ڕاناوە لكاوەكانی دەستەی ڕێكەوتن "م، ین، ی، ن، Ø، ن"ی كوردیمان دا ناوە، چونكە تایبەتمەندیەكانی ئەم دەستە ڕاناوە لكاوەی زمانی فارسی، لە ڕاناوە لكاوەكانی دەستەی ڕێكەوتن نزیكترە، نەوەك ڕاناوە لكاوەكانی دەستەی خاوەنی "م، مان، ت، تان، ی، یان".

((ڕاناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاكی دەستەی ڕێكەوتن ـضمایر متصل فاعلی- "َ-د"، لە دەمی ڕانەبردو و داهاتو دەردەكەوێ، بەلاّم لە دەمە ڕابردوەكان ـجگە لە ڕابردوی دانانی "ماضی التزامی"- دەرناكەوێ و دەبێتە مۆرفیمی سفر "Ø")).[2]

## 2- ڕابردوی بەردەوام (ماضی استمراری):

خشتەی ژمارە (3)

| نمونە | بكەردیار: جۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|
| می آوردم | ن.ب+ڕەگ+م.ك.ر+بكەر+بەركار<br>می+آور+د+م+Ø<br>م:د.ر Ø:د.خ | سادە |
| درمی آوردم | پێشگر+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ر+بكەر+بەركار<br>در+می+آور+د+م+Ø | داڕێژراو |
| بیرون می آوردم | پ-1+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ر+بكەر+بەركار<br>بیرون+می+آور+د+م+Ø | لێكدراو |

1 – د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، ...ل271.

2 – د.تقی وحیدیان كامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص40.

"مى آوردØ" ڕۆنانى ئەم كارە و زۆر بەى كارە كانى ديكەش جۆرە ڕۆ نانێكى ديكە " جۆرى دوەم"ـيان هەيە، كە يەكێك لە ڕاناوە لكاوەكان بە تايبەتى "ش"ـى كە سى سێيەمى تاك، جێگەى ڕاناوى لكاوى بكەرى دە ستەى ڕێككەوتن دەگرێتەوە. بە مەش دە كرێ بلێين زمانى فار سيش بۆ هەندێك ڕۆنان وەكو زارى ناوەڕاستى زمانى كوردى ڕۆنانى جۆرى دوەمى هە يە، كە ڕاناوە كەى يەكەم -ئەوى دەچێتە سەر ڕەگى كارەكە- سەر بە دە ستەى ڕێككەوتنە و ڕاناوە كەى دوەم سەر بە دە ستەى خاوەندێيە و بە زۆرى "ش "ـى ڕا ناوى كە سى سێيەمى تا كە، نمو نە "آوردØش" يان "بردش" كە "Ø" بكەرە و "ش"ـيش بەركارە. بەو پێيەى ((ڕا ناوە لكاوە خاوەندێيەكان -ضماير متصل مفعولى- ئەگەر بچنە سەر كار، ئەوا ڕۆڵى بەركار دەبينن)).[1]

هەندێك جاريش كە ڕاناوى كەسى سێيەمى تاكى ڕێككەوتن -ضماير متصل فاعلى- لە دەمى ڕانەبردو (□ـد)ـە و لە ڕابردو دەرناكەوێ، ((بە تايبەتى لە زمانى ئاخاوتن "ش" -ى ڕاناوى لكاوى كەسى سێيەمى تاكى دەستەى خاوەنى- لە جێى دادەنرێ و هەمان ئەرك دە بينێ، وەك "آوردØ = آوردش")).[2] لە بەرامبەر ئەوەدا هەندێك جار ئەگەر بكەر -بۆ نمو نە كە سى يە كەمى تاك بێ-

---

[1] – د.پرويز ناتل خانلرى، دستور زبان فارسى، ...ص199.

[2] – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسى امروز، ...ص142.

هەر لە جۆری دوەمی ڕۆنانەکان هەر دو ڕاناوی بکەر "ڕاناوی دەستەی ڕێککەوتن" و ڕاناوی بەرکار "ڕناوی دەستەی خاوەنی" دەردەکەون: بەم شێوەیە "آوردمش".

وەك لەو نمونەی سەرەوە دیارە، ئەوەی ئەم ڕاناوە لکاوە خاوەنیانە "ش، ت،... "ی ڕۆنانی جۆری دوەمی زمانی فارسی لە ڕاناوە لکاوە خاوەندیەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم ڕاناوە فارسیانە دەچنە سەر کارە تێنەپەڕەکانیش، بۆ نمونە "افتادش" بە هەمان شێوە و تایبەتمەندییان لە کارە تێپەڕەکان، لەم کارە تێنەپەڕانەش دەچنە جێی ڕاناوە لکاوەکەی دەستەی ڕێککەوتن و هەمان ئەرکی ڕاناوە لکاوەکەی دەستەی ڕێککەوتن وەردەگرن، ئەگەر ڕاناوە لکاوەکەی دەستەی ڕێککەوتن بکەر بوبێ، ئەوا ڕاناوە لکاوەکەی دەستەی خاوەنیش ڕۆڵی بکەر دەبینێ و ئەگەر بەرکاریش بوبێ، ئەوا ئەویش ڕۆڵی بەرکار دەبینێ، بە گوێرەی تێنەپەڕی بکەری یان تێنەپەڕی بەرکاریی کارەکە.

بە شێوەیەکی گشتی هەمو شێوە ڕۆنانەکانی جۆری دوەم پتر لە زمانی ئاخاوتن بەکار دێن و لە زمانی نوسین زۆر بە دەگمەن بەکار دێن.[1]

| | | | | بکەرنادیار | |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (4) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج.ڕۆنان |
| بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | [illegible] | دۆخی ئەرێ | آورده می شدم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+می+ش+د+م م:د.ڕ | سادە |
| | | | درآورده می شدم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+می+ش+د+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آورده می شودم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+می+ش+د+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | آورده نمی شدم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+می+ش+د+م | سادە |
| | | | درآورده نمی شدم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+نـ+می+ش+د+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آورده نمی شدم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+نـ+می+ش+د+م | لێکدراو |

## 3- ڕابردوی تەواو (ماضی نقلی):

| | | | | بکەردیار | |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (5) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ك.3 تاکە، بەرکار ك.3 | [illegible] | دۆخی ئەرێ | آوردەام | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>آور+د+ە+ا+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە |
| | | | درآوردەام | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>در+آور+د+ە+ا+م+Ø | داڕێژراو |
| | | | بیرون آوردەام | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+ا+م+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نیاوردەام | ن.ن+ناوبڕ+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>نـ+ي+آور+د+ە+ا+م+Ø | سادە |
| | | دۆخی ... | در نیاوردەام | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبر+بکەر+بەرکار | داڕێژراو |

1 – د.زین پور طالقانی، دستور زبان فارسی، ص 150.

هەر کاتێك "ی"ـی ناوبڕ بکەوێتە پێش: 1- هەمزە "ا"ی "افتادن" و هەر ڕۆنانێکی ئەو چاوگە، ئەوا بە هۆکاری دەنگسازی ئەو دەنگی "ا"ـە تێدەچێ و گۆ ناکرێ. 2- "آ"ی "آوردن" و هەر ڕۆنانێکی دیکەی ئەو چاوگە، بە هۆکاری دەنگسازی ئەو دەنگی "آ"ـە بۆ دەنگی "ا" دەگۆڕێ. لە بارەی خاڵی دوەم "باقری" دەڵێ: (ئەو وشانەی لە فارسیدا بە "آ" دەست پێدەکەن، وەکو "آمد، آورد"، ئەگەر نیشانە یان پێشگرێکیان بچێتە سەر، ئەوا دەنگی هەمزەکە تێدەچێ و ناوبڕێك "واج میانجی" دەچێتە نێوانیان. بۆ نمونە "نە+آمد = نیامد"، "نە+آورد = نیاورد").[1]

| خشتەی ژمارە (6) | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بەرکار کەسی یەکەمی تاک | [illegible] | دۆخی ئەرێ | آوردە شدەام | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+ش+د+ە+ا+م<br>م:د.ڕ | سادە |
| | | | دراوردە شدەام | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+ش+د+ە+ا+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آوردە شدەام | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+ش+د+ە+ا+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | آوردە نشدەام | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+ا+م | سادە |
| | | | دراوردە نشدەام | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+ا+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آوردە | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>[illegible] | لێکدراو |

1 د.مهری باقری، مقدمات زبانشناسی، ص 124.

بەشێکی ئەو سەرە چاوە ڕێزمانیە فارسیانەی بەر چاومان کەوتون، فۆرمی "ام، ایم، ای، اید، اند" و "است" بە کورتکراوە و پاشماوەی گۆڕاوی چاوگی "استیدن" دەزانن، کە بۆ دەمی ئێستای هەر شەش کەسەکە بەکار هاتون. ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نین و پێمان وایە هەمو هەمزە "أ"ـەکانی ئەو نمونانەی سەرەوە -جگە لە "است"- وەکو پێویستیەکی دەنگسازی لە نێوان "ـە"ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو "مصدر مرخم+ـە"ی کارەکەی پێش خۆی و بزوێنەکانی دوای خۆی، جا سەرە یان ژێرە "فەتحە یان کەسرە" یان "ی" بێ- هاتون، تا "ـە"ی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوەکە تێنەچێ و تێکەڵ بە ڕۆنانی "مصدر مرخم+ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێکەوتن" نەبێ، چونکە تاکە جیاوازی لە ڕوی گۆکردنەوە لە نێوان ڕۆنانی "مصدر مرخم+ـە+ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێکەوتن" و "مصدر مرخم+ڕاناوی لکاوی دەستەی ڕێکەوتن" -تەنانەت ئەگەر ئەم ڕۆنانانە بە شێك لە ڕۆنانی کارێکی لە خۆیان گەورەتریش بن- تەنها ئەو دەنگی "أ"یەیە. هاتنی دەنگی هەمزە وەك هۆکارێکی دەنگسازی بە هەمان ئەرکی سەرەوە، لە نێوان "ـە" و "ی" بۆ تێنە چونی دەنگی "ـە"، لەو ناوانەش دێتە ئارا، کە بە "ـە" کۆتاییان هاتوە و لە دۆخی نەناسیاویدان، وەکو "خانـەای". بە کورتی بە بۆچونی ئێمە هەر دو فۆرمی "□م" و "ام" یەك شتن و ڕاناوی لکاوی دەستەی خاوەنی "ضمایر متصل فاعلی"ـن، تاکە جیاوازی لە نێوانیان ئەوەیە کە ئەوەی دوەم "أ"ـەیەکی زیادە، کە ئەویش وەك پێویستیەکی دەنگسازی هاتوە. بە شێوەیەکی ڕونتر پێمان وایە، ئەگەر ئەم ناوبڕە "أ" نەبوایە، ئەوا گۆکردنی بۆ نمونە "رفتم □□ڕەفتەم□"(تر) واتە "ڕۆیشتم" و "رفتەم - □ڕەفتەم□" واتا "ڕۆیشتومە" وەکیەك دەبون و تێکەڵیەك لە نێوان ئەم دو ڕۆنانە دروست دەبو. بەڵام بە بونی دەنگی هەمزە "أ" لە ڕۆنانی دوەم یان "رفتەام □□ڕەفتەئەم□" جیاوازی لە گۆکردنی هەر دو کار هاتۆتە کایەوە و بەمەش تێکەڵی لە نێوانیان دروست نابێ.

بۆ ئەو بۆچونەی باسمان کرد پشت بەو ڕونکرنەوانەی خوارەوە دەبەستین:

1- هەر لە نێو خودی ڕێزمانزانە فارسەکان، هەندێکیان کۆك نین لەسەر ئەوەی دەستە فۆرمی "ام، ای،..." کورتکراوە و پاشماوەی دەستە فۆرمی "استم، استی،..." بن. بۆ نمونە "کامیار و عومرانی" لە ڕونکردنەوەی ڕۆنانی هەمو ئەو کارانەی کە "ام، ای،..." یان تێدایە، باسی ئەوەیان

---

1 – لە نێو ئەم نیشانەیە: "□...□" وشەی فارسی بە ڕێنوسی کوردی نوسراوەتەوە.

نەکردوە، کە "ام، ای،..." کورتکراوە یان پاشماوەی "استم، استی،..." بن. تەنا نەت "ام، ای،..." یان تەنها وەکو فۆرمێك ناساندوە و هیچ ناوێکیان لێنەناوە).(١)

هەروەها "مەنو چەهر عەدنانی "ـش لە شیکردنەوەی ڕۆ نانی ئەو کارا نەی "ام، ای،..." یان تێدایە و لەو کۆمەڵە تێبینیەی لە بارەی مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی ئەم ڕۆنا نە داو یەتی، بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوەی نەکردوە، کە دەستەی "ام، ای،..." کورتکراوەی دەستەی "استم، استی،..."ـی کۆنی زمانی فارسی بن. نمونەی کارەکانی تەنها بە کەسی سێیەمی تاك هێناوەتەوە، کە "است" وەردەگرێ و باسی "ام، ای، ایم، اید، اند"ـی نەکردوە).(٢)

"گیوی"ـش لەو بارەیەوە بۆچونێکی جیاوازی هەیە و پێی وایە ( هەر دو دەستەی "ام، ای،..." و "استم، استی،..." پەیوەندیی مێژوییان لە نێوا ندا نییە و "ام، ای،..." کورتکراوە و گۆڕاوی "استم، استی،..." نیە، بەڵکو چۆن لە زمانی فارسیی ئێستا بۆ ڕۆنانی هەندێك کار بۆ نمونە - ڕابردوی تەواو = ماضی نقلی- وەکو کارێکی یاریدەدەر سود لە "ام، ای،..." وەردەگیرێ، جارانیش لە زمانی فارسیی کۆندا بۆ ڕۆنانی هەمان ئەو کارانە سود لە "استم، استی،..." وەکو کارێکی یاریدەدەر وەرگیراوە. تا کە پەیوەندیی نێوان یان "است "ـە، کە لە هەر دو دەستە فۆرمە کە هاوبەشە).(٣) کەواتە بە پێی ئەم بۆچونە هەر دو دەستە جودان و لێکدی سەربەخۆن و هیچیان کورتکراوە و گۆڕاوی ئەوی دیکەیان نیە.

"تالێقانی "ـش فۆرمەکانی "ام، ای،..." بە پاشماوەی "است، استی،..." نازانێ و پێی وایە ڕۆنانی دەمی ئێستای "بودن"ـن و هیچی تر).(٤)

"یوسفی "ـش هەمان بۆچونی "تالێقانی" بە شێوەیەکی دیکە دەردەبڕێ: ((هەندێك لە ڕێزماننوسان -ڕێزماننوسانی فارس- پێیان وایە، ئەگەر "استن = استیدن" وەك چاوگیش بونی نەمابێ، ئەوا ئەمڕۆ پاشماوەیان "ام، ایم، ای،..." ماوە. ئەم بۆچونە هەڵەیە و ئەمانە: "ام، ایم، ای،..." هەموویان ڕۆنانی دەمی ڕانەبردوی ڕاگەیاندنی چاوگی "بودن"ـن، هەروەك ئەوەی "باشم، می باشم، باشی،..."یش دەمی ڕانەبردوی دانانیی "بودن"ـن، کە ئەمڕۆ چاوگەکەیان "باشیدن" بەکارهێنانی نەماوە)).(٥) ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچونەداین، کە "ام، ایم، ای،..." پاشماوەی "استم، استیم، استی،..." نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا نین، کە "ام، ایم، ای،..." ڕۆنانێکی ئاسایی دەمی

---

[1] – د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص35–57.

[2] – د.منوچهر عدنانی، دستور روشمند (دستور زبان فارسی) فشرده – نموداری، ...ص138–160.

[3] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص126–130.

[4] – د.زین پور طالقانی، دستور زبان فارسی، ...ص66.

[5] – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص82.

ئێستای چاوگی "بودن" بن و فۆنیمەکان لە ڕیشەی ئەم چاوگەوە سەرچاوەیان گرتبێ. چونکە هیچ فۆنیمێکی هاوبەشیان لە نێواندا نیە، تا بڵێین ئەمەیان پاشماوە و گۆڕاوی ئەوی دیکەیانە.

2- گریمان دەستەی "ام، ای،..." کورتکراوە و پاشماوەی مێژوویی دەستەی "استم، استی،..." بووبێ، ئەوا لە دەنگی "ا=هەمزە" و هەر دو فۆنیمی "س" و "ت" تەنها دەنگی "هەمزە" ماوەتەوە و هەر دو فۆنیمی "س" و "ت" تێچونە. بەو پێیە فۆنیمەکان یەك لە دوای یەك لە دواوە بۆ پێشەوە "ت بۆ ا" ڕێچکەی گرتوە. لە کاتێکدا ئاشکرایە کە تێچونی دەنگسازیانەی فۆنیمەکان بە پێی ئاراستەی فۆنیمەکان نیە، بەڵکو بە پێی کاریگەریی تایبەتمەندیەکانی وەکو "گڕی و کپی و ڤاوڵی و کۆنسنانتی...هتد"ی فۆنیمەکانە بەسەر یەکدیەوە. سەرەڕای ئەوەش هەر دو فۆنیمی "ت" و "س" لە ڕوی بەرگرییان بەرامبەر تێچونی دەنگسازیانە، لە دەنگی "ا= هەمزە" بەهێزترن. فۆنیمەکانی "ت" و"س" زۆر کەم ڕادەستی تێچون دەبن. ئەگەریش کاریگەریی فۆنیمێکی بەهێزیان بۆ تێچونیان لەسەر بێ، ئەوا لە کپیەوە بۆ گڕ "س بۆ ز"، "ت بۆ د" دەگۆڕێن. چونکە "ت" و "س" دو فۆنیمی کپن.[1] لە کاتێکدا دەنگی "هەمزە" زۆر زو بە کاریگەریی فۆنیمەکانی دەوروبەری تێدەچێ. وەك لە زمانی کوردیدا "لە ئێرە = لێرە" و "گوڵ ئەندام = گوڵەندام"، لە فارسیدا وەك بینیمان "ا"ی "افتادن" بە "یـ"ـی ناوبڕ تێدەچێ "نـ+افتادم = نیفتادم". کەوا تە ئەگەر بە درێژایی مێژو کورتبونەوەیەك لە ڕێی تێچونی دەنگسازیانە بەسەر فۆنیمەکانی "است" بهاتبوایە، ئەوا بە لای کەمی دەبو "هەمزە=ا"ـەکە پێش هەر دو فۆنیمی "س" و "ت" تێچوبایە. لە زمانی فارسی وەکو زمانی کوردی دەنگی هەمزە لە زماندا ناجێگیر و بێهێز و خۆنەگرە، بۆیە ( تەنها لە سەرەتای وشەوە دێ و لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە نایەن. هەمزە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشە تەنها لەو وشانەدا هەن، کە لە زمانی عارەبیەوە هاتون، ئەوانیش بەشی زۆریان لە گۆکردندا نادرکێنرێن).[2]

جگە لەوەش لە هەمو ئەو نمونە شیعریە کۆنانەی لەو سەر چاوانەی بەردەستمان هێناویانەتەوە، بۆ ئەوەی بەکارهێنانی "استم، استی،..." لە دەقە کۆنەکاندا پیشان بدەن، تا کە نمونەیەکی تێدا نیە، کە "هەمزە"ی "استم، استی،... "ـەکان تێنەچوبێ، ڕونتر بڵێین لە هەمو نمونە شیعریە کۆنەکان کە فۆرمی "استم، استی،..."یان تێدایە، لە فۆرمی "است..." تەنها "ا" تێچوە و لە هەر دو فۆنیمی "ت" و "س" ماونەتەوە. ئێمە چەند نمونەیەك لەو سەرچاوانە دێنینەوە: ".... *بە سیلی سرخ کردستیم روی زعفرانی را*"،[3] واتە "بە ئەشکی خوێنینمان ڕەنگی

[1] – غازی فاتیح وەیس، فۆنەتیك، ...ل60.

[2] – د.مهری باقری، مقدمات زبانشناسی، ...ص123.

[3] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص131.

زەردی زەء فەرانی خۆ مان سور کردوە". *"شنید ستم از راو یان کلام..."*،(ت) وا تە "بیستومە لەوانەی سەرگوزەشتە دەگێڕنەوە...". *"...گر شنید ستی نام ملك هفت اقلیم"*،(ث) وا تە "...گەر ناوی شای حەوت هەرێمانت بیستوە؟". *"آن شنید ستم کە در صحرای غور..."*،(ج) وا تە "ئەوەم بیستوە کە لە چەقی بیابان...".

بە هیچ یا سایەکی دەنگسازی نا شێ چەندین سەدە پێش ئێستا لە فۆرمێکی وەکو "است"، هەمزە "ا"ـەکەی تێچوبێ و هەر دو فۆنیمی "س" و "ت" مابنەوە و ئێستا ئەو پرۆسەیە ئاوەژو بوبێتەوە، بەوەی کە هەمزەکە بێتەوە جێی خۆی و "س" و "ت" تێبچن و نمونەیەکی وەکو "استم" گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و بۆ "ام" کورت بوبێتەوە.

سەرەڕای ئەو ڕونکردنەوانەش لە بارەی تێچونی دەنگی "هەمزە" لە "استم، استی،..." هەر لە زۆر زوەوە لە دەقە کۆنە فارسیەکاندا، "گیوی" دەڵێ: ((لە دەقە کۆنەکاندا کارە یاریدەدەرەکانی "استم، استی،..." لە ڕۆنانی کاری "ڕابردوی تەواو-ماضی نقلی" هەمزەکانیان تێچونە".(ح)

3- لە ڕۆنانی بکەردیاری هەمو ئەو کارانەی زمانی فارسی کە پێویستیان بە کاری یاریدەدەر هەیە، تەنها یەك کاری یاریدەدەریان پێویستە. جا ئەگەر فۆرمەکانی "ام، ای،..." کورتکراوەی فۆرمەکانی "استم، استی،..." بن، کەواتە ئەوانیش کاری یاریدەدەرن، ئەو کاتە ڕۆنانێکمان دەبێ، کە سێ کاری یاریدەدەر وەربگرێ، وەکو ڕابردوی تەواوی بەردەوامی ملموس "دا شتەاند می آوردەاند". کە ئەمەش لە هیچ زمانێکی ناسراودا نەمانبیستوە، بۆ ڕۆنانی کارێك جگە لە کارە سەرەکیەکە خۆی، سێ کاری یاریدەدەری دیکەش لە ڕۆنانەکەی جێ بکرێتەوە.

## 4- ڕابردوی دور (ماضی بعید):

خشتەی ژمارە (7)

| ج. ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بکەردیار | | | | |
| سادە | ڕەگ+م.ك.ر+م.ئا.ك+ر.بودن+م.ك.ر+بكەر+بەركار<br>آور+د+ە+بو+د+م+Ø | [illegible] | ئەرێ | | تاكە، بەركار ك.3 |
| داڕێژراو | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار<br>در+آور+د+ە+بو+د+م+Ø | [illegible] بودم | | | |
| لێكدراو | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار<br>بیرون+آور+د+ە+بو+د+م+Ø | بیرون آوردە بودم | | | |
| سادە | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ر+م.ئا.ك+ر.بودن+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار<br>نـ+ي+آور+د+ە+بو+د+م+Ø | نیاوردە بودم | نەرێ | | |
| داڕێژراو | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ر+م.ئا.ك+ڕ.بودن+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار | درنیاوردە [illegible] | | | |

1 – مهدی معینیان، دستور زبان فارسی –یا تجزیه و ترکیب قدم بە قدم-، ...ص115.

2 – د. خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان، ...ص214.

3 – حسن انزلی، دستور زبان فارسی، ...ص87.

4 – د. حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص397.

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (8) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج.ڕۆنان |
| بەرکار کەسی یەکەمی تاک | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | آوردە شدە بودم | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+ش+د+ە+بو+د+م م:د.ڕ | سادە |
| | | | درآوردە شدە بودم | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+ش+د+ە+بو+د+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آوردە شدە بودم | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+ش+د+ە+بو+د+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | آوردە نشدە بودم | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+بو+د+م | سادە |
| | | | درآوردە نشدە بودم | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+بو+د+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آوردە نشدە بودم | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+ش+د+ە+بو+د+م | لێکدراو |

## 5- ڕابردوی تەواوی بەردەوام (ماضی نقلی مستمر):

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (9) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ک.1 | ت | دۆخی ئەرێ | می آوردەام | ن.ب+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>می+آور+د+ە+ا+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە |
| | | | درمی آوردەام | پێشگر+ن.ب+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>در+می+آور+د+ە+ا+م+Ø | داڕێژراو |

خشتەی
ژمارە (10)

| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج.ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بکەرنادیار | |
| بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | [illegible] | دۆخی ئەرێ | اوردە<br>می شدەام | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+می+ش+د+ە+ا+م م:د.ڕ | سادە |
| | | | دراوردە<br>می شدەام | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+می+ش+د+ە+آ+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون<br>آوردە می<br>شدەام | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+می+ش+د+ە+ا+م | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | اوردە<br>نمی شدەام | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+می+ش+د+ە+ا+م | سادە |
| | | | دراوردە<br>نمی شدەام | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ە+نـ+می+ش+د+ە+ا+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون<br>آوردە نمی<br>شدەام | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+نـ+می+ش+د+ە+ا+م | لێکدراو |

6- ڕابردوی هەرەدور (ماضی ابعد):

((ئەم ڕۆنانە پتر لە سەدەکانی چوار و پێنج و تا شەشیش بەکار هاتوە، دواتر بە هۆی درێژی و قورسیی لە بەکارهێنان لە کار کەوتوە. پاشان لە سەر دەستی " قەزوینی" و ئەدیبە گەورەکانی ئەو سەردەمە و دوای ئەو سەردەمەش، دیسان بەکار هاتۆتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە)).(تز)

((ئەم کارە لە ڕوی بەکارهێنانەوە جگە لە کەسی سێیەمی تاك و کۆ بۆ کەسەکانی دیکە گەردان ناکرێ)).(یر)

خشتەی ژمارە (11)

| | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج.ڕۆنان |
| بکەر ک.3 کۆیە، بەرکار ک.3 تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | اورده بودهاند | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>آور+د+ه+بو+د+ه+ا+ند+Ø   ند:د.ڕ   Ø:د.خ | سادە |
| | | | دراورده بودهاند | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+بکەر+بەرکار<br>در+آور+د+ه+بو+د+ه+ا+ند+Ø | داڕێژراو |
| | | | بیرون اورده بودهاند | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+بو+د+ه+ا+ند+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نیاورده بودهاند | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕم.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>نـ+ي+آور+د+ه+بو+د+ه+ا+ند+Ø | سادە |
| | | | درنیاورده بودهاند | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>در+نـ+ي+آور+د+ه+بو+د+ه+ا+ند+Ø | داڕێژراو |
| | | | بیرون نیاورده بودهاند | پ-1+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+نـ+ي+آور+د+ه+بو+د+ه+ا+ند+Ø | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی سێیەمی کۆیە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | افتاده بودهاند | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>افتا+د+ه+بو+د+ه+ا+ند   ند:د.ڕ | سادە |
| | | | برافتاده بودهاند | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>بر+افتا+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | داڕێژراو |
| | | | راه افتاده بودهاند | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر<br>راه+افتا+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نیافتاده بودهاند | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>نـ+ي+افتا+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | سادە |
| | | | برنیافتاده بودهاند | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>بر+نـ+ي+افتا+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | داڕێژراو |
| | | | راه نیافتاده بودهاند | پ-1+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بکەر<br>راه+نـ+ي+افتا+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | لێکدراو |

شایەنی باسە، لە نێو زمانەوانە کوردەکانیش "نەسرین فەخری" ئاماژەی بەم ڕۆنانە "ڕابردوی هەرەدور" لە زمانی کوردی کردوە.(سە) بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا بەکارهێنانی ئەم ڕۆنانە لە زمانی کوردی و بە تایبەتی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی نەماوە و بەکار ناهێنرێ، ئێمە وەك ڕۆنانێکی ئێستای زمانی کوردی هەژمارمان نەکردوە.

خشتەی ژمارە (12)

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج.ڕۆنان |
| بەرکار کەسی سێیەمی | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | اورده شده بودهاند | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>آور+د+ه+ش+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | سادە |
| | | | دراورده شده بودهاند | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>در+آور+د+ه+ش+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | داڕێژراو |
| | | | بیرون اورده شده بودهاند | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+ش+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | اورده نشده بودهاند | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک++ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ناوبڕ+بەرکار<br>آور+د+ه+نـ+ش+د+ه+بو+د+ه+ا+ند | سادە |

1 – د.حسن احمدی گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص154.

2 – د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص40-45.

3 – لیژنەی زمان وزانستەکان، ڕێنمانی ئاخاوتنی کوردی، ...ل161.

## 7- ڕابردوی بەردەوامی مەلموس (ماضی مستمر ملموس):

((بەم دواییانە ڕۆنانی"ڕابردوی بەردەوامی مەلموس" لە ژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی، لە نێو زمانی فارسیدا ڕۆنانی بۆ خۆی پەیدا کردوە. جاران لە زمانی فارسی لە جێی ئەو ڕۆنانە سود لە کاری وەك "مى خواست... = دەیویست..." یان لە دەستەواژەی "نزدیك بود... = خەریك بو..." وەر گیراوە، کە ئەم دو هۆ کارە ئێستاش لە زمانی فارسی بەکار دەهێنرێن")).[1] لە بارەی بەکارهێنانی دەستەواژەی "نزدیك بود... = خەریك بو..." لە جێی ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی کۆندا "گیوی"ـش هەمان بۆ چونی هەیە.[2] هەروەها ((ئەم ڕۆنانە دۆخی نەفیی نیە، دۆخی نەفیی ڕابردوی بەردەوام "ماضی استمراري"ی لە جێگەیدا بەکار دێ)).[3]

بە شێوەیەکی گشتی ((ڕۆنانی ئەو کارانەی "داشت" وەکو کاری یاریدەدەر تێیاندا بەشدارە، زۆر تر لە زمانی ئاخاوتن بەکار دێن و ڕۆنانی نەرێیان نیە)).[4] ئەمەش کاری "ڕابردوی بەردەوامی مەلموس" و "ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلموس" دەگرێتەوە.

خشتەی ژمارە (13)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|---|
| | | بکەردیار | |
| بکەر ... 1 تاکە ... کار ... 3 تاکە | داشتم مى آوردم | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+ڕاناو+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار<br>داش+ت+م+مى+آور+د+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە |
| | داشتم درمي آوردم | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+ڕاناو+پێشگر+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار<br>داش+ت+م+در+مى+آور+د+م+Ø | داڕێژراو |
| | داشتم بيرون مى آوردم | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+ڕاناو+پ1+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بكەر+بەركار<br>داش+ت+م+بيرون+مى+آور+د+م [illegible] | لێكدراو |
| ... نەرێ | نیە | — — — | سادە |
| | نیە | — — — | داڕێژراو |
| | نیە | — — — | لێكدراو |
| بکەر ... | داشتم مى افتادم | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+ڕاناو+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەركار<br>داش+ت+م+مى+افتا+د+م م:د.ڕ | سادە |

1 – د. حسين علي يوسفي، دستور زبان فارسي 1و2، ص73.
2 – د. حسن احمد گيوي، دستور تاريخي فعل، جلد اول، ص440.
3 – د. تقي وحيديان كاميار و غلامرضا عمراني، دستور زبان فارسي (1)، ص64.
4 – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسي امروز، ...ص142.

بۆیە بەو ڕاناوەی سەر "داشتـــم"ـمان گوتوە "ڕاناو" و پێمان نەگوتوە "بکەر یان بەرکار"، چونکە سەربەخۆ نیە و (شوێنکەوتەی ئەو ڕاناوەیە، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە پشت ئەو ڕاناوەی کە بە ڕەگی کارە سەرەکیەکەوە دەنوسێ)،(تا) جا ئەگەر ئەو ڕاناوە -ڕاناوی پشت ڕەگی کارەکە- بکەر بێ، ئەویش دەبێتە بکەر و هەمان ڕاناو وەردەگرێ. ئەگەر بەرکاریش بێ، بە هەمان شێوە دەبێتە بەرکار و هەمان ڕاناوی کەسی بەرکارە کە وەردەگرێ. ئەم تێبینیە بۆ هەمو ئەو ڕۆنانانەی لەمەودواش دەگونجێ و دروستە، کە فۆرمی "داشت" یان "دار" وەکو کارێکی یاریدەدەر تێیاندا بەشدارە.

لە ڕاستیدا لە هەمو ئەو سەرچاوە فارسیانەی بەکارمان هێناون، هیچیان ئاماژەیان بە ڕۆنانی بکەرنادیاری "ڕابردوی بەردەوامی مەلوس" نەکردوە، چ بە هەبون و چ بە نەبون. تەنها "کامیار و عومرانی" باسیان کردوە و لە خشتەیەکدا لە پاڵ ڕۆنانی بکەرنادیارەکانی دیکە ڕیز یان کردوە.(یا) ئێمەش بە پشتبەستن بە بۆچونی ئەم دوانە ڕۆنانی بکەرنادیاری "ڕابردوی بەردەوامی مەلوس"ـمان لەم خشتەیەی خوارەوە نیشان داوە.

خشتەی ژمارە (14)

| ج.ڕۆنان | بکەرنادیار<br>چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە |
|---|---|---|
| سادە | ر.داشتن+م.ك.ر+راناو+رەگ+م.ك.ر+م.ئا.ك+ن.ب+ر.شدن+م.ك.ر+بەركار<br>داش+ت+Ø+آور+د+ه+مى+ش+د+Ø ... Ø:د.ر ... Ø:د.ر | داشت آوردە مى شد |
| دارێژراو | ر.داشتن+م.ك.ر+راناو+پێشگر+رەگ+م.ك.ر+م.ئا.ك+ن.ب+ر.شدن+م.ك.ر+بەركار<br>[illegible] | داشت درآوردە مى شد |
| لێكدراو | ر.داشتن+م.ك.ر+راناو+پ-1+رەگ+م.ك.ر+م.ئا.ك+ن.ب+ر.شدن+م.ك.ر+بەركار<br>داش+ت+Ø+بیرون+آور+د+ه+مى+ش+د+Ø | داشت بیرون آوردە مى شد |
| سادە | – – – | نیە |

1 – د.حسين علي يوسفي، دستور زبان فارسي 1و2، ... ص73.

2 – د.تقي وحيديان كاميار و غلامرضا عمراني، دستور زبان فارسي (1)، ص52.

## 8- ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلموس (ماضی نقلی مستمر ملموس):

((ئەم کارە ئێستا لە زمانی ئاخاوتن بەکار دێ، بەلاّم هێشتا بە تەواوی نەچۆتە ناو زمانی نوسینەوە)).[1] هەروەها ((هۆ کاری هاتنەئارای ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیدا، کەمبونەوەی کاریگەریی کاری ڕابردوی بەردەوامە، بۆ بەخشینی دەلالەتی بەردەوامی بە کاری ڕابردوی بەردەوام، بۆیە سود لەم ڕۆنانە نوێیە وەرگیراوە. ئەم ڕۆنانە سەرەتا لە زمانی ئاخاوتنەوە سەری هەڵداوە و دواتر چۆتە نێو زمانی نوسین)).[2] هەروەها ((دۆخی نەفیی نیە، دۆخی نەفیی ڕابردوی تەواوی بەردەوام "ماضی نقلی مستمر"ی لە جێگەیدا بەکار دێ)).[3] ((ئەم ڕۆنانە پتر لە گێڕانەوەی ڕوداو بەکار دێ و بە زۆری کەسی سێیەمی تاك وەردەگرێ و کەسەکانی دیکە -پێنج کەسەکەی دیکە- زۆر بە کەمی وەردەگرێ)).[4] ((لە هەمو ئەو ڕۆنانانەی ڕەگی کاری یاریدەدەری "داشت و دار" تێیاندا بەشدارن، کەس و ڕاناوەکانی سەر "داشت و دار" لە گەڵ ڕاناوی کارە سەرەکیەکە ڕێك دەکەون)).[5] واتە هەمان ڕاناوی کارە سەرەکیەکە وەردەگرن. وەك لەو خشتەیەی خوارەوە دیارە.

خشتەی ژمارە (15)

| | | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | ج.ڕۆنان |
| بکەر ك.3 تاك | | دۆخی ئەری | داشته می آورده | ر.داشتن+م.ك.ر+م.ئا.ك+راناو+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+بەرکار<br>ڎاش+ت+ه+Ø+می+آور+د+Ø+Ø | سادە |
| | | | داشته درمی آورده | ر.داشتن+م.ك.ر+م.ئا.ك+راناو+پێشگر+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+بەرکار<br>ڎاش+ت+ه+Ø+در+می+آور+د+Ø+Ø | داڕێژراو |
| | | | داشته بیرون می آورده | ر.داشتن+م.ك.ر+م.ئا.ك+راناو+پ-1+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر+بەرکار<br>ڎاش+ت+ه+Ø+بیرون+می+آور+د+Ø+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەری | نیە | --- | سادە |
| | | | نیە | --- | داڕێژراو |
| | | | نیە | --- | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار | | دۆخی ئەری | داشته می افتاده | ر.داشتن+م.ك.ر+م.ئا.ك+راناو+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ڎاش+ت+ه+Ø+می+افتا+د+Ø | سادە |
| | | | داشته برمی افتاده | ر.داشتن+م.ك.ر+م.ئا.ك+راناو+پێشگر+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بەرکار<br>ڎاش+ت+ه+Ø+بر+می+افتا+د+Ø | داڕێژراو |
| | | | داشته راه ... | ر.داشتن+م.ك.ر+م.ئا.ك+راناو+پ-1+ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+بکەر ... | |

1- د. حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ص171.
2- د. تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص44.
3- هەمان سەرچاوە، ل46.
4- د. حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص90.
5- هەمان سەرچاوە، ل73.

لە ڕاستیدا لە هەمو ئەو سەر چاوە فار سیانەی بەکارمان هێناون، هیچیان ئاماژە یان بە ڕۆ نانی بکەرنادیاری "ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلوس" نەکردوە، چ بە هەبون و چ بە نەبون. تەنها "کامیار و عومرانی" باسیان کردوە و لە خشتەیەکدا لە پاڵ ڕۆنانی بکەرنادیارەکانی دیکە ڕیزیان کردوە.[تر] ئێمەش بە پشتبەستن بە بۆ چونی ئەم دوانە ڕۆنانی بکەرنادیاری "ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلوس"مان لەم خشتەیەی خوارەوە نیشان داوە.

خشتەی ژمارە (16)

| ج.ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بکەرنادیار | | | | |
| ج.ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | | | |
| سادە | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕاناو+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+م.ك.ڕ +م.ئا.ك+ناوبر+بەرکار ← داش+ت+ە+ + ∅+آور+د+ە+می+ش+د+ە+2∅ ∅:د.ڕ 2∅:د.خ | داشتە آوردە می شدە | دۆخی ئەرێ | [illegible] | بەرکار کەسی سێیەمی تاکە |
| داڕێژراو | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕاناو+پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن +م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار ← داش+ت+ە+∅+در+آور+د+ە+می+ش+د+ە+∅ | داشتە درآوردە می شدە | | | |
| لێکدراو | ڕ.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕاناو+پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن +م.ك.ڕ+م.ئا.ك+بەرکار ← داش+ت+ە+∅+بیرون+آور+د+ە+می+ش+د+ە+∅ | داشتە بیرون آوردە می شدە | | | |
| سادە | – – – | نیە | دۆخی نەرێ | | |
| داڕێژراو | – – – | نیە | | | |
| لێکدراو | – – – | نیە | | | |

هەروەها تەنها "خانلەری" چوار جۆرە ڕۆنانی ڕابردوی بۆ ڕێژەی ڕاگەیاندن لە زمانی فارسیدا بە هەمان شێوە و ناونانی زمانی کوردی دەستنیشان کردوە،[یر] بەلام بەو پێیەی کە ئێمە ئاگادارین لە زمانی فارسیی ئێستا زۆر ڕۆنانی دیکە بۆ دەمی ڕابردو لە ڕێژەی ڕاگەیاندن بونیان

[1] – د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص52.

[2] – د.پرویز ناتل خانلری، دستور زبان فارسی، ...ص34.

هەیە و بەکار دەهێنرێن، ئەو بۆچونەمان وەرنەگرت و هەشت جۆرە ڕۆنانمان دیاری کرد، بە پێی خوێندنەوەمان بۆ هەمو ئەو سەرچاوە ڕێزمانیە فارسیانەی کە بەکارمان هێناون. هەندێکیشمان بە پێی هەندێك بەڵگە ڕەت کردۆتەوە، کە لە خوارەوە ئاماژەمان پێ داون.

لە لایەکی دیکە "ڕەهبەر"[1] و "گیوی"[2] ئاماژەیان بە بونی جۆرە ڕۆنانێکی دیکەی ڕابردوی ڕاگەیاندن بە ناوی "ماضـی بعیـد مسـتمر" کردوە. ئەگەر بۆ ئەم ڕۆنانە چاوگی "آوردن" وەربگرین، ڕۆنانەکەی بەم شێوەیە دەبێ: "مـی آورده بـودم". ئێمە بە پێویستمان نەزانی وەکو جۆرێکی تایبەتی ڕابردوە ڕاگەیاندنەکان هەژماری بکەین، لەبەر ئەوەی:

1-هەر چی نمونەی شیعر و پەخشان بۆ ئەم ڕۆنانە لە لایەن "ڕەهبەر" و "گیوی" هێنراونەتەوە، نمونەی هیچ بەرهەمێکی نوێیان تێدا نیە و هەر هەمویان بەرهەمی فارسی زۆر کۆنن و ناکرێ وەکو زمانی ئەمڕۆی فارسی تەماشایان بکرێ.

2- "گیوی" خۆی دەڵێ: ((دەکرێ ڕۆنانی "ماضی بعید–ڕابردوی دور" جێی ڕۆنانی "ماضـی بعید مستمر" بگرێتەوە)).[3]

3- لە بەشێك لەو نمونانەی هەر دو زمانەوان "ڕەهبەر" و "گیوی" هێناویانەتەوە، مۆرفیمی بەردەوامیی "می، همی"ی کرتاون، کە بونی ئەم "می"یەش لە ڕۆنانی "ماضـی بعیـد مسـتمر" تاکە جیاوازیە لەگەڵ "ماضی بعید".

کەواتە لەبەر ئەوەی ڕۆنانی "ماضـی بعیـد" دەتوانێ پڕ بە پێست جێگای "ماضـی بعیـد مستمر" بگرێتەوە و نمونەی "ماضی بعید مسـتمر"یش لە زمانی فارسی ئێستا نیە، یان زۆر دەگمەنە. بە پێویستمان نەزانی بە ڕۆنانێکی سەربەخۆی دابنێین و هەژماری بکەین.

جارێکی دیکە تەنها "گیوی"[4] و "خەیامپور" ئاماژەیان بە بونی جۆرە ڕۆنانێکی دیکەی ڕابردوی ڕاگەیاندن بە ناوی "ماضی ابعد مسـتمر" کردوە. ئەگەر بۆ ڕۆنانی ئەم کارە چاوگی "آوردن" وەربگرین، ڕۆنانەکە بەم شێوەیە دەبێ: "مـی آورده بوده‌ام". ئێمە بۆ ئەم کارەش بە پێویستمان نەزانی وەکو جۆرێکی تایبەتی ڕابردوە ڕاگەیاندنەکان هەژماری بکەین، لەبەرئەوەی:

1- "خەیامپور" خۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: ((... جۆرێکی دیکەی ڕۆنانی ڕابردومان هەیە، کە بە دەگمەن بەکار دێ، ئەویش "ماضی ابعد مستمر"ـە)).[5]

---

[1] – د.خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان، ...ص222.

[2] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص149.

[3] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص450،457.

[4] – هەمان سەرچاوە، ل466.

[5] – د.عبدالرسول خیامپور، دستور زبان فارسی، ...ص84.

2-"گیوی"ـش بە خۆی هەمان بۆچونی "قەریب" پەسند دەکا و دەڵێ: ((ئوستاد قەریب دە ڵێ: ڕۆنانێکی دیکەشمان لە دەمی ڕابردو هەیە، کە جگە لە کەسی سێیەمی تاك و کۆ. بۆ هیچ کە سێکی دیکە -چوار کەسەکەی دیکە- گەردان ناکرێ، وەکو کاری "ماضی ابعد مستمر"...)).[1]

3-"گ یوی" تەنها دو نمو نەی هێناوە تەوە، کە هەردوکیان هی فار سیی کۆنن[2] و لە ڕۆ نانی کارەکانی هیچ کامیشیاندا "می" یان "همی" بوذیان ذیە، بە مەش ڕۆ نانی کاری هەر دو نمونە کە هەمان ڕۆنانی "ماضی ابعد"ـە و هیچ ڕۆنانێکی دیکەی جودای لەوانەی پێشو دەرنەخستوە.

## ب- تێنس لە دەمی ڕابردوی کاری نائاسایی - (تنس در زمان ماضی افعال ناهنجار):

### یەکەم: لە چاوگی (داشتن) - از مصدر (داشتن):

(( چاوگی "دا شتن" لە ز مانی فار سیی ئەمڕۆدا، چ وەك کارێکی ئا سایی و چ وەك کارێکی یار یدەدەر، ڕۆ نانی ڕا بردوی بەردەوامی ذیە، بۆ یە هەر ڕۆ نانی "ڕا بردوی ڕوت "ـەکەی لە جێی ڕابردوی بەردەوامیش بەکار دێ... هەروەها ڕۆنانی ڕابردوی دوریشی ذیە، بۆ یە ڕا بردوی ڕوت لە جێی ڕابردوی دوریش بەکار دێ)).[3]

لە بارەی تێپەڕی و تێنەپەڕیی چاوگی "داشتن"، "ئەرژەنگ" پێی وایە ((چاوگی داشتن کاتێك وەك کارێکی ئاسایی بەکار دێ، کارێکی تێپەڕە)).[4] هەروەها "گیوی"ـش دەڵێ: (( چاوگی "دا شتن" بە پ ێی ما نا تەواو و بنەڕەتیە کەی خۆی، چاوگێکی تێ پەڕە، کە لە ڕوی وەرگرت نی ب کەر و بەرکارەوە، ڕێك پێچەوانەی کارە تێنەپەڕەکا نە، چونکە کارە تێنە پەڕەکان بکەریان هە یە، بەلاَم بەرکاریان نیە، کەچی چاوگی "داشتن" بەرکاری هە یە، بەلاَم بکەری ذیە)).[5] ئەم دو بۆ چونەی سەرەوە قوڵبو نەوەی پتر یان پێوی ستە، چونکە تەنها لە بەر ئەوەی "دا شتن" دو توخم "ڕا ناو" وەردەگرێ، بۆیە بە تێپەڕیان داناوە، جگە لەوەش مە سەلەی "تێنە پەڕی بکەری و بەرکاری"ـیان تێدا فەرامۆش کراوە.

ڕاستە چاوگی "داشتن" لە دۆخی کاردا دو توخم وەردە گرێ و ئە مەش یەکێکە لە خا سیەتی کارە تێپەڕەکان، لە بەرامبەردا کارە تێنەپەڕەکان یەك توخم وەردەگرن، جا بکەر یان بەرکار بێ. ئەم بۆچونەی سەرەوە لەوەشدا دروستە، کە چاوگی "داشتن" بکەری نیە، چونکە لەم چاوگەدا لە

---

[1] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص466.

[2] – هەمان سەرچاوە، ل157.

[3] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص366.

[4] – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص164.

[5] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد دوم، ...ص1392.

دۆخی کاردا تەنها خاوەن و خاوەندار هەن، نەوەك بکەر و بەرکار، بۆ یە دە بو ئا ماژەی بە نەبونی بەرکاریش کردبا. لە کاتێکدا نە خاوەن دەبێتە بکەر و نە خاوەنداریش بەرکارە، چونکە نە خاوەن کارێکی ئەنجام داوە و نە خاوە نداریش کارێکی بە سەر هاتوە، تاوەکو یە کەمیان ببێ تە بکەر و ئەوەی تریشیان ببێتە بەرکار. بۆ نمونە لە ڕستەیەکی وەکو "داشتم = هەمە = هەیتم" وا تە " من شتێکم هە یە." لێرەدا " من" کە خاوەنی "ئەو "ـە و "ئەو "ـیش کە بە " من" خاوە ندارە، نە "من"ـەکە کارێکی ئەنجام داوە، کە "خاوەن"ـە و نە "ئەو "ـیش کە خاوە ندارە، بەوەی کە " من" خاوەنیەتی، هیچ جوڵە و گۆڕانێکی بەسەر نەهاتوە.[1]

| خشتەی ژمارە (17) | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| دۆخی ئەرێ | داشتم | ر.داشتن+م.ك.ڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داش+ت+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | ڕ. ڕوت |
| | نیە | – – – | ڕ. بەردەوام |
| | داشتەام | ر.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داش+ت+ە+ا+م+Ø | ڕ. تەواو |
| | داشتە بودم | ر.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ر.بودن+م.ك.ڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داش+ت+ە+بو+د+م+Ø | ڕ. دور |
| | داشتە بودەام | ر.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ر.بودن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داش+ت+ە+بو+د+ە+ا+م+Ø | ڕ. هەرەدور |
| دۆخی نەرێ | نداشتم | ن.ن+ر.داشتن+م.ك.ڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>نـ+داش+ت+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | ڕ. ڕوت |
| | نیە | – – – | ڕ. بەردەوام |
| | نداشتەام | ن.ن+ر.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>نـ+داش+ت+ە+ا+م+Ø | ڕ. تەواو |
| | نداشتە بودم | ن.ن+ر.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ر.بودن+م.ك.ڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>نـ+داش+ت+ە+بو+د+م+Ø | ڕ. دور |
| | نداشتە بودەام | ن.ن+ر.داشتن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ر.بودن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>نـ+داش+ت+ە+بو+د+ە+ا+م+Ø | ڕ. هەرەدور |

ئەگەرچی چاوگی "داشتن" لە زمانی فارسیی کۆندا "می" نیشانەی بەردەوامی - می دا شت-ی وەرگرتوە و ڕۆنانی "ڕابردوی بەردەوام"ـی هەبووە، بەڵام لە زمانی ئەمڕۆی فارسی (("داشتن " بە بێ "می"ـی نیشانەی بەردەوامی، بۆ دە می ڕا بردوی بەردەوام بەکار دێ)).[2] وا تە ئێستا چاوگی "دا شتن" ڕۆ نانی دە می ڕا بردوی بەردەوامی نـ یە و ڕۆ نانی دە می "ڕا بردوی ڕوت" جێ گەی دەگرێتەوە.

## دوەم: لە چاوگی (هستیدن) - از مصدر (هستیدن):

---

[1] – چاوگی "داشتن" لە ڕوی تێپەڕی و تێنەپەڕیەوە هەمان تایبەتمەندیی "هەبون"ـی جوتتوخمیی زمانی کوردی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێوە بۆ لاپەڕە(77).

[2] – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص178.

ئەم چاوگە هیچ ڕۆنانێکی تایبەتی بۆ دە می ڕا بردو نـ یە، بەلاَم "هـ ستیدن" کە وەك کارێکی ئا سایی "هەبون"ـی تاکتوخمی بۆ دە می ڕا بردو بەکار دێ، دە توانرێ بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یار مەتی "و جود دا شتن" و چاوگی " بودن" دە می ڕابردو شی لێ ڕۆبـ نرێ، وە کو " تەبیب زادە" دە ڵێ: (( بە ڕێ گەی لێک سیکی و بە سودوەرگرتن لە "و جود دا شتن" دە کرێ دۆخ و دە مە جۆراوجۆرەکانی پێ ڕابگەیەنرێ))،[1] بەم شێوەیە: "وجود داشته بودم = هەبوم = وجودم هەبو".

سەبارەت بەوەش کە ئایا فۆرمی ئەم چاوگە "هـ ستن" یان "هستیدن"ـە، (( لە ز مانی فار سی چاوگ بە خستنەسەری "□ـن" بۆ سەر ڕەگی ڕابردو دروست دەبێ، نەك بە خستنەسەری بۆ سەر ڕەگی ڕانەبردو، "هست و است"یش -کە ڕۆنانی دەمی ئێستان- ڕە گی ڕا نەبردون، "هـ ست+□ ـن" و "ا ست+□ ـن" = "هـ ستن و ا ستن" بە پـ ێی دە ستوری ز مانی فار سی درو ستبونی چاوگی فار سی دروست نین و دەبێ "هستیدن" و "استیدن" بن)).[2]

## سێیەم: لە چاوگی (بودن) □ از مصدر (بودن):

ئەگەرچی ((لە زمانی فارسیی کۆندا "بودن" و "باشیدن"، دو چاوگی سەربەخۆ بوو نە))[3] و ((وەکو "شدن"ی ئەمڕۆ هەمو دەم و ڕێژەکانیان لێ ڕۆنراوە و تەنانەت لە شێوەی چاوگیش وە کو یەکەیەکی زمانی لە ڕستەدا بەکار هاتون))،[4] بەلاَم (( لە ز مانی فار سیی ئێ ستا "با شیدن" تەنها ڕۆ نانی فەرما ندان و ڕا نەبردوی لێ ڕۆدە نرێ،... ئەگەر چی لە دە قە کۆنەکا ندا ڕۆ نانی ڕا بردوە جۆراوجۆرەکانی هەبووە و وەك چاوگیش بەکار هاتوە.))[5] و ((ئێستاش "باشیدن" هیچ ڕۆ نانێکی ڕا بردو و دا هاتوی نـ یە و وەك چاوگیش بەکار نایێ)).[6] هەر چی (("بودن "ـیشە ڕ ێك بە پێچەوانەی "باشیدن" لە زمانی ئەمڕۆی فارسی، ڕۆ نانی دە می ڕا بردو و دا هاتوی هە یە و ڕۆ نانی ڕانەبردو و فەرماندانی نیە، لە کاتێکدا لە دەقە کۆنەکاندا نزیکەی ڕۆنانی هەمو دە مە ڕابردوە کان و ڕانەبردو و داهاتوی هەبووە)).[7]

هەر لەم بارەوە "باتینی" پێی وایە، ( لەم سێ نمونە یە، "رفـته ا ست، رفـته بود، رفـته با شد" هەر سێ کارە یار یدەرەکانیان "ا ست، بود، با شد"، گەر چی لە ڕوان گەی مـ ێژووەوە هاوڕە گەز "همجنس" نین و لە یەك یەکەی واتایی و یەك ڕیشەی وشە "کار"ێکەوە نەهاتون، بەلاَم لە زمانی

---

1 – د.امید طبیب زاده، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جمله در فارسی امروز، ...ص76.

2 – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص330.

3 – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد دوم، ...ص1202.

4 – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص249.

5 – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد دوم، ...ص1281.

6 – هەمان سەرچاوە، ل1202.

7 – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص351.

ئەمڕۆی فارسی هەرسێکیان لە یەك *سیستەمی* ئەرکی و واتایی یەك کاردا یەکیان گرتوە و بە پێی بیردۆزی سایکرۆنیی زما نەوانی بە یەك کار دادە نرێن. ئەگەر چی "ا ست" بۆ دە می ئێستایە و "بود" بۆ دەمی ڕابردوە و "باشد" بۆ ڕۆنانی دانانیە).[تر]

کەوا تە ئە گەر لە مـێژودا " بودن" و "با شیدن" دو چاوگی سەربەخۆ بوبن، بەلأم ئەمڕۆ دەتوانین بە تەواو کەری یە کدی یان بە یەك چاوگیان بزانین، چونکە هەردوکیان هەمان وا تای "بون"ـی کەینونە دەدەن، هەروەها بە هەردوکیان ئیـنجا دە توانن ڕۆ نانی هەمو ڕ یژە و دە مەکانی کارێکی ئا سایيان هەبێ، لە ڕوی ڕ یژەوە ڕ یژەی "ڕاگەیا ندن، دا نانی، فەرما ندان" و لە ڕوی دەمەکانەوە "ڕابردو، ئێستا، داهاتو"یان هەبێ، کە "بودن" لە ڕوی ڕێژەوە "ڕاگەیا ندن" و لە ڕوی دە مەوە "ڕا بردو"ی هە یە و "باشیدن "ـیش لە ڕوی ڕ یژەوە "دا نانی و فەرما ندان" و لە ڕوی دە مەوەش "ڕا نەبردو"ی هە یە. کەوا تە بە هەر دو چاوگی " بودن و با شیدن" هەمو ڕ یژە و دەمەکانیان هەیە، جگە لە دەمی ئێستا "دەمی ئێستا بە تەنها"، کە ئەم کەلێـنەش "ا ستیدن" بە ڕۆ نانی "ا ست" پڕی دەکا تەوە، کە لەم چەند نمونە یەی خوارەوە هەمو ڕ یژە و دە مەکان دەردەکەون:

1-*هوا گرم بود* – هەوا گەرم بو. ڕابردوی ڕاگەیاندن.

2-*هوا گرم است* - *هەوا گەرمە*. ئێستای ڕاگەیاندن.

3-*هوا گرم خواهد بود* - *هەوا "لەمەودوا" گەرم دەبێ*. داهاتوی ڕاگەیاندن.

4-*هوا گرم باشد* - *هەوا گەرم بێ*. ڕانەبردوی دانانی.

5-*حالا/فردا زرنگ باش* - ئێستا / *سبەی* زیرەك بە! ئێستا/داهاتوی فەرماندان.

چاوگی "بودن" ڕۆنانی بۆ هەمو دەمە ڕابردوەکان نیە، بۆ نمونە ((چاوگی "بودن" ڕۆنانی بۆ دەمی "ڕابردوی دور" و "ڕابردوی بەردەوامی مەلوس" و "ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلوس" نیە)).[یز] هەروەها ئەگەرچی چاوگی "بودن" لە زمانی فارسیی کۆندا "می"ـی نیشانەی بەردەوامی -می بود- وەرگرتوە و ڕۆنانی "ڕابردوی بەردەوام"ـی هەبووە، بەلأم لە زمانی ئەمڕۆی فار سی (( بە بێ "می"ـی نیشانەی بەردەوامی، بۆ دەمی ڕابردوی بەردەوام بەکار دێ)).[سە] کەواتە ئێـستا چاوگی "بودن" سەرەڕای ئەو سێ دە مە ڕا بردوەی با سمان کرد، ڕۆ نانی بۆ دە می ڕا بردوی بەردەوامیش نیە، لە جێی ئەو ڕۆنانی دەمی "ڕابردوی ڕوت"ـی بۆ بەکار دێ.

خشتەی ژمارە(18)

| دەمەکان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە |
|---|---|---|
| ڕ. ڕوت | ڕەگ+م.ك.ر+راناو بو+د+م | بود |
| ڕ. بەردەوام | – – – | نیە |
| ڕ. تەواو | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.نا.ك+ناوبڕ+ڕاناو بو+د+ە+ا+م | بودەام |
| ڕ. دور | – – – | نیە |
| ڕ. بەردەوام... | | نیە |

ڕابردوی

1 – د.محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، ...ص129،128.

2 – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص83.

3 – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص178.

## چوارەم: لە چاوگی (شدن)  از مصدر (شدن):

خشتەی ژمارە(19)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | شدم | ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>شْ+د+م م:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | می شدم | ن.ب+ڕەگ+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>می+شْ+د+م | ڕ. بەردەوام |
| | شدەام | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+ڕاناو<br>شْ+د+ه+ا+م | ڕ. تەواو |
| | شدە بودم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+م.ك.ڕ+ڕاناو<br>شْ+د+ه+بو+د+م | ڕ. دور |
| | شدە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ناوبڕ+ڕاناو | |

**((باشترین پێوەر بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا "بودن و شدن" لە هەر ڕستەیەکدا کاری هنجار یان ناهنجارن، ئەوەیە کە هەریەکەیان لە ڕستەکانیاندا جێگۆڕکێ بە "بودن" و "شدن" بکرێ، ئەگەر ماناکەیان -مانای ڕستەکە- تێکچو، ئەوا وەکو کارێکی ئاسایی بەکار هاتون. ئەگەر ماناکەشیان تێکنەچو، ئەوا وەکو کاری نائاسایی "یاریدەدەر" بەکار هاتون)).[1]**

2- **دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی ڕاگەیاندن** = زمان مضارع (حال و مستقبل) اخباری:

ا- **تێنس لە دەمی (ئێستا و داهاتو)ی کاری ئاسایی ڕاگەیاندن** - تنس در زمان (حال و مستقبل) افعال هنجار اخباری:

**لە زمانی فارسیدا وەکو زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ((ڕۆنانی ڕانەبردو "موزاریع"، ڕۆنانێکە بۆ هەر دو دەمی ئێستا و داهاتو بە ڕوتی بەکار دێ)).[2] بە ڕێگەی لێکسیکیش و بە یارمەتی ئاوەڵکارێکی کاتی ئێستا تەنها بۆ دەمی ئێستا بەکار دێ و بە یارمەتی ئاوەڵکارێکی کاتی داهاتوش تەنها بۆ دەمی داهاتو بەکار دێ، هەر لەبەر ئەوەی کە ((ڕۆنانی ڕانەبردو "موزاریع" لە زمانی نوسین و ئاخاوتنی فارسیدا بەکارهێنانی فراوان و بەربلاوە، خەریکە جێ بە ڕۆنانی دەمی -داهاتو بە تەنها- " لەق دەکا، چونکە ڕۆنانی دەمی داهاتو "داهاتو بە تەنها" لە زمانی ئەوڕۆی فارسیدا کەم بەکار دێ، بە تایبەتی لە زمانی ئاخاوتن لەکار کەوتوە و لە جێی ئەو ڕۆنانی کاری "مضارع**

---

**[1] – د.امید طبیب زاده، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جمله در فارسی امروز، ...ص77.**

**[2] – د.منوچهر عدنانی، دستور روشمند (دستور زبان فارسی) فشرده – نموداری، ...ص8.**

اخباری – ڕانەبردوی ڕاگەیاندن" و هەندێك جاریش "مضارع التزامی – ڕانەبردوی دانانی" بەكار دێ)).[1] هەر لە بارەی ئەم كارەوە "كامیار و ڕەزا عومرانی"ش هەمان بۆچونیان هەیە.[2]

هەر بۆیەش وشەی "ڕانەبردو"مان پێش هەر دو وشەی "ئێستا و داهاتو" خستوە، چونكە وەك گوتمان ئەم كارانە سەرەتا ڕانەبردو "موزاریع"ن، پاشان بە یارمەتی ئاوەڵكارە كاتەكان بۆ دەمی داهاتو یان ئێستا بەكار دێن.

جیاواز لە زمانی فارسیی ستاندارد، لە زاری ناوەڕاستی زمانی كورد یدا ڕۆنانی هەمو كارەكان، جگە لە ڕەگ مۆرفیمی كاتیشیان تێدا یە، جا دەركەوتبن یان دەرنەكەوتبن، ئەمەش بۆ ئێمە ئاسانكاریەكی باش بووە، بۆ دەستنیشانكردنی تێنسی هەر كارێك، چونكە تێنس بە شێوەیەكی گشتی و بە زۆری "ڕەگ+مۆرفیمی كات" ڕایدەگەیەنێ. كەچی لە زمانی فارسیدا جگە لە ڕەگ تەنها توانیمان مۆرفیمی كاتی ڕابردو "د، ت" دەستنیشان بكەین و نەمانتوانی مۆرفیمی كاتی ئێستا و داهاتو دەستنیشان بكەین، چ بە دەركەوتویی و چ بە دەرنەكەوتویی، چونكە نە هیچ نیشانەیەكی زمانی و نە هیچ شوێنەوارێكی ئەم دو مۆرفیمی كاتە بونیان نیە، هەر لەبەر ئەوەش زمانەوانە فارسەكان هیچ ئاماژە یەكیان بەم دو مۆرفیمی كاتە لە زمانەكەیان نەكردوە. لەگەڵ ئەوەش دە توانین تێنسی هەمو ئەو كارانەی لە دەمی ڕانەبردون، بە فۆرم و پێكهاتەی ڕەگەكەی بناسینەوە. كارە ڕانەبردوەكانی زمانی فارسی لە ڕوی نەبونی مۆرفیمی كاتی ئێستا و داهاتو، هەمان تایبەتمەندیی ئەو زمانانەیان هەیە، كە لە ڕێی شێوەی كارەكان تێنسەكانیان ڕادەگەیەنن،[3] -ئەگەر چی زمانی فارسی زمانێكی لكاوە- بەوەی كە تێنس لە ڕێی پێكهاتە و فۆرمی ڕەگی كارەكانیانەوە دەناسرێنەوە.

## 1- ڕانەبردوی ڕاگەیاندن (مضارع اخباری):

| خشتەی ژمارە(20) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بكەردیار | |
| بكەر/ ك.تاكە بەركار ك.3 تاكە | | ئەرێ | می آورم | ن.ب+ڕەگ+بكەر+بەركار<br>می+آور+م+Ø<br>م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە |
| | | | درمی آورم | پێشگر+ن.ب+ڕەگ+بكەر+بەركار<br>در+می+آور+م+Ø | داڕێژراو |
| | | | بیرون می آورم | پ-1+ن.ب+ڕەگ+بكەر+بەركار<br>بیرون+می+آور+م+Ø | لێكدراو |
| | | نەرێ | نمی آورم | ن.ن+ن.ب+ڕەگ+بكەر+بەركار<br>نـ+می+آور+م+Ø | سادە |
| | | | در نمی آورم | پێشگر+ن.ن+ن.ب+ڕەگ+بكەر+بەركار<br>در+نـ+می+آور+م+Ø | داڕێژراو |
| | | | بیرون نمی آورم | پ-1+ن.ن+ن.ب+ڕەگ+بكەر+بەركار<br>بیرون+نـ+می+آور+م+Ø | لێكدراو |

1 - د. حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص638.

2 - د. تقی وحیدیان كامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص46.

3 - بگەڕێوە بۆ لاپەڕە (31).

| | | | بکەرنادیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (21) | | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| [illegible] | [illegible] | دۆخی ئەرێ | آورده می شوم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+بەرکار<br>آور+د+ه+می+شو+م م:د.ڕ | سادە |
| | | | درآورده می شوم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+بەرکار<br>در+آور+د+ه+می+شو+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آورده می شوم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ب+ڕ.شدن+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+می+شو+م | لێكدراو |
| | | دۆخی نەرێ | آورده نمی شوم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+بەرکار<br>آور+د+ه+نـ+می+شو+م م:د.ڕ | سادە |
| | | | درآورده نمی شوم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+بەرکار<br>در+آور+د+ه+نـ+می+شو+م | داڕێژراو |
| | | | بیرون آورده نمی شوم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ن.ب+ڕ.شدن+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+نـ+می+شو+م | لێكدراو |

## 2- ڕانەبردوی مەلموس (مضارع ملموس):

**ئەم کارە ((هاوشانی "ڕابردوی بەردەوامی مەلموس" و "ڕا بردوی تەواوی بەردەوامی مەلموس" لە ڕێی وەرگێڕانی نوسراو و چیرۆکی فەڕەنسی لە سەدەی ڕابردو هاتە نێو ز مانی ئا خاوتن و نو سینی فار سی، کە هێ شتا لە ز مانی نو سینی ئەدەبی زۆر بەربلاو نـ یە... ئەم کارە ڕۆ نانی نەرێ و**

بکەرنادیاری نیە)).[تێ] کەچی بۆچونێکی دیکە هە یە، کە پێی وا یە ئەم ڕۆنا نەش لە گەڵ ڕۆ نانی "ڕابردوی بەردەوامی مەلوس" ((بەم دواییانە لە ژێر کاریگەریی ز مانی ئینگلیزی، لە نێو زمانی فارسیدا ڕۆ نانی بۆ خوی پە یدا کردوە. جاران لە ز مانی فارسی لە جێی ئەو ڕۆنا نە سود لە دەستەواژەی "نزدیك است... = خەریکە... = وا..." وەر گیراوە، کە ئەم هۆ کارە ئێستاش لە ز مانی فارسی بەکار دەهێنرێ)).[یر]

ئەگەر چی لە ز مانی فار سیدا بەم ڕۆنا نە گوتراوە "موزار یع = ئێستا و دا هاتو"، بەڵام لە ڕاستیدا ((ڕۆنانی ڕانەبردوی مەلوس بێ هیچ ئاوەڵكارێك، تەنها دەلالەت لە دەمی ئێستا دە کا))،[سە] بۆ یە ( لە ز مانی فارسیی ئەمڕۆدا ئە گەر ڕودا نی کار ێك لە کاتی ئێستا بێ، ئەوا پتر ڕۆ نانی "ڕانەبردوی مەلوس"ی بۆ بەکار دەبرێ، ئەگەریش ڕودانی کارە کە لە کاتی دا هاتو بێ، ئەوا پتر "ڕانەبردوی ڕاگەیاندن"ی بۆ بەکار دێ).[سە] لەگەڵ ئەوەش دەتوانرێ لەم ڕۆنانە دە می دا هاتو بە تەنها ڕۆبنرێ، (( هەمو ئەو ڕۆنانا نەی کە ڕە گی "دار" وەك کارێکی یار یدەدەر تێیا ندا بە شدارە، دەلالەت لە کاتی ئێستا دەکەن، بەڵام بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یار مەتی ئاوەڵکارە کان کاتی دا هاتو. ئینجا دەکرێ بۆ دە می دا هاتو بە تەنها ڕۆبنرێن. وە کو *" فردا همین وقت دارم کار می کنم = سبەی هەر لەم کاتەدا کار دەکەم"* )).[ل] ((لەم ڕۆنانانەدا کەس و ڕاناوەکانی سەر کاری یار یدەدەری "دار" لە گەڵ ڕا ناوی کارە سەرەکیەکە ڕ ێك دە کەوێ)).[] وا تە هەمان ڕا ناوی کارە سەرەکیەکە وەردەگرێ.

(( ئەم ڕۆنا نە دۆ خی بکەرنادیار و دۆ خی نەفیی نیە، دۆ خی نەفیی ڕا نەبردوی ڕاگەیا ندن "مضارع اخباري" لە جێگەیدا بەکار دێ)).[ی]

| جۆری ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | خشتەی ژمارە(22) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بکەردیار | | | | |
| سادە | ڕ.داشتن+ڕاناو+ن.ب+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>دار+م+می+آور+م+Ø<br>م:د.ڕ م:د.ڕ Ø:د.خ | دارم می آورم | دۆخی ئەرێ | [illegible] | بکەر کە 1 تاکە، بەرکار کە 3 تاکە |
| داڕێژراو | ڕ.داشتن+ڕاناو+پێشگر+ن.ب+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>دار+م+دَر+می+آور+م+Ø | دارم درمی آورم | | | |
| لێکدراو | ڕ.داشتن+ڕاناو+پ-1+ن.ب+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>دار+م+بیرون+می+آور+م+Ø | دارم بیرون می آورم | | | |
| سادە | – – – | نیە | دۆخی نەرێ | | |
| داڕێژراو | – – – | نیە | | | |
| لێکدراو | – – – | نیە | | | |
| سادە | ڕ.داشتن+ڕاناو+ن.ب+ڕەگ+بەرکار<br>دار+م+می+افت+م<br>م:د.ڕ م:د.ڕ م:د.ڕ | دارم می افتم | دۆخی ئەرێ | [illegible] | بکەر کە 1 تاکە، بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| داڕێژراو | ڕ.داشتن+ڕاناو+پێشگر+ن.ب+ڕەگ+بەرکار<br>دار+م+بَر+می+افت+م | دارم برمی افتم | | | |
| لێکدراو | ڕ.داشتن+ڕاناو+پ-1+ن.ب+ڕەگ+بەرکار<br>دار+م+بیرون+می+افت+م | دارم بیرون می افتم | | | |
| سادە | – – – | | دۆخی نەرێ | | |
| داڕێژراو | – – – | | | | |
| لێکدراو | – – – | | | | |

1. د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص636.
2. د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص73.
3. هەمان سەرچاوە، ل76.
4. هەمان سەرچاوە، ل90.
5. غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص170.
6. د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص73.
7. د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص52، 64.

**ب- تێنس لە دەمی ئێستا و داهاتوی کاری نائاسایی** تنس در زمان (حال و مستقبل) افعال ناهنجار اخباری:

**یەکەم: لە چاوگی (داشتن)** از مصدر (داشتن):

**ئەم چاوگە لە ڕۆنانی دە می ڕانەبردو یدا سەرەتا تەنها دەلا لەت لە دە می "ئێستا بە تەنها" دەکا، بەلاّم دەکرێ بە ڕێگەی لێکسیکی بۆ دەمی "داهاتو بە تەنها"ـش بەکار بێ، بۆ نمو نە:** ***"می بینی، کە سال دیگر پول دارم = دەبینی، کە ساڵێکی دیکە پارەم هەیە"*** .

خشتەی ژمارە (23)

| | دەمی ئێستا | |
|---|---|---|
| | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **نمونە** |
| **ئەری** | ن.ب+ڕەگ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>Ø+دار+م+Ø Ø:(می)ی ن.ب دەرنەکەوتوە م:د.ڕ Ø:د.خ | **دارم** |
| **نەری** | ن.ن+ن.ب+ڕەگ+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>نـ+Ø+دار+م+Ø Ø:(می)ی ن.ب دەرنەکەوتوە م:د.ڕ Ø:د.خ | **ندارم** |

**دوەم: لە چاوگی (هستیدن)** از مصدر (هستیدن):

**ئەم چاوگەش کە وەك کارێکی ئاسایی "هەبون"ـی تاکتوخمی بۆ دەمی ڕا نەبردو بەکار دێ، لە ڕۆنانی دەمی ڕانەبردویدا سەرەتا تەنها دەلالەت لە دەمی "ئێستا بە تەنها" دە کا و هیچ ڕۆ نانێکی تای بەتی بۆ دە می "دا هاتو بە تەنها" ن یە، بەلاّم دە کرێ بە ڕێ گەی لێک سیکی و بە یار مەتی**

ئاوەڵکارەکانی کاتی داهاتو بۆ دەمی "داهاتو بە تەنها"ش بەکار بێ، بۆ نمونە: "می بینی، کە پس فردا من اونجا هستم □ دەبینی، کە دوسبەی من لەوێم".

(دەکرێ جگە لەم ڕۆنانە "هستم - هەم" کە تەنها بۆ دەمی ئێستایە، بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یارمەتی "وجود داشتن" ڕۆنانێکی دیکە، دیسان بۆ دە می ئێ ستا بە تەنها ڕۆبنرێ، وە کو "و جود دارم، هستم = هەم = وجودم هەیە).[1]

بەلاّم وەك گوتمان ئەم چاوگە تەنها ڕۆ نانی دە می ئێ ستای هە یە، وەك لەم خ شتەی خوارەوە دیارە.

| خشتەی ژمارە (24) | | دەمی ئێستا |
|---|---|---|
| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
| ئەرێ | هستم | ڕەگ+ڕاناو<br>هست+م    م:د.ڕ |
| نەرێ | نیستم | ن.ن+ڕەگ+ڕاناو<br>نی+(ه)ست+م    (ه)ی (هستن) لە دۆخی نەرێدا دەرناکەوێ |

(("استیدن" شێوەیەکی دیکەی "هستیدن"ـە))،[2] بۆ یە ((بەرامبەر ئەوەی "ا ستیدن" تەنها ڕۆنانی کەسی سێیەمی تاکی هەیە و ڕۆنانی پێنج کەسەکەی دیکەی نیە. "هستیدن" ڕۆ نانی ئەو پێنج کەسە بۆ "ا ستیدن" درو ست دە کا و پڕ دەکا تەوە)).[3] دە شێ هەر ئەو هۆ کارەش بێ، کە دۆخی نەفیی هەردوکیان "نیستن"ـە. لە بارەی هاوڕیشەیی ئەم دو چاوگە، "خانلەری"ش دە ڵێ: ((پێویستە بزانرێ لە نێوان "است" و "هست" لە ڕوی ڕیشە و بنەڕەتی و شەوە هیچ جیاوازیەك نیە، وا تە ئەو دو و شەیە دو شێوە - ئەلۆمۆرف-ی یەك و شەن و یەك واتا یان هە یە. جیاوازیی نێوانیان تەنها لە ڕوی بەکارهێنان و دەربڕینەوەیە)).[4] ((ئەو کا تە "هستیدن" کارێکی ئا ساییە، کە مانای "و جود دا شتن=هەبون-ی تاکتوخمی" بدا. ئەو کا تەش کارێکی یار یدەدەرە، کە بکرێ "است"ـی لە جێ بەکار بێ)).[5] کەواتە "هستیدن" لە ڕستەیەکی وەکو "*من هستم*"، کە بە مانای "من هەم" هاتوە، کارێکی ئا ساییە. کە چی لە ڕ ستەیەکی وە کو "*او بزرگ هست=ئەو گەورە یە*"، کارێکی یاریدەدەرە، کە دەشێ "است" جێی بگرێتەوە و هەمان ئەرك و وا تا وەربگرێ: "*او بزرگ است □ ئەو گەورەیە*".

[1] – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص92.

[2] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص330.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل1442.

[4] – د.پرویز ناتل خانلری، دستور زبان فارسی، ...ص323.

[5] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص331.

له هه‌مان كاتیشدا "است" ڕۆڵی ده‌ می ئێستا -ده‌ می ئێستا به تەنها-ی "بودن"ـیش ده‌ بینێ. وه‌ كو: *"او بزرگ بود - ئه‌و گه‌وره بو. ده‌ می ڕا بردو" و "او بزرگ است - ئه‌و گه‌وره‌ یه. ده‌ می ئێستا"*.

## سێیەم: له چاوگی (بودن)  از مصدر (بودن):

"زرنگم" و "زرنگ مى باشم" هەردوكیان ڕۆنانی "بودن"ـن، بەلاّم ئەوەی یەكەمیان بۆ ده‌ می ئێستا و ئەوەی دوەمیش بۆ دەمی ڕانەبردو-موزاریع "ئێستا و داهاتو" بەكار د ێن. هی یه‌ كەم (ـَم) تەنها بۆ دەمی ئێستایە و هی دوەم "مى باشم" بۆ دەمی ئێستا و داهاتوشە پێكەوە. كه‌ ده‌ كرێ بە ڕێگەی لێكسیكی و بە یارمەتی ئاوەڵكارە كاتەكانی ئێستا و داهاتو بە جودا، جارێك بۆ ده‌ می ئێستا و جارێك بۆ دەمی داهاتو بەكار بهێنرێ. لە هەمان كاتدا تەنها بۆ ده‌ می دا هاتوش ڕۆ نانی تای بەتی هەیە "خواهم بود". كەواتە "بودن" دو ڕۆنانی بۆ هەریەكە لە دەمی ئێستا و داهاتو هەیە:

1- بۆ دەمی ئێستا: ا- "زرنگم - ز یرەكم" كە تەنها بۆ ده‌ می ئێستایە. ب- "من هـمين حالا زر نگ مى با شم - من هەر ئێستا ز یرەك دەبم"، ده‌ می ئەم ڕ ستەیە بە ڕێگەی لێكسیكی و بە یارمەتی ئاوەڵكاری كاتی ئێستا "حالا" تەنها بۆ دەمی ئێستا بەكار هاتوە.

2- بۆ دەمی داهاتو : ا- "خواهم بود". تەنها بۆ ده‌ می دا هاتوە. ب- "من در آينـده زر نگ مى با شم  من لە دا هاتودا ز یرەك دەبم"، ده‌ می ئەم ڕ ستەیە بە ڕێگەی لێكسیكی و بە یار مەتی ئاوەڵكاری كاتی داهاتو "آینده" تەنها بۆ دەمی داهاتو بەكار هاتوە.

خشتەی ژمارە (25)

| | نمونه | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو"<br>چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|
| ئەرێ | مى باشم | ن.ب+ڕەگ+ڕاناو<br>مى+باش+م م:د.ڕ |
| نەرێ | نمى باشم | ن.ن+ن.ب+ڕەگ+ڕاناو<br>نـ+مى+باش+م |

## چوارەم: له چاوگی (شدن)  از مصدر (شدن):

خشتەی ژمارە (26)

| | نمونه | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو"<br>چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|
| ئەرێ | میشوم | ن.ب+ڕەگ+ڕاناو<br>مى+شو+م م:د.ڕ |
| نەرێ | نمیشوم | ن.ن+ن.ب+ڕەگ+ڕاناو<br>نـ+مى+شو+م |

هەرچی چاوگی "بودن" و "شدن"ـە جیاواز لە "داشتن" و "هستیدن"، هەر لە سەرەتاوە ڕۆنانەکەیان دەلالەت لە دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو پێکەوە" دەکا، ئینجا بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یارمەتی ئاوەڵکارە کاتەکانی ئێستا و داهاتو، بۆ هەریەکە لە دەمی ئێستا و داهاتو بەکار دێن.

## 3- دەمی (داهاتو)ی ڕاگەیاندن  زمان (مستقبل) اخباری:

### ا-تێنس لە دەمی (داهاتو)ی کاری ئاسایی ڕاگەیاندن  تنس در زمان (مستقبل) افعال هنجار اخباری:

((ئەم ڕۆنانەی کاری داهاتو "فعل مستقبل" ئێستا زۆر بەکار ناهێنرێ، بە تایبەت لە زمانی ئاخاوتن، زۆر جار لە جێی ئەم کارە "مستقبل"، "مضارع اخباری-ڕانەبردوی ڕاگەیاندن" یان "مضارع التزامی-ڕانەبردوی دانانی" بەکار دێن)).[1]

خشتەی ژمارە(27)

| | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|
| | | نمونه | چۆنیەتی ڕۆنان | جۆری ڕۆنان |
| بکەر ک.1 تاکە ... بەرکار ک.3 تاکە | دۆخی ئەرێ | خواهم آورد | ڕ.خواستن+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>خواه+م+آور+د+Ø<br>م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە |
| | | خواهم درآورد | ڕ.خواستن+بکەر+پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>خواه+م+در+آور+د+Ø | داڕێژراو |
| | | بیرون خواهم آورد | پ-1+ڕ.خواستن+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>بیرون+خواه+م+آور+د+Ø | لێکدراو |
| | دۆخی نەرێ | نخواهم آورد | ن.ن+ڕ.خواستن+بکەر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نـ+خواه+م+آور+د+Ø<br>م:د.ڕ Ø:د.خ | سادە |
| | | نخواهم درآورد | ن.ن+ڕ.خواستن+بکەر+پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار<br>نـ+خواه+م+در+آور+د+Ø | داڕێژراو |
| | | بیرون ... | ن.ن+ڕ.خواستن+بکەر+پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+بەرکار | |

1 د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص203.

| | بکەرنادیار | | خشتەی ژمارە(28) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **جۆری ڕۆنان** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **نمونە** | | | |
| سادە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.خواستن+بەرکار+ڕ.شدن+م.ك.ڕ<br>آور+د+ە+خواە+م+ش+د م:د.ڕ | آوردە خواهم شد | دۆخی ئەرێ | | [illegible] |
| داڕێژراو | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.خواستن+بەرکار+ڕ.شدن+م.ك.ڕ<br>بر+آور+د+ە+خواە+م+ش+د | برآوردە خواهم شد | | | |
| لێکدراو | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.خواستن+بەرکار+ڕ.شدن+م.ك.ڕ<br>بیرون+آور+د+ە+خواە+م+ش+د | بیرون آوردە خواهم شد | | | |
| سادە | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.خواستن+بەرکار+ڕ.شدن+م.ك.ڕ<br>آور+د+ە+نـ+خواە+م+ش+د م:د.ڕ | آوردە نخواهم شد | دۆخی نەرێ | | |
| داڕێژراو | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.خواستن+بەرکار+ڕ.شدن+م.ك.ڕ<br>بر+آور+د+ە+نـ+خواە+م+ش+د | برآوردە نخواهم شد | | | |
| لێکدراو | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.خواستن+بەرکار+ڕ.شدن+م.ك.ڕ<br>بیرون+آور+د+ە+نـ+خواە+م+ش+د | بیرون آوردە نخواهم شد | | | |

**سەبارەت بە بونی ڕۆنانێکی دیکەی کاری داهاتو بە ناوی "مستقبل مستمر"، لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوە ڕێزمانیە ڕێزمانیە فارسیانەی کە بەکارمان هێناون، باسی ئەم کارە نەکراوە، تەنها "گیوی" باسی کردوە، ئەویش دەڵێ: ((لە ڕۆنانی "می+خواهد+ڕاناو+ماضی مطلق" وشەی "خواهد" مانای ویست و ئیرادە دەدا. زۆر جاریش نیشانەی بەردەوامی "می، همی" ناچێتە سەر ئەم ڕۆنانە، ئەگەر**

بشـ چێتە سەری، ئەوا دەلا لەتی جەخت "تەئكید" دەدا)).[1] كەوا تە ئە مە كارێكی ئا سایی و سەربەخۆ نیە، چونكە:

1- "خواهد" لە نێو ئەم ڕۆنانەدا، كارێكی یاریدەدەر "كمكی"ـە و نابێ وا تای بـنەڕەتی خۆی، واتە پێش بونی بە كاری "یار یدەدەر" بدا، چونكە ((كارە یار یدەدەرەكان ما نای بـنەڕەتی خۆ یان لەدە ست دەدەن و تەنها بۆ ڕۆ نانی هە ندێك دەم و ڕ یژە و... بەكار د ێن)).[2] لەم بارەوە "خانلەری"ـش پێی وایە هەر كارێك كە بووە كاری یار یدەدەر، وا تا بنەڕەتیە كەی خۆی لەدە ست دەدا.[3]

2- "می" نیشانەی بەردەوامیە و دەلالەت لە بەردەوامی دەكا، نەوەك دەلالەتی جەخت.

3- ناكرێ ئەم ڕۆنا نە "می"ـیشی نەچێـتـە سەر و بە ڕۆ نانێكی جـیا لە "كاری دا هاتو-فـعل مستقبل"ـیش بژمێردرێ، چونكە ئەم ڕۆنا نە تا كە جـیاوازیی لە گەڵ ڕۆ نانی "فـعل مـستقبل" ئەوەیە، كە "می"یەكی لەو زیاترە، بەم شێوەیە: "خواهد+ڕاناو+ماضی مطلـق = فـعل مـستقبل"، بەڵام "می+خواهد+ڕاناو+ماضی مطلق = فـعل مـستقبل مـستمر"، كەوا تە ئە گەر ئەو "می"ـیەی لەگەڵ نەبێ، دەبێتە "فعل مستقبل"، نەك شێوەیەكی دیكەی "فعل مستقبل مستمر".

سەرەڕای ئەوانەش "گیوی" چەند نمونەیەكی شیعری بۆ ئەم كارە هێناوەتەوە، كە زۆر كۆنن و زۆربەیان هی "فیردەوسی"ـن.[4] بۆیە ئێمە ئەم ڕۆنانەی "فـعل مـستقبل مستمر"ـمان بە جۆرە ڕۆنانێكی سەربەخۆ نەزانی و هەژمارمان نەكرد.

**ب- تێنس لە دەمی (داهاتو)ی كاری نائاسایی** تنس در زمان (مستقبل) افعال ناهنجار اخباری:

**یەكەم: لە چاوگی (داشتن)** از مصدر (داشتن):

خشتەی ژمارە (29)

| دەمی داهاتو | | |
|---|---|---|
| چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | ژمارە |
| ر.خواستن+ر.خ+ر.خ.د+رەگ+م.ك.ر<br>خواه+م+Ø+داش+ت م.د.ر Ø:د.خ | خواهم داشت | [illegible] |
| ن+ر.خواستن+ر.خ+ر.خ.د+رەگ+م.ك.ر<br>نـ+خواه+م+Ø+داش+ت م.د.ر Ø:د.خ | نخواهم داشت | [illegible] |

---

1 – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص208.

2 – د.امید طبیب زادە، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جملە در فارسی امروز، ...ص70.

3 – د.پرویز ناتل خانلری، تاریخ زبان فارسی، جلد دوم، ...ص292.

4 – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص658.

**دوەم: لە چاوگی (هستیدن)** □ از مصدر (هستیدن):

**ئەم چاوگە بۆ دەمی "داهاتو بە تەنها "ـش هیچ ڕۆنانێکی تایبەتی نیە، بەڵام ((بە ڕیگەی لێکسیکی و بە سودوەرگرتن لە "و جود دا شتن" دە کرێ دۆخ و دە مە جۆراوجۆرە کانی پێ ڕابگەیەنرێ))،[1] بەم شێوەیە: "وجود خواهم داشت = دەبم = وجودم دەبێ".**

**سێیەم: لە چاوگی (بودن)** □ از مصدر (بودن):

خشتەی ژمارە (30)

| | دەمی داهاتو | |
|---|---|---|
| | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** |
| ئەرێ | **خواهم بود** | ڕ.خواستن+ڕاناو+ڕەگ+م.ك.ڕ<br>خۆاه+م+بۆ+د م:د.ڕ |
| نەرێ | **نخواهم بود** | ن.ن+ڕ.خواستن+ڕاناو+ڕەگ+م.ك.ڕ<br>نـ+خۆاه+م+بو+د م:د.ڕ |

**چوارەم: لە چاوگی (شدن)** □ از مصدر (شدن):

خشتەی ژمارە (31)

| | دەمی داهاتو | |
|---|---|---|
| | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** |
| ئەرێ | **خواهم شد** | ڕ.خواستن+ڕاناو+ڕەگ+م.ك.ڕ<br>خۆاه+م+شۆ+د م:د.ڕ |
| نەرێ | **نخواهم شد** | ن.ن+ڕ.خواستن+ڕاناو+ڕەگ+م.ك.ڕ<br>نـ+خۆاه+م+شۆ+د م:د.ڕ |

## بەندی دوەم: تێنس لە کاری ڕێژەی دانانی (ئینشائی) □ تنس در افعال وجه التزامی:

1- **دەمی ڕابردوی دانانی** □ زمان ماضی التزامی:

---

[1] – **د.امید طبیب زادە، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جملە در فارسی امروز، ...ص76.**

ا: **تێنس لە دەمی ڕابردوی کاری ئاسایی دانانی** تنس در زمان ماضی افعال هنجار التزامی:

1- **ڕابردوی دانانی** ماضی التزامی:

| خشتەی ژمارە (32) | | | **بکەردیار** | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **جۆری ڕۆنان** |
| بکەر ك.1 تاکە، بەرکار ك.3 تاکە | **تێپەڕ** | دۆخی ئەرێ | آورده باشم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر+بەرکار<br>آور+د+ه+باش+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | **سادە** |
| | | دۆخی ئەرێ | درآورده باشم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر+بەرکار<br>در+آور+د+ه+باش+م+Ø | **داڕێژراو** |
| | | دۆخی ئەرێ | بیرون آورده باشم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+باش+م+Ø | **لێکدراو** |
| | | دۆخی نەرێ | نیاورده باشم | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر+بەرکار<br>نـ+ی+آور+د+ه+باش+م+Ø | **سادە** |
| | | دۆخی نەرێ | درنیاورده باشم | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر+بەرکار<br>در+نـ+ی+آور+د+ه+باش+م+Ø | **داڕێژراو** |
| | | دۆخی نەرێ | بیرون نیاورده باشم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+باش+م+Ø | **لێکدراو** |
| بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی تاکە | **تێنەپەڕ** | دۆخی ئەرێ | افتاده باشم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بەرکار<br>افتا+د+ه+باش+م م:د.ڕ | **سادە** |
| | | دۆخی ئەرێ | برافتاده باشم | پێشگر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بەرکار<br>بر+افتا+د+ه+باش+م | **داڕێژراو** |
| | | دۆخی ئەرێ | راه افتاده باشم | پ-1+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بکەر<br>راه+افتا+د+ه+باش+م | **لێکدراو** |
| | | دۆخی نەرێ | نیافتاده باشم | ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بەرکار<br>نـ+ی+فتا+د+ه+باش+م م:د.ڕ | **سادە** |
| | | دۆخی نەرێ | برنیافتاده باشم | پێشگر+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بەرکار<br>بر+نـ+ی+فتا+د+ه+باش+م | **داڕێژراو** |
| | | دۆخی نەرێ | راه نیافتاده باشم | پ-1+ن.ن+ناوبر+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+بەرکار<br>راه+نـ+ی+فتا+د+ه+باش+م | **لێکدراو** |

**ئەگەر چی هیچ یەکێك لە زمانەوا نە فار سەکان بونی ڕۆ نانی بکەرنادیاری ڕا بردوی دا نانی "ماضی التزامی"یان بە شێوەیەکی بنبڕ ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام هەندێکیان بۆ نمونە "کامیار و عومرانی"[1] لەگەڵ "گیوی"[2] کە ڕۆنانی بکەرنادیاری کارەکانی ز مانی فار سییان لە خشتەیەکدا نیشان داوە، هیچ ئاماژە یەکیان بە ڕۆ نانی بکەرنادیاری "ڕا بردوی دا نانی" نەکردوە. کە چی "گیوی" خۆی هەر لە بابەتی بکەرنادیار لە ز مانی فار سی نمو نەی چەند ڕۆ نانێکی بکەرنادیاری "ڕا بردوی دا نانی" هێناوە تەوە[3] و وە کو ڕۆ نانێکی ز مانی ئەمڕۆی فار سیش نا ساندویەتی. لە لایەکی دیکە "باتینی"[4] و "مەرزبان"[5] لە پاڵ ڕۆنا نە هەنوکەییەکانی ز مانی فار سی ئاماژە یان**

---

[1] – **د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص52.**

[2] – **د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص259.**

[3] – **د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص262.**

[4] – **د.محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، ...ص123.**

بە ڕۆ نانی بـ کەرنادیاری "ڕا بردوی دا نانی" داوە و نمونە شیان بۆ هێناوە تەوە. ئێ مەش ئەم بۆ چونەی دواییمان پە سند کرد، بۆ یە بە پێویستمان زا نی وە کو ڕۆنا نە بـکەرنادیارەکانی دیـکە خشتەی تایبەتی بۆ دروست بکەین.

خشتەی ژمارە (33)

| ج.ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بکەرنادیار | | | | |
| سادە | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+بەرکار<br>آور+د+ە+ش+د+ە+باش+م م:د.ڕ | اوردە شدە باشم | دۆخی ئەرێ | | بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| داڕێژراو | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+بەرکار<br>در+آور+د+ە+ش+د+ە+باش+م | دراوردە شدە باشم | | | |
| لێکدراو | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+ش+د+ە+باش+م | بیرون اوردە شدە باشم | | | |
| سادە | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+بەرکار<br>آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+باش+م م:د.ڕ | اوردە نشدە باشم | دۆخی نەرێ | | |
| داڕێژراو | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+بەرکار<br>در+آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+باش+م | دراوردە نشدە باشم | | | |
| لێکدراو | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+ڕ.شدن+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ە+نـ+ش+د+ە+باش+م | بیرون آوردە نشدە باشم | | | |

ب- **تێنس لە دەمی ڕابردوی کاری نائا سایی دا ـنانی** تـنس در زمـان ماضـی افعـال ناهنجـار التزامی:

**یەکەم: لە چاوگی (داشتن)** از مصدر (داشتن):

**ئەگەرچی ((ڕابردوی دانانی "**ماضی التزامی**"ی چاوگی "داشتن"، واتا "داشتە باشم" لە ڕوی واتاوە هاوواتای "ڕانەبردوی دانانی "**مضـارع التزامـی**"ـە، بەڵام لە ڕوی ڕۆنا نەوە بە ڕا بردوی دانانی دەژمێردرێ))**[1] **و ((لە جێی ڕانەبردوی دانانیش بەکار دێت)).**[2]

خشتەی ژمارە (34)

| دەمەکان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | |
|---|---|---|---|
| ڕ. ڕوت | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داش+ت+ە+باش+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | داشتە باشم | دۆخی ئەرێ |
| ڕ. بەردەوام | – – – | نیە | |
| ڕ. تەواو | – – – | نیە | |
| ڕ. دور | – – – | نیە | |
| ڕ. هەرەدور | – – – | نیە | |
| ڕ. ڕوت | ن.ن+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ڕ.بودن+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>نـ+داش+ت+ە+باش+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | نداشتە باشم | دۆخ... |
| ... | | نیە | |

1 – د.علی مرزبان راد، دستور سودمند، ...ص130.

2 – د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص46.

3 – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص366.

**دووەم: لە چاوگی (هستیدن)** از مصدر (هستیدن):

**ئەم چاوگە بۆ دەمی ڕابردوی دانانی "**ماضی التزامی**"ش هیچ ڕۆنانێکی تایبەتی نیە، بەلاَم ((بە ڕیگەی لێکسیکی بە سودوەرگرتن لە "وجود داشتن" دەکرێ دۆخ و دەمە جۆراوجۆرەکانی پێ ڕابگەیەنرێ))،[1] بەم شێوەیە: "وجود داشتە باشم". دوای ئەمەش دەکرێ بە هۆی ئاوەڵکارە کاتەکانەوە، بۆ هەریەکە لە دەمی ئێستا بە تەنها و داهاتو بە تەنها بەکار بێ. بۆ نمونە:**

1- ***"اگر حالا وجود داشتە باشم،... = ئەگەر ئێستا وجودم هەبێ،..."*** **. بۆ دەمی ئێستا.**

2- ***"اگر پس فردا اونجا وجود داشتە باشم،... = ئەگەر دوسبەی لەوێ وجودم هەبێ،..."*** **. بۆ دەمی داهاتو.**

**سێیەم: لە چاوگی (بودن)** از مصدر (بودن):

**خشتەی ژمارە (35)**

| نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
|---|---|---|
| بودە باشم | بو+د+ە+باش+م م:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| نیە | – – – | ڕ. بەردەوام |
| نیە | – – – | ڕ. تەواو |

1 – **د.امید طبیب زادە، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جملە در فارسی امروز، ص76.**

**چوارەم: لە چاوگی (شدن)** □ از مصدر (شدن):

خشتەی ژمارە (36)

| | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان | دەمەکان |
|---|---|---|---|
| دۆخی ئەرێ | شده باشم | ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+ڕاناو<br>ش+د+ه+باش+م م:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | نیە | – – – | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | – – – | ڕ. تەواو |
| | نیە | – – – | ڕ. دور |
| | نیە | – – – | ڕ. هەرەدور |
| دۆخی نەرێ | نشده باشم | ن.ن+ڕەگ+م.ك.ڕ+م.ئا.ك+ڕ.بودن+ڕاناو<br>نـ+ش+د+ه+باش+م م:د.ڕ | ڕ. ڕوت |
| | نیە | – – – | ڕ. بەردەوام |
| | نیە | – – – | ڕ. تەواو |
| | نیە | – – – | ڕ. دور |
| | نیە | – – – | ڕ. هەرەدور |

2- **دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی دانانی** □ زمان مضارع (حال و مستقبل) التزامی:

**ا : تێنس لە دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی کاری ئاسایی دانانی** ▯ تنس در زمان مضارع (حال و مستقبل) افعال هنجار التزامی:

**ئەگەرچی "خانلەری" پێی وایە، کە (هەمو کارێکی ڕێژەی دانانی بە لای کەمی لە دو پار چە پێکدێ و یەکێکیان فۆرمی "باش "ـە)،[1] بەلاّم وەك لەم دو خ شتەیەی خوارەوە دەبینین، کە ڕۆنانەکانی بکەردیار و بکەرنادیاری "ڕانەبردوی دانانی"، هەروەها ڕۆ نانی دە می "ڕانەبردوی دانانی"ـی چاوگی "شدن"ـیش دروستی ئەم تێبینیەی سەرەوە ڕەت دەکەنەوە.**

| جۆری ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | خشتەی ژمارە (37) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | **بکەردیار** | | | | |
| **سادە** | م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>ب+ي+آور+م+Ø م:د.ڕ Ø:د.خ | **بیاورم** | دۆخی ئەرێ | **تێپەڕ** | بکەر ك.1 تاکە، بەرکار ك.3 تاکە |
| **داڕێژراو** | پێشگر+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>در+ب+ي+آور+م+Ø | **دربیاورم** | | | |
| **لێکدراو** | پ-1+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+ب+ي+آور+م+Ø | **بیرون بیاورم** | | | |
| **سادە** | ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>نـ+Ø+ي+آور+م+Ø Ø:(بـ)ی م.ب.ئا **دەرنەکەوتوە** Ø:د.خ | **نیاورم** | دۆخی نەرێ | | |
| **داڕێژراو** | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>در+نـ+Ø+ي+آور+م+Ø Ø:(بـ)ی م.ب.ئا **دەرنەکەوتوە** Ø:د.خ | **درنیاورم** | | | |
| **لێکدراو** | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+نـ+Ø+ي+آور+م+Ø Ø:(بـ)ی م.ب.ئا **دەرنەکەوتوە** Ø:د.خ | **بیرون نیاورم** | | | |
| **سادە** | م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>ب+ي+فت+م م:د.ڕ | **بیافتم** | دۆخی ئەرێ | **تێنەپەڕ** | بکەر یان بەرکار کەسی یەکەمی تاکە |
| **داڕێژراو** | پێشگر+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>بر+ب+ي+فت+م | **بربیافتم** | | | |
| **لێکدراو** | پ-1+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>راه+ب+ي+فت+م | **راه بیافتم** | | | |
| **سادە** | ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>نـ+Ø+ي+فت+م Ø:(بـ)ی م.ب.ئا **دەرنەکەوتوە** | **نیافتم** | دۆخی نەرێ | | |
| **داڕێژراو** | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>بر+نـ+Ø+ي+فت+م | **برنیافتم** | | | |
| **لێکدراو** | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>راه+نـ+Ø+ي+فت+م | **راه نیافتم** | | | |

| جۆری ڕۆنان | چۆنیەتی ڕۆنان | نمونە | خشتەی ژمارە (38) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | **بکەرنادیار** | | | | |
| **سادە** | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ب.ئا+ڕ.شدن+بەرکار<br>آور+د+ه+Ø+شو+م **Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە** م:د.ڕ | **آورده شوم** | دۆخی ئەرێ | **تێپەڕ** | بەرکار کەسی یەکەمی |
| **داڕێژراو** | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ب.ئا+ڕ.شدن+بەرکار<br>در+آور+د+ه+Ø+شو+م **Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە** | **درآورده شوم** | | | |
| **لێکدراو** | پ-1+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ب.ئا+ڕ.شدن+بەرکار<br>بیرون+آور+د+ه+Ø+شو+م **Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە** | **بیرون آورده شوم** | | | |
| **سادە** | ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+ن.ن+م.ب.ئا+ڕ.شدن+بەرکار<br>آور+د+ه+نـ+Ø+شو+م **Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە م.د.ڕ** | **آورده نشوم** | دۆخی | | |
| | پێشگر+ڕەگ+م.ک.ڕ+م.ئا.ک+م.ب.ئا+ن.ن+ڕ.شدن+بەرکار | **درآورده نشوم** | | | |

[1] **د.پرویز ناتل خانلری، دستور زبان فارسی، ص30.**

**تا ئێره وەك بەراوردێکی سەرپێی لە نێوان ڕۆنانی کارەکانی ڕێژەی ڕاگەیاندن و دانانی هەر لە نێو زمانی فارسی، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە بەرامبەر هەشت ڕۆنانی ڕابردوی ڕاگەیاندن یەك ڕابردوی دانانیمان هەیە، کە ((ڕۆنانی ڕابردوی دانانی، خۆی بەرامبەر ڕابردوی ڕوت و تەواو دەوەستێ، بەم شێوەیە: "**آزاد رفت = **ئازاد ڕۆیشت ــ** آزاد رفته باشد = **ئازاد ڕۆیشتبێ**، آزاد رفته‌است = **ئازاد ڕۆیشتوه ــ** آزاد رفته باشد ــ **ئازاد ڕۆیششتبێ". بەرامبەر ڕابردوی بەردەوام و دوری ڕاگەیاندنیش، لە ڕێژەی دانانیدا هەر ڕۆنانەکەی ڕێژەی ڕاگەیاندن-ڕابردوی بەردەوام و دور- بەکار دێ، بەلأم بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یارمەتی وشەیەکی وەکو "کاش - خۆزگە"، بەم شێوەیە** "آزاد مـی رفـت = **ئازاد دەڕۆیشت - ڕاگەیاندن ــ**ـ کـاش آزاد مـی رفـت = **خۆزگە ئازاد دەڕۆیشت/بڕۆیشتایە - دانانی،** آزاد رفته بود = **ئازاد ڕۆیشتبو -ڕاگەیاندن ــ**ـ کـاش آزاد رفتـه بود = **خۆزگە ئازاد ڕۆیشبوایە- دانانی"))**.[1]

**لە بارەی ڕابردوە ڕاگەیاندنەکانی وەکو "بەردەوامی مەلوس، تەواوی بەردەوام، هەرەدور، تەواوی بەردەوامی مەلوس"، لە ڕێژەی دانانی لە هیچ سەرچاوەیەك بە ڕێگەی لێکسیکیش هیچ ڕۆنانێکمان بەر چاو نەکەوت.**

**((بەرامبەر ڕانەبردوی ڕاگەیاندنیش، ڕانەبردوی دانانیە. بەرامبەر ڕانەبردوی بەردەوامی ڕاگەیاندن، ڕانەبردوی دانانیمان هەیە، بەلأم بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یارمەتی وشەیەکی وەکو "شاید = لەوانەیە"، بەم شێوەیە** "آزاد دارد مـی رود = **ئازاد خەریکە دەڕوا - ڕاگەیاندن ــ**ـ شاید آزاد می رود = **لەوانەیە ئازاد دەڕوا/بڕوا - دانانی))**.[2]

**ب- تێنس لە دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی کاری نائاسایی دانانی** تنس در زمـان مضـارع (حال و مستقبل) افعال ناهنجار التزامی:

---

[1] – **د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص55.**

[2] – **هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.**

**یەکەم: لە چاوگی (داشتن)**  از مصدر (داشتن): **ڕۆنانی دەمی ڕانەبردومان بۆ "دا شتن" نیە.**

**دوەم: لە چاوگی (هە ستیدن)**  از مصــدر (هســتیدن): **ڕۆ نانی دە می ڕا نەبردومان بۆ "هستیدن" نیە.**

**سێیەم: لە چاوگی (بودن)**  از مصدر (بودن):

خشتەی ژمارە (39)

| | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو" | |
|---|---|---|
| | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** |
| ئەرێ | **باشم** | م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>Ø+باش+م   Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە   م:د.ڕ |
| نەرێ | **نباشم** | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>نـ+Ø+باش+م   Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە   م:د.ڕ |

**هە ندێك جار "بـ "ـی مۆرفیمی بکەرئارایی "با شم" گۆ دە کرێ و بۆ نمو نە دەبێ تە** ***"اگر زر نگ بـباشم = ئەگەر زیرەك بـبم"*** **.**

**چوارەم: لە چاوگی (شدن)**  از مصدر (شدن):

خشتەی ژمارە (40)

| | دەمی ئێستا و داهاتو "ڕانەبردو" | |
|---|---|---|
| | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** |
| ئەرێ | **بشوم** | م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>ب+شو+م   م:د.ڕ |
| نەرێ | **نشوم** | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>نـ+Ø+شو+م   Ø:(بـ)ی م.ب.ئا دەرنەکەوتوە   م:د.ڕ |

**((ڕۆنانی ڕێژەی دانانیمان بۆ دە می دا هاتو نیە و لە کاتی پێویست لە جێی ئەو، سود لە ڕانەبردوی دانانی وەردەگیرێ)).**(تر)

## **بەندی سێیەم: تێنس لە کاری ڕێژەی فەرماندان**  تنس در افعال وجه امری:

---

[1] – **د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص55.**

له زمانی فارسیش وەکو زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، ڕۆنانی بەکەرنادیارمان بۆ ڕێژەی فەرماندان نیە. لەبارەی ئەوەش کە ڕێژەی فەرماندان ڕۆنانی بۆ چەند کەس هەیە، لەو بارەوە زمانەوانە فارسەکان کۆك نین. هەندێکیان پێیان وایە ئەم ڕێژەیە ڕۆنانی بۆ هەر شەش کەسەکە هەیە[1] و هەندێك پێیان وایە ((تەنها ڕۆنانی بۆ کەسی دوەمی تاك و کۆ و یەکەمی کۆ هەیە)).[2] زۆربەشیان وەکو زمانەوانانی کورد[3] پێیان وایە ((تەنها لە کەسی دوەمی تاك و کۆ ڕۆدەنرێ)).[4] لەبەر ئەوەی ئەم بۆچونەی دوایی هی زۆربەی زمانەوانە فارسەکانە، ئێمەش ئەو بۆچونە پەسند دەکەین. لە لایەکی دیکە لەبەر ئەوەی زۆربەی زمانەوانە فارسەکان مۆرفیمە کاتەکانی ڕۆنانی ڕێژەی فەرماندان و دانانیان فەرامۆش کردوە، بۆیە پێیان وایە هەمو ڕۆنانەکانی ڕێژەی فەرماندان وەکو ڕۆنانەکانی "ڕانەبردوی دانانی "ـی ڕێژەی دانانین و هیچ جیاوازیەکیان نیە.[5] ئەمەش بۆتە هۆیەك بۆ ئەوەی باوەڕیان وابێ، کە ڕێژەی فەرماندانیش وەکو ڕێژەی دانانی ڕۆنانی بۆ هەر شەش کەس -توخم-ەکە هەبێ. کەچی ئەگەر وەك زمانەوانە کوردەکان مۆرفیمە کاتەکانی ڕۆنانەکانی ئەم دو ڕێژەیەیان فەرامۆش نەکردبایە، ئەوا بۆیان دەردەکەوت، کە ئەم دو ڕۆنانە لێك جودان، بەوەی (ڕێژەی فەرماندان مۆرفیمی کاتی ئێستا "ـە/Ø" و ڕێژەی دانانیش مۆرفیمی کاتی داهاتو "ێ/Ø"یان لە ڕۆنانەکانیاندا هەیە).[6] ئەم ڕونکرنەوەیە هۆکاری سەرەکیی پەسەنکردنی ئەو بۆچونەیە، کە پێمان وایە، لە زمانی فارسیش وەکو زمانی کوردی ڕێژەی فەرماندان تەنها بۆ کەسی دوەمی تاك و کۆ ڕۆنانی هەیە.

1-**دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی کاری فەرماندان** - زمان مضارع (حال و مستقبل) افعال امری:

---

[1] – **بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص209." و "حسن انزلی، دستور زبان فارسی، ...ص90."**

[2] – **غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص168.**

3 – **د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم -وشەسازی-، بەشی پێنجەم -کردار-، ...ل168.**

[4] – **بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص56." و "د.خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان، ...ص184." و "د.علی مرزبان راد، دستور سودمند، ...ص115." و "مهدی معیذیان، دستور زبان فارسی - با تجزیه و ترکیب قدم به قدم-، ...ص133." و "د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص76."**

[5] – **بڕوانە ئەم سەرچاوانە: "د.خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان،...ص184." و "د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص71."**

[6] – **عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە-بون-) لە زمانی کوردیدا، ...ل53.**

ئەگەرچی ((وا دێتە بەرچاو کە ڕۆنانەکانی کاری فەرماندان "دەم"ێکی دیاریکراویان نەبێ، بەلاَم لە ڕاستیدا ئەوانیش دەکەونە خانەی دەمی ڕانەبردو "موزاریع"ـەکانەوە، کە فەرمان بە کەسێك دەکرێ لە دەمی ئێستا یان داهاتو کارێك ئەنجام بدا، یان نەدا))[1] و (لە نێوان دەمی ئێستا و داهاتو هاوبەشە).[2] کەواتە ڕێژەی فەرمانداندان تەنها دەمی ڕانەبردو "ئێستا و داهاتو"ی هەیە و دەمی ڕابردوی نیە. بۆیە وەکو هەمو ڕۆنانە ڕانەبردو "موزاریع"ـەکانی دیکەی ڕێژەی ڕاگەیاندن و دانانی 1-ئەگەر کارێکی ڕێژەی فەرمانداندان بە تەنها و بێ ئاوەلکارەکانی کات بەکار هات، ئەوا دەمەکەی دەمی ڕانەبردو "موزاریع"ـە. وا تا بۆ هەر دو دەمی ئێستا و داهاتو دەگەڕێتەوە. 2-ئەگەر ئاوەلکارێکی کاتی ئێستای لەگەلْ بەکار هات، وەکو "*حالا بیاور = ئێستا بیهێنە*"، ئەوا بۆ دەمی ئێستایە. 3-ئەگەریش ئاوەلْکارێکی کاتی داهاتوی لەگەلْ بەکار هات، وەکو "*فردا بیاور = سبەی بیهێنە*"، ئەوا کاتی ڕستەکە دەمی داهاتوە.

## ا- **تێنس لە دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی کاری ئاسایی □ تنس** در زمان مضارع (حال و مستقبل) افعال هنجار:

| خشتەی ژمارە (41) | | | بکەردیار | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | **نمونە** | **چۆنیەتی ڕۆنان** | **جۆری ڕۆنان** |
| بکەر ک.2 تاکە، بەرکار ک.3 تاکە | تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | بیاور | م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>بـ+ي+اور+Ø2+Ø1 □Ø:د.ڕ □Ø:د.خ | سادە |
| | | | دربیاور | پێشگر+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>در+بـ+ي+اور+Ø+Ø | داڕێژراو |
| | | | بیرون بیاور | پ-1+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+بـ+ي+اوڕ+Ø+Ø | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نیاور | ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>نـ+Ø1+ي+آور+Ø3+Ø2 □Ø:(بـ)ی م.ب.ئا □Ø:د.ڕ □Ø:د.خ | سادە |
| | | | درنیاور | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>در+نـ+Ø1+ي+آور+Ø3+Ø2 □Ø:(بـ)ی م.ب.ئا □Ø:د.ڕ □Ø:د.خ | داڕێژراو |
| | | | بیرون نیاور | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار<br>بیرون+نـ+Ø1+ي+آوڕ+Ø3+Ø2 □Ø:(بـ) □Ø:د.ڕ □Ø:د.خ | لێکدراو |
| بکەر یان بەرکار کەسی دووەمی تاکە | تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | بیافت | م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>بـ+ي+افت+Ø Ø:ڕاناوی لکاوی ک.2 تاك دەرنەکەوتوە (د.ڕ) | سادە |
| | | | بربیافت | پێشگر+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>بر+بـ+ي+افت+Ø Ø:ڕاناوی لکاوی ک.2 تاك دەرنەکەوتوە | داڕێژراو |
| | | | راه بیافت | پ-1+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر<br>راه+بـ+ي+افت+Ø Ø:ڕاناوی لکاوی ک.2 تاك دەرنەکەوتوە | لێکدراو |
| | | دۆخی نەرێ | نیافت | ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>نـ+Ø+ي+افت+Ø Ø:(بـ)ی م.ب.ئا Ø:ر.لکاوی ک.2 تاك | سادە |
| | | | برنیافت | پێشگر+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بەرکار<br>بر+نـ+Ø+ي+افت+Ø Ø:(بـ)ی م.ب.ئا Ø:ر.لکاوی ک.2 تاك | داڕێژراو |
| | | | راه نیافت | پ-1+ن.ن+م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر<br>راه+نـ+Ø+ي+افت+Ø Ø:(بـ)ی م.ب.ئا Ø:ر.لکاوی ک.2 تاك | لێکدراو |

---

1 – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، ...ص76.

2 –د.محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، ...ل37.

له نمونەی هەمو کارەکانی ئەم خشتەیەی سەرەوە و هەمو نمو نەکانی ئەم بە ندی سێیەمەی ڕ یژەی فەرما ندان، ڕا ناوی لکاوی بکەر مۆرفیمی سفر "Ø" ـە، چونکە له هەمو ئەو نمونا نەی هێناومانەتەوە، فەرمان بە سەر کە سی دوە می تا کدا کراوە، بەلاّم ئە گەر فەرمان بە سەر کە سی دوەمی کۆ "شما - ئێوە"ـدا بکرێ، ئەوا ڕاناوی لکاوی بکەرە کە دەردە کەوێ، کە "ـید "ـە. بۆ نمو نە "بیاورید = بـ+یـ+آور+ید+Ø = م.ب.ئا+ناوبڕ+ڕەگ+بکەر+بەرکار".

## ب- تێنس له دەمی ڕانەبردو (ئێستا و داهاتو)ی کاری نائاسایی □ تنس در زمان مضارع (حال و مستقبل) افعال ناهنجار:

### یەکەم: له چاوگی (داشتن) □ از مصدر (داشتن):

خشتەی ژمارە (42)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر ک.2 تاك کراوە | ئەرێ | داشتە باش | ڕ.داشتن+م.ئا.ك+ڕ.بودن+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داشت+ە+باش+□Ø+□Ø □Ø:د.ڕ □Ø:د.خ |
| | نەرێ | داشتە نباش | ڕ.داشتن+م.ئا.ك+ن.ن+ڕ.بودن+ڕ.خ+ڕ.خ.د<br>داشت+ە+نـ+باش+Ø+Ø |

ئەم ڕۆنانە بۆ دەمی ڕانەبردو "موزاریع"ـە، بەلاّم بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یار مەتی ئاوەلّکارە کاتەکان بۆ هەریەکە له دە می ئێستا و دا هاتو بەکار دێ. بۆ دە می ئێستا بە تەنها "***همین حالا حرفی داشتەباش = هەر ئێستا قسەیەکت هەبێ***" . بۆ دەمی داهاتو بە تەنهاش "***پس فردا برا بر او حرفی داشتەباش = دوسبەی بەرامبەر ئەو قسەیەکت هەبێ***" .

### دوەم: له چاوگی (هستیدن) □ از مصدر (هستیدن):

چاوگی "هستیدن" هیچ ڕۆنانێکی تایبەتی و لێکسیکی بۆ ڕێژەی فەرماندان نیە. چونکە ( لەم دۆخەدا توخم خۆی لەئارادایە، بۆیە ناکرێ فەرمانی هاتنەئارای پێ بکرێ).[1]

### سێیەم: له چاوگی (بودن) □ از مصدر (بودن):

خشتەی ژمارە (43)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر ک.2 تاك کراوە | ئەرێ | بباش | م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>بـ+باش+Ø Ø:ڕ.لکاوی ك.2 تاك دەرنەکەوتوە |
| | نەرێ | نباش | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>نـ+Ø+باش+Ø Ø:م.ب.ئا (بـ) Ø:ڕ.لکاوی ك.2 تاك |

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە–بون–) لە زمانی کوردیدا، ...ل47.

زۆر جار "بـ "ـی مۆرفیمی بکەرئارایی "بـباش" بۆ ئا سانی درکا ندن گۆ ناکریٚ و دەبیٚتە "زرنگ باش = زیرەك بە!".

## چوارەم: لە چاوگی (شدن)  از مصدر (شدن):

خشتەی ژمارە (44)

| | | نمونە | چۆنیەتی ڕۆنان |
|---|---|---|---|
| فەرمان بە سەر لە 2 تاك كراوە | ئەریٚ | بشو | م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>بـ+شو+Ø Ø:ڕ.لكاوی ك.2 تاك دەرنەكەوتوە |
| | نەریٚ | نشو | ن.ن+م.ب.ئا+ڕەگ+ڕاناو<br>نـ+Ø+شو+Ø Ø:م.ب.ئا (بـ) Ø:ڕ.لكاوی ك.2 تاك |

بەشێك لەو سەرچاوە فارسیانەی بەکارمان هێناون، لە زمانەکەیاندا بە ناوی "فعل وصفی" باس لە بونی ڕۆنانی کارێکی دیکە دەکەن، لەوانە "کامیار و گیوی و ڕەهبەر" لە هەژمارکردنی جۆری کارەکان. ئاماژەیان بەم کارە داوە. لەم ڕستەیەدا " سارا رفته، کتاب می خواند = سارا ڕۆیشتو، کتێب دەخوێنێتەوە." کە "رفته = ڕۆیشتو" فعلی وەسفیە. ئێمە بە ڕاستمان نەزانی کە ئەم ڕۆنانە ("مصدر مرخم+ ـه"+ کارێکی دیکە=فعل وصفی") بە کارێکی ئاسایی بزانین، چونکە:

1- ڕەگەزی کەس لە ڕۆنانی ئەم پێکهاتەیەدا نیە، لە کاتێکدا "کەس" ڕەگەزێکی سەرەکیی کارە و دەبێ تێیدا بێ، چونکە ڕۆنانی "فعل وصفی "ـی فارسی، هەمان ڕۆنانی "ئاوەڵناوی کراو"ـەکەی زمانی کوردیە، کە لە "قەد+(و)ـی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو" پێکدێ.

2- "فعل وصفی" خۆی شوێنکەوتەی کارێکی دیکەیە، کە دوای وێرگول دەکەوێتە ڕستەیەکی دوای خۆی. بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە ڕۆنانی فعلی وەسفی ڕوبدا، ((فعلی وەسفی ژمارەی کەس و دەم و ڕێژەی ئەو کارە وەردەگریٚ، کە شوێنکەوتەیەتی و دەکەوێتە ڕستەکەی دوای خۆی)).[1] کەواتە فعلی وەسفی خاوەنی کەس و کات- ئەگەرچی مۆرفیمی کاتی ڕابردوی هەیە- و ڕێژەی سەربەخۆی خۆی نیە، کە ((ئەم سێ ڕەگەزە لە ڕەگەزە پێویست و حەتمیەکانی هەمو کارێکن)).[2]

3- زمانەوان و ڕێزماننوسی فارس "ئەرژەنگ" خۆی دەڵێ: ((بە هۆی کۆنبون و بەسەرچونی ئەم ڕۆنان -فعلی وەسفی- ـە، ڕێزماننوسان و فێرا ستاران ئامۆژگاری دەکەم، کە خۆ یان لە بەکارهێنانی ئەم ڕۆنانە دور بگرن))[3].

---

[1] – د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص56.

[2] – مهدی معینیان، دستور زبان فارسی –با تجزیه و ترکیب قدم به قدم–، ...ص104.

[3] – غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز، ...ص152.

4- لەبەرئەوەی "فعلی وەسفی" شوێنکەوتەی کارێکی دیکە یە، کە دەکەوێتە ڕستەیەکی دوای ئەو ڕستەیەی کە فعلە وەسفیەکەی تێدا یە و کەس و دەم و ڕێژەی کارە سەرەکیەکە وەردە گرێ، کەوا تە فعلە وەسفیەکە لە هەمان کا تدا دە کرێ چەند دەم و ڕێژە و کە سێکی جودا وەربگرێ. ئەمەش (ناگونجێ کە کارێك بە هەمان ڕۆ نان و لە یەك کا تدا لە ڕێژەی ڕاگەیا ندن و دا نانی و فەرماندان بێ، هەروەها لە دەمی ڕابردو و ڕا نەبردو، هەروەها کە سی یە کەم و دوەم و سێیەم -بە تاك و کۆیانەوە- بێ).[1] بۆ نمونە فعلی وەسفیی "رفتە" لەم سێ نمونەیە بە هەمان ڕۆنان، جارێك ڕێژەی ڕاگەیاندنە و جارێك ڕێژەی دانانیە و جارێك ڕێژەی فەرماندانە:

1- *او بخانە رفتە، کتابی آورد* = ئەو بۆ ماڵ ڕۆیشتو، کتێبێکی هێنا. "ڕاگەیاندن".

2- *او بخانە رفتە، کتابی بیاورد* = ئەو بۆ ماڵ ڕۆیشتو، کتێبێك بهێنێ. "دانانی".

3-*تو بخانە رفتە، کتابی بیاور = تۆ بۆ ماڵ ڕۆیشتو، کتێبێك بێنە.* "فەرماندان").[2]

ئەمە لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی کاری سەربەخۆ ناگونجێ، کە یەك ڕۆ نان "رفتە" سێ ڕێژە و دو کەس و سێ دەم لەخۆ بگرێ. کەوا تە فعلی وە سفی سەربەخۆ نیە و ((وابە ستەی کارێکی دیکەیە، کە لە ڕستەکەی دوای ئەو دێ و بەها و ڕۆنانی فعلە وەسفیەکە دەستنیشان دەکا)).[3]

دەرکەوت کە فعلی وەسفی سەربەخۆ نیە و وابەستەی کارێکی سەرەکیە، کە لە دوای ئەو دێ. ئەمەش لە زماندا گونجاوە، کە بە لێکدانی دو کار کارێکی نوێ بۆ دەمێکی تایبەت یان ڕێژە یەکی نوێ ڕۆبنرێ، بەڵام بەو مەرجەی کە یەکێك لە دو کارەکە کاری یاریدەدەر "فعل کمکی" بن. بەڵام ئایا دەتوانین یەکێك لە هەر دو فعلی وە سفی و کارە سەرەکیەکە بە کارێکی یاریدەدەر دابنێین؟ نەخێر، چونکە:

ا- کاری یاریدەدەر لە ڕوی ڕەگەزەوە، گۆڕانی بە سەردا نایێ و هەر ئەو کارەیە. بۆ نمو نە کاری یاریدەدەری "خواستن" بۆ ڕۆنانی هەمو دەمێکی داهاتو هەر "خواه" بەکار دێ و نەما ندی جارێك کارێکی دیکە ئەم ئەرکە ببینێ. لە کاتێکدا فعلی وەسفی و کارە سەرەکیەکە بە پێی وا تای ڕستەکە دە گۆڕێن و هەمو کار ێك دە توانێ ڕۆ ڵی هەریە کەیان ببینێ و ببێتە فعلی وە سفی و کاری سەرەکیش.

ب-ناکرێ کاری یاریدەدەر و کاری سەرەکی وابە ستەیی نێوانیان پێکەوە هێندە لاواز بێ، کە هەریەکەیان بکەوێتە ڕستەیەکەوە و تەنانەت وێرگولیشیان بکەوێتە نێوان.

---

[1] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص234.

[2] – د.خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان، ...ص171.

[3] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص728.

کەواتە ڕۆنانی فعلی وەسفی ئەگەر لە چاوگ یان لە ڕەگی کاریش هاتبێ، لە بەر ئەوەی نە تایبەتمەندیی کاری ئاسایی هە یە و نە تایبەتمە ندیی کاری یار یدەدەریش، بۆ یە ناکرێ بە کاری بژمێرین.

5- ((بەکارهێنانی فعلی وەسفی زۆر نیە،... لە زمانی ئاخاوتن بەکار ناهێنرێ)).[1]

لە لایەکی دیکە هەندێ زمانەوانی فارس باسیان لە سێ جۆر کاری دیکە "فعل د عا، فعل رؤیـا (خواب)، فعل آینده در گذشته (گذشتة آیندگي) کردوە، بەلاّم ئێمە بە پێویستیمان نەزانی وەکو کارێکی ئەمڕۆی زمانی فارسی باسیان بکەین، چونکە:

1- ((فعل دعا لە زمانی ئەمڕۆی فارسیدا هیچ ڕۆ نانێکی تایبەتی نیە و ئێستا لە جێی فعل دعا. -کە لە دەقە کۆنە فارسیەکاندا بەکار هاتوە- ڕا نەبردوی دا نانی یان ڕ ێژەی فەرما ندان بەکار دێن)).[2]

2- ((فعل خواب"یش لە زمانی ئەمڕۆی فارسیدا هیچ ڕۆنانێکی نیە)).[3]

3- (("فعل آینده در گذشته"ش ئەمڕۆ هیچ ڕۆنانێکی نیە و نمونەی ئەم کارە لە دە قە کۆنە فارسیەکاندا تا سەدەی هەشتەم هەبووە و ئیتر بەملاوە نەهاتوە)).[4]

---

[1] – د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، ...ص56–57.

[2] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص218.

[3] – هەمان سەرچاوە، ل225.

[4] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، ...ص721.

# بەشی چوارەم

## بەراوردی تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد

### دەسپێک

بەراورد لە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی زمانەوانیدا، بریتیە لە نیشاندانی لایەنە لێکچو و جیاوازەکانی ئەو دیاردە زمانیانەی وەرگیراوە و کراوەتە تەوەرەی لێکۆڵینەوەکە. تەوەرەی ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا بریتیە لە بەراوردی "تێنس" لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد.

ئێمە لەم بەشەدا بە پێی ڕیزبەندی بابەتەکانی هەر دو بەشی تێنسی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد -کە ڕیزبەندی یەك بە دوای یەکی بابەتەکانیان وەکیەکە- کارە بەراوردکاریەکەمان درێژە پێ دەدەین. لەبەر ئەوەی پنتی کارکردنی ئێمە "تێنس"ـە و تێنسیش بە شێوەیەکی گشتی و بە زۆری "ڕەگ و مۆرفیمی کات" دەریدەبڕن، بۆیە ئێمە لەم بەراوردکاریەدا لایەنی لێکچو و جیاوازیی ئەدگار و تایبەتمەندیەکانی "ڕەگ و مۆرفیمی کاتەکان" بە ئەرکی سەرەکی وەردەگرین و هەروەها گرنگی بەو مۆرفیم و کارە یاریدەدەرانەش دەدەین، کە لە ڕۆنانی کارەکاندا هەن و لە ڕۆنانی ڕێژەدا ڕۆڵیان هەیە، چونکە (لە زمانی فارسی ڕێژەی کار کات -تێنس- ی کارەکەش ڕادەگەیەنێ)،[1] بەلاّم پێکهاتەکانی دیکەی کار و پەیوەندیەکانی دیکەی کار بە کەرەستە زمانیەکانی دیکەوە، بە کاری دوەمی "لاوەکی"ی خۆمان دەزانین، بۆیە ئەگەر پێویست نەبێ، باسی ئەم لایەنانە ناکەین.

بە پێویستی دەزانین پێش ئەوەی بچینە سەر بەراوردکردنی یەکە یەکەی تێنسی هەر یەکە لە ڕۆنانە جیاوازەکانی نێوان هەدو زمانەکە. هەندێك دیاردە و تایبەتمەندیی گشتیی تێنسەکان و کەرەسەی ڕۆنانی کارەکان لە خوارەوە بخەینە ڕو، بۆ ئەوەی توشی دوبارەبونەوەی زۆر نەبین.

+ لە بەراوردکردنی نێوان ڕۆنانی کارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد، لە هێنانەوەی نمونەی ڕۆنانی کارەکان بۆ شیکردنەوەیان، تەنها یەك نمونەی "کاری سادەی دۆخی ئەرێ"ـمان بۆ هەر یەکە لە هەر دو دۆخی بکەردیار و بکەرنادیار وەرگرتوە. بەو پێیەی ئێمە لەو بەشەدا لە هەوڵی بەراوردکردنی تێنس و دەمە جۆراوجۆرەکانی کارەکانی نێوان هەر دو زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردداین. بۆ ئەمەش لە شیکردنەوە و پێکگرتنی بەراوردی ڕۆنانی کارەکان، تەنها گرنگیمان بەو مۆرفیمانە داوە، کە تێنس و ڕێژە دروست دەکەن. کەواتە لە شیکردنەوەی بەراوردی ڕۆنانی کارەکان، تەنها گرنگیمان بە ڕەگ و مۆرفیمی کاتەکان و مۆرفیمەکانی بکەرئاراییی و بکەرنادیاری و ئاوەڵناوی کراو داوە. لە بەرامبەردا گرنگیمان نەداوە بە:

---

[1] – یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، ...ل229.

1- ئەو مۆرفیمە زمانیانەی لە ڕوی داڕشتنەوە کار ڕۆدە نێن، وەکو "پێشگر و پاشگر و پارچەی یەکەم".

2- ڕاناوە لکاوەکان لە نێو ڕۆنانی کارەکاندا.

3- نیشانەکانی دۆخی نەرێ لە نێو ڕۆنانی کارەکاندا.

ئەگەرچی ئەم سێ کۆمەڵە مۆرفیمانەش لە ڕۆنانی کاردا بەشداری دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی کاریگەرییان بە سەر تێنس و ڕێژەوە نییە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی لە شیکردنەوەی بەراوردکاریی نێوان ڕۆنانی کارەکان باسیان بکەین.

- مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا ئەمانەن "د، ت، ا، و، ی"، لە بەرامبەردا لە زمانی فارسی تەنها "د، ت"ـن.

- ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی خاوەنی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا، دواوەی ڕەگ بەجێ دێڵن و دەچنە پێشەوە، بە شێوەیەك دەچنە دوای یەکەم بەشی ڕۆنانەکە، جا ئەو بەشی یەکەمە هەر مۆرفیمێك بێ. ڕاناوە لکاوە خاوەنیەکان تەنها لە ڕۆنانی کاری " سادەی دۆخی ئەرێی تێپەڕ" دەچنە دوای ڕەگ، چونکە لەم جۆرە ڕۆنانەدا هیچ پارچەیەکی زمانی ناکەوێتە پێش ڕەگەوە، تا بچێتە دوای ئەو، بەڵام ئەم تێبینیە کاری سادەی "ڕابردوی بەردەوامی تێپەڕ" ناگرێتەوە، چونکە ئەم ڕۆنانە ئەگەرچی سادە و لە دۆخی ئەرێ و تێپەڕیش بێ، لەبەر ئەوەی "دە"ی مۆرفیمی کاتی ئێستا وەکو پارچەیەکی زمانی دەچێتە پێش ڕەگ، کەواتە ڕاناوە خاوەنیەکان دەچنە دوای ئەو پارچە زمانیی "دە"یەی کە چۆتە پێش ڕەگ. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستاندارد ڕاناوە لکاوەکان هەر بە دواوەی ڕەگەوە دەنوسێن.

- ڕۆنانی بکەرنادیار لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بە گۆڕانێکی کەمی ڕۆنانی بکەردیار ڕۆدەنرێ، ڕاناوی بکەر و خودی بکەر -ئەگەر بکەرەکە دەرکەوتبێ- دەگۆڕدرێ بە مۆرفیمی "ر"ی بکەرنادیاری و بە پێی ڕابردویی و ڕانەبردوییی دەمی کارەکە، مۆرفیمی کاتی ڕابردوی "ا" یان مۆرفیمی کاتی داهاتو "ێ" وەردەگرێ.[1] کەچی لە زمانی فارسیدا مۆرفیمێکی تایبەت نییە، تا ڕۆنانی بکەردیاری پێ بگۆڕدرێ بۆ بکەرنادیار. بەڵکو دوای ئەوەی بکەر -ئەگەر دەرکەوتبێ- لەگەڵ ڕاناوی بکەر لادەبرێ، بە یارمەتی چاوگی " شدن" وەکو کارێکی یاریدەدەر و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆنانی بکەرنادیار ڕۆدەنرێ. بە شێوەیەکی گشتی کارە سەرەکیەکە لە ڕۆنانی "ڕابردوی ڕوت"ـی ڕێژەی ڕاگەیاندن دەبێ و مۆرفیمی ئاوەڵناوە کراوەکەی دەچێتە سەر و دەبێتە

---

[1] – بڕوانە خشتەی بکەرنادیارەکانی بەشی دەوەم.

ئاوەڵناوی کراو و بە دوای ئەویشدا چاوگی "شدن" دێ و دەچێتە ژێر باری ئەو گەردانەوە، کە دەمی کارە بکەرنادیارەکە وەریدەگرێ، جا گەردانەکە لە دەمی ڕابردو یان ڕانەبردو بێ.[1]

سەبارەت بە ڕۆنانی ئەو کارە بکەردیارانەش کە خۆ یان لە کارێکی سەرەکی و کارێکی یاریدەدەر ڕۆنراون. لە هەندێکیان کاری یاریدەدەری ڕۆنانی بکەردیارەکە بە پێی دەمی کارەکە، کاری یاریدەدەرەکەی ڕۆنانی بکەردیارەکە دوای ئەوەی دەبێتە بکەرنادیار، ئەو گەردانە کە وەردەگرێ، نەوەك "شدن"، لە هەندێکیشیان هەمان گەردانی "شدن"ـی کاری یاریدەدەری ڕۆنانی بکەرنادیارەکە وەردەگرێ. کە هەر دو شێوەکە لە خشتەکانیان ئاماژەیان پێ کراوە و خوێنەر دەتوانێ بۆیان بگەڕێتەوە.

- لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا مۆرفیمی کاتی ئێستا "ـە/Ø" و مۆرفیمی کاتی داهاتوش "ێ/Ø"ـە. لە بەرامبەردا نەمانتوانی لە زمانی فارسی مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتو دەستنیشان بکەین و بیدۆزینەوە، بەڵام نیشانەی "می" کە فارسەکان خۆشیان پێی دەڵێن (**نیشانە استمراري**)[2] یان مۆرفیمی بەردەوامی لە جێی "دە/ ئە"ی مۆرفیمی کاتی ئێستای زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی دەوەستێ و ئەرکی بەردەوامێتی دەمی ڕودانی کارەکە دەبەخشێتە کار، کە ئەویش ئاماژەیە بۆ کات. بەڵام فارسەکان بەجۆرێکی دیکە "می" لێك دەدەنەوە. لای ئەوان (می) ئەسپێکت "نمود"ی "بەردەوامی" نیشان دەدا و لە ڕیزی ئەسپێکتەکانی دیکە "سادە = ڕوت" و "کامل = تەواو"ـدایە.[3] کەواتە فارسەکان گرنگی بەوە نادەن، کە لە کاری ڕانەبردو "موزاریع" کامە مۆرفیمی نێو ڕۆنانەکەی بریتییە لە مۆرفیمی کاتی ڕانەبردو "ئێستا یان داهاتو"، هەر بۆیەش تا ئێستاش لەو زمانەدا ئەم دو مۆرفیمە تەنانەت بە شێوەی مۆرفیمی سفریش دیاری نەکراون. لای ئەوان تەنها شێوەی ڕۆنانەکە (می+ڕەگ+بکەر+بەرکار"Ø") بەسە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە دەمی ئەم کارە ڕانەبردوە. "می"ـیەکە کە مۆرفیمی بەردەوامییە بۆ دیاریکردنی ئەسپێکتی ئەم کارە بەکاری دێنن و "ئەسپێکتی بەردەوامی" ئەو ڕۆنانەی پێ دیاری دەکەن، کە مۆرفیمی "می" لە ڕۆنانەکەیدا بەشدارە. کەچی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بە بۆچونی "وریا عومەر ئەمین" مۆرفیمی "دە" - کە بەرامبەر "می" زمانی فارسی دەوەستێ- دو جۆر ئەسپێکت ڕادەگەیەنێ، یەکیان ئەسپێکتی "سادە"یە، ئەگەر لە ڕۆنانی دەمی ڕانەبردو بەشدار بێ، وەکو "دەنوسین". ئەوی دیکەش ئەسپێکتی "بەردەامی"ـیە، ئەگەر لە ڕۆنانی دەمی ڕابردو بەشدار بێ، وەکو "دەمانونوسی".[4]

---

[1] - بڕوانە خشتەی بکەرنادیارەکانی بەشی سێیەم.

[2] - د.حسين علي يوسفي، دستور زبان فارسي 1و2، ...ص73.

[3] - د.مهدی مشكوة الديني، سير زبانشناسى، ...ص175.

[4] - د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ...ل71.

سەبارەت بە مۆرفیمی کاتی داهاتوش لە زمانی فارسیدا هیچ نیشانەیەکی زمانی بە شێوەی مۆرفیمی سفریش لە بەرامبەر (ێ/Ø)ی مۆرفیمی کاتی داهاتوی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی نیە، تا ئەرکەکەی وەربگرێ. فارسەکان بە شێوەیەکی نەگونجاو بۆ دیاردەی کۆمەڵەی داخراو لە مۆرفیمە کاتەکانی "ڕابردو و ڕانەبردو" دەڕوانن، بە شێوەیەك (ئەگەر هەر کارێك مۆرفیمی کاتی ڕابردوی تێدا نەبێ، کەواتە کارەکە لە دەمی ڕانەبردوە).[1] ئاشکرایە لە کۆمەڵەی داخراو لە هەمو دانەکان تەنها یەکیان مۆرفیمی سفر وەردەگرێ. لە کاتێکدا ئاشکرایە کە وەك تایبەتمەندیەکی زمانەوانیی گشتی " لە هەمو زمانێکدا" سێ دەممان هەیە "ڕابردو و ئێستا و داهاتو". کەواتە ئەگەر کۆی مۆرفیمە کاتەکانی تایبەت بە هەر یەك لەم دەمانە بە کۆمەڵەیەکی داخراو دابنێین، دەبێ تەنها یەکێکیان مۆرفیمی سفر بێ و دەرنەکەوێ. لە کاتێکدا بە پێی ئەو بۆچونەی سەرەوە لەم کۆمەڵە داخراوە سێ دانەییەدا دو دانەمان مۆرفیمی سفرە.

لە ڕاستیشدا پێدەچێ فارسەکان بۆیە بڕوایەکی لەو جۆرەی سەرەوەیان هەبێ، چونکە لە زمانەکەیان ڕۆنانی دەمی داهاتو بە شێوەیەکی جودا لە دو دەمەکەی دیکە ڕۆدەنرێ و شێوەکەی ناسراوە، کە بە یارمەتی گەردانەکانی چاوگی "خواستن" وەکو کارێکی یاریدەدەر ڕۆدەنرێ و پێویست بە بونی مۆرفیمی کاتی داهاتو نیە، تا بە هۆی ئەو مۆرفیمەوە دەمی داهاتوی ڕۆنانەکانیان پێ لە دەمی ڕابردو و ئێستای ڕۆنانەکان جودا بکەنەوە.

دیارە ئەوان لەوە بونەتەوە کە دەمی داهاتو بە هۆی مۆرفیمی کاتەوە دیاری بکەن، بۆیە دەکرێ لای ئەوان درووست بێ، کە تەنها مۆرفیمی کاتی ڕابردو و ئێستا دەبنە کۆمەڵەیەکی داخراوی دو دانەیی و ئەو کاتەش دەشێ یەکێکیان مۆرفیمی سفر وەربگرێ. بە هەر حاڵ نە فارسەکان خۆیان و نە ئێمەش نەمانتوانی مۆرفیمێکی کات بۆ دەمی داهاتو دیاری بکەین و بیبینینەوە، تەنها لە ڕێی شێوەی ڕۆنانی کارەکانەوە -کە لە شوێنی خۆی لە خشتەکان نیشان دراوە و لەمەودواش دیسان نیشانیان دەدەینەوە- دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین، کە دەمی ئەم کارە دەمی داهاتوە، یان نا.

- لە ڕێژەی دانانیی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بۆ دەمی ڕابردو ڕۆنانێکمان بە ناوی "ڕابردوی داهاتو" هەیە. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستاندارد ئەم ڕۆنانە بونی نیە، ئەگەرچی لە زمانی فارسیی کۆندا بەرامبەر ئەم ڕۆنانەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، ڕۆنانێك بە هەمان مانا "گذشتة آیندگي"[2] هەبووە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە زمانی فارسیی ستانداردی ئەمڕۆ کاری پێناکرێ و لەکار کەوتوە، ئێمە وەرمانەگرتوە.

---

[1] – د.مهدی مشکوة الدینی، سیر زبانشناسی، ...ص132.

[2] – د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، ...ص228.

- نیشانەکانی نەرێ لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی لە هەر دو دۆخی بکەردیار و بکەرنادیار دەچنە پێش ڕەگ. ئەگەر کارەکەش داڕێژراو یان لێکدراو بێ، ئەوا دەچنە دوای پێشگر و پارچەی یەکەم. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیدا هەڵسوکەوتی نیشانەکانی نەرێ لە دۆخی بکەردیار وەکو زمانی کوردیە، بەلاّم لە دۆخی بکەرنادیار دەچنە پێش گەردانەکانی چاوگی "شدن"ی کاری یاریدەدەر.

- ڕۆنانەکانی ڕێژەی دانانی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بە مۆرفیمی بکەرئارایی "بـ" دروست دەبن، کە ئەم مۆرفیمە لە ڕەگی چاوگی "بون"ەوە وەرگیراوە.[1] لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیش ڕۆنانی کارەکانی ڕێژەی دانانی هەر لە فۆرمی "باش"ی ڕەگی چاوگی "بودن" دروست دەبن. کەواتە ڕۆنانەکانی ڕێژەی دانانی لە هەر دو زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستانداردا هەر لە هەمان ڕەگ، واتە ڕەگی چاوگی "بون" و "بودن" دروست دەبن، بەلاّم لەبەر ئەوەی ڕێزماننوسە فارسەکان هەر بە ڕەگ ناوی "باش" دەهێنن و بە مۆرفیم ناوی نابەن، بۆیە ئێمەش لە شیکردنەوەی ڕۆنانەکان هەر بە ڕەگ ناوی دەبەین و هەر وەکو ڕەگیش هەڵسەکەوتی لەگەڵدا دەکەین، لە بەرامبەر مۆرفیمی بکەرئارایی "بـ"ی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی.

- لە بەراوردکردنی ڕۆنانی هەر دەمێکی کار لە نێوان هەر دو زمانەکە، خوێنەر دەتوانێ بۆ شیکردنەوە و زانیاری زێتری ڕۆنانی ئەو کارانە، بۆ ڕۆنانی کارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بۆ بەشی دوەم و بۆ ڕۆنانی کارە فارسیەکانیش بۆ بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە بگەڕێتەوە، کە خشتەی شیکردنەوەی ڕۆنانی کارەکان بۆ دۆخی بکەردیار و بکەرنادیار بە جودا دروست کراون.

- لە هێنانەوەی نمونەی ڕۆنانی دەمە جیاوازەکان، بۆ بەراوردکردنی دەمی ڕۆنانی هەر کارێك لە هەر دو زمانەکە، تەنها نمونەی یەکەمی خشتەکان واتە -ڕۆنانی کاری تێپەڕی سادەی دۆخی ئەرێ- وەردەگرین، لەبەر ئەوەی پێمان وایە ئەو بەراوردەی لە نێوان یەکەم نمونەی ڕۆنانی کاری خشتەکان دەیکەین، دەکرێ بەسەر هەمو نمونەکانی دیکەش لە خشتەکەدا پڕاکتیزە بکرێ. لە هەر خاڵێکیش هەستمان کرد بەراوردی نمونەی یەکەمی خشتەکە نابێتە بەراوردێکی وردی نمونەکانی دیکەی خشتەکە، لە ڕێی ڕونکردنەوە و تێبینی زیاتر ئاماژەی پێ دەدەین.

- مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر" لە ڕۆنانە بکەرنادیارەکانی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، هەمیشە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ڕەگی کاری سەرەکی.

- ڕەگی یەکەم و مۆرفیمی کاتی یەکەم لە ڕۆنانی کاری زمانی فارسیدا هەمیشە بریتین لە ڕەگ و مۆرفیمی کاتی کاری سەرەکی، تەنها لەم چوار ڕۆنانە نەبێ: 1- ماضی مستمر ملموس.

---

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و –هە–بون) لە کوردیدا، ...ل66.

2ـ ماضی نقلی مستمر ملموس. 3ـ مضارع ملموس. 4ـ ڕۆنا نەکانی دە می داهاتو" بە تەنها"، جگە لە ڕۆنانەکانی دۆخی بکەرنادیار.

هەروەها ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی دوەم لە ڕۆ نانی بکەرنادیاری ز مانی فار سیدا، جگە لە ڕۆنانەکانی ئەم چوار دەمەی سەرەوە، ڕۆنانەکانی دیکە هەمیشە بریتین لە ڕەگ و مۆرفیمی کاتی چاوگی گەردانکراوی " شدن"، کە وەك کارێکی یار یدەدەر بۆ گەیا ندنی دۆ خی بکەرنادیار لە ڕۆنانەکە بەشدارە.

- لە ڕۆنانی دەمی کارەکانی دۆ خی بکەرنادیاری ز مانی فار سیدا، مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە"ی یە کەم، جگە لە سێ ڕۆنا نە سەرەتاکانی تێبینیە کەی سەرەوە "1، 2، 3"، هەمی شە ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردوی کارە سەرەکیەکە. ئەگەر لە ڕۆنانێکیش مۆرفیمی ئاوەڵناوکراوی "ـە"ی دوەم هەبێ، ئەوا دیسان جگە لە سێ ڕۆنانە سەرەتاکانی تێبینیەکەی سەرەوە "1، 2، 3"، هەمی شە ڕا ستەوخۆ دە چێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی چاوگی گەردانکراوی "شدن"، کە وەك کارێکی یاریدەدەر بۆ گەیاندنی دۆخی بکەرنادیاری کارەکە بەشدارە.

هەمیشە لە نێوان ئاوەڵناوی کراوی "ـە"ی ز مانی فار سی و ڕا ناوە لکاوە کان دەنگیی هەمزە "أ"ی ناوبڕ هەیە. لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردیشدا، ئە گەر ئاوەڵناوی کراوی "و" لە ڕۆ نانی هەر کار ێك دەربکەوێ، ئەوا هەمیشە ڕا ستەوخۆ دەکەوێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی کاری سەرەکی.

- ئێمە لە بەراوردی یەك بە یەکی ڕۆ نانی تێنس و دە مەکانی نێوان هەر دو زمانە کە، دوای دەرخستنی ژ مارەی ڕەگ و ژ مارەی مۆرفیمی کا تەکان و جۆرەکانیان و ...هتد، تەنها ئا ماژە بە لایەنە جیاوازەکانی نێوان هەر دو ڕۆنانەکە دەکەین. بەو مانا یەی ئەو لایەنا نەی با سیان نا کەین، لایەنی لێکچوی نێوان ڕۆنانی هەر دو زمانەکەن.

# بەندی یەکەم: بەراوردی تێنس لە کاری ڕێژەی ڕاگەیاندن

## 1- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردو بە تنس افعال ماضی:

### ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی ئاسایی بە تنس افعال ماضی هنجار:

#### 1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هێنام"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو ڕۆدە نرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردیش "آوردم"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. کەواتە هیچ جیاواز یەك لە نێوان ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردا نیە.

لە دۆخی بکەرنادیاریشدا، ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "هێنران"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدە نرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده شدم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدە نرێ، کە دە چێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی کارە سەرەکیەکە. ڕەگی یەکەم و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی یە کەم ئا سایی هی کارە سەرەکیەکەن. ڕە گی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی دوە میش هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـن، کە وە کو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنانی دۆ خی بکەرنادیار لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. کەوا تە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ڕەگێك و مۆرفیمێکی کاتی ڕا بردو و مۆرفیمێکی ئاوەڵ ناوی کراوی لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سی کەمترە، لە بەرام بەردا تەنها مۆرفیمێکی بکەرنادیاری لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی پترە.

#### 2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراری:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "دەمهێنا"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕۆدە نرێ. مۆرفیمە کەی کاتی ڕا بردو ئاسایی لە دوای ڕەگەوە دێ، بەڵام مۆرفیمەکەی کاتی ئێستا دەکەوێتە پێش ڕەگ. ( مۆرفیمی کاتی ئێ ستا تا کە مۆرفیمێکی کا تە، کە لە هە ندێك ڕۆ نانی کارەکا ندا دەکەوێ تە پێش ڕەگ).[1] لە

---

[1] – د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی،...ل7.

بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردیش "می آوردم"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی " می" ڕۆدە نرێ. کەوا تە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانە کە لەوەدایە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستای هە یە، کە ئا ماژە بە کاتی ئێ ستا دە کا، لە بەرام بەردا لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستانداردا لە شوێنی ئەو، مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" هەیە، کە ئاماژە بە بەردەوامێتیی کات دەکا، لە دەمی ڕا بردوەوە تا دەمی ئێستا، بەمەش دەردەکەوێ کە ئەرکە تێنسیەکەی زۆر لە ئەرکە تێنسیەکەی مۆرفیمی کاتی ئێستای زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی نزیکە. هەر بۆیە هەندێك لە فارسەکان "می"یان لە خانەی مۆرفیمە کاتەکانی ڕابردو "ت، د" ڕیزبەند کردوە.[1]

لە دۆخی بکەرنادیاریشدا، ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "دەهێنران"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فار سیی ستانداردا "آورده می شدم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و مۆرفیمێکی بەردەوامی لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـن، کە وە کو کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نانی دۆ خی بکەرنادیار لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. کەوا تە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانە کە لەوەدا یە، کە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی ڕەگ ێك و مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی کەمترە، تەنها مۆرفیمێکی بکەرنادیاری لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی پترە. هەروەها لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستانداردا مۆرفیمێکی بەردەوامیی " می"، لە شوێنی مۆرفیمی کاتی ئێ ستای ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەیە.

### 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "هێناو مە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "و" ڕۆدە نرێ، کە مۆرفیمی کاتی ئێ ستایەکە ناڕا ستەوخۆ دەکەوێ تە دوای ڕەگ. لە بەرام بەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آوردەام"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدە نرێ. کەوا تە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانە کە لەوەدا یە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێ ستای لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سی پترە.

---

[1]- د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، ...ص12.

له دۆخی بکەرنادیاریشدا، ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "هێنراوە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرنادیاری "ر" و مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "و" ڕۆدە نرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا "آورده شدەام"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ، کەواتە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕا ستی زمانی کوردی ڕەگێك و مۆرفیمێکی کاتی ڕا بردو و مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی لە ڕۆنانە کەی زمانی فارسی کەمترە، تەنها مۆرفیمێکی بکەرنادیاری لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی پترە.

## 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "هێنابوم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو ڕۆدە نرێ، کە ڕە گی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون"ـن، کە وە کو کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "دوری" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده بودم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدە نرێ، کە ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وە کو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "بعید = دوری" لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. کەوا تە تا کە ج یاوازیی هەر دو ڕۆنانە کە لەوەدا یە، کە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە"ی لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سی کەمترە. ئە مەش بچوکترین جیاوازیە.

له دۆخی بکەرنادیاریشدا، ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "هێنرا بوم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدە نرێ، کە ڕە گی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون"ـن، کە وە کو کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "دوری" لە ڕۆنانەکە بە شداری کردوە.. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده شده بودم"، لە سێ ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدە نرێ، کە ڕە گی یە کەم و مۆرفیمی کاتی را بردوی یە کەم ئا سایی هی کارە سەرەکیەکەن و ڕە گی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـن. کە وەك کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نانی دۆ خی بکەرنادیاری لە پێکها تەی ئەم کارە بەشدارە و ڕەگی سێیەم و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی سێیەمیش هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وەك کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "دوری" لە پێکها تەی ئەم کارە بەشدارە. کەواتە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی

کوردی دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو و ڕەگێك و مۆرفیمێکی کاتی ڕابردوی لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی کەمترە. ئەمەش جیاوازیەکی بەرچاوی نێوان ئەم دو ڕۆنانەیە.

لە زمانی فارسیدا چوار ڕۆنانی دیکەمان بۆ دەمی ڕابردوی ڕێژەی ڕاگەیاندنی کاری ئاسایی "افعال زمانهای ماضی وجه اخباری" هەیە، کە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ئەم ڕۆنانانەمان نیە. ئەوانیش "5- ڕابردوی تەواوی بەردەوام - ماضی نقلی مستمر" و "6- ڕابردوی هەرەدور - ماضی ابعد" و "7- ڕابردوی بەردەوامی مەلموسی - ماضی مستمر ملموس" و "8- ڕابردوی تەواوی بەردەوامی مەلموس - ماضی نقلی مستمر ملموس".

وا لە خوارەوە ڕۆنانی هەر چوار دەمە ڕابردوەکەی سەرەوە، کە لە ڕێژەی ڕاگەیاندنی زمانی فارسیی ستانداردداں، درێژە پێدەدەین و شییان دەکەینەوە:

## 5- ماضی نقلی مستمر:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاردا "می آوردەام"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" و مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ.

ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیارەکەشی "آوردە می شدەام"، لە دو ڕەگ دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" و دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ.

## 6– ماضی ابعد:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاردا "آوردە بودەاند"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "ابعد" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی دوەمیش ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردوی "بودن".

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەرنادیاردا "آوردە شدە بودەاند"، لە سێ ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ سێ مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیار لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. ڕەگی سێیەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی سێیەم و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی سێیەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "ابعد" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە.

ئەوەی لەم ڕۆنانەی دۆخی بکەرنادیارەدا جێی سەرنجە، شوێنی کاری یاریدەدەری "شدن"ـە، کە جیا لە هەمو ڕۆنانە بکەرنادیارەکانی زەمانی فارسیی ستاندارد نەکەوتۆتە دوایین بەشی ڕۆنانەکە، بەڵکو کەوتۆتە پێش دواین بەشی ڕۆنانەکە.

## 7- ماضی مستمر ملموس:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاردا "داشتم می آوردم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی یەکەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی یەکەم هی چاوگی گەردانکراوی "داشتن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "ملموس" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە و دەکەوێتە پێش کارە سەرەکیەکەوە. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەمیش هی کارە سەرەکیەکەن.

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەرنادیاریشدا "داشت آورده می شد"، لە سێ ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامی لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدەنرێ، کە وەکو ڕۆنانی بکەرنادیارەکەی ڕەگی یەکەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی یەکەم هی چاوگی گەردانکراوی "داشتن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیار لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەمیش هی کارە سەرەکیەکەن. ڕەگی سێیەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی سێیەمیش هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیار لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. مۆرفیمی ئاوەڵناوە کراوەکەش ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردوی کارە سەرەکیەکەوە.

## 8- ماضی نقلی مستمر ملموس:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاردا "داشته می آورده"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" و دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی یەکەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی یەکەم و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی یەکەم هی چاوگی گەردانکراوی "داشتن"ـن، کە دیسان وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "ملموس" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی دوەمیش هی کارە سەرەکیەکەن و مۆرفیمی بەردەوامیەکەش دەچێتە سەر کارە سەرەکیەکە.

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەرنادیاریشدا "داشته آورده می شده"، لە سێ ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامی لە پاڵ سێ مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی یەکەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی یەکەم و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی یەکەم هی چاوگی گەردانکراوی "داشتن"ـن و ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم و مۆرفیمی ئاوەڵناوی

كراوى دوه ميش هى كاره سەرەكيەكەن و ڕە گى سێيەم و مۆرفيمى كاتى ڕا بردوى سێيەم و مۆرفيمى ئاوەڵ ناوى كراوى سێيەميش هى چاوگى گەردانكراوى "شدن "ـن و مۆرفيمى بەردەواميەكەش دەچێتە سەر كارى "شدن"ـى گەردانكراو.

لەم دو ڕۆنانەى ژمارە "حەوت و هەشت" تێبينى ئەوە دەكەين، كە ئەگەر چاوگى "داشتن" وەكو كارى ياريدەدەر لە هەر ڕۆنانێكدا بەشدارى كرد، ئەوا شوێنەكەى يەكەم بەشى ڕۆنانەكەيە.

بە شێوەيەكى گشتى ئەو دەم و تێنسانەى ئەم چوار ڕۆنانە لە زمانى فارسيدا ڕايدەگەيەنن، لە بەرامبەردا لە زارى ناوەڕاستى زمانى كورديدا هەمان دەم و تێنس بە هۆى ئەو چوار ڕۆنانە ڕابردووەوە ڕادەگەيەنرێن، كە لە زارى ناوەڕاستى زمانى كوردى هەن و لە پێشەوە ئاماژەمان پێ دان. تەنها ڕۆنانى دەمى "ڕابردوى بەردەوامى مەلوس" نەبێ، كە لە زارى ناوەڕاستى زمانى كورديدا بە ڕێگەى لێكسيكى و بە يارمەتى دەستەواژەى " خەريك بو..." دەتوانرێ هەمان دەم ڕابگەيەنرێ. بۆ نمونە: بۆ دۆخى بكەرديار: "*داشت مى آورد*  فارسى" = "*خەريك بو دەيهێنا*  كوردى". بۆ دۆخى بكەرناديارى‌ش: "داشت آورده مى شد  فارسى" = "*خەريك بو دەهێنرا*  كوردى".

## ب- بەراوردى تێنسى كارى ڕابردوى نائاسايى بە تنس افعال ماضى ناهنجار:

ڕۆنانى كارە نائاسايى "ناهنجار"ـەكان لە نێوان هەر دو زماندا، تەنها دۆخى بكەردياريان هەيە، چونكە كارى تێنەپەڕن، بۆيە بەراوردەكەيان تەنها لە دۆخى بكەرديارىدايە.

**يەكەم: بەراوردى تێنسە ڕابردووەكانى "هەبون"ـى جوتتوخمى بە تنسهاى ماضى "داشتن".**

### 1- بەراوردى ڕابردوى ڕوت بە ماضى مطلق:

ئەم ڕۆنانە لە زارى ناوەڕاستى زمانى كورديدا "هەمبون"، تەنها لە يەك ڕەگ و يەك مۆرفيمى كاتى ڕابردو ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانى فارسيى ستانداردي‌ش "داشتم"، بە هەمان شێوە لە يەك ڕەگ و يەك مۆرفيمى كاتى ڕابردو ڕۆدەنرێ. كەواتە ئەم ڕۆنانە لە نێوان هەر دو زمانەكە هيچ جياوازييان نيە.

### 2- بەراوردى ڕابردوى بەردەوام بە ماضى استمرارى:

ئەم ڕۆنانە لە زارى ناوەڕاستى زمانى كورديدا "دەمبون"، تەنها لە يەك ڕەگ و يەك مۆرفيمى كاتى ڕابردو و يەك مۆرفيمى كاتى ئێستا ڕۆدەنرێ، مۆرفيمەكەى كاتى ئێستاش ناڕاستەوخۆ

دەکەوێتە پێش ڕەگ. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستاندارددا ڕۆنانی "ماضی استمراري" بۆ چاوگی "داشتن" نیە.

### 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هەمبوونە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "و" ڕۆدەنرێ، کە مۆرفیمەکەی کاتی ئێستا ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ڕەگ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستاندارددا "داشتەام"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانەکە ئەوەیە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، مۆرفیمێکی کاتی ئێستای لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد پترە.

### 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بونی نیە، ئەگەر چی لە هەندێك سەرچاوەی ڕێزمانی کوردی ئاماژە بە بونی ئەم ڕۆنانە کراوە،[1] بەڵام بە ڕای ئێمە ئەم ڕۆنانە کە دەبێتە "هەمبوبون" ئەگەر پێشتریش هەبوبێ، ئەوا ئێستا لە زاری ناوەڕاست بەکار نایێ و لە جێی ئەو سود لە ڕابردوی ڕوت "هەمبو" وەردەگیرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستاندارددا "داشتە بودم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. کە ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "بعید = دوری" بەشداری ڕۆنانەکەی کردوە.

### 5- بەراوردی ڕابردوی هەرەدور بە ماضی ابعد:

ئەم ڕۆنانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بەکار نایێ. ئەگەر چی جاران لە ڕێزمانی کوردی ئاماژە بەم ڕۆنانە "گرتبوبوم"[2] دراوە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستاندارددا "داشتە بودەام"، لەم دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو، لە پاڵ دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "ابعد =

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل276.

[2] – لێژنەی زمان و زانستەکان، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ...ل161.

هەرەدور" بەشداری ڕۆنانەکەی کردوە، مۆرفیمی ئاوەڵناوە کراوەکەی دوەمیش ڕاستەوخۆ دە چێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردوی "بودن".

**دوەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "هەبون"ـی تاکتوخمی بە تنسهای ماضی "هستیدن":**

**1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق:**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هەبون"، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

**2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراري:**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "دەبون"، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا ڕۆدە نرێ، مۆرفیمە کەی کاتی ئێ ستاش ناڕا ستەوخۆ دەکەوێتە پێش ڕەگ. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستانداردا ئەم ڕۆنانە بونی نیە.

**3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هەبوونە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵ ناوی کراوی "و" ڕۆدە نرێ، کە مۆرفیمەکەی کاتی ئێستا ناڕاستەوخۆ دەکەوێ تە دوای ڕەگ. لە بەرام بەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

**4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:**

ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی ن یە، ئەگەر چی هە ندێك ڕێزماننو سی کورد ئاماژەیان بە بونی ئەم ڕۆنا نە کردوە،[1] بەلاَم بە ڕای ئێ مە ئەم ڕۆنا نە کە دەبێ تە "هەبوبون" ئە گەر پێ شتریش هەبوبێ، ئەوا ئێ ستا لە زاری ناوەڕا ست بەکار نایێ و لە ج ێی ئەو سود لە ڕابردوی ڕوت "هەبون" وەردەگیرێ. بە هەمان شێوە ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردی شدا بونی نیە.

**5- بەراوردی ڕابردوی هەرەدور بە ماضی ابعد:**

ئەم ڕۆنانە نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و نە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

---

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل276.

وەك دەر كەوت هیچ ڕۆ نانێكی ڕابردو مان بۆ چاوگی "هـ ستیدن" نـ یە، لە ز مانی فار سی بۆ دەربڕینی دەمە ڕابردوەكانی "هستیدن"، بە ڕێگەی لێكسیكی سود لە دەستەواژەی "و جود دا شتن" وەردەگیرێ[1] و بە یارمەتی ئاوەڵكارەكانی كاتی ڕابردو ڕادەگەیەنرێ.

لە لا یەكی دی كە لە پێك گرتنی شیكردنەوە و دەرخ ستنی ژ مارەی ڕەگ و ژ مارە و جۆری مۆرفیـ مە كا تەكان و ژ مارەی مۆرفیمی ئاوەڵ ناوی كراویش، لە نـ ێوان هەمان دە می ڕا بردوی ڕۆنا نەكانی "هەبون "ـی جوتـ توخمی و "هەبون "ـی تاكتوخمی، دەبـ ینین وەك یەكن و هیچ جیاوازیەكیان لە نێواندا نیە. تاكە جیاوازیی نێوان هەمان دەمی هەر دو جۆری "هەبون"، لە ڕوی ڕۆنانەوە ئەوەیە، كە "هەبون"ـی جوتتوخمی دو ڕاناوی لكاو "ڕا ناوی خاوەن و ڕا ناوی خاوە ندار" لە ڕۆنانەكەی بەشدارن. كەچی لە "هەبون"ـی تاكتوخمی یەك ڕاناوی لكاو لە ڕۆنانە كە بە شدارە. جیاوازیی واتاییشیان ئەوەیە، كە بە شێوەیەكی گـ شتی ڕۆنا نەكانی "هەبون "ـی جوتـ توخمی وا تای خاوەنداریێتی و مولكیەت دەدەن و ڕۆنانەكانی "هەبون"ـی تاكتوخمیش واتای وجود دەدەن.

**سێیەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەكانی "بون"ـی كەینونە بە تنسهای ماضی "بودن":**

## 1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی كورد یدا " بوم"، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی كاتی ڕا بردو ڕۆدە نرێ. لە بەرام بەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردیش " بودم"، بە هەمان شێوە لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی كاتی ڕا بردو ڕۆدە نرێ. كەوا تە ئەم ڕۆنا نە لە نـ ێوان هەر دو زمانەكە هیچ جیاوازییان نیە.

## 2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراري:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردیدا "دە بوم"، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی كاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی كاتی ئێ ستا ڕۆدە نرێ، مۆرفیمە كەی كاتی ئێ ستاش ناڕا ستەوخۆ دەكەوێتە پێش ڕەگ. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستانداردا ئەم ڕۆنانە بونی نیە.

## 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردیدا "بوو مە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی كاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی كاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمێكی ئاوەڵ ناوی كراوی "و" ڕۆدە نرێ، كە مۆرفیمەكەی كاتی ئێستا ناڕاستەوخۆ دەكەوێ تە دوای ڕەگ. لە بەرام بەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا " بودەام"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی كاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێكی

---

1 – د.امید طبیب زادە، ظرفیت فعل و ساختهای بنیادین جملە در فارسی امروز، ...ص76.

**ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. کەوا تە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنان ئەوە یە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستای لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد پترە.**

## 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

**ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بو بوم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون"ـن، کە لەم ڕۆنانەدا وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "دوری" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لەم ڕۆنانە "بو بو م"، "بو"ـی یەکەم بریتیە لە ڕەگ و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی کارە سەرەکیەکە و "بو"ـەکەی دواوەش کارە یاریدەدەرەکەیە، کە ئەویش لە ڕەگێك و مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو پێکهاتوە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا نیە.**

## 5- بەراوردی ڕابردوی هەرەدور بە ماضی ابعد:

**ئەم ڕۆنانە نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و نە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.**

**ئەوەی جێی تێبینیە، لە پێکگرتنی شیکردنەوە و دەرخستنی ژمارەی ڕەگ و ژمارە و جۆری مۆرفیمەکانی و ژمارەی مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراویش، لە نێوان هەمان دەمی ڕابردوی ڕۆنانەکانی "هەبون"ـی تاکتوخمی و "بون"ـی کەینونە لە زمانی کوردیدا، دەبینین وەکیەکن و هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا نیە. تاکە جیاوازیی نێوان هەمان دەمی هەر دو جۆری "هەبون"، لە ڕوی ڕۆنانەوە ئەوەیە، کە لە "هەبون"ـی تاکتوخمی مۆرفیمی "هە"ی خاوەنداری -جگە لە ڕابردوی بەردەوام و دۆخە نەرێکان- بونی هەیە، بەڵام لە ڕۆنانەکانی "بون"ـی کەینونەدا بە هیچ شێوەیەك بونی نیە. جیاوازیی واتاییشیان ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆنانەکانی "هەبون"ـی تاکتوخمی وەك پێشتر گوتمان واتای وجود و وجودیەت دەدەن، بەڵام ڕۆنانەکانی "بون"ـی کەینونە مانای ڕودانی حاڵەتێك دەدا، کە لە یەکێك لە دەمە ڕابردوەکان ڕویداوە.**

## چوارەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "بون"ـی سەیرورە بە تنسهای ماضی "شدن":

## 1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق:

**ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بوم -بە-"، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردیش "شدم"، بە هەمان**

شێوه له یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. کەواتە ئەم ڕۆنانە لە نێوان هەر دو زمانەکە هیچ جیاوازییان نیە.

## 2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراري:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "دە بوم - بە-"، تەنها لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕۆدە نرێ، مۆرفیمە کەی کاتی ئێستاش ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش ڕەگ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "می شدم"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" ڕۆدە نرێ. کەواتە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدا یە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستای هەیە، کە ئاماژە بە کاتی ئێستا دەکا، لە بەرامبەردا لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد لە شوێنی ئەو، مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" هەیە، کە ئاماژە بە بەردەوامێتیی کات دەکا، لە دەمی ڕابردووەوە تا دەمی ئێستا، بە مەش دەردەکەوێ کە ئەرکە تێنسیەکەی زۆر لە ئەرکە تێنسیەکەی مۆرفیمی کاتی ئێستای زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی نزیکە.

## 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بوومە -بە- / بومە -تە-"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "و" ڕۆدە نرێ، کە مۆرفیمەکەی کاتی ئێستا ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای ڕەگ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "شدەام"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانەکە ئەوە یە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستای لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد پترە.

## 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بو بوم - بە-"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون"ـن، کە لەم ڕۆنانەدا وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "دوری" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. لەم ڕۆنانە "<u>بو</u> <u>بو</u> م"، "بو"ـی یەکەم بریتیە لە ڕەگ و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی کارە سەرەکیەکە و "بو"ـی دواوەش کارە یاریدەدەرەکە یە، کە ئەویش لە ڕەگێك و مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو پێکهاتوە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "شدە بودم"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی دوەم و

مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە لەم ڕۆنا نەدا وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "بعید = دوری" لە ڕۆنانەکە بە شداری کردوە. کەوا تە تا کە ج یاوازیی هەر دو ڕۆنانە کە لەوەدا یە، کە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە"ی لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی کەمترە. کە ئە مەش جیاواز یەکی زۆر بچوکە.

## 5- بەراوردی ڕابردوی هەرەدور بە ماضی ابعد:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بونی نیە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فارسیی ستانداردا " شده بودەام"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ دو مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـن، کە وە کو کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "ابعد = هەرەدور" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی دوەمیش ڕاستەوخۆ دە چێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردوی "بودن".

دیسان لە پێکگرتنی شیکردنەوە و دەرخستنی ژمارەی ڕەگ و ژمارە و جۆری مۆرفیمە کا تەکان و ژ مارەی مۆرفیمی ئاوەڵ ناوی کراویش، لە نێوان هەمان دە می ڕا بردوی ڕۆنا نەکانی "بون"ـی کەینونە و "بون"ی سەیرورە، دەبینین وەکیەکن و هیچ جیاوازیەکیان لە نێوا ندا نیە. ئەگەر چی لە ڕوی ڕۆنانیشەوە جیاوازییان نیە، بەڵام لە کۆنتێکستی ڕ ستەدا هەمیشە ڕا ستەوخۆ لە دوای هەمو ڕۆنانەکانی "بون"ی سەیرورە ئامرازی پەیوەندیی "بە" یان شێوەکەی دیکەی ئەم ئامرازە "ـە" دەردەکەوێ. کەچی لە کۆنتێکستی ڕستەدا دەرناکەوێ. لە ڕوی وا تاوەش جیاوازییان ئەوە یە، کە بە شێوەیەکی گ شتی ڕۆنا نەکانی "بون"ـی کەینو نە وەك پێ شتر گو تمان هێ ما بە ڕودا نی حا ڵەتێك دە کەن، کە لە یەکێك لە دە مە ڕابردوە کان ڕو یداوە. کە چی ڕۆنا نەکانی "بون"ـی سەیرورە، ئاماژە بە گۆڕانی حاڵەتێك دەدەن، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە، کە لە یەکێك لە دەمە ڕابردوەکان ئەم گۆڕانە رویداوە. هەر بۆیەش هەندێك ڕێزماننو سی کورد لە جیات چەمکی "سەیرورە" چەمکی "گۆڕانکاری ئاراییـ"یان بەکار هێناوە.[1]

ئەو لێکچونانەی کە لە ڕوی شێوەی دەرکەوتنی ئاستی سەرەوە و ئەو جیاوازیانەش کە لە ڕوی ڕۆ نانی ئا ستی ژ ێرەوە و لە ڕوی واتایـیەوە، لەمەو بەر لە ن ێوان ("هەبون "ـی جوت توخمی و "هەبون "ـی تاکتوخمی")، ("هەبون "ـی تاکتوخمی و "بون "ـی کەینو نە)، ("بون "ـی کەینو نە و "بون"ی سەیرورە) دەرمانخستوە، بە شێوەیەکی گشتی لە هەمو ڕۆنا نەکانی لە مەودوای هەر یەك لەمانە بە هەمان شێوەن، کە ئێمە بە پێویستی نازانین لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم بەشە، دو بارە

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و –هە–بون) لە کوردیدا،...ل46.

**هەمان لایەنە لێکچو و جیاوازەکانی هەر یە کە لەم جو تە نمو نە پێکگیراوا نەی سەرەوە بخەیـنەوە بەرچاو.**

## 2- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردو بە تنس افعال مضارع:

### ا-بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی ئاسایی بە تنس افعال مضارع هنجار:

### 1- بەراوردی ڕانەبردو بە مضارع:

**لە دۆخی بکەردیاردا ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "دەیانهێنم"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕۆدەنرێ، کە مۆرفیمی کاتی ئێستایەکە دەکەوێتە پێش ڕەگ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "می آورم"، لە یەك ڕەگ و نیشانەیەکی بەردەوامیی "می" ڕۆدەنرێ. کەواتە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانە کە ئەوە یە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا مۆرفیمی کاتی دا هاتو هە یە و لە ڕۆنانە کەی ز مانی فارسیدا بونی نیە. هەروەها ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستای هەیە، کە ئاماژە بە کاتی ئێستا دەکا، لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستانداردیش لە شوێنی ئەو، مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" هەیە، کە ئاماژە بە بەردەوامێتیی کات دەکا، لە دەمی ڕا بردوەوە تا دەمی ئێستا.**

**لە دۆخی بکەرنادیاریشدا ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "دەهێـنرێم" لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده مـی شـوم"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـه" ڕۆدەنرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانە کە ئەوە یە، کە لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی داهاتو هەیە، کە لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سی مۆرفیمی کاتی دا هاتو بونی نـ یە. هەروەها ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێ ستای هە یە، کە ئا ماژە بە کاتی ئێ ستا دە کا، لە بەرامـ بەردا لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستانداردا لە شوێنی ئەو مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" هە یە، کە ئا ماژە بە بەردەوامێتیی کات دەکا، لە دەمی ڕابردوەوە تا دەمی ئێستا. لە لایەکی دیکە لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سی مۆرفیمێکی کاتی ڕا بردو هە یە، کە لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا بونی نـ یە. هەروەها لە**

بەرامبەر بونی مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر" لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" هەیە.

لە زمانی فارسیی ستانداردا و لە بەرامبەر دەمی "ڕا نەبردو -ئێستا و داهاتو- "ـی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی، ڕۆنانێکی دیکە هەیە، کە دەمی "داهاتو بە تەنها" ڕادەگەیەنێ. ئەم ڕۆنانەی زمانی فارسیی ستاندارد لە دۆخی بکەردیاردا "خواهد آورد = لە مەودوا دەیهێنێ"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو ڕۆدەنرێ.

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەرنادیاریشدا "آورده خواهد شد = لەمەودوا دەهێنرێ"، لە سێ ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. ڕەگی یەکەم هی کارە سەرەکیەکەیە و ڕەگی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "خواستن"ـە، کە بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی دەمی "داهاتویی بە تەنها" لە ڕۆنانەکە بەشدارە. ڕەگی سێیەمیش هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـە، کە ئاسایی بۆ ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیار لە ڕۆنانەکە بەشدارە. مۆرفیمی کاتی ڕابردوی یەکەم هی کارە سەرەکیەکەیە و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەمیش هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـە. مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوەکەش ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای مۆرفیمی کاتی ڕابردوی کارە سەرەکیەکە.

لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا لە بەرامبەر هەردو ڕۆنانەکەی دۆخی بکەردیار و بکەرنادیاری دەمی "داهاتو بە تەنها"ـی سەرەوە هیچ ڕۆنانێکمان نیە.

## 2- بەراوردی ڕانەبردوی مەلموس بە مضارع ملموس:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بونی نیە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زمانی فارسیی ستانداردا "دارم مـی آورم"، لە دو ڕەگ و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی یەکەم هی چاوگی گەردانکراوی "داشتن"ـە، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "ملموس" لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. ڕەگی دوەمیش هی کارە سەرەکیەکەیە و مۆرفیمی بەردەوامیەکەش دەچێتە سەر کارە سەرەکیەکە. ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستاندادا ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیاری نیە.

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، ئەگەر چی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا ڕۆنانی "ڕانەبردوی مەلموس" بونی نیە، بەلام بە ڕێگەی لێکسیکی و بەیارمەتی دەستەواژەی "خەریکە..." دەتوانرێ هەمان دەمی ئەم ڕۆنانەی زمانی فارسی دەرببڕدرێ. بۆ نمونە بۆ دۆخی بکەردیار "دارم می آورم" لە بەرامبەریدا لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "خەریکە دەیهێنم" دەوەستێ و بۆ دۆخی بکەرنادیاریش کە لە زمانی فارسیدا وەکو ڕۆنان بونی نیە، لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "خەریکە دەهێنرێم" ڕێگە لێکسیکیەکەیەتی.

### ب-بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی نائاسایی بە تنس افعال مضارع ناهنجار:

پێش ئەوەی بچینە سەر بەراوردی یە کە یە کەی ڕۆ نانی دە می ڕا نەبردوی کارە نائا سایی "ناهنجار"ـەکانی نێوان هەر دو زمانەکە. پێویستە هەندێك جیاوازیی سەرەکی و گشتی لە نێوان ڕۆنانەکانی دەمی ڕانەبردوی "ئێستا و داهاتو"ی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی و ز مانی فار سیی ستاندارد دەستنیشان بکەین.

لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی بۆ هەر یەکە لە هەر چوار جۆری ("هەبون"ـی جوتتوخمی، "هەبون"ـی تاکتوخمی، "بون"ـی کەینو نە، "بون"ـی سەیرورە) دو ڕۆنا نمان هە یە، کە ڕۆ نانی یەکەمیان تەنها بۆ دەمی ئێستایە و ڕۆنانەکەی دیکە بۆ دەمی "ئێستا و داهاتو"ـە. لە بەرامبەردا لە ز مانی فار سیی ستانداردیش هەر یە کە لە هەر چوار کاری نائا سایی "ناهنجار" (دا شتن، هستیدن، بودن، شدن) دو ڕۆنانیان هەیە. کە لە ڕوی ڕاگەیاندنی دەم "تێنس"ـەوە بەم شێوەیەن: ڕۆنانی یەکەمی چاوگی "داشتن" تەنها بۆ دە می ئێستایە و ناکرێ لە چوار چێوەی یەك ڕ ستەدا یەکێك لە ئاوەڵکارەکانی کاتی داهاتوی لەگەڵ بەکار بهێنرێ و مانای ڕ ستەکە لەنگ نەبێ. ڕۆ نانی یەکەمی "هستیدن"یش بە هەمان شێوە تەنها بۆ دە می ئێستایە و ناکرێ لە چوار چێوەی یەك ڕستەدا لەگەڵ یەکێك لە ئاوەڵکارەکانی کاتی داهاتو بەکار بێ و واتای ڕستەکە لەنگ نەبێ. ڕۆ نانی یە کەمی "بودن"ـیش بۆ هەر دو دە می "ئێ ستا و دا هاتو" دە گونجێ و دە توانرێ بە یار مەتی ئاوەڵکارەکانی کاتی ئێستا و کاتی داهاتو هەر دو دەمی ئێستا و داهاتو بە جیا ڕابگەیەنرێ. ڕۆ نانی یەکەمی "شدن"یش بە هەمان شێوەی ڕۆنانی یەکەمی "بودن"، بۆ هەر دو دە می ئێ ستا و دا هاتو دەگونجێ و دەتوانرێ بە یارمەتی ئاوەڵکارەکانی کاتی ئێستا و داهاتو هەر دو دە می ئێ ستا و دا هاتو بە جیا ڕابگەیەنرێ.

ڕۆنانی دوەمی هەر چوار کارە فار سیەکەی سەرەوە شێوە ڕۆ نانێکی تایبەتییان هە یە، کە لە بەرامبەر یدا لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا بونی نیە. کە ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا تەنها دەمی داهاتو ڕادەگەیەنێ و چاوگی گەردانکراوی "خواستن" لە فۆرمی ڕەگ وەکو کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نانی دە می "دا هاتویی بە تەنها" بە شداری ڕۆنانە کە دە کا، بۆ نمو نە " خواهم دا شت". لەم ڕۆنا نەدا ڕە گی کاری " خواه" کە کاری یار یدەدەری ئەم ڕۆنانە یە، بە تایبەتمەند یەك لە کارە یار یدەدەرەکانی دیکەی ڕۆنا نە جۆراوجۆرە کانی ز مانی فار سی جودا دەبێتەوە. ئەویش ئەوە یە کە دەکەوێ تە پێش کارە سەرەکیەکە، کە هیچ یەکێك لە کارە

یاریدەدەرەکان "افعال کمکی"ی زمانی فارسی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێ کرابێ، لە ڕۆنانی کارەکاندا ناکەونە پێش کاری سەرەکیەوە.

### یەکەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی جوتتوخمی بە تنس مضارع "داشتن":

یەکەم ڕۆنانی ئەم دەمە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هەمانن"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستاندارد یەکەم ڕۆنانی ئەم دەمە "دارم"، تەنها لە یەك ڕەگ ڕۆدەنرێ، کە بە پێی دەستوری زمانی فارسی بوایە، دەبو "می"ـی مۆرفیمی بەردەوامیش لە ڕۆنانەکە بەشدار بوایە و بکەوتایەتە پێش ڕەگەکە، بەم شێوەیە "می دارم"، ئەگەرچی لە زمانی فارسیی کۆندا فۆرمی "می دارم" هەبووە،[1] بەلاّم لە زمانی ئێستای فارسیی ستاندارد ڕەگی داشتن "دار" "می" وەر ناگرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانی یەکەمی هەر دو زمانەکە ئەوەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی جێگەکەی بەتاڵە، کە جێگەی "می"ی مۆرفیمی بەردەوامیە.

دوەم ڕۆنانی ئەم دەمەش لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی "دەمانبن"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ڕۆنانی دوەمی ئەم دەمە لە زمانی فارسیی ستانداردا "خواهم داشت"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ. کە ڕەگی یەکەم هی چاوگی گەردانراوی "خواستن"ـە و ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوەکە هی کارە سەرەکیەکەن. کەواتە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان هەر دو ڕۆنانی دوەمی نێوان هەر دو زمانەکە هەیە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی یەك ڕەگی هەیە، بەلاّم ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد دو ڕەگی هەیە. لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا و مۆرفیمێکی کاتی داهاتو هەیە، کە لە بەرامبەردا لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد هیچ یەکێك لەو مۆرفیمی کاتانەمان نیە. هەروەها لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو هەیە، کە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هیچ مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو نیە.

[1] – د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد دوم، ...ص1392،1394.

**دوەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ی تاکتوخمی بە تنس مضارع "هستیدن":**

یەکەم ڕۆ نانی ئەم دە مە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا " هەین"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا لە زمانی فارسیی ستاندارد یەکەم ڕۆنانی ئەم دە مە "هستم"، تەنها لە یەك ڕەگ ڕۆدەنرێ، کەوا تە ج یاوازیی ن ێوان هەر دو ڕۆ نانی یە کەمی هەر دو زمانەکە ئەوەیە، لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردد‌ا بونی نیە.

دوەم ڕۆ نانی ئەم دە مەش لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی "دە بین"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا و یەك مۆرفیمی کاتی دا هاتو ڕۆدە نرێ. لە بەرام‌بەردا ڕۆ نانی دوە می ئەم دەمە لە زمانی فارسیی ستانداردد‌ا بونی نیە، بەڵام بە ڕێگەی لێکسیکی و بە یارمەتی دە ستەواژەی "وجود داشتن" ڕۆدەنرێ، "وجود خواهم داشت = لەمەودوا وجودم دەبێ".

**سێیەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی کەینونە بە تنس مضارع "بودن":**

یەکەم ڕۆنانی ئەم دەمە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی "پیاو Ø ـە"، لە یەك ڕەگ -هەمیشە مۆرفیمی سفرە- و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا لە ز مانی فار سیی ستاندارد ڕۆنانی یەکەمی ئەم دەمە "می باشم"، لە یەك ڕەگ و مۆرفیمێکی بەردەوامیی " می" ڕۆدە نرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆ نانی یە کەمی ن ێوان هەر دو زمانە کە ئەوە یە، کە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێ ستای هە یە، کە لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستانداردد‌ا بونی ن یە و لە ج ێی ئەو مۆرفیمێکی بەردەوامیی " می" هە یە، کە ئا ماژە بە بەردەوامیەتی کاتی کارەکە لە ڕابردوەوە تاکو ئێستا دەدا.

ڕۆ نانی دوە می ئەم دە مە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی "دە بێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا و یەك مۆرفیمی کاتی دا هاتو ڕۆدە نرێ. لە بەرام‌بەردا ڕۆ نانی دوە می ئەم دە مە لە ز مانی فار سیی ستاندارد "خوا هد بود"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو ڕۆدە نرێ. کەوا تە ج یاوازیی ن ێوان هەر دو ڕۆ نانی دوە می ن ێوان هەر دو زمانە کە ئەوە یە، کە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی یەك ڕە گی هە یە، بەڵام ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستاندارد دو ڕەگی هەیە. لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێ ستا و مۆرفیمێکی کاتی داهاتو هەیە، لە بەرامبەردا لە ڕۆنانەکەی ز مانی فار سیی ستاندارد هیچ یەکێك لەو دو مۆرفیمی کاتانە نین. هەروەها لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیی ستانداردد‌ا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو هەیە، کە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هیچ مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو بونی نیە.

**چوارەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ی سەیرورە بە تنس مضارع "شدن":**

یەکەم ڕۆنانی ئەم دەمە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نیە. لە بەرامبەردا ڕۆنانی یەکەمی ئەم دەمە لە زمانی فارسیی ستانداردا "می شوم"، لە یەك ڕەگ و مۆرفیمێکی بەردەوامیی "می" ڕۆدەنرێ.

ڕۆنانی دوەمی ئەم دەمەش لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "دەبێ- بە-"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ڕۆنانی دوەمی ئەم دەمە لە زمانی فارسیی ستانداردا "خواهد شد"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو ڕۆدەنرێ.

کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانی دوەمی نێوان هەر دو زمانەکە ئەوەیە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی یەك ڕەگی هەیە، بەلاّم ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد دو ڕەگی هەیە. لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا و مۆرفیمێکی کاتی داهاتو هەیە، کە لە بەرامبەردا لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردا هیچ یەکێك لەو دو مۆرفیمی کاتانە نین. هەروەها لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو هەیە، کە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا هیچ مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو بونی نیە.

بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوان ڕۆنانەکانی "یەکەم و دوەم"ی هەر چوار کارە نائاساییەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و زمانی فارسیی ستاندارد هەیە، بە تایبەتی لە ڕۆنانەکانی جۆری دوەم جیاوازیەکە ئێجگار زۆر دەبێ.

# بەندی دوەم: بەراوردی تێنس لە کاری ڕێژەی دانانی

## 1- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردو بە تنس افعال ماضی:

### ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی ئاسایی بە تنس افعال ماضی هنجار:

#### 1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق "ماضی التزامی":

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "هێنا بانم"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئاراییی"بـ" ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده باشم"، لە دو ڕەگ و مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. ڕەگی یەکەم ئاسایی هی کارە سەرەکیەکە و ڕەگی دوەمیش هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـە. کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنانی ڕێژەی دانانی لەم ڕۆنانە بەشداری کردوە. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانەکە ئەوەیە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ڕابردوی لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی پترە و ڕۆنانەکەی زمانی فارسیش ڕەگێکی لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی پترە. هەروەها ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمی بکەرئاراییی "بـ"ی هەیە و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی نیە، لە بەرامبەردا ڕۆنانەکەی زمانی فارسی بە پێچەوانەوە مۆرفیمی بکەرئاراییی نیە و مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی "ـە"ی هەیە.

لە دۆخی بکەرنادیاریشدا ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی "هێنرا بان"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئاراییی" بـ" و مۆرفیمێکی بکەرنادیاری"ر" ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده شده باشم"، لە سێ ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنانەکە ئەوەیە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی دو ڕەگی لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستاندارد کەمترە. هەروەها ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمی بکەرئاراییی"بـ" و مۆرفیمی بکەرنادیاری"ر"ی هەیە، کە ڕۆنانەکی زمانی فارسی هیچ یەکێك لەم دو مۆرفیمەی نیە و تەنها مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە"ی هەیە.

بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین، کە وەك چۆن ڕۆنانی دەمە ڕابردوەکانی ڕێژەی ڕاگەیاندن لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی چوار دانە بون و لە زمانی فارسیی ستانداردیش هەشت دانە بون، واتە زمانی فارسی چوار ڕۆنانی دەمی ڕابردوی ڕاگەیاندنی لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی پترە. بە پێچەوانەوە ڕۆنانی دەمە ڕابردوەکانی ڕێژەی دانانیی زاری ناوەڕاستی

زمانی کوردی پێنج ڕۆنانی هەیە، کە لە بەرامبەریدا لە زمانی فارسی ستاندارد بۆ دە می ڕا بردوی ڕێژەی دانانی یەك ڕۆنانمان هەیە -واتە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی چوار ڕۆنانی دە می ڕا بردوی دانانی لە زمانی فارسیی ستاندارد پترە-.

لە خوارەوە دەمەکانی هەر چوار ڕۆنا نە دانانیە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی دەخەیـنە ڕو، کە لە زمانی فارسیی ستاندارد بونیان نیە و بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە سود لە دە مەکانی ڕ ێژەی ڕاگەیاندن وەردەگیرێ، بە تایبەتی "ماضی استمراری و ماضی بعید و ماضی مطلق".

## 2- ڕابردوی بەردەوام:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاردا لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی "بتهێناما یە"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمی بـکەرئاراییی " بـ" ڕۆدە نرێ، کە مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی یە کەم ئا سایی هی کارە سەرەکیەکەیە و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەمیش هی مۆرفیمی ڕ ێژەی دا نانی "-ایە" یە. کەوا تە مۆرفیـمەکانی ڕ ێژەی دا نانی "-ا یە"، بریتین ( لە "ا"ی مۆرفیمی کاتی ڕا بردو)(تر) و "یـ "ـی ناوبڕ و ( "ـە"ی مۆرفیمی کاتی ئێستا).(یر)

لە دۆخی بکەرنادیاریشدا ئەم ڕۆنانە "بهێنراما یە"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمی بـکەرئاراییی " بـ" و مۆرفیمی بـکەرنادیاری "ر" ڕۆدەنرێ.

## 3- ڕابردوی تەواو:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "هێنابێتم"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی دا هاتو لە پاڵ مۆرفیمی بـکەرئاراییی " بـ" ڕۆدەنرێ.

لە دۆخی بکەرنادیاریشدا "هێنرابێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمی بکەرئاراییی "بـ" و مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدەنرێ.

## 4- ڕابردوی دور:

[1] – عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و –هە–بون) لە کوردید، ... ل65.

2 – هەمان سەرچاوە، ل67.

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هێنابوتینایە"، لە دو ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی " بـ" ڕۆدە نرێ، کە ڕە گی یە کەم ئا سایی هی کارە سەرەکیەکەیە و ڕە گی دوەم هی چاوگی "بون "ـی گەردانکراوە، کە بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "دوری" وە کو کارێکی یار یدەدەر لە ڕۆنانە کە بەشداری کردوە. مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی یە کەم ئا سایی هی کارە سەرەکیەکەیە و هی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون"ـە و هی سێیەمیش هی مۆرفیمی ڕێژەی دانانی "-ایە"یە.

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەرنادیاریشدا "بهێنرایتایە"، وەکو دۆ خی بکەردیارە کەی لە دو ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی " بـ" و مۆرفیمی بـ کەرنادیاری "ر" ڕۆدە نرێ. ئەم ڕۆنا نە لە دۆ خی بـ کەرنادیار تەنها مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر"ی لە ڕۆنانەکەی دۆخی بکەردیار پترە.

5- ڕابردوی داهاتو:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "هێنابوبێتت"، لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی دا هاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بـ کەرئارایی " بـ" ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی "بون"ـی گەردانکراوە، کە بۆ ڕۆنان و گەیا ندنی چەمکی "دوری" وە کو کارێکی یار یدەدەر لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. ئەم ڕۆنا نە لە دۆ خی بکەرنادیاری شدا "هێنرا بوبێ"، وە کو دۆ خی بکەردیارە کەی لە دو ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمی بـکەرئارایی " بـ" و مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدەنرێ. ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەرنادیار تەنها مۆرفیمی بکەرنادیاری "ر"ی لە ڕۆنانەکەی دۆخی بکەردیار پترە.

## ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕابردوی نائاسایی بە تنس افعال ماضی ناهنجار:

**یەکەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "هەبون"ـی جوتتوخمی بە تنسهای ماضی "داشتن".**

### 1- ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق "ماضی التزامی":

ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا " هەتانبوبان"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە ز مانی فار سیی ستاندارددا "داشتە باشم"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدە نرێ، کە ڕە گی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن "ـە، کە بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی

دەلالەتی ڕێژەی دانانی لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. کەوا تە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنان ئەوەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردومان پترە و لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردیش ڕەگێکمان پترە. هەروەها لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا مۆرفیمێکی بکەرئاراییی هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا نییە و لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردیش مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نیە.

## 2- ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراری:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هەتانبوایە"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئاراییی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و نە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

ئەم ڕۆنانەش نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و نە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## 5- بەراوردی ڕابردوی داهاتو بە ماضی مستقبلی "گذشتة آیندگي":

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "هەتانبوبن/ هەتانبوبێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئاراییی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا نیە.

### دوەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "هەبون"ـی تاکتوخمی بە تنسهای ماضی "هستیدن":

هیچ ڕۆنانێکی دەمە ڕابردوەکانی ئەم چاوگە "هستیدن" لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە. تەنها بۆ دەمی "ماضی مطلق-ڕابردوی ڕوت" ئەویش بە ڕێگەی لێکسیکی، دەکرێ بە یارمەتی دەستەواژەی "وجود داشتن" ئەم دەمە ڕابگەیەنرێ، بەم شێوەیە "اگر وجود داشته باشم = ئەگەر وجودم هەبێ". لە بەرامبەردا لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا سێ دەمی ڕابردومان هەیە، کە لە خوارەوە شییان دەکەینەوە:

**1- ڕابردوی ڕوت:**

ئەم ڕۆنانە "هەبوبان"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ.

**2- ڕابردوی بەردەوام:**

ئەم ڕۆنانە "هەبونایە"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ.

**3- ڕابردوی تەواو:**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیشدا بونی نیە.

**4- ڕابردوی دور:**

هەروەها ئەم ڕۆنانەش لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیش بونی نیە.

**5- ڕابردوی داهاتو:**

ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "هەبوبن/ هەبوبێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ.

**سێیەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "بون"ــی کەینونە بە تنسهای ماضی "بودن":**

**1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق "ماضی التزامی":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "بو باین"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بـکەرئارایی ڕۆدە نرێ. لە بەرامـبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا "بوده باشم"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـه" ڕۆدەنرێ، کە ڕەگی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن"ـە، کە بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی دەلا لەتی ڕ ێژەی دا نانی لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. کەوا تە جـ یاوازیی نـ ێوان هەر دو ڕۆ نان ئەوەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی ز مانی کورد یدا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو مان پترە و لە ڕۆنانەکەی زمانی فار سیی ستانداردیش ڕەگێکمان پترە. هەروەها لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا مۆرفیمێکی بـ کەرئارایی هە یە، کە لە ڕۆنانە کەی ز مانی فار سیدا نـ یە و لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردیش مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو هە یە، کە لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نیە.

### 2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراري:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "ببوینا یە"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدە نرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

### 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەیە و نە لە زمانی فارسیی ستانداردا.

### 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بوبوینا یە"، لە دو ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕا بردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدە نرێ. ڕە گی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون "ـە، کە وەکو کارێکی یار یدەدەر بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی چەمکی "دوری" لە ڕۆنانە کە بە شداری کردوە. مۆرفیمی کاتی ڕا بردوی سێیەمیش هی مۆرفیمی ڕ ێژەی دا نانی "-ایە" یە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا بونی نیە.

### 5- ڕابردوی داهاتو بە ماضی مستقبلی "گذشتة آیندگي":

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بوبین/ بوبێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدە نرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## چوارەم: بەراوردی تێنسە ڕابردوەکانی "بون"ــی سەیرورە بە تنسهاي ماضی "شدن":

### 1- بەراوردی ڕابردوی ڕوت بە ماضی مطلق "ماضی التزامی":

ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "بو باین - بە-"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە ز مانی فار سیی ستانداردا "شده باشم"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدە نرێ، کە ڕە گی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بودن "ـە، کە بۆ ڕۆ نان و گەیا ندنی دەلالەتی ڕێژەی دانانی لە ڕۆنانەکە بەشدارە. کەواتە جیاوازیی نێوان هەر دو ڕۆنان ئەوەیە، کە لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا مۆرفیمێکی کاتی ڕابردو مان پترە و لە ڕۆنانە کەی زمانی فارسیی ستانداردیش ڕەگێکمان پترە. هەروەها لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا

مۆرفیمێکی بکەرئارایی هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا نیە و لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستانداردیش مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نیە.

## 2- بەراوردی ڕابردوی بەردەوام بە ماضی استمراری:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "ببوینایە -بە-"، لە یەك ڕەگ و دو مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## 3- بەراوردی ڕابردوی تەواو بە ماضی نقلی:

ئەم ڕۆنانە نە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەیە و نە لە زمانی فارسیی ستانداردا.

## 4- بەراوردی ڕابردوی دور بە ماضی بعید:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بوبوینایە -بە-"، لە دو ڕەگ و سێ مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. ڕەگی دوەم و مۆرفیمی کاتی ڕابردوی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "بون"ـە، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنان و گەیاندنی چەمکی "دوری" لە ڕۆنانەکە بەشدارە. مۆرفیمی کاتی ڕابردوی سێیەمیش هی مۆرفیمی ڕێژەی دانانی "-ایە"یە. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## 5- ڕابردوی داهاتو بە ماضی مستقبلی "گذشتة آیندگي":

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بوبین -بە- / بوبێ -بە-"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

## 2- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردو بە تنس افعال مضارع:

### ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی ئاسایی بە تنس افعال مضارع هنجار:

#### 1- بەراوردی ڕانەبردوی دانانی بە مضارع التزامی:

ئەم ڕۆنانە لە دۆخی بکەردیاری زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "بمهێنی/بمهێنێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی "بـ" ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "بیاوری/بیاورد"، لە یەك ڕەگ و مۆرفیمێکی بکەرئارایی "بـ" ڕۆدەنرێ. ڕێزماننوسە فارسەکان بەم مۆرفیمی بکەرئارایيەی زمانەکەی خۆیان دەڵێن "نیشانە التزامی = نیشانە یان مۆرفیمی ڕێژەی دانانی".[1] تاکە جیاوازیی ئەم دو ڕۆنانە لەوەدایە، کە مۆرفیمێکی کاتی دا هاتو لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی هەیە، بەڵام لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا بونی نیە، کە ئەمەش لە روی تێنسی کارەوە جیاوازیەکی بەرچاوە.

لە دۆخی بکەرنادیاریشدا، ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "بهێنرێم"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی "بـ" و مۆرفیمێکی بکەرنادیاری "ر" ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "آورده شوم / آورده بشوم"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕابردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی "ـە" ڕۆدەنرێ. ڕەگی دوەم هی چاوگی گەردانکراوی "شدن"ـە، کە وەکو کارێکی یاریدەدەر بۆ ڕۆنانی دۆخی بکەرنادیار لە ڕۆنانەکە بەشداری کردوە. کەواتە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی ڕەگێك و مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراوی لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی کەمترە و مۆرفیمێکی کاتی داهاتو و مۆرفیمێکی بکەرئارایی و مۆرفیمێکی بکەرنادیاری لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسی پترە.

### ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی نائاسایی بە تنس افعال مضارع ناهنجار:

**یەکەم: بەراوردی تنسی ڕانەبردوی "هەبون"ـی جوتتوخمی بە تنس مضارع "داشتن":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کورد یدا "هەیانبن / هەیانبێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

---

[1] – د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2،... ل143.

**دووەم: بەراوردی تنسی ڕانەبردوی "هەبون"ـی تاکتوخمی بە تنس مضارع "هستیدن":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "هەبن / هەبێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە زمانی فارسیی ستاندارددا بونی نیە.

**سێیەم: بەراوردی تنسی ڕانەبردوی "بون"ـی کەینونە بە تنس مضارع "بودن":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "ببی / ببێ"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنا نە لە زمانی فارسیی ستاندارددا "باشم / بباشم"، لە یەك ڕەگ لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. کەوا تە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی داهاتو هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا بونی نیە.

**چوارەم: بەراوردی تنسی ڕانەبردوی "بون"ـی سەیرورە بە تنس مضارع "شدن":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "ببی -بە-/ ببێ -بە-"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی داهاتو لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستاندارددا "شوم / بشوم"، لە یەك ڕەگ لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدەنرێ. کەوا تە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی داهاتو هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا بونی نیە.

# بەندی سێیەم: بەراوردی تێنس لە کاری ڕێژەی فەرماندان

## 1- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردو بە تنس افعال مضارع:

### ا- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی ئاسایی بە تنس افعال مضارع هنجار:

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بمانهێنە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بـکەرئاراییی ڕۆدە نرێ. لە بەرامـبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا "بیاور"، لە یەك ڕەگ لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئاراییی ڕۆدەنرێ. کەواتە جیاوازیی نـێوان هەر دو ڕۆنانە کە لەوەدا یە، کە لە ڕۆنانە کەی زاری ناوەڕا ستی ز مانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا هەیە و لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیی ستادنداردا بونی نیە.

### ب- بەراوردی تێنسی کاری ڕانەبردوی نائاسایی بە تنس افعال مضارع ناهنجار:

**یەکەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی"هەبون"ـی جوتتوخمی بە تنس مضارع "داشتن":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بونی نیە. لە بەرامـبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فارسیی ستانداردا "داشتە باش"، لە دو ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ڕا بردو لە پاڵ مۆرفیمێکی ئاوەڵناوی کراو ڕۆدەنرێ.

**دوەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "هەبون"ـی تاکتوخمی بە تنس مضارع "هستیدن":**

ئەم ڕۆنا نە لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی کورد یدا "هە بە[1] / هەبن"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئاراییی ڕۆدەنرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە ز مانی فارسیی ستانداردا بونی نیە.

**سێیەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ـی کەینونە بە تنس مضارع "بودن":**

ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "بە / بن"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێ ستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بـکەرئاراییی ڕۆدە نرێ. لە بەرامـبەردا ئەم ڕۆنا نە لە ز مانی فار سیی ستانداردا " باش / بـ باش"، لە یەك ڕەگ لە پاڵ مۆرفیمێکی بـ کەرئاراییی ڕۆدە نرێ. کەوا تە

[1] – د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم –وشەسازی–، بەشی پێنجەم –کردار–، ...ل281.

**جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا بونی نیە.**

**چوارەم: بەراوردی تێنسی ڕانەبردوی "بون"ــی سەیرورە بە تنس مضارع "شدن:**

**ئەم ڕۆنانە لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا "ببە / بە"، لە یەك ڕەگ و یەك مۆرفیمی کاتی ئێستا لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدە نرێ. لە بەرامبەردا ئەم ڕۆنانە لە زمانی فارسیی ستانداردا "بشو"، لە یەك ڕەگ لە پاڵ مۆرفیمێکی بکەرئارایی ڕۆدە نرێ. کەواتە جیاوازیی هەر دو ڕۆنانەکە لەوەدایە، کە لە ڕۆنانەکەی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمێکی کاتی ئێستا هەیە، کە لە ڕۆنانەکەی زمانی فارسیدا بونی نیە.**

# ئه نجام

له لێكۆڵي نەوەی بەراوردكار يدا هەمي شه به شی بەراوردە كە جياواز يەكی بەر چاوی له گەڵ به شەكانی دي كه هه يە، ئەويش لەخۆگرتنی زۆر بەی ئەنجا مەكانی لێكۆڵینەوەكە يە، ئەم لێكۆڵینەوەيەی ئێمەش هەر بەو ئاڕاستەيەدا ڕۆيشتوە، بۆيە بە كورتی ئەنجامەكان دەخەينە ڕو:

- لەبەر ئەوەی تا ڕاددە يەك لێكچون لە نێوان كاتی فيزيكی و تێنس هه يە، دە كرێ كاتی فيزيكی وەك لێكدەرەوەی هەندێك لايەنی تێنس سودی لێ ببينرێ.
- وەك چۆن باری دەرو نی كاريگەريی بە سەر درێژبو نەوە و كورتبو نەوەی كاتی سرو شتی هەيە، بە هەمان شێوە هەمان كاريگەريی بەسەر كاتی زمانيش هەيە.
- تێنس بە هەمان شێوەی كاتی سروشتی دابەشی سەر دەمی ڕا بردو و ئێستا و دا هاتو دە بێ، كە كاتی ئێستا تەوەرە و چەقە.
- تێنس بە پلەی يەك لە ڕێی مۆرفيمی كاتەكان ڕادەگە يەنرێ و بە پلەی دوەم و سێەميش لە ڕێی ئاوەڵكارە كاتەكان و فۆرمی كار "ڕەگ" ڕادەگەيەنرێ.
- هەمو زار و زمانێك لە توانايدا هه يە، بۆ دەر بڕينی تێنسی ئەو ڕۆنا نەی كە نيەتی، بەو ڕۆنانەی كە هەيەتی، يان بە ڕێگەی لێكسيكی هەمو ئەو تێنسانە ڕابگە يەنێ، كە ڕۆنانی تايبەتی بۆيان نيە.
- مۆرفيمی كات ناتوانێ بە وردی مەودای كات و ماوەكاتی تێنس دياری بكا، بۆ ئەو مەبە ستە سود لە ئاوەڵكارە كاتەكان وەردەگيرێ.
- مەرج نيە ئەو دە مەی مۆرفيمی كاتی كار ێك هەڵيگرتوە، لە كۆنتێكستی ڕ ستەش هەمان تێنسی ئەو دەمە هەبێ. ئەگەرچی تێنسی زۆر بەی ڕ ستەكان هەمان دە می مۆرفيمی كاتی كاری ڕستەكە ڕادەگەيەنن.
- تێنس تايبەتمەنديی هێماگەريی دەلاليانەی هەيە.
- ئەركی سەرەكيی تێنس يەكخستنی كاتی ڕستەيە لەگەڵ كاتی سروشتی.
- دروست نيه تەنها لە بەر ئەوەی جەمسەری ماوە كاتی تێنسێك لە دە می ئێستا بێ، بە تێنسی ڕە ها بزا نرێ. چونكە دە می ئێستا تەنها لە دە می ئا خاوتن و بە گوێرەی دە می ڕابردو و داهاتو لە ساتی ئاخاوتنەكە دەمی ئێستايە، دواتر ئەويش وەك هەر دەمێكی ديكە تێدە پەڕێ و دەمێك لە دا هاتوەوە دێ جێی دەگرێتەوە و دەبێتە دە می ئێستا و ئەويش

**تێدەپەڕێ و ...هتد. بۆیە لە زماندا هیچ دەمێکی ڕەهامان نیە، تا ڕەهایەتی بە تێنسەکانی دیکە ببەخشێ.**

- **ئەوەی لە زمانەوانیدا پێی دەگوترێ تێنسی ڕەها، لە بنەمادا تێنسێکی ڕێژەییە. بەلاّم لەبەر ئەوەی بە گوێرەی تێنسی ڕێژەیی چەق و سەنتەرە و تێنسی ڕێژەیی لە ئەرك و دەرکەوتنیدا پاشکۆی ئەوە، بۆیە پێی دەگوترێ تێنسی ڕەها.**
- **زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی مۆرفیمی کاتی بۆ هەر سێ دەم هەیە. بەلاّم زمانی فارسی تەنها بۆ دەمی ڕابردو مۆرفیمی کاتی هەیە.**
- **زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی پێنج مۆرفیمی کاتی ڕابردوی هەیە، بەلاّم زمانی فارسی دو مۆرفیمی کاتی ڕابردوی هەیە.**
- **دەشێ لە ڕستەیەکدا دیاردەی "لێکدانی تێنسەکان = ترکیب تنسها "مان هەبێ، واتە دو تێنسمان هەبێ، بە تایبەتی لەو کارانەی لە کارێکی یاریدەدەر و کارێکی سەرەکی پێکهاتون، کە تێنسێکیان مۆرفیمی کاتی کارە سەرەکیەکە دەریدەبڕێ و ئەوەی دیکەش مۆرفیمی کاتی کارە یاریدەدەرەکە، بۆ نمونە لە کاری ڕابردوی "دور و هەرەدور". ئەوکا تەش دەشێ تێنسێکیان ڕێژەیی و ئەوەی دیکە ڕەها بێ. کەواتە مەرج نیە تێنسی گشتی ڕستەیەك تەنها ڕێژەیی یان ڕەها بێ، بەڵکو دەگونجێ لە چوارچێوەی یەك کاردا هەر دو جۆری تێنس کۆ ببنەوە.**
- **زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی دەتوانێ لە ڕێگەی مۆرفیمی کات و ئاوەڵکاری کات و شێوەی ڕەگ تێنس دەربڕێ، زمانی فارسیش بە هەمان شێوە، بەلاّم لە دەربڕینی تێنس بە مۆرفیمی کات وەکو زمانی کوردی چالاك و سەربەست نیە، چونکە تەنها مۆرفیمی کاتی ڕابردوی هەیە، بۆیە پەنا بۆ شێوەی ڕەگ دەبا، لە بەرامبەردا زمانی کوردی بۆ دەربڕینی تێنس پێویستی بە فۆرمی ڕەگ نیە.**
- **هەمان کار لە هەر دو زمانەکە، ئەگەرچی زۆر جار لە ڕوی مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیان و تەنانەت لە ڕوی مۆرفیمی کاتیش لێکجیان، بەلاّم هەمان تێنس و هەمان ماوە کات دەردەبڕن.**
- **ڕۆنانی ئەو کارانەی بە یارمەتی کاری یاریدەدەر "افعال کمکی" دروست دەبن، لە زمانی فارسیدا زۆر پترن لەچاو زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی. لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی تەنها " بون" وەك کاری یاریدەدەر هەیە، بەلاّم لە زمانی فارسیدا "داشتن و خواستن و بودن و شدن" وەکو کاری یاریدەدەر لە پێکهاتەی زۆر ڕۆنانی کاردا بەشداری دەکەن، تا ئەو ڕاددەیەی دۆخ و ڕێژەی نوێش لە زمانەکە دروست دەکەن، بەمەش تێنسی جودا جودای لێ دەکەوێتەوە.**

- له ز مانی فار سیدا لەو ڕۆنانا نەی كە مۆرفیمی كاتـ یان تـ ێدا نـ یە، ڕ ێژە دە توانێ تـ ێنس دەر بڕێ، بەلاّم لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی كوردی ڕ ێژە تـ ێنس دەر نابڕێ، چونكە هەمو ڕۆنانێك مۆرفیمی كاتی خۆی هەیە و پێویستی بەوە نیە، ڕێژە تێنسی بۆ دەربڕێ.
- زمانی فارسیی ستاندارد ڕۆنانی تایـبەتی بۆ دە می دا هاتو هە یە، بەلاّم لە زاری ناوەڕا ستی زمانی كوردیدا نیە.
- ڕۆنانی هەمو كارێكی ر ێژەی فەرما ندان لە هەر دو زمانە كە، لە ڕوی تێنـسەوە ڕا نەبردو "كاتی ئێستا و داهاتو پێكەوە"ـن.
- كارەكانی هەر دو زار و زمان لە دۆ خی بـكەردیار لە ڕوی ڕۆ نان و بونی مۆرفیمی كا تەكان تێیاندا، ئەگەرچی لایەنی جیاوازیان هەیە، بەلاّم لایەنی لێكچوشیان هەیە، كەچی لە دۆ خی بـ كەرنادیار ڕۆ نانی كارە كانی ئەم زار و زما نە زۆر لـ ێك دور دەكەو نەوە و ڕو بەری جیاوازیەكەیان زۆر فراوان دەبێ.
- زاری ناوەڕا ستی ز مانی كوردی و فار سیی ستاندار، وەكو یەك ڕۆ نانی تایـبەتیان بۆ دە می ئێـ ستا، تەنها لە گەردانی چاوگەگانی "هەبون "ـی جوتـ توخمی و "دا شتن"، "هەبون "ـی تاكتوخمی و "هستیدن"، "بون"ـی كەینونە و "بودن" هەیە.
- لە زمانی فارسیدا ڕۆنانی تایـبەت بۆ دەر بڕینی چەمكی مەلو سیەت " ئەو دە مەی كارە كە خەریك بێ ڕوبدا" هەیە، لە بەرامبەردا لە زاری ناوەڕاستی زمانی كوردیدا ئەم چەمكە بە ڕێگەی لێكسیكی و بە یارمەتی "خەریكە..." و "خەریك بو..." ڕادەگەیەنرێ.
- لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی كوردی دە می ڕا نەبردومان بۆ "هەبون "ـی جوتـ توخمی و تاكتوخمی هە یە، لە بەرامـ بەردا لە ز مانی فار سی دە می ڕا نەبردومان بۆ "دا شتن" و "هستیدن" نیە.
- لە زمانی فارسی ڕۆنانی فەرما ندانمان بۆ "دا شتن" هە یە و بۆ "هـ ستیدن" نـ یە، بەلاّم لە زاری ناوەڕا ستی ز مانی كوردی ڕۆ نانی هیچ كام لە "هەبون "ـی جوتـ توخمی و تاكتوخمی نیە.
- لە ڕ ێژەی دا نانیی زاری ناوەڕا ستی ز مانی كورد یدا، ئە گەر بۆ دەستنیـ شانكردنی جۆر و ژمارەی ڕۆنانی كارەكان لە دە می ڕا بردودا، ئەرك و چۆنیەتی لێكدانی مۆرفیمی كا تەكان بكەینە بنەما، ئەوا جۆرە ڕۆنانـ ێك بە ناوی "ڕا بردوی دا هاتو" دە چێتە سەر هەر چوار جۆری ڕۆنانەكانی دیكەی ڕێژەی ڕاگەیاندن.
- مەرج نیە ئەگەر زمانێك مۆرفیمی كاتی بۆ هەر سێ دەم هەبێ، ئەوا ڕۆ نانی تایبەتیـ شی بۆ هەر سێ دەمەكە هەبێ، وەكو زاری ناوەڕاستی زمانی كوردی.

- مەرج نیە ئەگەر زمانێك مۆرفیمی كاتی بۆ هەر سێ دەم نەبێ، ئەوا ڕۆنانی تایبەتی بۆ دەمەكانی نەبێ، وەكو زمانی فارسی.

# سەرچاوەكان

## سەرچاوە كوردیەكان

1- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم -مۆرفۆلۆژی-، بەشی یەكەم -ناو-، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1979.
2- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم -وشەسازی-، بەشی پێنجەم -كردار-، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2000.
3- بایز عومەر ئەحمەد، تێنس لە دیالێكتی ژووروی زمانی كورد یدا -گۆڤەری بادینی-، دەزگای موكریانی، دهۆك، 2002.
4- تۆفیق وەهبی، كورد و زمانی كوردی، وەرگێڕانی: د. عەزیز گەردی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2002.
5- ڕێبوار سیوەیلی، هاوكاتی و هاوشوناسی -لە شیعری حاجی قادری كۆییدا-، دەزگەها سپیرێز، هەولێر، 2004.
6- د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ئایا زمانەوانی زانستێكی سروشتیە یان ویژەییە؟، گۆڤاری زانكۆی سەلاحەددین، ژ 22، ئابی 2004.
7- د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پوختە یەكی وردی ڕستە سازیی كوردی، چاپی دوەم، كتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، 2006.
8- د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەكانی كار، كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، نامەی دكتۆرا، زانكۆی بەغدا، 1995.
9- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی (بون و هە- بون-) لە زمانی كورد یدا - لێكۆڵینەوەیەكی بەراورد-، زانكۆی سەلاحەدین كۆلێژی ئاداب، هەولێر، 2000.
10- غازی فاتیح وەیس، فۆنەتیك، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا، 1984.
11- لیژنەی زمان و زانستەكان، ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، 1976.
12- د.محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێكی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی: حەسەنی قازی، بنكەی چاپەمەنی ئازاد، سوید، 1993.
13- محەمەد مەعروف فەتاح، كار پۆلێنكردن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە 121، 1989.

14- د.نەسرین فەخری، پاشگری "اندن" لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دوەم، ژمارە 1، بەغدا، 1975.

15- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004.

16- یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا -لێکۆڵینەوە یەکی بەراوردکاری-،نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، 1998.

## سەرچاوە عارەبیەکان

17- فتحي المسكيني، الهوية والزمان - تاويلات فينومينولوجية-، دار الطليعة، بيروت، 2001.

18- فردينان ده سوسر، محاظرات في الالسنة العامة، ترجمة: د.يوسف غازى و مجيد النصر، دار نعمان، الفصل اول، لبنان، جونيه 1984.

19- كلود حجاج، انسان الكلام -مساهمة لسانية في علوم انسانية-، ترجمة: د.رظوان ظاظا، دار الطليعة، بيروت، 2003.

20- د.محمد عبدالرحمن مرحبا و لانداو ورومر، اينشتين و نظرية النسبية، دار القلم، طبعة الثامنة، بيروت، 1981.

## سەرچاوە فارسیەکان

21- "آدريان اكميجيان، ريچارد اى.د مرز، آن ك. فارمر، رابرت ام. هارنيش"، زبانشناسى- درآمدى بر زبان و ارتباط-، مترجم: على بهرامى، انتشارات رهنما، تهران، 1382.

22- آر.اچ. روبينز، تاريخ مختصر زبانشناسى، ترجمه: على محمد حقشناس، نشر مركز، چاپ ششم، تهران، 1384.

23- استيون هاوكينگ، تاريخچه زمان -از انفجار بزرگ تا سياهچالهها-، مترجم: محمد رضا محجوب، شركت سهامى، چاپ نهم، تهران، 1384.

24- د.اميد طبيب زاده، ظرفيت فعل و ساختهاى بنيادين جمله در فارسى امروز، نشر مركز، تهران، 1385.

25- د.پرويز ناتل خانلرى، تاريخ زبان فارسى، جلد دوم، انتشارات بنياد و فرهنگى ايران، تهران، 1352.

26- د.پرويز ناتل خانلرى، دستور زبان فارسى - با تجديد نظر-، چاپ بيست و يكم، انتشارات توس، تهران، 1386.

27- د.تقی وحیدیان کامیار و غلامرضا عمرانی، دستور زبان فارسی (1)، چاپ چهارم، سازمان سمت، تهران، تابستان 1382.

28- جاناتان کالر، فردینان دوسوسور، ترجمه: کورش صفوی، انتشارات هرمس، تهران، 1379.

29- جان لاینز، مقدمه‌ای بر معناشناسی زبانشناختی، ترجمه: حسین واله، گام نو، تهران، 1383.

30- جهانبخش نوروزی، دستور زبان روان ساخت زبان فارسی امروزی، ناشر راهگشا- شیراز، تهران، 1373.

31- د.حسن احمد گیوی، دستور تاریخی فعل، جلد اول، نشر قطره، تهران، 1380.

32- د.حسن احمد گیوی، دستور زبان فارسی "فعل"، نشر قطره، تهران، 1384.

33- حسن انزلی، دستور زبان فارسی - با تجدید نظر کامل و اضافات-، چاپ سوم، انتشارات انزلی، ارومیه، 1370.

34- د.حسین علی یوسفی، دستور زبان فارسی 1و2، چاپ دوم، نشر روزگار، تهران، 1379.

35- د.خسرو غلام علیزاده، ساخت زبان فارسی، انتشارات احیاء کتاب، تهران، 1374.

36- د.خلیل خطیب رهبر، دستور زبان فارسی برای پژوهش دانشجویان و ادبدوستان، انتشارات مهتاب، تهران، 1381.

37- د.زین پور طالقانی، دستور زبان فارسی، انتشارات معین، تهران، 1369.

38- عبدالرسول خیامپور، دستور زبان فارسی، انتشارات تهران، چاپ هفتم، تهران، 1352.

39- د.عطاءاله ملکی، زمان در زبان، انتشارات رهنما، تهران، 1381.

40- د.علی مرزبان راد، دستور سودمند، چاپ هشتم، نشر قومس، تهران، 1374.

41- غلامرضا ارژنگ، دستور زبان فارسی امروز -ویرایش جدید-، چاپ سوم، نشر قطره، تهران، 1381.

42- مارتین هیدگر، مفهوم زمان، ترجمه: نادر پورنقشبند و محمد رنجبر، نشر پرسش، اصفهان، 1384.

43- د.محمد جواد شریعت، دستور زبان فارسی، انتشارات اساطیر، تهران، 1367.

44- د.محمد خونساری، منطق - سوم دبیرستان-، شرکت چاپ و نشر ایران، تهران، 1375.

45- د.محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، چاپ پانزدهم، انتشارات امیر کبیر، تهران، 1383.

46- محمد علی اسلامی، دستور زبان فارسی، چاپ پنجم، انتشارات مشعل، اصفهان، 1358.

47- د.منوچهر عدنانی، دستور روشمند (دستور زبان فارسی) فشرده - نموداری، نشر ثالث، تهران، 1382.

48- د.مهدی مشکوة الدینی، سیر زبانشناسی، چاپ سوم، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد، مشهد، زمستان 1381.

49- مهدی معیذیان، دستور زبان فارسی -با تجزیه و ترکیب قدم به قدم-، چاپ هفتم، انتشارات موعینیان، پائیز، تهران، 1369.

50- د.مهری باقری، مقدمات زبانشناسی، نشر قطره، چاپ هشتم، تهران، 1378.

## فەرهەنگەکان

51- الشيخ عبدالله العلايلي والاخرون، المنجد في الاعلام، الطبعة الثالثة والعشرون، دار المشرق، بيروت، 2001.

52- محمد علي الخولي، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان، 1982.

53_ P. H. MATTHEWS, OXFORD CONCISE DICTIONARY OF LINGUISTICS, NEW YORK, 1997.

# خلاصه

این "تز" تحقیقی وصفی-تقارنی، بر مبنای روش تفکیکی است. کاری مقارنه‌ای درباره تنس "گاه" در لهجه میانه‌ای زبان کردی و زبان فارسی استانده، از لحاظ صرفی و نحوی و بعض دلالت معناشناسی انجام داده‌است. به طوری وجوه متشابه و متفاوت تنس و هر مورفیم و حالت وابسته به تنس، میان آن لهجه زبان کردی و زبان فارسی شرح داده‌است. این تز شامل چهار بخش است.

بخش اول مختص به تعریف عده‌ای نظریه‌های فلاسفه و متفکران و فیزیکدانان در باره‌ای زمان مادی است. بعضی وجوه متشابه زمان مادی و زمان زبانی "تنس" آشکار شده‌است. بعدا مفهوم تنس و تاریخ و تعریف و وظیفه تنس و نقطه ربط کردن تنس با زمان مادی مطرح شده‌است. نیز رویکردهای تعبیر از تنس و تفاوت آنها و نقطه یابی و تنس مطلق و نسبی و تفاوتی آنها و پدیده مطلقیت تنس ارائه شده‌است. آخرین موضوع مطروح این بخش، نمایش تنسهای افعال در همه زمانها است، در آن لهجه زبان کردی و زبان فارسی ستانده، هم با شرح و هم با نموداری.

بخش دوم، به نمایندگی همه افعال هنجار کردی، شش فعل هنجار و چهار "همه" تصریفات فعل ناهنجار "-هه- بون" - که تقابل افعال فارسی:"داشتن و هستیدن و بودن، شدن"-اند- تفکیک شده‌اند و شرح داده‌شده‌اند. که از لحاظ طرز ساختن شامل "ساده، پیشوندی، مرکب" و از لحاظ گذرا شامل "گذرا، ناگذر" و از لحاظ مثبت شامل "مثبت، منفی" و از لحاظ مجهولی شامل "معلوم، مجهول"-اند. تصریفات هر فعل در جدولی، برمبنای وجوه افعال "اخباری، التزامی، امری" و سپس زمان افعال "ماضی، مضارع، حال، مستقبل" طرحریزی شده‌است.

بخش سوم، که مختص به افعال زبان فارسی است، موضوع اول پدیده‌های زبانی مانند ریشه فعل و فعل هنجار "تام" و ناهنجار "کمکی" و افعال از لحاظ طرز ساختن، میان لهجه مزبور و زبان فارسی استانده ارائه شده‌است و وجوه تفاوت آن دو زبان تعریف شده‌است. بعدا با همین رویکرد و طرحریزی بخش دوم، به نمایندگی همه افعال هنجار فارسی، شش فعل هنجار فارسی و چهار فعل ناهنجار "داشتن و هستیدن و بودن، شدن" تفکیک شده‌اند و شرح داده شده‌اند. که از لحاظ طرز ساختن شامل "ساده، پیشوندی، مرکب" و از لحاظ گذرا شامل "گذرا، ناگذر" و از لحاظ مثبت شامل "مثبت، منفی" و از لحاظ مجهولی شامل "فعل معلوم، فعل مجهول"-اند. تصریفات

هر فعل در جدولی، برمبنای وجوه افعال "اخباری، التزامی، امری" و سپس زمان افعال "ماضی، مضارع، حال مستقبل" طرحریزی شده‌است.

بخش چهارم، که مختص به تفاوت و مقایسه‌ای تنس و شرح افعال میان هردو (لهجه و زبان) مذکور است. قبل از آغاز به تقارن تنس در هردو زبان. موضوعی ارائه شده‌است، که شامل نقاط‌های متفاوت شمولی در باره‌ی تکواژ زمان "نیشانه زمانی" و تعریف افعال مجهول و موقع شناسه شخصی در فعل و افعال کمکی و تکواژ ساختن مصدر مرخم و نیشانه وجه انشائی میان هه‌ردو زبان است و نیز تفاوتهای میان نظریه‌ها زبانشانسان کرد و زبانشناسان فارس در موارد بالا و هم در باره‌ای بیان تنس از طریق فرم و شیوه ریشه فعل "بن ماضی و بن مضارع" تعریف شده‌است. بعدا همه آن افعال که در بخش دوم "کردی" و بخشی سوم "فارسی" ارائه شده‌بودند، و تقابل باهم یکی بعد از یکی از لحاظ تنس و همه آن نیشانه و تکواژ های که در ساختن فعل رابطه‌ای با تنس دارند، مقایسه و مقارنه شده‌اند. بعد از بخش چهارم لیست منابع و مآخذ نیشان داده شده‌است.

# ملخص البحث

هذه الرسالة الموسومة بـ"تێنس له نێوان زارى ناوەڕاستى زمانى كوردى و فارسیى ستانداردا" اي "التنس بين اللهجة الوسطى لاللغة الكردية والفارسية  دراسة المقارنة" هي دراسة وصفية مقارنة مبنية على نظرية التفكيك من الناحية الصرفية والنحوية وبعض الجوانب الدلالية بحيث يتناول مقارنة -ازمنة الفعل- في اللغتين مبينا التشابه والاختلاف في تركيب الافعال وعلامته بالمورفيمات والافعال والجمل ودورهما الدلالي في ايطار الجملة.

تناول الفصل الاول مقدمة وبعض آراء الفلاسفة والمفكرين حول الزمن بصورة عامة، وكذلك علامة الزمن الطبيعي بالـ"تنس" وتغير مدى الزمني من الناحية النفسية. بعدها تطرق الى تاريخ دراسة التنس وتعريفاته ووظائفه واندماجه في بعض الاحيان مع الزمن الطبيعي او الفيزيائي من هذا المنطق. حددت طرق توصيل التنس وتصنيف بعض اللغات الطبيعية حسب هذه الطرق والذي هي عبارة عن مورفيمات الازمنة، الظروف الزمنية وكذلك جذور الافعال مثالا تعبير عن التنس في هذه اللغات وكذلك مبينا الاختلافات الموجودة فيها. بعدها تناول مفهوم نقطة الانطلاق الزمن والمدى الزمن والازمنة المطلقة والنسبية ومفهوم المطلقية للتنس، ذاكراً الامثلة والتقسيمات الشجرية للتنس في اللغتين المذكورتين.

الفصل الثاني خصص لنماذج الازمنة لجميع الافعال، ذاكراً ست نماذج من الافعال الاعتيادية (القياسية) مبتديا التراكيب الرباعية للفعل ( هەبون) (التمليك، الوجود، الكينونة، الصيرورة) في اللهجة الكردية والوسطى وعن التفكيك والتحليل حددت المورفيمات الزمنية (التنس.) التي تبين ازمنة الافعال، وعن اختيار النماذج من الافعال اخترنا الافعال البسيطة والمشتقة والمركبة من الناحية التركيبة وكذلك الافعال اللازمة والمتعدية والمثبتة والمنفية عن طريق دور الفواعل فيها، افعال مبنية للمجهول وكذلك مبني للمعلوم وكذلك مبني للمعلوم. ومن الناحية التركيبة للافعال الكردية قسمنا الافعال حسب الازمنة ومكونات الافعال مبتدياً فيها الصيغة الاخبارية والانشائية والامر مع ازمنة الافعال الماضية والمضارعة والمستقبل والحاضر.

الفصل الثالث تناول جذر الفعل في الافعال القياسية والغير قياسية والافعال من الناحية التركيبية واختلافاتها في اللغتين. حيث اخترنا ست افعال قياسية واربعة افعال غير قياسية والتي هي (داشتن، هستيدن، بودن، شدن) في اللغة الفارسية الفصحى. وبدأنا بتفكيك الافعال وتحليلها الى مورفيماتها مبتدياً جذر الافعال والصيغ التي تحدد تينس الافعال في هذه اللغة. والافعال الستة

القيا سية ا خترت بحث تـ شمل الافعال البـسيطة والمـشتقة والمركبة من الناحـية التركيبـية و كذلك المتعدية وا للازم والمثبـتة والمنفية والمبنية للمعلوم والمبنية للمجهول، بحيث حددت مورفيماتها في ا لجداول الخا صة بـهذه الافعال مبنـياً الـصيغ الاخبار ية والانـشائية والامر ية، ذا كراً ازمنة الافعال الماضية والمضارعة والمستقبل والحاضر حسب موقعها في التراكيب.

الفصل الرابع والاخير كا نت لمقار نة بعض او جه الا ختلاف في مورفيمات الزمن و حالات ا لمبني للمجهول ومواضع الضمائر المتصلة والافعال المساعدة ومورفيمات اسماء المفا عل في اللغتين. بعدها ذكرنا الاختلافات ووجهات نظر اللغويين من الفرس والاكراد من ناحـية توصيل بعض الازمنة عن طريق تركيبة الافعال.. ومقابلة جميع الافعال والنماذج في اللغة الكردية وا لتي ذكرت في الفصل الثاني مع مثيلاتها في اللغة الفارسية والتي ثبتت في الفصل الثالث. مبنياً اوجة التشابة والا ختلاف واهميتها في اللغتين.

واهم النتائج التي توصلنا اليها ثبتت بعد هذا الفصل مع ا هم المصادر وخلا صة البحث باللغة الفارسية والعربية والانكليزية.

# Abstract

**This thesis is a comparative and descriptive study. A comparison of tense between Central Kurdish and Standard Persian is made. Similarities and differences regarding verb structure and its relation with morpheme, verb and sentence components and the semantic role of tense in the context of sentence in both languages are shown. The study falls into four chapters:**

**In chapter one the views of some philosophers, thinkers, and physicians on time are stated. Then the relation and a few similarities between time and tense are pointed out. Besides, the relation between changeability of time duration and the psychological condition of the speaker and the listener is explained. History, definition, and function of tense and its connection with time are expressed. Subsequently, the ways of expressing tense and the classification of some universal languages adopting the same ways are explained. These are: time morphemes, time adverbials, and the root. Differences between these are also mentioned. Moreover, the concepts of point of time, duration, absolute tense, relative tense, and the concept of absoluteness are dealt with. The chapter is ended by shedding light on tense and the duration of time of verbs in Central Kurdish and Standard Persian; explanation and diagram are made use of.**

**In chapter two six main verbs and four types of auxiliaries in Central Kurdish are chosen. The structure of these verbs is studied and analyzed; and their time morphemes are shown expressing the tense of the verbs. The verbs chosen are categorized as simple, complex, and compound; transitive and intransitive; affirmative and negative; active and passive. The structure of Central Kurdish verbs are shown in tables as declarative, subjunctive, and imperative; and time durations: past, present, and future are also explained.**

**In chapter three root of the verb (main verbs and auxiliaries) and how they are formed are dealt with. Differences, regarding these verbs, between Central Kurdish and Standard Persian are explicated. Six main verbs and four types of auxiliaries in Standard Persian are selected and analyzed. Their time morphemes, form of the root and their mood as tense indicators are explained. The six main verbs are categorized as simple, complex, and compound; transitive and intransitive; affirmative and negative; active and passive. The structure of Standard Persian verbs are shown in tables as declarative, subjunctive, and imperative; and time durations: past, present, and future are also explained.**

**In chapter four general differences amongst time morphemes, passive voice, the placement of pronouns, helping verbs, and subjunctive**

**morphemes in both languages are studied. Then differences regarding linguistic views of Persians and Kurds about tense indicators through the use of verb are discussed. Afterwards a comparison of the Kurdish and Persian verb structures is made. The comparison is made in terms of tense and all the morphemes in the verb structure that are related to tense; with the similarities and differences shown. Finally the findings are stated followed by the bibliography.**

حكومة اقليم كردستان-العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة الصلاح الدين-اربيل

# تنس

## في اللهجة الكردية الوسطى والفارسية الفصحى

***دراسة وصفية مقارنة***

رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة الصلاح الدين – اربيل، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستر في اللغة الكردية المقارنة

**من قبل:**

## بهزاد محسن رؤوف

**بكالوريوس في اللغة والادب الكردي، كلية اللآداب، جامعة الصلاح الدين 2002-2003**

**بأشراف:**

## أ.د.يوسف شريف سعيد

**خرمانان** 2708 (**الكردي**) **آب** 2008 (**الميلادي**) **شعبان** 1429 (**الهجري**)

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry of Higher Education and
Scientific Research
Salahaddin University - Hawler

# *Tense*

## in Central Kurdish Dialect and Standard Persian

*A Descriptive – Comparative Study*

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Languages, Salahaddin University-Hawler in Partial fulfillment of the Requirements for the Degree of Masters in Comparative Kurdish Language

by:

***Bahzad Muhsin Raouf***

**B.A in Kurdish Language and Literature – College of Arts – Salahaddin University 2002-2003**

Supervised:

***Prof. Dr. Yusif Sharif Saeed***

(Kharmanan) 2708 (August) 2008 (Shaban) 1429